حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زمان

# هونەری دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا (١٩٢٠-١٩٥٨)

نامەیەکە

**سارا صدقی حمەامین**

پێشکەشی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت:

**پ.د. فاضل مەجید محمود**

(٢٧٢٠)ی کوردی (٢٠٢٠)ی زایینی

ئەم نامەیە بەناونیشانی (**هونەری دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا (١٩٢٠-١٩٥٨)**)، لەلایەن خوێندکار ( **سارا صدقی حمەأمین**)ەوە بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردییدا.

ناو: **پ.د. فاضل مەجید محمود**

ڕۆژ: / / ٢٠

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ.ی.د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی کوردیی

/ / ٢٠

ئێمە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (           ) بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

**پ. ی. د. قمری سعید عزیز**
ئەندام
/   /   ٢٠

**پ. ی. د. هەژار احمد**
ئەندام
/   /   ٢٠

**پ. ی. د. صافیە محمد احمد**
ئەندام
/   /   ٢٠

**پ. ی. د. دیار فائق مجید**
ئەندام
/   /   ٢٠

**پ. د. فاضل مجید محمود**
ئەندام و سەرپەرشت
/   /   ٢٠

**پ. د. عبدالقادر حمەامین محمد**
سەرۆکی لیژنە
/   /   ٢٠

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا

پ.
ڕاگری کۆلێژ
/   /   ٢٠

## پێشکەش

- ❖ بە خێزانە خۆشەویستەکەم.
- ❖ بە شارەکەم.
- ❖ بە وڵاتەکەم.
- ❖ بە تۆی بەڕێز

# سوپاس و پێزانین:

- ❖ زۆر بەڕێز مامۆستای سەرپەرشت (پ.د. فاضل مەجید محمود)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتەئەستۆ، بە لێبووردوویی و نەفەس درێژیی، بەڕێنمایی و پێشنیاز و تێبینی و هاندانەکانی و بەدەستهێنانی سەرچاوە هاوکارم بووە بێ ماندوو بوون.
- ❖ بەڕێزان: سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی، سەرۆکایەتی بەشی کوردی، ڕاگرایەتی و ئەنجومەنی کۆلێج و بەش، سەرجەم مامۆستایانم لە ماوەی هەموو ساڵانی خوێندندا.
- ❖ زۆر بەڕێز خوالێخۆشبوو(د. محمد ئەحمەد سەعید)، پاڵپشت و یارمەتیدەرم بوو.
- ❖ ئەو بەڕێزانەی، کە بە تەنها وشەیەک یان هەڵوێستێک هاوکاری و یارمەتییان داوم.

خوا پاداشتی بەخێرتان بداتەوە.

توێژەر

## ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابـەت |
|---|---|
| ١-٣ | پێشەکی |
| ٤-٥٢ | بەشی یەکەم: تەکنیکی دیالۆگ لە بواری ئەدەبدا |
| ٥-٢٥ | پاری یەکەم: دیالۆگ –مێژوو و زاراوە و چەمک و ڕەهەندەکانی |
| ٥ | یەکەم:مێژووی دیالۆگ |
| ١١ | دووەم:زاراوە و چەمکی دیالۆگ |
| ١٥ -٢٥ | سێیەم:ڕەهەندەکانی دیالۆگ |
| ١٥ | ١-ڕەهەندی دەرەوە |
| ١٩ | ٢-ڕەهەندی ناوەوە |
| ٢١ | ٣-ڕەهەندی هونەریی |
| ٢٦-٥٢ | پاری دووەم: جۆرەکانی دیالۆگ |
| ٢٦ | یەکەم:أ-دیالۆگی ڕاستەوخۆ |
| ٣٠ | ب-چەشنەکانی دیالۆگی ڕاستەوخۆ<br>١-دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕووت |
| ٣٢ | ٢-دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفی |
| ٣٥ | ٣-دیالۆگی ڕاستەوخۆی شیکاریی |
| ٣٦ | ٤-دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕەمزی |
| ٣٨ | دووەم:دیالۆگی ناڕاستەخۆ |
| ٤١ | سێیەم: مۆنۆلۆگ |
| ٤٦ | چوارەم:شەپۆلی هۆش |
| ٤٩ | -ئەرک و تایبەتمەندییەکانی دیالۆگ |
| ٥٣ -١٢٢ | بەشی دووەم: دیالۆگ لە شیعری کوردیدا<br>(پەیوەندی دیالۆگ بە توخمەکانی ڕۆمان و دراماوە) |
| ٥٤ | یەکەم: پەیوەندی دیالۆگ بە توخمەکانی ڕۆمان و دراماوە:-شیعرو پەخشان |

| | |
|---|---|
| دووەم:دیالۆگ و توخمەکانی گێڕانەوە(بە نموونەی شیعری کلاسیکی کوردی) | ٥٨ |
| ١-دیالۆگ و گێڕانەوە | ٥٨ |
| یەکەم-گێڕانەوەی بابەتی | ٦٥ |
| دووەم-گێڕانەوەی خودی | ٧٠ |
| سێیەم-تەکنیکی فرە دەنگی لە شیعری کوردیدا | ٧٦ |
| ٢-دیالۆگ و کەسەکان | ٨٣ |
| ١-دەرخستنی کەسی قسەکەر/ خود | ٩٠ |
| ٢-دەرخستنی کەسی قسەبۆکراو یان گوێگر/بەرامبەر | ٩٢ |
| ٣-دەرخستنی کەسی قسەلەسەرکراو/ کەسی سێیەم(ئامادەنەبوو) | ٩٥ |
| ٣-دیالۆگ و ڕووداو | ١٠٠ |
| ٤-دیالۆگ و زمان | ١٠٦ |
| ١-شێوازی هەواڵگەیاندن | ١١١ |
| ٢-شێوازی پرسیارکردن | ١١٣ |
| ٣-شێوازی فەرمانکردن | ١١٤ |
| ٤-شێوازی هەست دەربڕین و داواکاری | ١١٦ |
| ٥-شێوازی دانانی (ئینشائی) | ١١٨ |
| ٦-شێوازی هێماو نیشانە | ١١٩ |
| بەشی سێیەم:هونەری دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا | ١٢٣-١٨٩ |
| دەروازەیەک لەبارەی شیعری نوێی کوردییەوە | ١٢٤ |
| پاری یەکەم: جۆرو چەشنەکانی دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا (بە نموونەی شیعری نوێی کوردی ١٩٢٠-١٩٥٨) | ١٣٢-١٧٤ |
| یەکەم:أ-دیالۆگی ڕاستەوخۆ | ١٣٢ |
| ب-چەشنەکانی دیالۆگی ڕاستەوخۆ<br>١-دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕووت | ١٣٣ |
| ٢-دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفی | ١٤٤ |

| | |
|---|---|
| ٣-ديالۆگی ڕاستەوخۆی شیکاریی | ١٤٧ |
| ٤-ديالۆگی ڕاستەوخۆی ڕەمزی | ١٥٥ |
| دووەم:ديالۆگی ناڕاستەوخۆ | ١٥٨ |
| پاری دووەم: مۆنۆلۆگ و شەپۆلی هۆش لە شیعری نوێی کوردیدا (بە نموونەی شیعری نوێی کوردی ١٩٢٠-١٩٥٨) | ١٧٥-١٨٩ |
| یەکەم: مۆنۆلۆگ | ١٧٥ |
| دووەم: شەپۆلی هۆش | ١٨٥ |
| ئەنجام | ١٩٠ |
| سەرچاوەکان | ١٩٢ |
| کورتەی نامە بە زمانی عەرەبی | ٢٠٧-٢٠٨ |
| کورتەی نامە بە زمانی ئینگلیزی | ٢٠٩-٢١٠ |

## لیستی هێما کورتکراوەکان:

## نووسینی زانیاری پەراوێز و سەرچاوەکان :

### ١-سەرچاوە کوردیەکان :

| هێما | وشەکە | هێما | وشەکە | هێما | وشەکە |
|---|---|---|---|---|---|
| ئا. | ئامادەکردن | د. | دەزگا | کۆ. | کۆلێج / کۆلێژ |
| ب. | بەرگ | ڕ. | ڕۆژنامە | ل. | لاپەڕە |
| بڵا. | بڵاوکراوە | ز. | زانکۆ | و. | وەرگێر/ وەرگێران |
| چ. | چاپ | ژ. | ژمارە | نا. | نامەی ماستەرو دکتۆرا |
| چا. | چاپخانە | ف. | فەرهەنگ | | |
| خ. | خانە | گ. | گۆڤار | | |

### ٢- سەرچاوە عەرەبیەکان:

| هێما | وشەکە | هێما | وشەکە | هێما | وشەکە |
|---|---|---|---|---|---|
| تأ. | تأليف | ع. | عدد | م.ط. | مطبعة |
| ت. | ترجمة | م. | مجلة | ر. | رسالة ماجستير |
| ص. | صفحة | مج. | مجلد | اط. | أطروحة دكتورا |
| ط. | طبع | م.ح. | المحقق | ك. | كلية |

## پێشەکی:

(دیالۆگ)، وەک هونەرێک، بەپێی گرنگی و بایەخی بەکارهێنانی، وەک ڕێگایەکی گواستنەوەی زانیاریی و هۆکارێکی گرنگی پەیوەندیکردن و لێکنزیکردنەوە و لێکتێگەیشتنی نێوان ئادەمیزادەکان بەکاردێت، لە پێناو بەدیهێنانی کۆمەڵێک ئامانجدا، وەک لە هێنانەکایەی ئاشتی و ئاشتەوایی، بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا و زیندووهێشتنەوەی مرۆڤایەتییدا.

لەم ڕوانگەیەشەوە، لە بواری ئەدەبیاتدا، وەک هۆکارێکی گرنگی هونەری گێڕانەوە لە بواری ژانری پەخشان (ڕۆمان و دراما...)دا، ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر و بنیاتنەری هەیە، لە بنیاتنانی توخمەکانی گێڕانەوەدا، تەنانەت لە شیعریشدا هەمان ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەیە، کە لە هەموو قۆناغە جیاجیاکانی ئەدەبیاتی کوردیدا، شاعیران لە شیعرەکانیاندا ئەم تەکنیکەیان لەبەرجەستەکردنی مەبەستەکانیاندا بەکاریان هێناوە، بووە بە هونەرێکی گرنگی ئەم ژانرە. هەرچەندە ئەو توێژینەوە و نامە ئەکادیمیانەی کراون نوێن و بەشێوەیەکی کورت و لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ئەنجامدراوە، بەڵام تا ئێستا بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئاوڕ لەم هونەرە لە شیعری نوێی کوردی نەدراوەتەوە.

ئەمەش هۆکارە بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ تێزەکەمان، بە ناونیشانی (هونەری دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا (١٩٢٠-١٩٥٨))، لەپێناو دەرخستن و لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵ و گرنگی ئەم هونەرە لە بنیاتی شیعری نوێی کوردیدا.

سنووری لێکۆڵینەوە: نموونەی شیعری نوێی کوردی ساڵانی نێوان(١٩٢٠-١٩٥٨)ی، بە گشتی شاعیرانی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست دەگرێتەوە، کە لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک ڕووداوی مێژوویی ڕوویانداوە و کاریگەرییان هەبووە، لەسەر ئەدەبیاتی کوردی بەگشتی، بە تایبەتیش شیعر، ڕێچکەی شیعری نوێی و گۆڕانکاری هونەری تیادا پەیڕەوی کراوە.

گرفتی لێکۆڵینەوە: دیارە هیچ کارێک بێ گیروگرفت نابێت، گیروگرفتی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کەمی و بەردەست نەبوونی سەرچاوەی سەرەکی و تایبەتییە، پاشان زەحمەتی لە کۆکردنەوەو هەڵبژاردنی نموونەی پێویست، بەپێی بەشەکانی

لێکۆڵینەوەکە، هەروەها ئاسایی نەبوونی بارودۆخی ژیان بەگشتی و باری تەندروستی، گرفتی بەردەم کارەکە بوون.

ڕێبازی لێکۆڵینەوە: لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی وەسفیی شیکاریی پەیڕەوکراوە، لە ڕێگەی نموونەوە پراکتیکی لێکۆڵینەوەکە کراوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا دوو ڕێباز بۆ ڕێکخستنی پەراوێزەکان بەکارهاتووە:

یەکەمیان: تایبەتە بەو سەرچاوانەی زانیاری لێوەرگیراوە، لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا ئاماژەی بۆ کراوە.

دووەمیان: تایبەتە بەو دەقە شیعریانەی وەرگیراوە، لە تەنیشت هەمان بەیت و کۆپلەدا ئاماژە بە شاعیر و لاپەڕە کراوە.

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوە: لە پێشەکییەک و سێ بەش و ئەنجام پێکدێت:

بەشی یەکەم: تایبەتە بە دیالۆگ لە دوو پاردا، لە پاری یەکەمدا دیالۆگ لە ڕووی مێژووییەوە دەرکەوتن و بەکارهێنانی ئەم هونەرە باسکراوە، دواتر لەڕووی زاراوە و چەمکەوە، لە چەند لایەنێکەوە پێناسەی بۆکراوە و واتاکەی لێکدراوەتەوە، پاشان ڕەهەندەکانی دیالۆگ لە ڕووی سێ ڕەهەندەوە باس دەکرێت، ئەوانیش (ڕەهەندی دەرەوە، ڕەهەندی ناوەوە، ڕەهەندی هونەریی) لە بواری ئەدەبیاتدا باسدەکرێت. پاری دووەمیش تایبەتە بە جۆرەکانی دیالۆگ، بە نموونەی دەقی کورتە چیرۆک و چیرۆک و شانۆ و ڕۆمان، یەکەم: دیالۆگی ڕاستەوخۆ، بەپێی تایبەتمەندییەکانی بۆ چوار چەشنی (دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕووت، دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفی، دیالۆگی ڕاستەوخۆی شیکاریی، دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕەمزی) دیاری دەکرێت. دووەم: دیالۆگی ناڕاستەوخۆ، بە پێی تایبەتمەندییەکانی، یان ڕۆڵی گێڕەرەوەیەکی شارەزا دەبینێت، یان خۆی بەشێکە لە دیالۆگەکە دیاری دەکرێت، سێیەم: مۆنۆلۆگ ، کە بۆ دوو جۆری (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ) دیاریدەکرێت، پاشان خۆدواندن و گەڕاندنەوەی هونەرییش، وەک دوو بەشی مۆنۆلۆگ جیاکراونەتەوە. چوارەم لە شەپۆلی هۆش پێکهاتووە، لە کۆتایدا ئەرک و تایبەتمەندییەکانی دیالۆگ بە گشتی خراونەتەڕوو.

بەشی دووەم: لەبارەی دیالۆگ لە شیعری کوردیدا (پەیوەندی دیالۆگ بە توخمەکانی ڕۆمان و دراماوە) بە نموونەی شیعری کلاسیک، سەرەتا بە شێوەیەکی گشتی جیاوازی و هاوبەشییەکانی ژانری شیعر و پەخشان باسکراوە، لە خاڵی یەکەمدا باس لە پەیوەندی دیالۆگ بە گێڕانەوە کراوە، بە دیاریکردنی دووجۆر گێڕانەوەی بابەتی و گێڕانەوەی خودی، پاشان باسکردنی تەکنیکی فرەدەنگی. لە خاڵی دووەمدا پەیوەندی دیالۆگ و کەس و دەرخستنی کەسە بەشداربووەکانی دیالۆگ، لە خاڵی سێیەمدا پەیوەندی دیالۆگ و ڕووداو، خاڵی چوارەم پەیوەندی دیالۆگ و زمان و دیاریکردنی شێوازەکانی زمان خراونەتەڕوو.

بەشی سێیەم: تایبەتە بە دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا، پراکتیزەکردنی هونەرەکانی دیالۆگ، سەرەتا بە دەروازەیەک لەبارەی شیعری نوێی کوردی دەستپێدەکات، دواتر لە پاری یەکەمدا، جۆرو چەشنەکانی دیالۆگی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ خراوەتەڕوو، لەپاری دووەمیشدا، مۆنۆلۆگ-خۆدواندن و شەپۆلی هۆش، بەنموونەی دەقی شیعری شاعیرانی نوێی کوردی خراوەتەڕوو.

پاشان گرنگترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕوو، دواتر، لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ لیستی سەرچاوەکان، کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێشکەشکراوە.

لە کۆتاییشدا، دەڵێین ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە لە پێناو خزمەتکردنی بواری شیعر و ئەدەبی کوردیدا، داواکارین لە خوای گەورە پشت و پەنامان بێت و سەرکەوتوومان بکات.

## بەشی یەکەم/ تەکنیکی دیالۆگ لە بواری  ئەدەبدا

### پاری یەکەم :دیالۆگ - مێژوو و زاراوە و چەمک و ڕەهەندەکانی

١-مێژووی دیالۆگ

٢-زاراوە و چەمکی دیالۆگ

٣-ڕەهەندەکانی دیالۆگ

### پاری دووەم: جۆرەکانی دیالۆگ

یەکەم/ أ-دیالۆگی ڕاستەوخۆ

ب- چەشنەکانی دیالۆگی ڕاستەوخۆ

دووەم/ دیالۆگی ناڕاستەوخۆ

سێیەم/ مۆنۆلۆگ

چوارەم/ شەپۆلی هۆش

## پاری یەکەم :دیالۆگ - مێژوو و زاراوە و چەمک و ڕەهەندەکانی

### ١-مێژووی دیالۆگ:

گەڕانەوە بۆ مێژووی مرۆڤایەتی و ئاوڕدانەوە لە ئەزموونی ژیان و کارو چالاکی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ئەم سەر زەمینە بەردەوام بۆ پەیوەندیکردن و گێڕانەوەی ڕابردوو و باسکردنی ئێستاو داهاتوو، لە پێناو بەردەوامبوونی و ڕێکخستنی کارو بە دەستخستنی زانیاری لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، هەوڵ وکۆششەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانج و بە دەستهێنانی ڕاستی، پێویستی بە ڕێگایەکی گونجاو هەبووە و هەیە، کە وەک هۆکارێک لە ڕێگەیەوە زیندوویێتی و بەردەوامی و پێشکەوتن بە گشت لایەنەکانی ژیانی بدات، هەربۆیە لەم لایەنەوە هەوڵیداوە باشترین ڕێگا، کە دیالۆگە هەڵبژێرێت، وەک هۆکارێک و ڕێگایەکی زمانی  لە پەیوەندیگرتن و یەکتری ناسین و ئالوگۆڕکردنی بیروڕاکان و گەڕان بە دوای ڕاستی و گەیشتن بە چارەسەری گونجاو و شیاو بۆ کێشە و گرفت و ئالۆزییەکانی ژیان. جا ئەمەش لە هەموو بوارەکاندا گرنگی و کاریگەری هەبووە و بە پێی چین و ئاستەکانی کۆمەڵ و دۆزە جیاوازەکان، وەک بواری کۆمەڵایەتی یا سیاسی یا پەروەردەیی یا ئابووری یا.....)، چەندین دیالۆگ لەخۆ دەگرێت، کە دیالۆگ ((بۆتە هۆیەکی گرنگ لە پێناو گەیشتن بە چارەسەر، لەبری ئەوەی پەنا بۆ زمانی توند و شەڕانی ببرێت لە نێوان هێزی دژو بەرهەڵستکاردا،هەر لەبەرئەوە دیالۆگ بۆتە هۆکارێک بۆ لێکتێگەیشتن لە نێوان هەموو ئادەمیزاددا، کە لە زۆرترین شێوە دەربڕینە نەرمونیانەکانە بە گەواهی ئەو بەکارهێنان و تێکەڵاوبوونەی لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا))١ هەیەتی.

بەگشتی لە سەرجەم ئایینەکاندا و بە تایبەتی لە سەرچاوە ئاسمانییەکاندا بۆ خستنەڕووی ڕاستییەکان و گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکان پشت بە دیالۆگ بەستراوە، لەم سەرچاوانەشدا واتای دیالۆگ ڕوون وئاشکرایە، بەوەی مرۆڤ بۆ ڕەواندنەوەی  ناخی خۆی و گەیشتن بە مەبەستەکان، لە ڕێگەی دیالۆگەوە لەگەڵ بەرامبەردا هەوڵدەدات بە دەستی بهێنێت.

---

١سیڤا علی عارف، الحوار في قصص"محي الدين زنطنة" القصيرة، ط١،دار غيداء للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠١٤م- ١٤٣٥ه، ص١٧-١٨

ئەگەرچی لەڕووی دەروونییەوە ئاماژە بۆ ئەوەکراوە، کە ((کاتێک مرۆڤەکان لە شوێنێکدا کۆدەبنەوە و هیچ گفتوگۆ و قسە گۆڕینەوەیەک لە نێوانیاندا ڕوونەدات، ئیتر لەو نێوەندەدا نائارامیی پانتاییەکی فراوان داگیردەکات، بۆ ڕەواندنەوە و لەناوبردنی ئەو هەستە سامناکە، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، هەوڵدەدات گفتوگۆ و دەمەتەقێ ئەنجام بدات))١، بەڵام ئەمەش ناکرێت بەوجۆرە بێت، چونکە مرۆڤ لەکاتی تەنهایشدا لەگەڵ خودی خۆیدا، لە ئەنجامی سەرنج و لێکدانەوە و بیرکردنەوەکانیدا بۆ دەورووبەر و ناخی خۆی، دیالۆگ و خۆدواندنی لادروست دەبێت.

ئەمەش لەکاتێکدا مێژووی دیالۆگ بەوە دیاریدەکرێت، کە سەرەتا لە گرنگی و بایەخی بەکارهێنانێتی لە لایەن فەیلەسوف و بیرمەندانی یۆنانی (سوکرات و ئەفلاتون) سەرچاوە دەگرێت، لەم بارەیەوە سوکرات دیالۆگی ((بە شکڵی بنەڕەتی فیکری فەلسەفی دەزانی و بە تاقە ڕێگای لێکتێگەیشتنی نێوان تاکەکانی دادەنا. هەر بۆیەش ئەو شێوازەی کردبووە پیشەی سەرەکی خۆیی و ... قسە و باسی لەمەڕ کێشە سەرەتاییەکانەوە دەست پێدەکرد و بە یارمەتی شێوازی (استقرا)یی واتە (ورد ورد توێژینەوە و بەدواداچوون و لێکدانەوەی شتەکان و گەیشتن بە ئەنجامێکی گشتی) هەوڵی ناسین و ناساندنی مەفهوم و فەزیلەتەکانی دەدا))٢، هەربۆیە ((زۆربەی کتێبەکانی ئەفلاتون لە ئەو دیالۆگانە پێکهاتووە، کە وەک چوارچێوەیەک بیروبۆچوونەکانی لەبارەی کۆمارەکەی یاخود شارە زەریفەکەی (مدینتە الفاضلة) تیایداناوە، لە کتێبی کۆمارەکەیدا کە پاڵەوانەکەی مامۆستاکەی سوکراتە کە هەر خودی ئەفلاتوون ئەنوێنێت، لەو دیالۆگانەدا سوکرات پرسیار لە خەڵکی دەکات لەبارەی ئەو شتانەی بانگەوازی زانینیان بۆ دەکەن بەڵام ئەو بانگەوازی نەزانی بۆ دەکات))٣ ، واتا ((بە چەشنێک ئەم گفتوگۆیە پیشان دەدات،

---

١ڕێبوار سیوەیلی، مرۆڤ وەک بەخشندە، چ.١، چا.ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦،ل٩ ،وەرگیراوەلە:جەلال ئەنوەر سەعید، گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجیی خوارووددا، چا. کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣،ل١٤

٢هەڵبژاردن و ئا. و.جەلیل عەباسی، دیالۆگ کلیلی هەموو دەرگایەک، چ.یەکەم، چا. ڕۆژهەڵات، د. بڵا. موکریانی، هەولێر، ٢٠١١، ل٩٩

٣بشير الوسلاتي، فن القص عند يوسف ادريس، المطبعة الرسمية للجمهورية التونسية، تونس، ٢٠٠٨، ٥٣١ ، وەرگیراوە لە:سیڤا علی عارف، ٢٠١٤م- ١٤٣٥ه، ص١٨

لەناو دیالۆگەکان هەردەم یەکێ لە فەیلەسووفە سۆفیستەکانی تێدەخات، وەک پرۆتاگۆراس، یان گۆرگیاس، دێن و گفتوگۆکان ئاڵۆزتر دەکەن.))١ بۆ نموونە (((س) چییە؟ ئەمە ئەو تەرزە پرسیارەیە، کە بەشی هەرە زۆری دایالۆگەکانی ئەفلاتوون پێکەوە دەبەستێتەوە، لەوێدا سوکرات پرسیارێک دەربارەی ماهییەت یان چییەتیی شتێک دەکات و پرسیارلێکراوەکەش وادەزانێت بە سانایی وەڵام دەدرێتەوە ، تا سەرەنجام ...دان بەوەدا دەنێت هیچ لەو هونەرە نازانێت. پرسیاری سەرەکی لە کۆماردا بریتییە لە دادپەروەری چییە؟))٢، واتا بە هۆی دیالۆگەوە، لە ڕێگەی ئەو پرسیارانەوە سوکرات لە شاگردەکانی دەکرد و گوێی لێدەگرتن، بەشوێن وەڵامی گونجاو و قایلکەردا دەگەڕا، دەیویست بەهۆیەوە پەروەردە و ئامۆژگارییان بکات٣.

لەم سۆنگەیەوە ئەو شێوە دیالۆگەی سوکرات و ئەفلاتوون بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ شاگرد و کەسانی زانا بەکاریان دەهێنا، بە شێوەی پرسیار و وەڵام، ئەو هێز و کاریگەرییەی خۆی لە دەستداوە، کە پێویستە دیالۆگ ئەو کاریگەرییەی لە جوڵاندن و گۆرانکاری لە ژیان و گۆڕینەوەی بیروڕا و کەسەکاندا هەبێت، بۆیە لێرەدا تەنها خۆی لە شێوەی ململانێ و دیالۆگی بابەتی فەلسەفی و لۆجیکیدا دەبینێتەوە٤، واتا دیالۆگەکانی ((زۆرتر لە بازنەی گەڕان بەدوای چەمک گەلێکی وەک (ڕاستی، عەدالەت، دینداری و جوانی) دەخولێتەوە))٥، نەک سەرجەم بوارەکانی تری ژیان.

هەربۆیە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی مرۆڤایەتی و هاتنەکایەی زیاتری بواری زانستی و ڕووناکبیری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و....هتد، کۆمەڵگا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی، دیالۆگیش بێبەش نەبووە لەم لایەنەوە و کاریگەری خۆی هەبووە، لەبەرئەوەی دیالۆگ ((ئامرازی چارەسەرو روونکردنەوەی کێشەکانە لە

---

١موحسن ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی ئەدەبی، چا. حەمدی، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی رەخنەی چاودێر، ٢٠١٢، ل١٣٠

٢ئەفلاتوون، دوایین ڕۆژەکانی سۆکرات، و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان، چ. دووەم، چا.پەنجەرە، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، ٢٠١٥، ل٤

٣سیڤا علی عارف، ٢٠١٤م- ١٤٣٥ه، ص١٨

٤جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣،ل١٥

٥هەڵبژاردن و ئا. و.جەلیل عەباسی، ٢٠١١، ل١٠٤

ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، هەروەها یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکان بۆ واقیع، بابەتی کارە ئەدەبی و شانۆیی و فۆتۆگرافیەکانە لە کۆنەوە))١.

بەمجۆرە دیالۆگ لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا ڕۆڵ وئەرک و تایبەتمەندی دیاری خۆی دەبێت، کە بەهۆی پەیوەندی نێوان کەس و لایەنەکانەوە سروشتی پەیوەندیەکە دیاری دەکرێت بەوەی ئەو جۆرە دیالۆگە چ مۆرکێکی هەڵگرتووە، ئایا فیکریە یا ئەدەبیە یا پەروەردەییە یا ململانێ و ناکۆکیە ....هتد). ، هەربۆیە لە بواری ئەدەبیاتدا دیالۆگ سەرەتا ((وەکو هۆکارێکی گێڕانەوە کە  یەکێک بووە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی داستان، دواتر گواستراوەتەوە بۆ ناو شانۆ بە شێوەیەک کە بەشێکی زۆر لە بنیاتی شانۆگەری پشت بە))٢ دیالۆگ دەبەستێت، بە یەکێک لە ڕەگەزەکانی تەکنیکی شانۆ(دراما) دادەنرێت، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەگێڕانەوەی ڕووداوی ژیانی مرۆڤایەتی و کاروچالاکیان بە هۆی نمایشی ئەکتەرەکانەوە، ((بۆیە نووسەر دەتوانێت دیالۆگ بکاتە پێوەرێک بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی هەموو نهێنیەکان))٣، سەرەتا دەقە شانۆییەکان بە شێوەی ژانری شیعر دەنووسران، بە زمانی شیعریش داڕێژراون، چونکە شیعر وەک سەرەتایەک لە دەرکەوتنی ژانری ئەدەبی و هونەری نووسینەوە پەیوەستە بە (( قۆناغێک لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی زمانی مرۆڤەوە ...کاتێک زمان گەیشتە پلەی جوانی و سوود بەخشین شیعریش سەریهەڵدا.))٤

وەک زمانی شانۆگەریەکانی یۆنان و ڕۆمان، بەمەش دراما شیعرییەکان سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانییە کۆنەکان، کە ((لە کەش و بۆنە ئایینیەکان چالاکییان پێشکەش دەکرد، لە ناو ئەو چالاکییانە، دیاردەی درامی بەرچاو دەکەوت))٥ ، کە دیالۆگی شیعریان وەک هۆکارێک بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان و پیشاندانی

---

١جوليان هيكتون، اتجاهات جديدة في المسرح، ت. أمين الرباط و سامح فكري، مركز اللغات و الترجمة، أكادمية الفنون د.ت،ص١٩٢، وەرگیراوە لە: سیڤا علی عارف، ٢٠١٤م- ١٤٣٥ه، ص١٨

٢جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣،ل١٥

٣پەروین عەبدوڵلا، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٩٨٠- ڕاپەڕین)، چا. سەردەم، د. چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٨، ل٢٢

٤شوکریە رسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، وزارەت التعليم العالى و البحث العلمی، جامعة صلاح الدين، ١٩٨٩، ل١٣

٥پەروین عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ل١٢٧

دیمەنەکان و کەسەکاندا بەکارهێناوە، تەنانەت (( سەرەتا ئەفسانە و چیرۆکەکان کە مرۆڤ تۆماری کردوون ، وەکو لە ئەفسانەی سۆمەرییەکان و بابلیەکان، ئەفسانەی گلگامێشیش یەکێکیترە، بە شێوەی شیعر ڕێکخراون و نووسراون))١. ئەمەش جێی بایەخی فەیلەسوفان و ڕەخنەگران بووە، هەربۆیە ئەرستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر)دا چوار جۆر شیعری (داستانی، شانۆیی/درامی، ویژدانی/لیریکی، فێرکاری) دیاریکرد، هەرچەندە شیعری داستانی ((شیعرێکی چیرۆک ئامێزە، سەرگوزەشتەیەکی ڕووداو دەگێڕێتەوە، کە بە ژیانەوە بەستراوە، ڕاستی ژیان لە دەروونی خاوەن بەرهەمەکە دێنێتە دەرەوە و وێنەی قارەمانێتی و ئازایەتی مرۆڤ پیشاندەدات))٢ ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە لە شیعر بە (ئێپیک) داستانە شیعریش ناودەبرێت، ((ئێپیک (ئێپۆس) ئەو جۆرە بەرهەمەیە کە گیانی چیرۆکی تێدایە لە جێ و سەردەم و قارەمان و جوڵانەوە، لە ڕووی قەوارە و کێش و قافیەوە بە سەر دوو بەشدا دابەشدەکرێ: بەیت ، چیرۆکی شیعری (داستان=مەسنەوی))٣، لەم لایەنەوە ئەفلاتوون کاری گێڕانەوەی ناو داستانەکانی لاپەسەندبووە، وەک لە کاری لاسایکردنەوە٤، هەروەها ((ئەرستۆ باشترین نموونەی باوو سەرباشقەی ستایڵی داستانە شیعری لە شیعرەکانی هۆمیرۆسدا بینیوە و دیاریکردووە))٥، لێرەدا گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەشێوەیەکە، کە لە ڕێگەی تەنها یەک گێڕەرەوە ئەنجام دەدرێت و هۆکاری دیالۆگکردن بە سەربەخۆی لە نێوان کارەکتەرەکاندا ڕاستەوخۆ ئەنجام نادرێت، واتا لە کاتێکدا داستان بە زۆری گێڕانەوەیە، بەڵام بەشێوەیەکی تر و لە جۆری شیعری شانۆیدا کە دوو شێوە و مەبەستی (مەرگەسات (تراجیدیا) و بەزمەسات(کۆمیدیا)) دەگرێتەوە، شیعرێکە جموجۆڵی تێدایە و ڕووداو و ململانێکان لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە بە ئازادی و دیالۆگکردن ڕاستەوخۆ

---

١محمد سعيد حسين مرعى، الحوار في الشعر العربي القديم (شعر امرئ القيس أنموذجا)، م. جامعة تكريت للعلوم الإنسانية، مج. ١٤، ع. ٣ ، نيسان ٢٠٠٧، ص٦١

٢ شوکریە رسول، ١٩٨٩، ل٨٨

٣ مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب. یەکەم، چ. یەکەم، بەشی حەوتەم، چا.وەزارەتی پەروەردە، د. چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠١،ل١٦٩

٤هێمن جاسم محمد، هونەری گێڕانەوە لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیدا (چیرۆکی منداڵان بە نموونە)، نا. ماستەر، کو. زمان، ز. سەلاحەدین، ٢٠١٥، ل٩

٥پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، تیوری ئەدەبی و شێوازناسی، ئا. و.:ئەنوەر قادر محمد، چ. دووەم، کتێبخانەی یادگار، ٢٠١٠، ل٤٦

دەردەبڕدرێت، هەرچەندە شیعر بە لاسایکردنەوەی واقیع دادەنرێت، بەڵام ئەرستۆ ئەم لاسایکردنەوەی لا پەسەند و بە بایەخە، بە جۆرێک لەبارەی شیعری شانۆیی و بە تایبەتی مەرگەساتەوە دەڵێت:((لاسایکردنەوەیەکی سەنگین و لە خۆیەوە تەواو پێگەیشتوو، کە درێژییەکی دیاری هەیە، بە زمانێکی پاراو نووسراوە، کە چەندین بابەتی هونەریی تێداهاتووە، کە لەگەڵ بەشەکانی شانۆگەریدا دەگونجێن و ئەمەش هەموو بە شێوەی درامیی نەک گێڕانەوە ئەنجامدەدرێ و ڕووداوی وای تێدایە کە (بەزەیی) و (ترس) دەورووژێنێ و بەمەش (پاکبوونەوە)لەم دوو سۆزە دێتەدی))١.

لێرەدا ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ دەکرێت، ئەوەیە کە دیالۆگی شیعری لەم شانۆگەریانەدا شاعیر نابێت بۆ مەبەستی دەربڕینی هەست و سۆز و بیرەوەریەکانی خۆی دیالۆگ بەکاربهێنێت، واتا نابێت سروشتی خۆی کە بابەتییە لە دەست بدات ببێتە خودی، بەمەش لە شیعری لیریکی(گۆرانیی) جیادەکرێتەوە، بەڵام ئەم بابەتی خود بوونە لە شاعیر جیانابێتەوە، ((چونکە شیعری درامیی چەند بابەتی بێت، خودێتیشی هەر تێدا دەمێنێت، بە هەمان شێوە شیعری گۆرانیی چەند خودیی بێت، بابەتێتی تێدا هەر دەمێنێت.))٢ بەمشێوەیە دیالۆگ وەک تەکنیکێکی نوێی گێڕانەوە لە سەرجەم ژانرە ئەدەبییەکاندا لەگەڵ ڕەگەزە هونەرییەکانی وەک ( کەسێتی و رووداو و کات و شوێن و ململانێ و زمان) گرنگی و بایەخی لە گەشە کردن و پێشکەوتن و سەرهەڵدانی ژانری نوێدا هەبووە، بە تایبەتی ژانرەکانی چیرۆک و کورتەچیرۆک و رۆماندا، تەنانەت لە ئەنجامی تێکەڵبوونی ڕەگەزەکانی ژانری پەخشان لەگەڵ شیعردا و بە سوودوەرگرتن لە تەکنیکی نوێ چەندین بەرهەمی ئەدەبی، وەک چیرۆکە شیعر و رۆمانە شیعر و درامای شیعری و ڕۆمانی فرەدەنگی ...بەرهەم هێنراون، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو کاریگەرییە گرنگ و پڕ بایەخەی هونەری دیالۆگەوە لەسەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و کارو چالاکییەکانی دا هاتۆتەدی.

لە ئەدەبیاتی کوردیشدا، بە هەمان شێوە مێژووی دیالۆگ دەگەڕێتەوە بۆ بەشەکانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر (داستان، ئەفسانە، حیکایەت و سەرگوزەشتە، مەتەڵ و گۆرانی...) و لاوک و حەیران بە جۆرێک بەکارهاتووە، کە کاریگەری هەبووە

---

١ئەرستۆ، هونەری شیعر، و. عەزیز گەردی، خا.چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٤،ل ٢٧
٢جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣،ل١٦

لەسەر سەرجەم ژانرە ئەدەبی و هونەریەکان لە ئەدەبی کۆن و نوێی کوردیدا، ئەگەرچی دەقی دراما و شانۆیی درەنگتر پەیدابوون و زیاتر بە تەکنیکی ژانری پەخشان دارێژراون، ((کەمتر دیالۆگی شیعری بەکارهاتووە، چونکە بەکارهێنانی دیالۆگی پەخشان بۆ دەربڕینی واقیع لەبارترە))١، کە بۆ ئەو سەردەم و بارودۆخەی ژیانی کورد پێویست و گونجاو بووە، دواتر گۆرانکاری و پێشکەوتنی بەخۆوە بینی، وەک ڕەنگدانەوەیەک بۆ سەردەمە نوێکە.

بۆیە دەتوانین بڵێین هەموو ئەمانەی باسکران، دەکرێت وەک ئاماژەیەک بن بۆ باسکردنی سەرەتایەکی مێژوویی بەکارهێنان و سەرهەڵدانی دیالۆگ و هونەری دیالۆگکردن .

## ٢-زاراوە و چەمکی دیالۆگ:

وشەی دیالۆگ (Dialogue/Dialog) بەپێی فەرهەنگی زمانە جیاوازەکان بە واتا گەلێک هاتووە٢، بنەڕەتی وشەکەش لە زمانی لاتینیی کۆنەوە وەرگیراوەو

١ یاسین ڕەشید حەسەن، ناوەڕۆک و تەکنیکی درامای کوردی (١٩٩١-٢٠٠٢)، نا.ماستەر، ک. زمان، سلێمانی،٢٠٠٤، ل١٦٥

٢ بۆ نموونە: أ-لە زمانی عەرەبیدا بەرامبەر بە دیالۆگ وشەی (الحوار) دانراوە،کە بنەڕەتی وشەکەش لە سێ پیتی (ح،و،ر)پێکهاتووە، ئەمیش بۆ چەند وشەیەک دارێژراوە و واتای جیاواز دەگەیەنێت،ئەم واتایانەش لە زمانی عەرەبیدا پەیوەست بە (یاسا و ڕێسا)وە سێ بناغەی هەیە، هەروەک ( ١. مانای ڕەنگ، ٢. گەڕانەوە، ٣. خولانەوەیەک، واتە شتێک یەک خول بخولێتەوە، یان گەڕانەوە لە شتێکەوە بۆ شتێک.). انظر: ١-معن محمود عثمان ضمرة، الحوار فی القرآن الکریم،رسالة ماجستیر، کلیة الدراسات العلیا، جامعةالنجاح الوطنیة،نابلس، فلسطین،٢٠٠٥،ص٢
٢احمدبن فارس بن زکریا ابو الحسین، معجم مقاییس اللغة(ت.هارون)، م.ح.:عبدالسلام محمد هارون،الجزء الثانی،دار الفکر للطباعة والنشر و التوزیع، ١٩٧٩م، ص١١٥
https://archive.org/stream

ب- لە زمانی فارسیدا، دیالۆگ یا گفتوگۆ واتاگەلێکی لەخۆگرتووە، هەروەک (سخن، صحبت،گپ، مباحثه،محاوره، مذاکره، مشافهه، مصاحبه، مقال، مکالمه، مجادله)، ئەمەش لە بەکارهێنانە گشتییەکەیدا، واتاکانیان نزیکە لە بەکارهێنانی زمانی کوردییەوە، بڕوانە:
١-https://www.vajehyab.com/?q=گفتگو&f=motaradef
٢-https://www.vajehyab.com/moein/ معجم

گواستراوەتەوە بۆ زمانە ئەوروپییەکان١، ئەم وشەیە لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای (گفتوگۆ، دەمەتەقێ، گفتوگۆی دووقۆڵی، وتوویژ، گفتوگۆی شانۆگەری یان چیرۆک)٢دێت.

لە زمانی کوردیدا، لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)ی (هەژار)دا، ئاماژە بەم واتایانە کراوە:((وتوویژ، گفتوگۆ، قسەکردن دەگەڵ یەکتر))٣، کە لە ئاخاوتنی ڕۆژانە و بواری نووسیندا، لە بەرامبەر کۆمەڵێک وشە و زاراوەی وەک: (گفتوگۆ، وتوویژ، هەڤپەیڤین، ئاخاوتن، پەیڤین، قسەکردن٤) بەکاردێت، هەروەها بە واتای (( گفتوگۆی دوو کەسی، دەگەڵ یەکدی ئاخاوتن، گفتوگۆ گەلی ئەدەبی و دراماتیک)) ٥یش دێت.

هەروەها (فەتاح کاویان) لە فەرهەنگی (حەوتەوانە)دا فرەواتایی بەکارهێنانی وشەی وتوویژکردن لە زمانی کوردیدا بەچەند نموونەیەک ئاماژە پێدەدات٦:

---

١ بڕوانە: ١-یاسین ڕەشید حەسەن،٢٠٠٤، ل١١٤

٢-الديالوج-منتدى سماعى للطرب العربى الأصيل،/http://www.samaٍ٢y.net

٢حەمە ڕەشید قەرەداخی، ف. ئازادی، ئینگلیزی- کوردی، چ. یەکەم، دەزگای چاپ و نەشری ئیحسان – چا. اسوە، ١٣٨٥، ٢٠٠٦، ل٢٧٤،هەروەها بڕوانە:

١- خالید موحەمەد عومەر، ف. زانکۆ (ئینگلیزی – کوردی)، چ.یەکەم، بلا.پانیز، کتێبخانەی ملی ایران، ٢٠٠٥، ل٩٨

٢- محەمەد عومەر، ف. گیرفانی مەورید (نوێ) (ئینگلیزی – کوردی)، چ.یەکەم، بلا. کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٠٣

٣هەژار، هەنبانە بۆرینە (فرهنگ کردی-فارسی)، چ.سوم، کتابخانەی ملی ایران، سروش، تهران، ١٣٨١،ل٩٠٧

٤وەرگیراو لە:١- بەختیار سەجادی، محەمەد محموودی، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی (ئەدەب،رەخنەی ئەدەب، تیوری ئەدەبی)(کوردی-ئینگلیزی)و(ئینگلیزی- کوردی)، د.چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١١٠

٢- ئا.لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، زاراوەی ئەدەبی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی)، چا.وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٢٤

٣- بابان سەقزی،فەرهەنگی ئاڤێستا، ئینتەرنێت،٢٠٠٥، ل٨/ www.pertwk.com

٥و.ئا.:هەژیر عەبدوڵلا پوور، فەرهەنگی هەژیر(فارسی-کوردی)، ب. یەکەم، چ.یەکەم، چا.خانی(دهۆک)، هەولێر،٢٠٠٨، ل٦٠٧.

٦و.ئا.فتاح کاویان، حەوتەوانە (ف. ئینگلیزی- کوردی- فارسی)، چ.یەکەم، چا.ئۆفیسی تیشک، د.چاپ و پەخشی سەردەم،٢٠٠٠،ل٣٠٥

یەکەم/ وتوویژکردن، بە مانای لێککۆبوونەوەو لێکۆڵینەوە، بۆ نمونە دەوترێت: (ئەوانەی مانیانگرتووە داوادەکەن ئەو کەسانە بێننەوە سەرکاری خۆیان کە دەرکراون و هەتا ئەوانەش نەهێننەوە سەرکار، دەڵێن دەگەڵ هیچ کەس وتوویژناکەن.).

دووەم/ وتوویژکردن (دەگەڵ/ لەگەڵ)، بەمەبەستی گۆڕینەوەی دیل/ زیندانی واتە ئاگربەست)، نمونەی بەکارهێنانی ئەم واتایەش لەم دەربڕاوەدا بەرجەستەدەکەین:

(ئەفسەرێک بە ئاڵایەکی سپی بەدەستەوە هاتە پێش بۆ وتوویژ (لەگەڵ ژینەراڵەکەمان).).

سێیەم/وتوویژکردن دەگەڵ بە واتای گفتوگۆو ڕێککەوتن، نمونەی ئەم واتایەش لەم دەربڕاوەدا دەبینرێت:

(هەرچەند ئەو وڵاتە چکۆڵە، دەکرێ بڵێین، بە چۆکدا هاتبوو، بەو حاڵەش لە فکری ئەوەدا نەبوو کە دەگەڵ هێرشکەران وتوویژ بکا.)

لێرەدا فرە واتایی دیالۆگ بۆ کۆمەڵێک مەبەست و ئامانجی دیاریکراو، ئاماژەی بۆ دەکرێت، کە لە پێناو دەرکەوتنی ڕاستی و ڕێکەوتن و لێک نزیکردنەوەدا مرۆڤەکان بەکاریدەهێنن. ئەمەش مایەی هێنانەئارای کۆکبوون و ئاشتەواییە نەک دوورخستنەوە، هەروەک (ئیسحاق رەحمانی) لە کتێبەکەیدا وەها تۆماریکردووە، کە دیالۆگ بەو مانا جوان و ناسکە دێت، کە جەمسەرەکانی گفتوگۆ لەیەکتر نزیکدەکاتەوە، نەک پەرتەوازەی بکات١.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە شاعیران، وەک ناونیشانی دەقی شیعری وشەی ( دەمەتەقێ، یەک دواندن) یان بەکارهێناوە، بە نموونەی شاعیر(هێمن، هەژار، دیلان، قانع،..).

١اسحاق رحمانی، دراسة عن أسلوب الحوار فی القرأن الكريم، www.iikv.org//al-Nur

بەم شێوەیەش لە ڕووی بەکارهێنانەوە وەک زاراوە، دیالۆگ لە دوو بڕگەی (دیا)(Dia) لەگەڵ (لۆگ)(Logue) پێکدێت، ((کە بڕگەی یەکەم واتا دووکەس، یان دوو قۆڵی دەگەیەنێت. بڕگەی دووەم بە واتای گفتوگۆ، یان دەمەتەقێ دێت.))١.

هەربۆیە دیالۆگ بە واتا باوەکەی بریتییە لە کردەی ئاخاوتن، کە پێویستییەکی گرنگی کۆمەڵایەتیی ژیانی ئادەمیزادە و بەهۆیەوە هەست و هزری مرۆڤەکان پێکەوە دەبەسترێنەوە، هەندێکجار بە پڕۆسەی (ئاخاوتنی دوو کەس، یان زیاتر دەستپێدەکات، کە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی گوزارشتەکانیان و گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی دیکە)٢بەکاردێت.

لەم ڕوانگەیەوە دیالۆگ هەندێ کات((ئەو ڕەگەزە سەرەکییەیە، کە مرۆڤ لە کاتی کێشە و گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەدا پەنای بۆ دەبات، تا یارمەتی بدات لە ڕزگارکردن و دەربازبوونی))٣، لەگەڵ ئەمەشدا دیالۆگ بە مانای وەرچەرخان لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی تر یان لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دێت، بەمپێیە دەکرێت جارێک پرسیار یانپرسکار، جارێکیش سەلمێنەر، جاری سێهەمیش ڕەتکەرەوە بێت بەمشێوەیەش بەردەوامدەبێت٤، ئەمەش هەڵگری ئەو واتایەیە، کە دیالۆگ (( ئاماژەیە بۆ تێگەیشتن و دانوسان و پێکەوە گونجان))٥. بەمپێیە بایەخی گۆڕینەوەی زانیاریی و بیروڕاکان لە ئەنجامدانی دیالۆگدا لە (گرنگی و ڕوونی ئامانجەکەیدایە، کە ڕاستییە، واتا گەڕانە بۆ بەدەستهێنانی ڕاستییەکان، هەر ئەمەشە وادەکات مرۆڤ لە کاتی پێویستدا پەنا بۆ دیالۆگ ببات و پشتی پێببەستێت)٦، بیکاتە هۆکارێک بۆ بەدیهێنانی مەبەست و ئامانجەکانیدا، بەجۆرێک کە لە ڕێگەی

---

١هەژار فەقێ سلێمان، هونەری دیالۆگ لە شیعری مەحوی-دا، گ.ڕامان، ژ.١٨٥، ٢٠١٢/١٠/٥، ل٩٦

٢ جەلال ئەنوەر سەعید، گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجیی خواروودا، چا. کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣،ل١٧

٣ادريس كريم محمد،الوحدات السردية فى حكايات كليلة دمنة، ط١، دار المجدلاوى للنشر و التوزيع،عمان،اردن، ٢٠٠٩، ص ١٢١

٤اسحاق رحمانی، www.iikv.org//al-Nur

٥ سەرچاوەی پێشوو.

٦سلمان العودة، معنى كلمة الحوار،/http://salmanalodah.com/main

جەختكردنەوە لە تایبەتمەندییەكانی دیالۆگدا، دەتوانێت بە حەقیقەتی شتەكان بگات و بۆی ئاشكرا ببێت.

بەم شێوەیەش ڕووبەری واتایی وشەكە وەك ئاماژەی بۆ كرا، لەلایەن  هەندێك لە توێژەران و پسپۆڕانی بواری ئەدەبەوە بۆ بەرجەستەكردن و ڕاڤەكردنی زانستەكەیان لە دووتوێی زاراوەدا كەڵكیان لێوەرگرتووە، بە جۆرێك دیالۆگ لە مەودای ئەدەبناسیدا، واتاكەی بەرتەسككراوەتەوەو لەنێو زانستێكی دیاریكراودا سنووردارکراوە .

بەم پێیە لە مەودای ئەدەبیدا، بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بارەیەوە خراونەتە ڕوو، زاراوەی دیالۆگ لە سێ ڕەهەندەوە ناسێنراوە، هەروەك ڕەهەندی دەرەوە، ڕەهەندی ناوەوەو ڕەهەندی هونەری دیالۆگ، كە تەكنیكی دیالۆگكردن دەگرێتەوە، هەڵبەت نووسەرو توێژەران ئاشكراو دیار ئەم سێ ڕەهەندەیان دەستنیشاننەكردووە، بەڵكو لە خستنەڕووی پێناسەكانیاندا بۆ ناسینی زاراوەكە ئەم سێ ڕەهەندەی لێهەڵدەهێنجرێت، كە لەم لێكۆڵینەوەیەدا ئاماژەیان بۆ دەكەین.

**٣-ڕەهەندەكانی دیالۆگ:**

**یەكەم/ ڕەهەندی دەرەوە:**

مەبەست لە ڕەهەندی دەرەوە، فۆرمە فیزیكییەكەی دیالۆگە، كە قسەكردن، یان ئاخاوتن دەگرێتەوە لەنێوان دوو كەسدا. زۆرینەی پسپۆڕانی ئەم بوارە ئاماژەیان بەم ڕەهەندە داوەو دیالۆگیان بە جۆرێك لە ئاخاوتن پێناسەكردووە، لە زۆرینەی سەرچاوە كوردییەكانیشدا بەرفراوانیی بەكارهێنانی ئەم پێناسەیە دەبینرێت، گەڕانەوەیەكی خێرا بە سەرچاوەكاندا ئەم ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێت:

لە كاتێكدا دیالۆگ لە سەرجەم ئایینەكاندا، بە تایبەتی لە سەرچاوە ئاسمانییەكانی وەك (تەورات و ئینجیل و قورئان)، لە پێناو ئاشكراكردنی ڕاستییەكاندا پشتی پێدەبەسترێت، بەشێوەیەكی گرنگ و كاریگەر واتای دیالۆگی تیادا دەخرێتەڕوو، یەكێك لەو سەرچاوە ئاسمانیانەش كە تەواو واتای دیالۆگی تێدا ڕووندەبێتەوە، كتێبی قورئانە، پاشان فەرموودەكانی پەیامهێنەرانە، (لە فەرموودەكانی پێغەمبەرمان(د.خ) و بانگەوازی پێغەمبەران (س.خ) وشوێنكەوتووانیشی، دیالۆگ گرنگی و مانای خۆی هەیە، كە هەرگیز لە ناوەڕۆكی ئایەتەكان و فەرموودەكان

وننابێت، بۆ دەربڕینی بیروڕای ئەوانیتر، وەک هۆکارێک بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاستی و بیروباوەڕیان بەکاریانهێناوە)١، بەشێوەیەک ((دیالۆگ بە گرنگترین ئەو ڕێگایانە دادەنرێت، کە لە قورئاندا بەکاردێت و لە گواستنەوەی ڕووداوی چیرۆکەکان و وەبیرهێنانەوەی بەڵگە روون و ئاشکرا و سەلماندنەکاندا دیارترینیانە.))٢، ئەم پێناساندنە بەرجەستەی ئەو راستییە دەکات، کە یەکێک لە تەکنیکە بەهێزەکانی پەروەردەکردنی تاک، بریتییەلە دیالۆگ لەنێوان خوداو فریشتەو مرۆڤ، جیاکردنەوەی ئەم بونەوەرانەش تەواو لە دیالۆگەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە.

ئەگەرچی (پەروین عەبدولا) لە کتێبی (ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا)، لە پێناسەیەکی وەرگیراودا، دیالۆگ بە هۆکاری گەیاندن پەسندەکات، بەجۆرێک کە کەسەکان زانیارییە پەنگخواردووەکانی نێو ناخیان دەبەخشن بە یەکتر٣، بەڵام لە لایەکی ترەوە (محسین ئەحمەد عومەر) لە کتێبی (فەرهەنگی ئەدەبی)دا، دەڵێت:(( دیالۆگ لە روانگەیەکی گشتییەوە بریتییە لە گفتوگۆ و ئاخاوتن، بەڵام هەموو گفتوگۆ و ئاخاوتنێک دیالۆگ نییە، لە دیالۆگدا ڕاستەوخۆ خەیاڵمان بۆ گفتوگۆی دووکەس دەچێ کە هەریەکەیان پشت بە بیروبۆچوونی خۆی دەبەستێ و هەریەکەیان پشت بە بەڵگەو سەلماندنی خۆی دەبەستێ...))٤، واتا لێرەدا تەنها گەیاندنی زانیاریی نییە، بەڵکو گۆڕینەوەی بیروڕاو سەلماندنی ڕاستییەکانە.

هەروەها (ڕەنجدەر ئازاد) لە ماستەرنامەکەیدا نووسیویەتی: دیالۆگ (بە واتای قسەو وتوێژ  لەگەڵ یەکتری دێت، مەبەستی گۆڕینەوەی بۆچوون و بیروباوەڕە، یاخود قسەیەکە کە لەنێوان دوو کەس یان زیاتر، یان بە شێوەیەکی کاریگەرتر لە هزری تاکەکەسێک سەرچاوەدەگرێت)٥.

---

١بڕوانە :١- معن محمود عثمان ضمرة،٢٠٠٥،ص٣-٧

٢-عبد الله الجيوسى، أسلوب الحوار في القرآن الكريم (خصائصه الإعجازية وأسراره النفسية)، https://www.aliftaa.jo/

٢عبد الله الجيوسى، https://www.aliftaa.jo/

٣پەروین عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ل٧١

٤موحسن ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی ئەدەبی، چا. حەمدی، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی پاشکۆی رەخنەی چاودێر، ٢٠١٢، ل ١٢٩-١٣٠

٥ پخشآن محمد محمود، دیالوگ در داستانهای فارسی و کردی کودکان برمبنای مجلات کیهان کیهان بچەها و هنگ (١٩٩٣-٢٠٠٠)، کارشناسی ارشد، دانشگاه صلاح الدین، اربیل، ٢٠٠٩،ص

لێرەدا دیالۆگ لە نێوان دوو کەس یان زیاتردا ئاماژەی بۆکراوە، کە تەنها تاکە کەسێک دەبێتە سەرچاوە پرسیار دەکات و لەبەرامبەردا وەڵام دەدرێتەوە. هەر بەم شێوەیەش لە فەرهەنگی (زاراوەسازیی ئەدەبی هاوچەرخدا)، پێناسەی دیالۆگ بەمجۆرە تۆمارکراوە: دیالۆگ بە گۆڕینەوەی گوتە پێناسەدەکەن کە لەنێوان دوو کەس، یان زیاتر ڕوودەدات، لەمبارەیەوە دەڵێن چەشنێکە لە پەیوەندیگرتن بۆ گۆڕینەوەی زانیارییەکان لەنێوان نێرەرو وەرگردا١، واتا دیالۆگ لە ڕێگەی دوو بەشداربووی نێرەر و وەرگرەوە ئەنجام دەدرێت، لە پێناو گەیاندنی پەیامێکدا لە ناوەندێکی دیاریکراودا.

هەروەها (عطا رشید حسین)، لە نامەی دکتۆراکەیدا نووسیویەتی: ((لە ڕاستیدا دیالۆگ یەکێکە لەو بنەما سەرەکیانەی، کە بینای درامای لەسەر بنیات دەنرێت و بەشداری ڕاستەوخۆی هەیە لە بنیاتی دەقی درامیدا. دیالۆگ ئەو گفتوگۆ و ئاخاوتنانەیە، کە لە نێوان دوو کەس، یان زیاتری نێو دەقێکی درامیدا ئەنجام دەدرێت ....درامانووس وەکو تەکنیکێک بەمەبەستی برەودان بە ڕەوتی ڕووداوەکان و بەرەوپێشبردنیان پشتی پێ دەبەستێت. ))٢واتا دیالۆگ، وەک تەکنیکێک ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بنیاتنانی دراماوە و درامانووس بەکاریدەهێنێت. لە ڕوانگەیەکی ترەوە و لە ژانری ڕۆماندا (جەلال ئەنوەر سەعید)، کە بە زاراوەی (گفتوگۆ) ئاماژەی بۆ کردووە، وەها ڕاڤەیدەکات، کە لە ساناترین پێناسەیدا بریتییەلە ئاخاوتنی نێوان دوو کەس.٣

به شێوەیەکی گشتی و لە (فەرهەنگی زاراوەسازیی ئەدەبیدا)، دیالۆگ بەوە پێناسە دەکرێت، کە (گفتوگۆ سەرنجڕاکێشانی گوتەیەکە، لەهەمانکاتدا بەدواداچوونە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکەو بۆچوونەکان، کە لە شیعرو کورتەچیرۆک و ڕۆمان و

---

٩٢، وەرگیراوە لە :ڕەنجدەر ئازاد عەزیز، لە بنیاتی دەقی شانۆی منداڵانی کورد ١٩٧٠_٢٠٠٥(کرمانجی خواروو)، نا. ماستەر، ک.پەروەردە، ز.کۆیە، ٢٠١٢، ل ٩٩

١سعید علوش، معجم المصطلحات الادبیة المعاصرة، ط١، دار البیضاء مغریب، دار الکتاب اللبنانیة، بیروت- لبنان، ١٩٨٥، ص ٧٨

٢عطا رشید حسین، بنیاتی دەق لە درامای کوردیدا- ١٩٧٠-١٩٩١ (ڕاپەڕین)، نا. دکتۆرا،فاکەڵتی پەروەردە/کەلار، ز. سلێمانی، ٢٠١٢، ل١١٧.

٣ جەلال ئەنوەر سەعید، گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجیی خوارووا، ٢٠١٣، ل ١٧

شانۆگەرییەکاندا بۆ وێناکردنی کەسێتییەکان و بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکان بەکاردەهێنرێت.)١ لەگەڵ ئەوەشدا دیالۆگ تەنها بە واتای پرسیار و وەڵام و گۆڕینەوەی بیروڕا و هەست و بۆچوونەکان نایەت، بەڵکو بیرو ویژدانەکان بە یەکەوە پەیوەستدەکاتەوەو هۆکارێکە بۆ پەنابردنەبەر لایەنە هاوبەشەکانی بوونی مرۆڤ٢، ئەمەش وا دەکات نووسەرو شاعیرەکان لە نووسینی دەقە ئەدەبییەکانیاندا پشت بە دیالۆگ ببەستن، هەر بۆیە ئەمانیش دەق بە دوورگەیەکی بچووک لە ناو دەریای پێوەندی یە –هاوبەش-ەکانی مرۆڤدا پەسەندەکەن٣ .

لەم بارەوە باختین ئەم ڕەهەندە بە پەیوەندی ناودەبات، پێوایە مرۆڤ تەنها لەنێو پەیوەندییەکانیدا درک بە بوونی ئەوی دیکە دەکات٤، ئەمەش دەر ئەنجامی پێوستی بوونی لایەنێکی بەرامبەرە لە نێو پەیوەندییەکاندا، بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانیان بە ڕاست و دروستی مەبەستەکانیان بگەیەنێت، بە پشت بەستن بە بە لۆجیک و بیر و بەڵگەی ئاشکرا، تا لە ڕێگەی دیالۆگەوە بتوانرێت، شک و گومانەکان ڕوون بکرێتەوە، بابەتەکان بسەلمێنرێت.٥

لە لێکۆڵینەوەی ئەم ڕەهەندەی دیالۆگدا، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە بۆ دەستەبەرکردنی پڕۆسەی دیالۆگ پێویستە لانی کەم دوو جەمسەری ئاخاوتن و کەناڵی پەیوەندی و پەیامێک لە ئارادا بێت، وردتر پەیوەست بە لایەنی فیزیکیی پڕۆسەی دیالۆگەوە بوونی نێرەرو وەرگرە، ئەمەش بەرجەستەی ئەو ڕاستییە دەکات، کە تاک بە تەنیا ناتوانێت بکەوێتە بواری دیالۆگکردنەوە، یاخود دەرفەتی

---

١ابراهيم فتحي، معجم المصطلحات الادبية، طبع التعاضدية العمالية للطباعة والنشر ،صفاقى – الجمهورية التونسية، ١٩٨٦،ص١٤٨-١٤٩ هەروەها بروانە : سەنگەر قادر شێخ محمدحاجی، بنیاتی گێرانەوە لە داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی و شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیارعەلی ،چ١، چا. خانی ،دهۆک، ٢٠٠٩، ل٢١٩

٢https://www.dialogueproject.ir کانونی گفتگو

٣ڕۆلان بارت، چێژی دەق، چ. یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧،ل٣٦

٤ جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣، ل ١٩

٥انظر : -اسحاق رحمانی، دراسة عن أسلوب الحوار فی القرأن الكريم، -www.iikv.org//al Nur، ايضا - ديماس، محمد راشد، فنون الحوار و الإقناع، دار ابن حزم، ط١، (١٤٢٠ه -١٩٩٩م)، ص١١. نقلا عن :معن محمود عثمان ضمرة،٢٠٠٥،ص٣

دیالۆگکردنی بۆ نارەخسێت، لە ڕووی لایەنی فیزیکییەوە، بەڵکو دەچێتە ئاست و ڕەهەندێکی تری دیالۆگەوە.

**دووەم/ ڕەهەندی ناوەوە:**

مەبەست لەم ڕەهەندە، دەرخستنی باری سایکۆلۆجیی تاکە لە ڕێگەی دیالۆگەوە، بەجۆرێک کەسەکان بە تەنها زانیاری و بیروبۆچوونەکانیان بەهۆی دیالۆگەوە ئاڵوگۆڕ پێناکەن، بەڵکو باری دەروونییان وەک ترس، نیگەرانی، تووڕەیی، شەرم، حەزو ئارەزوو، ڕق و خۆشەویستی بۆ بەرامبەرەکانیان دەگوازنەوە. بە جۆرێک هێنانەکایەی دیالۆگ پێویستی بە بوون و ڕەخساندنی بارودۆخێکی گونجاو و هەموارە لەنێوان دوو کەس یان زیاتردا، تا((...پەیڤینێکی هێمن و ئارام: بەدەر لە هەڵچوون))١بێتەکایەوە، ((بەبێ ئەوەی یەکێکیان کار لەئەوی تر بکات))٢، دوور لە بەرژەوەندی تاکە کەسی و دوور لە ئامانجی جیاواز، چونکە گۆڕینی ئاراستەی قسە و ئاخاوتنەکان، دەبنە هۆی پێچەوانەبوون و دووفاقییەتی دیالۆگ و هاتنەئارای ململانێ، هەرچەندە دیالۆگ و ململانێ لەوەدا بەیەک دەگەن، کە ئاخاوتن و گفتوگۆیەکە لە نێوان دوو کەس یان زیاتر، یاخود تەنها لەگەڵ خودی خۆدایە، بەڵام هەردووکیان لە ڕووی چۆنێتی ئەنجامدان و شێوازی زمانی دەربڕین و مەبەست و ئامانجیانەوە جیاوازییان هەیە، کە دیالۆگ ئاڵوگۆڕکردن و گەیاندنی زانیاریە ، بەڵام ململانێ بەرامبەر بە نەیارو دژ بەکاردێت، لە پێناو بەرژەوەندی و دەرخستن و ئاشکراکردنی ڕاستیدا کاردەکات٣.

لەگەڵ ئەوەشدا لە قورئانی پیرۆزدا دیالۆگ و ململانێ لە یەک ئایەتدا هاتووە، یەک چەمک دەگەیەنێت، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویت: ((قد سمع الله قول التي تجادلک في زوجها و تشتکی إلی الله و الله یسمع تحاورکما إن الله

١معنی الحوار فی قاموس معاجم اللغة ،معجم اللغة العربية المعاصرة،https://www.maajim.com

٢: معن محمود عثمان ضمرة، ٢٠٠٥،ص٣

٣بڕوانە: ١- معن محمود عثمان ضمرة، ٢٠٠٥،ص٨-١٢

٢- محمد ابو خليف، تعريف الحوار، تعريف_الحوار/https://mawdoo٣.com

سميع بصير))١، مەبەست لێی دەرخستنی بەڵگە وسەلماندنی ڕاستیی و بەگژداچوونەوەی خراپەیە.

لێرەدا ((پەیوەندی نێوان قسەکەران (المتحاورین) سروشتی پەیوەندی نێوان لایەنەکان و جۆری پێوەندیەکەمان بۆ دیاری دەکات))٢، لەم لایەنەوە (ئەحمد خورشید ئەلنورەچی) باوەڕی وایە کە ((ململانێ یەکێکە لە چەشنەکانی کارتێکردنی کۆمەڵایەتی، لە ئەنجامی نەگونجانی پەرژەوەندییەکانەوە دروستدەبێت و ئەو هەڵوێستە کێبڕکێیە هەریەک لە کێبڕکێکان، نەیارەکەی دەناسێ و درک بەوەش دەکات کەوا هیچ شێوەیەک نییە بۆ گونجاندن لەنێوان بەرژەوەندی خۆی و بەرژەوەندی نەیارەکەی، ئەوسا کێبڕکێکە بۆ ململانێ دەگۆڕێت کە هەریەکەیان لە پێناو لەناوبردنی ئەوی دیکە وە سەرکەوتن بەسەریدا کاردەکات))٣، ئا لێرەدا تەواو ڕەهەندی دەروونی لە ململانێکاندا ڕەنگدەداتەوە، کە ئەمە جگەلەوەی بارێکی دەروونییە لە هەمانکات بابەتێکی سۆسیۆلۆجیشە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم زاراوەیە ((... بە تەنها لە زانستە سۆسیۆلۆژی و سیاسییەکاندا بڵاونییە، بەڵکو بە جۆرێک ڕۆچووەتە ناو زمانی ڕۆژانەوە کە زۆر کەڕەت لەبری (شەڕ، کێشە، ناکۆکی، مشتومڕ، ناخۆشی، دوژمنکاری، گرژی، گرفت، دەمەقاڵێ، زویربوون و ...هتد) بەکاردەهێنرێت))٤.

ئەمەش وەک جۆرێک لە بەریەک کەوتنی نێوان دوو کەس یان زیاتر پەسندەکرێت، کە ئامانج و مەبەستەکە بە چاک یان بە خراپ دەیگۆڕێت، ناخ و دەروونیان بەشێوەی دیالۆگ یاخود ململانێ دەردەبڕدرێت، تەنانەت لە خودی یەک مرۆڤدا، لەپێناو هەڵبژاردنی ئامانجەکانیدا، گرفتی خودی و ململانێ دروستدەبێت، ((چونکە زۆرجار مرۆڤ لە نێوان دوو ئامانجدا سەرگەردان دەبێت و ناگاتە ئەو

١ سورة المجادلة:آية(١)

٢- محمد ابو خليف، تعريف الحوار، تعريف_الحوار/https://mawdoo٣.com

٢سیڤا علی عارف، ٢٠١٤م- ١٤٣٥ە، ص١٨

٣أحمد خورشيد النورەچی، مفاهيم في الفلسفة و الاجتماع، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد، ١٩٩٠، ص١٦٢-١٦٣، وەرگیراوە لە :سەرکەوت عمر ابراهیم، ململانێی کەسێتییەکان لە ڕۆمانەکانی (حوسێن عارف)دا، نا. ماستەر، ک. زمان، ز. کۆیە، ٢٠٠٨،ل٩

٤ شوان ئەحمەد، چەمکی ململانێ (گفتوگۆیەک لەگەڵ ئاراس فتاح)، بلا: نێوەندی ڕەهەند، چا: ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٠

بڕوایەی کە کامیان هەڵبژێرێت و هەندێجاریش وا ڕوویداوە، کە بە هیچ یەکێک لەو دوو ئامانجە نەگات...))١،ئەمەش کار لە ناخ و زەینی دەکات.

لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەروونی مرۆڤەکان خۆی لە هەڵوێست و پەرچەکردارەکاندا دەبینێتەوەو دەدرکێنرێت، چونکە ((وشە دایکی دیالۆگە ... کێشەیەک، مەترسییەک، گومانێک، ناڕوونییەک لە گێتیدا نییە بە هاودڵی و لۆژیکی دیالۆگ چارەسەر نەکرێت و نەگۆڕێت بۆ کامەرانی و دڵگەرمی و دڵنەوازی، هەروا کە کامەرانی و ئاسوودەیی و جێگیری و سەقامگیرییەک نییە بە هۆی نا هاودڵی و نەبوونی وشە و لاوازبوونی هێزی دیالۆگەوە تۆخترو چڕتر نەکرێتەوە، و نەگۆڕێت بۆ چارەڕەشی و نادادپەروەری و ناباوەڕی و مەرگێکی هەمیشە ئەهریمەنی. کەواتە ڕاستە، وشە یەزدانییە ... وشە گەوهەری مرۆڤایەتییە.))٢واتا دیالۆگ وەک کلیلێکە یاخود کۆدێکە بۆ کردنەوەی زۆرێک لە دەرگا داخراوەکان، پێوەرێکە بۆ لێکدانەوەی ناوەوەی مرۆڤەکان، هەربۆیە پێشبینی دەکرێت دیالۆگ ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت، لە بەرجەستەکردنی ((دیوی ناوەوەو ئاشکراکردنی سروشت و هەڵکەوتەی لایەنی دەروونی کارەکتەرەکان))٣.

بەم شێوەیەش دیالۆگی کەسەکان لە دراماو رۆمان و چیرۆکدا، هەم دەربڕی زانیاری و هەم دەرخەری باری سایکۆلۆجی کەسێتییەکانە، هەروەک لە کۆی ئەو نووسین و لێکۆڵینەوانەدا دەردەکەوێت، کە تا ڕادەیەک بە شێوەی ورد کار لەسەر ئەم رەهەندەی دیالۆگ کراوە، بەڵام لەنێو دەقی شیعریدا کەمترین لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە، بۆیە بە پێی پێویست لە بەشەکانی تری ئەم توێژینەوەیەدا، بە نموونەی دەقی شیعریی، جەخت لە ڕەهەندەکانی دیالۆگ دەکرێتەوە.

**سێیەم/ ڕەهەندی هونەریی:**

هەندێک لە توێژەران، دیالۆگ بە لایەنی تەکنیکیی هونەرەوە دەبەستنەوە، بەو مانایەی دیالۆگ لەنێوان نێرەرو وەرگردا، پێویستە بە تەکنیکێکی دیاریکراو بێت،

---

١سەرکەوت عمر ابراهیم ، ٢٠٠٨،ل١١

٢ هەڵبژاردن و ئا.و.جەلیل عەباسی ، ٢٠١١، ل١٠-١١

٣ابراهیم خلیل، بنیة النص الروائي، ط ١، بیروت ٢٠١٠، ص ١٩٢، وەرگیراوە لە :ناز ئەحمەد سەعید، ئەڤین ئاسۆس حمە، دیالۆگ و فرەدەنگی لە شیعرە فارسییەکانی مەحوی دا، گ.زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی پێنجەم ، ژ.(١٥)،کانوونی یەکەمی ٢٠١٨ ، ل٣

ئەم تەکنیکانەش لە ژانرێکی ئەدەبییەوە بۆ ژانرێکی دیکە دەگۆڕێت. تەنانەت زمانی دیالۆگیش جۆرەکەی دەگۆڕێت، بەهۆی ((پەیوەندی و نزیکی واتایی لە گفتوگۆو قسەکردنەوە، کە دوو چەشنی جیاوازن، کە بۆ هەریەکێکیان شێواز و بناغەی جیاواز هەیە و لەسەری بنیاتدەنرێت، بەمەش پەیوەندی دیالۆگ بە قسەکردنەوە جودایە، لەبەرئەوەی قسەکردنی ژیانی ڕۆژانە جیایە لە دیالۆگی ئەدەبی، کە لە نێوان کارەکتەرەکانی دەقێکی ئەدەبیدا دەگوزەرێت))١. لەم بارەیەوە دیالۆگ ((نمایشێکی (شێوە درامییە)، کە بریتییەلە ئاڵوگۆڕکردنی زارەکیی نێوان دوو کەس، یان زیاتر، لەم جۆرە دیالۆگەدا گوتەو دەربڕاوی کەسێتییەکان بەو جۆرەی، کە دەریدەبڕن، یاخود بەپێی شێوەی دەربڕینیان دەخرێتەڕوو، ئەم دەربڕینانە دەشێت هاوەڵی کۆمەڵێک دەربڕاوی گێڕەرەوە بن، یاخود ڕاستەوخۆ و بێ بەشداریی گێڕەرەوە))٢ ئاماژەی بۆ دەکرێت.

واتا بەجۆرێک لە بواری ئەدەبی و هونەری و بابەتە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکەدا کۆدی دیالۆگ بەپێی ژانرەکان و بەپێی بابەتەکان دەگۆڕێت، بۆ نموونە لەنێو مەودای (ئەدەب و سینەما و شانۆ)دا هەڤپەیڤینێک لەنێوان کەسەکانی ناو چیرۆک و فیلم و شانۆنامەدا دەبینرێت، بەدەر لەوەش لەسەر پرسیکی رۆشنبیری و کەلتووری و کۆمەلایەتی هەڤپەیڤین دێتەئاراوە٣، لە ڕەهەندی تەکنیکی ڕۆماننووسینیشدا دیالۆگ گرنگی و تایبەتمەندیەکی سەرەکی دیاری لە سەرهەڵدان و ڕەوتی گەشە و پێشکەوتنیدا بینیوە، بەردەوام ڕۆماننووسان و ڕەخنەگرانی ئەدەبی بە سەرنجەوە لێیانڕوانیوە، بە دەرکەوتنی دەنگی سەربەخۆ و جیاوان، لەسەر بنەمای دیالۆگ لە نێو کارەکتەرەکاندا دادەنێن٤، ئەویش بە ((جیاوازبوونی دەنگی گێڕەرەوە/ نووسەر، لە دەنگی کاراکتەرەکان، کە هەرکامیان بە زمانی تایبەتیی خۆیان دەدوێن...،تازە زمانیش تەنیا کاتێک دەبێت بە بەرهەمهێنەری مانا، کە لە پێوەندی لەگەڵ لایەنێکی بەرامبەردا و لە شێوەی گفتوگۆ

١سیڤا علی عارف، ٢٠١٤م- ١٤٣٥ه، ص١٩

٢چیرالد برنس، قاموس السردیات، ت: السید امام، میریت للنشر و المعلومات، قاهرة، ط١، ٢٠٠٣، ص ٤٥.

٣https://www.vajehyab.com/?q=دیالوگ&d=ar یابواژە

٤هاشم ئەحمەدزادە، جیهانی ڕۆمان، چ. یەکەم، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠١٥،ل١٧- ٢٢

بەکار بێت.))١ لەگەڵ ئەوەدا زمانی دیالۆگ لە ڕووی تەکنیکییەوە ((بە زمانێکی نێوەندگر دادەنرێت لە نێوان خۆدواندن(مۆنۆلۆگی ناوەوە) و زمانی گێڕانەوەدا))٢، کە وەکو دوو هۆی تری شێوازی گێڕانەوەی ئەدەبی و هونەری بەکاردێن.

هەروەها لە (( دەقی رادیۆ یاخود سینەمایی یا تەلەفزیۆنی، کە لە چوارچێوەی ئاخاوتنی کەسەکاندایە، دیالۆگی رادیۆ/تەلەفزیۆنی/سینەمایی))٣ سازدەکرێت، بۆ هەریەکێکیش لەوانە کۆدی جیاواز تایبەت بەو مەودایە بۆ گفتوگۆ بەکاردەهێنرێت.

بەگشتی، هەڵبژاردنی وشەکانی زمان و چۆنێتیی ڕێکخستن و تێئاخنینی پەیام و مەبەستەکان، یاخود چۆنێتیی دروستکردنی وێنەو وێناکان لە ڕێگەی کۆدەکانی زمانەوە تەکنیکی دیالۆگەکە دیاریدەکرێت، لێرەوە بەپێی هەندێک لە پسپۆڕانی ئەم بوارە، ئەگەرچی مەرجی زمان لە گەیاندنی پەیامەکەدا بە مەرجی سادەو سانایی دیاریدەکرێت، لە زمانی ئاخاوتن جیادەکرێتەوە، بەجۆرێک کە زمانی ئاخاوتن زمانێکی بێ پلانە و تێکەڵە لە پەیام و مەبەستی هەمەجۆر، لەکاتێکدا دیالۆگ خاوەن نەخشەیەکی دیاریکراوەو نێرەرو وەرگر، بەهۆیەوە دەتوانن پەیامەکانی یەکتر شیبکەنەوە و لێکیبدەنەوە٤، ئەمەش بەرەو ئەو ڕاستییە دەمانبات ،کە دیالۆگ تەنها بە زمانی ئاخاوتنەوە پەیوەست نییە، بەڵکو لە مەودای ئەدەبیدا پتر پەیکاڵە بە زمانی نووسینەوە، تەکنیکی ئەم چەشنە زمانە بەپێی ژانرە ئەدەبییەکان دەگۆڕێت، لەم ڕووەوە هەرچەندە (( هەموو چەشنە ئەدەبیەکان کەرەسەی لاسایکردنەوە لە یەک سەرچاوەوە هەڵدەگۆزن، کە (زمانە). بەڵام یا لە بابەتی لاسایکردنەوەدا، یا لە چۆنیەتی لاسایکردنەوەکەدا، یا لە هەردووکیاندا پێکەوە، لەیەک جیاوازن))٥، تایبەتمەندی و چەشنی ئەدەبی خۆی پیشاندەدات.

---

١ سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢

٢عبد الملك مرتاض، في نظرية الرواية: بحث في تقنيات السرد، معالم المعرفة(٢٤٠)، الكويت، ١٩٩٨ ،ص١١٦، ایضا: فاضل عبود التميمی، البناء السردی في شعر شێرکۆ بێکەس، ط. ١، م.ط: دار سردم للطباعة و النشر، كردستان–السليمانية، ٢٠٠٨.

٣ معنى الحوار فی قاموس معاجم اللغة ،معجم اللغة العربية المعاصرة،https://www.maajim.com

٤پەروین عەبدوڵا، ٢٠٠٨، ل ٧٣، هەروەها بڕوانە : تأ: ستورات كريفش،صناعة المسرحية، ت: عبدالله معتصم الدباغ، دار المأمون، بغداد، ١٩٨٦، ص ١٤٦

٥زاهیر رۆژبەیانی، شیعریەت لە دەرەوەی شیعر، چ. یەکەم، چا. ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٩

بە جۆرێک ئەگەر تەکنیکی بەرهەمە ئەدەبیەکانی، وەک (داستان و دراما) لەگەڵ شیعردا بەراوردبکرێت، دەبینرێت لەکاتێکدا بابەتی شیعر زیاتر لاسایکردنەوەی خودبوونی شاعیرە و چۆنێتی لاسایکردنەوەکەش وەسفکردن و ڕوونکردنەوەی باری دەروونی کەسەکانە لە ڕێگەی زمانەوە، بەڵام لەم لایەنەوە بەم هۆیەوە لە دوو چەشنی ئەدەبی داستان و دراما، کە بابەتییە جیادەبێتەوە١، لەلایەکی ترەوە ئەو تەکنیکەی لە درامایەکدا بەکاردەهێنرێت، پێویستە ڕستەی کورت و پڕواتا بێت و تەڵخی و، ناڕوونی تێدا نەبێت، لە هەندێک جۆری شیعردا بەجۆرێکە، کە پڕە لە لێڵیی واتایی و دیمەنی نامۆو پەرچو ئاسا، جگە لە بوونی تایبەتمەندی ئاوازی شیعری، بەهۆی کێش و سەروا و ریتمی وشەکانەوە جیایدەکاتەوە لە ژانرەکانی پەخشان. ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ هاوبەشی بابەت و تەکنیکی بەکارهاتوو لە داستان و درامادا، کە هەردووکیان جیهانێکی بابەتین، بەڵام جیاوازی نێوانیان لە ((چۆنێتی لاسایکردنەوەکەیە، کە لە داستاندا (گێڕانەوە)یە و لە دراماشدا (کردار)ە))٢.

لەگەڵ ئەوەدا بابەتی جیاکاری لە نێوان دوو دەقی وەک (داستانی شانۆی) و (درامای داستانی) وەک لە (درامای شیعری) و (شیعری درامیدا) هەیە، بەپێی شێوازی زمانی بەکارهاتوو ئەرک و ڕۆڵی دیالۆگ دەگۆڕێت لە گێڕانەوەی ڕووداو و پیشاندانی کەسەکانی، کە ((لە ڕووی زمانەوە، ئەگەر وەک دوو زاراوە تەماشایان بکەین. لە داستانی سەر شانۆدا، داستان بناغەیە و هەوڵی گۆڕان و پێشکەوتنی دراوە، بەڵام لە درامای داستانیدا، دراما بناغەیە و هەوڵی گۆڕان و پێشکەوتنی دراوە،...))٣.

بەهەمان شێوە لە ڕۆماندا مەسەلەی زمان خەسڵەت و ڕۆڵی کاریگەر بە دیالۆگ دەبەخشن، لە وەسفکردنی کەسەکان و گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا. لە کاتێکدا تێکەڵکردنێک لە نێوان ژانرەکانی بە تایبەتی شیعر لەگەڵ چیرۆک و ڕۆماندا هەیە، لە نێوان زمانی شیعری و شیعرییەتی زماندا، بەڵام ((شیعرییەتی زمان مەودایەکی فراوان دەبەخشێتە زمانی سوڕانەوەی ڕووداوەکان، بە پێچەوانەی

١زاهیر رۆژبەیانی، ٢٠٠٨، ل٢٩.

٢سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠

٣ سەرچاوەی پێشوو، ل٥١

زمانی شیعری ئەو مەودایە تەسک دەکاتەوە، شیعرییەتی زمان هاوئاهەنگی لە نێوان هونەری ڕۆمان و شیعردا دەهێڵێتەوە هونەری ڕۆمان بۆ شیعر ناگەڕێنێتەوە، کە ئەمە لە زمانی شیعریدا ڕوو دەدا، هەروەک دەبینیین لە بەسەرهاتە شیعرییەکانی هۆمیرۆس و خەسرەوی قوبادی و مەم و زینی خانی ڕووبەری ڕووداو تەسک دەبێتەوە و زمانی ڕووداو و کەسەکان ئەوەندە بەرفراوان نین ...ڕۆمان لەمڕۆدا پێویستی بە ڕووبەرە،))١ تا لەم لایەنەوە بە وردەکارییەوە ڕووداو و کەسەکان بخاتەڕوو، لە ڕێگەی دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و...، وەک تەکنیکێکی گێڕانەوە، (لەبەر ئەوەی دیالۆگ و مۆنۆلۆگ پێویستییان بە هەناسە و مەودایەکی فراوان و گەورەی دەربڕینە، تا وردەکارییەکان باس بکات).٢

جا بۆیە لەم بارەیەوە و بەپێی تیۆرە ئەدەبییەکان و لێکۆڵینەوەکان ئەم ((مەسەلەی زمانە، کە بە هێڵێکی جیاکەرەوەی نێوان پەخشان و شیعر دادەنرێ، ئەگەر پێکهاتەی زمانی هەردووکیان لێک دوور بوون، هەروەها دەبێتە هۆکارێک بۆ لێک نزیک بوونەوەی بوونیادی شیعر و پەخشان، ئەگەر شێواز و پێکهاتەی زمانی هەردووکیان لەیەکتر نزیک بوونەوە.))٣ واتا دەکرێت وەک خەسڵەت و تایبەتمەندی شێوەی بەرهەمە ئەدەبییەکە و شێوازی تەکنیکی ژانرەکە دیاریبکرێت و بکرێتە هۆکاری جیاکردنەوەو تێکەڵکردنیان، کە لەم ڕوانگەیەوە چەندین کۆمەڵ و قوتابخانەی ڕەخنەیی و شیکاریی و زمانەوانی... کاریان تێداکردووە، بۆیە باسکردن لەم ڕەهەندە لە بابەتەکانی تری لێکۆڵینەوەکەدا بەرجەستەدەکرێت.

---

١ ڕامان، هەڤپەیڤین لەگەڵ سەلاح حەسەن پاڵەوان، گ. ڕامان، ژ. ١٥٧، ٢٠١٠/٦/٥، ل٣٥-٣٦

[٢]زاهیر لەتیف کەریم و نیان نەوشیروان مەستی، بونیادە گێڕانەوەگەرییەکان (لە ڕۆمان و چیرۆکەکانی گەلاوێژدا)، چا. کارۆ، ٢٠١٨، ل١١٠

٣هێمن عومەرخۆشناو، شیعریەتی دەقی چیرۆکی کوردی (لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری پراکتیکییە)، چ.یەکەم، چا. ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر، ٢٠١٠، ل٤٨

## پاری دووەم: جۆرەکانی دیالۆگ:

سەرجەم ئەو ڕەهەندانەی لە پاری یەکەمدا ئاماژەیان بۆکراو باسکران، دەبنە دەرخەری چەشنەکانی دیالۆگ، بەو واتایەی، چییەتیی ڕەهەندی فیزیکی و چۆنێتیی بەرجەستەکردنی پەیامە ئاشکراو شاراوەکان و بژاردەکردنی کۆدەکانی زمان وەها دەکەن، چەند جۆرێک لە دیالۆگ بەرجەستەبکرێت، بەهۆی ئەوەی دیالۆگ لە سەردەمی نوێدا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کار و کاریگەری خۆی هەبووە و دەربڕی بابەتەکانی گشت لایەنی پەیوەندیکردن و کاردانەوە و ئاڵوگۆرەکان بووە، بەمەش چەند بابەتێک لە دیالۆگ دیاری دەکرێت، وەک (دیالۆگی شارستانێتی، دیالۆگی ڕۆشنبیری، دیالۆگی تاک و کۆمەڵ، دیالۆگی رۆژهەلات و رۆژئاوا، دیالۆگی ئایینی، دیالۆگی ئابووری ،دیالۆگی سیاسی، دیالۆگ پەروەردەیی...)، هەروەها لە لایەنە ئەدەبییەکەوە، کە مەبەستەکەی ئێمەیە بەپێی تەکنیک و شێوەی داڕشتنی دیالۆگەکە و جۆری کەسەکان، چەند شێوە و جۆری دیالۆگ بەکاردەهێنرێت و دیاریدەکرێت، ئێمە لێرەدا لێکۆڵینەوەکەمان لەبارەی ئەدەبیاتەوەیە بەگشتی و شیعر بە تایبەتی، لەم رووەشەوە دیالۆگ بەم چەند جۆرە دابەشدەکرێت:

### یەکەم/ أ-دیالۆگی ڕاستەوخۆ:

هەروەک بە زاراوەکەیدا دیارە، ئەم جۆرەی دیالۆگ، گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نێوان دوو کەسە، جا دوو کەسی نێو ڕۆمان، یان دراما، یان شیعر بێت، جیاوازییەکیان نییە، بەوپێیەی وتەیەکە نێرەر ئاڕاستەی وەرگری دەکات، وەرگریش دەبێتە وەلامدەرەوەی نێرەر، بە جۆرێک هەریەک لە نێرەرو وەرگر، بەپێی ئاڕاستەکردنی پەیامەکە جەمسەرەکانیان ئاڵوگۆڕدەکەن، لەم حاڵەتەدا دیالۆگکردن و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی و کەرەستە تێبینیکراوەکان، بەشێوەی پرسیارو وەلام، یان لە چوارچێوەی ڕستەی هەواڵی، یان ڕستەی کردەییدا، تاوتوێدەکرێت، بە بێ بوونی هیچ ناوەندێک و فەزایەک لەکاتی پێشکەشکردن و ئاڕاستەکردنی بۆ خوێنەر یا وەرگر، لە چوارچێوەی دیمەنێکدا ڕاستەوخۆ پیشاندەدرێت. ((کەواتە لە دیالۆگی ڕاستەوخۆدا، مەسەلەی دیمەن دەستگرتنە بەسەر ڕووداوێکی دیاریکراوە و

دووباره نمایشکردنەوەشی وادەکات، کە ئێستا لە بەردەمتدا ڕوودەدات))١، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو جۆرە یەکسانی و هاوتابوونەی نێوان ماوەی دیمەن لە چیرۆکەکەدا، لەگەڵ ماوەی نووسینیدا٢، کە ڕاستەوخۆ دیمەنەکان دەگوازرێتەوە.

هەربۆیە بینای دیالۆگی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی تەکنیکی دیمەنەوە بنیات دەنرێت، کە لە ڕێگە دیالۆگی کەسەکانەوە، بۆ نموونە داستانە شیعریەکانی هۆمیرۆس دیمەنی شانۆیی پێکدەهێنن، ئەمەش وەک پێوستی بوونی کەس لە دروستکردنی دیالۆگی ڕاستەوخۆدا دەردەخات.٣

لە تایبەتمەندییەکانی جیاکردنەوەی ئەم جۆرە بەکارهێنانە بریتییە لە: وتەکانی (وتی ،وتم ، پرسیاریکرد ،وەڵاممدایەوە ، ....)٤، هەروەها بەکارهێنانی جێناوی کەسی لکاو و جێناوی کەسی سەربەخۆ، ڕۆڵی سەرەکی هەیە، لە پێشکەشکردنی دیالۆگەکەدا، وەک جێناوی کەسی (من)، بە جۆرێک (( لەم شێوازەدا کەسەکان دارشتنێکی تایبەتییان هەیە، بەوەی جێناوی کەسی –من- بەکاردەهێنرێت، بۆئەوەی دەربڕینی لەخۆی پێبکات، هەروەها لە گەیاندنی قسەی کەسەکاندا کاتی ئێستایی دەمی ڕانەبردوو بەکاردەهێنرێت))٥.

ئەمە بێجگەلەو تایبەتمەندیانە لە چەند لایەنێکەوە شێوەی نووسینی دیالۆگی ڕاستەوخۆ دەنووسرێت و دیاریدەکرێت، ئەویش زۆرجار بە شێوەی ناوهێنانی کەسەکان یان بە شێوەی بانگکردنی کەسی بەرامبەر، یان دانانی پیت وەک (ناوی ئاخێوەر و وەرگر یان پرسیار و وەڵام) یان دانانی ژمارە یان نیشانەی هێڵ(-)، کە ئاماژەیە بۆ ئاڵوگۆرکردنی قسە و دیالۆگکردن لە نێوان دوو کەسدا، ئاماژەی بۆ دەکرێت.

---

١عطا رشید حسین، ٢٠١٢، ل١١٩.
٢فاتح عبدالسلام، الحوار القصصی- تقنیاته و علاقاته السردیة، المؤسسة العربیةللدراسات والنشر، بیروت، ط١، ١٩٩٩،ص٤٣.
٣جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣، ل٢٥-٢٦
٤ محمد مفتاح ،دینامیة النص ، المرکز الثقافی العربی ، ط٢، بیروت، الدارالبیضاء، ١٩٩٠،ص١٦٣
٥عیسی قویدر العبادی، أنماط الحوار في شعر محمود درویش،دراسات، العلوم الانسانیة و الاجتماعیة، مج. ٤١، ع. ١، ٢٠١٤، ص٢٣.

ئەگەرچی دیالۆگی ڕاستەوخۆ وەها دیاریکراوە، کە بڵاوترین جۆری گفتوگۆ بێت لە ژانری ڕۆماندا، کە دەکرێت بە (گفتوگۆی نۆبەت)یش ناوزەدبکرێت١، لە هەمانکاتدا، بەهۆی ئەو ڕۆڵە ئاشکرایەی کە دەیبینێت، بە دیالۆگی پوختیش ناودەبرێت، چونکە ئەم جۆرە لە دیالۆگ، وتەکان لە کەسی یەکەمەوە ئاڕاستەی ئەوی دیکە دەکرێت، بەجۆرێک ئەوی دیکەش، بە زمانێکی ساناو ئاسایی خۆی وەڵامدەداتەوە.٢ واتا وەرگر بەپێی پێویستیی پەیامە ئاڕاستەکراوەکەو بە پشتبەستن بە زانیارییە خودییەکانی، وەڵامی دەبێت. هەچەندە لە شیعردا ((زۆرجار دیالۆگی ڕاستەوخۆ شێوەی خۆدواندن وەردەگرێت، کاتێک لەلایەن وەرگرەوە بێوەڵام دەبێت، کە لەدوایدا لەگەڵ مۆنۆلۆگدا دەناسرێت))٣، دەرئەنجامی ئەوەی هەندێجار دیالۆگ دەلالەت لە تێڕامانی خودی کەسەکان دەکات.

هەر ئەمەش بەرەو ئەو ڕاستییەمان دەبات، کە ڕاڤەکردنی دیالۆگی ڕاستەوخۆ پتر لایەنە وەسفییەکانی کەس و پرۆسەی بەرهەمهێنانی قسە دەگرێتەوە، بەوەش کردەی دیالۆگ، بەجێهێنانی یەکێک، یان زیاتری ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمان دەبێت، بەجۆرێک کەس وەک قسەکەرو هەم وەک گوێگر بە شێوەی پرسیارو وەڵام، یان دەمەتەقێ دەست بە (باسکردن، وەسفکردن، ڕوونکردنەوە، پرسیارکردن، هاندان، یان وروژاندن و تاوتوێکردنی بابەت)ێک دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت، هەندێکجار دیالۆگ لەپێناوی گفتوگۆی بابەتێکی ئاسایی پەیوەست بە دەربڕین و خستنەڕووی بۆچوونی کەسیی، یاخود بۆ چارەسەرکردنی گرفتێکی دیاریکراو، دێتەئاراوە، بەتایبەت لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، دیالۆگ دەرفەتی لێکتێگەیشتن و نزیکخستنەوەی ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان دەڕەخسێنێت.

لەڕووە ئەدەبیەکەشەوە (یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی دیالۆگی ڕاستەوخۆ ئاشکراکردنی ناوەڕۆک و جۆری دەقە ئەدەبییەکە و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و ئاستی فیکری و زانستی کارەکتەرەکان دەردەخات)٤.

---

١جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣: ل ٣٤
٢صالح احمد محمد السهیمی، الحوار في الشعر الهذلیین، جامعة ام القری، ٢٠٠٩، ص ١٧٦
٣محمد سعید حسین مرعی، ٢٠٠٧، ص٦٢
٤عطا رشید حسین، ٢٠١٢، ل١٢٠

بەپێی ئەو توێژینەوانەی پێشتر لەبارەی دیالۆگەوە لە ژانرو بابەتە جیاوازەکانی ئەدەبدا ئەنجامدراون و کاریان لەسەرکردووە، دەکرێت دیالۆگی ڕاستەوخۆ بۆ ئەم جۆرو چەشنانەی خوارەوە دیاری بکەین:

بەپێی ڕۆڵ و تایبەتمەندی کەسەکان لە شیعردا دیاریکردنی دیالۆگی راستەوخۆ بۆ دوو جۆر دابەشدەبێت:

((أ- دیالۆگی شاعیر لەگەڵ کەسێتی کارا (ئەرێنی)

ب- دیالۆگی شاعیر لەگەڵ کەسێتی ناکارا (نەرێنی)))١

لە جۆری یەکەمدا کەسەکان ڕۆڵی کاریگەریان دەبێت لە گۆڕینەوەی قسەو ئەنجامدانی دیالۆگکردندا و بە ئاماژەکردن بە نیشانەی ( وتم ، وتی، پرسیاریکرد، وەڵاممدایەوە). بەڵام لە جۆری دووەمدا کەسی بەرامبەر هەرچەندە بوونی هەیە، بەڵام کاریگەری و ڕۆڵی نییە لە وەڵامدانەوەو بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکانەوە، تەنها وەک گوێگرێک و بە بێدەنگ بەدیاردەکەوێت، بەمشێوەیە وەک جۆرێک نزیک دەبێتەوە لە خۆدواندن و مۆنۆلۆگ، بەڵام جیاواز لەوان کەسی گوێگر و بەرامبەر ئامادەیە.٢ لەگەڵ ئەوەدا لایەنە بەشداربووەکانی دیالۆگی ڕاستەوخۆ لە شیعردا هۆکارن بۆ چەندێتی و ڕەنگاوڕەنگی دیالۆگکردن، ئەمەش لە کاتێکدا کە دیالۆگ ئاراستەی بەرامبەر دەکرێت، بەم هۆیەشەوە بە پێی لایەنە بەشداربووەکانی دیالۆگ دیاریدەکرێت، کە ئەمانەن:

(١- دیالۆگ لەگەڵ ئەوی تر/ هاوەڵ.

٢- دیالۆگ لەگەڵ ئەوی تر/ خۆشەویست.

٣- دیالۆگ لەگەڵ سروشت.)٣

---

١هاژه عباس علي، بنية السرد في شعر شعراء الغزل الحسي الاموي، اط. دكتوراه، ك. اللغات، جامعة السليمانية، ٢٠١٠، ص٨٩

٢ المصدر نفسه، ص٨٩-٩٤

٣محمد سعيد حسين مرعى، الحوار في الشعر العربي القديم (شعر امرئ القيس أنموذجا)، م. جامعة تكريت للعلوم الإنسانية، مج. ١٤، ع. ٣ ، نيسان ٢٠٠٧، ص٦٢-٧٥

بێجگەلەوە دیالۆگی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی شێوازی داڕشتن و مەبەست و ناوەڕۆکی بابەتەکە چەند چەشن و جۆرێکی تر لەخۆ دەگرێت:

((١-دیالۆگ بە شێوەی بانگکردن .

٢-دیالۆگ لە ڕێگەی فەرمانکردن و نەکردن.

٣-دیالۆگ لە ڕێگەی پرس))١

لە بواری ڕۆماندا بە شێوەیەکی گشتی چۆنێتی دەربڕینی دیالۆگی ڕاستەوخۆ بۆ دوو شێوەی سەرەکی (شێوەی ئاشکرا و شێوەی شاراوە)٢ دەستنیشانکراوە، دیالۆگ لە شێوەی ئاشکرادا، بە هۆی ((کارەکانی ( وتم، وتی، فەرمووی، چرپاندی،.... هند) بەکاردێت، نووسەر زیاتر بەمەبەستی هەمەڕەنگی و لەناوبردنی بێزاریی پەنا بۆ بەکاهێنانی ئەم شێوەیە دەبات))٣، بەڵام لە شێوەی شاراوەدا جۆرێک لە لێڵی و ناڕوونییەک لە دەرکەوتنی کەسەکاندا بەدی دەکرێت، بەهۆی ئەوەی لە لایەن نووسەرەوە هیچ ئاماژە و تایبەتمەندیەک بۆ جیاکردنەوەی کەسەکان دانانرێت، کە لە شیعریشدا ئەم شێوە ناڕوونییە لە ڕێگەی بە کارهێنانی زمانی شیعر و ڕەمزەوە ئەنجام دەدرێت.

**ب-چەشنەکانی دیالۆگی ڕاستەوخۆ:**

بەشێوەیەکی گشتی، هەرچەندە سێ چەشن لە دیالۆگی ڕاستەوخۆ جیاکراونەتەوە٤، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانە ئێمە لە لێکۆڵینەوەکەماندا، دەتوانیین بە چوار چەشن دیارییان بکەین، کە لە خوارەوە خراونەتەڕوو:

**١- دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕووت:**

---

١عبدالله أحمد عبدالله الوتوات، أساليب الحوار في شعر ابن الوردي، م. العلمية لكلية التربية، جامعة المصراتة، ليبيا، مج. الثاني، ع. الثامن، يونيو ٢٠١٧، ص ٥٨-٦١

٢جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣، ل ٣٧

٣سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

٤بڕوانە : (فاتح عبدالسلام، ١٩٩٩، ص٥٦-٧٨ ، هيرش محمد أمين، ٢٠٠٧،ص١٤٤-١٧٢ ، جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣، ل ٥٨- ١٠٦).

لەم چەشنە دیالۆگەدا، کەس بەجۆرێک قسەکانی بەرهەمدەهێنێت، کە سادەو ساکارانە پرسیاردەکات و وەڵامی سادەش وەردەگرێت.

فەرهەنگی وشەکان لەم چەشنە دیالۆگەدا، فەرهەنگی باڵا نییە، بەڵکو فۆرمێکی ئاسایی و هەندێکات زمانی ڕۆژانەیە، گوزارشت لە دونیای ناخ و شتەکان دەکات، ئەمەش وەهادەکات، وەرگر بەئاسانی پەیامەکانی نێرەر بناسێتەوەو لەسەر بنەمای ناسینەکە وەڵامبداتەوە، (( چونکە بەزۆری وەڵامێکی پێشبینیکراون بۆ پرسیارگەلێکی ئاسایی کە هیچ دیدێکی تایبەتی چ هزری یان کۆمەڵایەتی یان سیاسی قوڵ نییە، بەڵکو تەنها بۆ ساردیی و بێزاری گێڕانەوە و هەروەها ئاماژەکردن بە هەندێ هەڵوێست و ڕووداوی لاوەکی بەکاردێت.))١، ئەم چەشنە دیالۆگە پتر لەنێو مەودای ڕۆمان و دراماو شانۆکاندا دەبینرێتەوە، بەڵام لەنێو ڕووبەری شیعریدا لەبەر ئەو زمانە میتافۆرییەی خاوەندارێتیی شیعر دەکات، کەمتر دەقە شیعرییەکان بەم هێمایانە گوزارشت دەکرێت. بۆنموونە لە دەقی کورتە چیرۆکی (مام هۆمەری چەرچی)ی ( فایەق زێوەر)دا، لە دیالۆگی کەسی (بەقاڵ) نێرەرە و پرسیار دەکات، کەسی (هۆمەر) وەرگرە و وەڵام دەداتەوە، وەسفی شتەکان لە دیمەنەکاندا بەدی دەکرێت :

((بەقاڵ (ب): ئەرێ هۆمەر تەشریفت لە کوێ بوو؟ بۆ دیارنیت؟

هۆمەر (ە): چیت عەرز بکەم، چەند وەقتێکە بۆ کاسبی چوومە ناو وڵاتی خۆم بۆ کڕینی بەعزێ ئەشیایی نایاب.

ب : عەجەبەن ئەو شتە نایابانە چین؟ بزانم لەسەر مۆدەن؟

ە : ئەوانەی کە باون چین و ناویان چییە؟

ب: ئەمڕۆ لەم وڵاتەدا دەسەسڕی گوڵ گوڵی، عەینەکی دومانلی، باستۆنی ڕەوغەنلی، لاپچین و قۆندەرەی فەڕەنسە و ئەنواعی شتی تر باون.

---

١ جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣: ل ٥٨- ٥٩

ە: بە خوا من لە منداڵیما ئەمانەم نەبیستووە، عادەتی ئێمە نەبووە، ئەوانەی بڵێیت کوردەوارییە هانیومە.))١

لێرەدا دوو کەسایەتی بەقاڵ و هۆمەر، وەک کەسی ناو چیرۆکەکە لە ڕێگەی دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفییەوە، بە شێوەی پرسیار و وەڵام و ڕوونکردنەوەی باسی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان و ئاڵوگۆری زانیاری و ڕووداوی چیرۆکە بە شێوەی وەسف دەگێڕدرێتەوە. نووسەر لە دەرخستنی کەسەکاندا و پیشاندانی دیالۆگەکەیاندا، سەرەتا بە ناوهێنانیان و دواتر بە شێوەی کورتکراوەی پیتی داناوە بۆ جیاکردنەوەی دیالۆگەکەیان.

لە بواری شیعریدا لە هەندێک شیعری منداڵان و شیعری فێرکاری و پرسیارو وەڵام، یان دەمەتەقێی ئاسایی، یاخود شیعری گێڕانەوەو سرودی نیشتیمانیدا، بۆ نموونە لە هەندێک لە شیعرەکانی(بێکەس ،گۆران، قانع،هەژار،....هتد)دا، ئەم چەشنە لە دیالۆگ بەدیدەکرێت.

## ٢- دیالۆگی ڕاستەخۆی وەسفی:

پەسنکردنی دونیای شتەکان هێندە لە ژیانی مرۆڤدا ڕەنگیداوەتەوە، کە لە مەودای فەلەسەفەو ئەدەب و زمان و زانستە پەتییەکانیشدا بووەتە ڕێبازێکی دیاریکراوو توێژەران بۆ گەیشتن بە ئەنجامی کێشە زانستییەکان، پشتیپێدەبەستن. بەجۆرێک وەک شێوازێک لە ئەدەبدا دیالۆگی راستەوخۆی وەسفی ئەو هونەرەیە کە پشت بە((لێهاتوویی و توانستی بینینی چاو لە وێناکردندا دەبەستێت، هەربۆیە دەکرێت وەسف بە وێناکردنێکی بیینین دابنرێت، ...،کە لە ڕێگەی زمانەوە وێنادەکرێت، نەک وێنەیەکی بێکۆتا بێت، وەک ئاماژەیەک لەسەر ئەوەی وێنەی بیینراو تێدەپەڕێنێت.))٢ هاتنەدی ئەم وێنەیەش پەیوەستە بە توانای خەیاڵکردن و

---

١ دیوانی بەختیار زێوەر، کۆکردنەوە و پێشەکی و پەراوێز نووسین: محمود زێوەر،چ. سێیەم ، د.چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٧٧

٢هيرش محمد أمين، السرد في المقامات النظرية (لأبي بكر بن محسن باعبود الحضرمي،من علماء القرن الثاني عشر الهجرة)، أط. الدكتوراه، ك. اللغات، جامعة كويه، ٢٠٠٧،ص١٦٨

وەسفی مرۆڤەکانەوە تا ئەو ئاستەی بتوانێت جیهانێکی خەیاڵی بۆ شتە وەسفکراوەکە فەراهەم بێنێت.١

واتا جیاکردنەوەی ئەم چەشنەش لە دیالۆگی ڕاستەوخۆ لەو گرنگییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە کەس وەک نێرەر لە دیدێکی جیاوازەوە لە شت و کەرەستەکان و خودی خۆی دەڕوانێت و دەیخاتە نێو مەودای وەسفەکانییەوە، بۆ ئەمەش، پێویستی بە فەرهەنگێکی فراوان و زەنگینە، تا بەهۆیەوە وەسفی کەرەستەو شتومەک و کاڵاکانی جیهان و دەوروبەر بکات.

لەلایەکی ترەوە، وەسفکردنی دونیا لەلایەن نووسەرەوە لە ڕێی کەسەوە، وێنەیەکی زەینی بە وەرگر دەدات، کە توانای فرە لێکدانەوەیی و شیکردنەوەو وێناکردنی جیاواز بە وەرگر دەبەخشێت، بۆ نموونە ئەو (شاخ)ەی لەلایەن شاعیرێکەوە لە دووتوێی دیالۆگێکدا پەسندەکرێت، وێنەی هەزاران (شاخ) لە خەیاڵ و بیرو مێشکی خوێنەردا دروستدەکات، بەتایبەت وەسفێک، کە لەسەر بنەمای خوازەیی (میتافۆریی)* ، نەک واتای لۆجیکی وشەکان٢ بەرهەمهێنرابێت. لەم جۆرە دیالۆگەدا دەکرێت بە دوو شێوە وەسف دیاری بکرێت، ئەوانیش:

((١-وەسفی دەربڕین: پشت بە شێوازەکانی دەربڕین دەبەستێت و پەیوەستە بە هەندێ وتراوی وەسفی دیاریکراوەوە، کە هەندێ جار لە وێنەی لێچواندن یان خوازەیی دەردەکەوێت.

٢-وەسفی جووڵەیی: بریتییە لە وەسفی ڕووداوێک کە ڕەگەزەکانی جووڵە و حیکایەت لەخۆ دەگرێت.))٣ واتا لە دەقدا توخمەکانی گێڕانەوە (ڕووداو و کەس و

---

١جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣: ل ٦٦

* بۆ زانیاریی دەربارەی میتافۆر بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

أ-بەکر عومەر عەلی، میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نا. دکتۆرا، ک. زمان، ز. سلێمانی، ٢٠٠٠.

ب- تریفە عومەر ئەحمەد، پراگماتیکی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکانی، نا. دکتۆرا، ک. زمان، ز. سلێمانی، ٢٠١٣.

٢بڕوانە:محەمەدی مەحویی، زانستی هێما- هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانیی، ٢٠٠٩، ل٥٧-١٨٤

٣جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣، ل٦٧

کات و شوێن) لە ڕێگەی دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفییەوە، یان بە شێوەی هونەری دەربڕینەوە پیشان دەدرێت، یان بە شێوەی دیمەنی درامی، کە وەسفەکە کردە و جوولەی تێدایە، گواستنەوە و پیشاندانی دیمەنەکان خێرا دەبێت، بەمەش ( لە بەردەوامی کاتی گێڕانەوەدا بەشدار دەبێت، چونکە ئەگەر وەسف لە شێوەی یەکەمدا وەستاو بێت، ئەوا لە شێوەی دووەمدا جوڵانەوە پیشاندەدا)١. بۆ نموونە لە دەقی (نەورۆزانە)ی (حوسێن شێربەگی)دا، گێڕانەوەی ڕووداو و پیشاندانی دیمەنەکانی خۆئامادەکردن و دەربڕینی خۆشی بە بۆنەی ڕۆژی نەورۆز و ئازادکردنی کەوەکان، لە ڕێگەی دیالۆگی ڕاستەخۆی کەسەکان بە شێوەی (وتم ، وتی، پرسی)، لە لایەن گێڕەرەوە و کەسە بەشداربووەکان (سەی باوکە، ئازاد، باپیرە)، کە دەڵێت :

((کوتم: باوکە، باپیرە پێمی کوت پێت بڵێم، باپیرە دەیکوت لە بیری نایە من کەوەکانی خۆم بەرەڵلا کرد، بە باوکەش بڵێ ئەو کەوانە ئازاد کات...

باوکە پرسی: بۆچی باپیرە هاتۆتەوە؟

کوتم: ئا، لە (پێنج ڕۆژە)وە تا ئەمڕۆ چوارجار هاتۆتەوە، هەر چاوی بە کەوەکانی نێو قەفەسەکان دەکەوێ، توورە دەبێ و دەڵێ بە باوکە بڵێ ئازادیان کات، دواییش لێ دەدا و دەڕوا...

باوکە فرمێسکەکانی هاتنە خوارێ، کوتی: ئازاد، دەتوانی هەر ئێستا بگەیە ماڵێ و ئازادیان کەی؟))٢

لەم دیالۆگەدا بەهۆی وەسفی دەربڕین و جوڵاوی کردارەکانەوە دیمەنەکان پیشاندەدرێت، ماوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە ماوەی (پێج رۆژ)دا کورتکراوەتەوە و خێرا دەبێت و بەرەو ئەنجامی دەبات.

---

١نەجم خالید نەجمەددین ئەلوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (ژانی گەل، شار، ڕاز) (لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری، پراکتیکی، ڕەخنەیی)، د. چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٣٠٨

٢حوسێن شێربەگی، نەورۆزانە، گ. ڕامان، خولی سێیەم، ساڵی پازدە، ژ.١٥٧، ٢٠١٠، ل٢٦

### ٣- دیالۆگی ڕاستەوخۆی شیکاریی*

یەکێک لە گرفتەکانی جیاکردنەوەی ئەم چەشنە لە دیالۆگی ڕاستەوخۆ، پێکداچوونێتی لەگەڵ چەشنی دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفیدا، بەڵام جەلال ئەنوەر بەو جۆرە جیایکردووەتەوە، کە بەکارهێنانە زمانییەکەی قوڵترو چڕترە، هەروەک بەکارهێنانی ((بیرهاتنەوە، مەزراندنی پەند و قسەی نەستەق و هەڵهێنجان وپێشبینیکردن، شیکردنەوەی دەروونیی کاراکتەرەکان و بەراوردکردن و درێژەدان بە ڕاڤەکردن))١، ئەم چەشنە لە دیالۆگ لە شیعرە عیرفانی و سۆفیگەرییەکاندا، کە وێناکردنی ئەودیو فیزیکە، ڕەنگدەداتەوە، وەرگر بۆ ناسینەوەی پەیامێک، کە بە دیالۆگی ڕاستەوخۆی شیکاریی بگەیەنرێت، پێویستە هەڵگری کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیایی، یاخود دونیایی بێت، یان شارەزایی لەو بابەتە هەبێت، کە گفتوگۆی دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا دیالۆگی شیکاریی بە جۆرە وەسفێک دادەنرێت، کە لە بەکارهێنانە ئاساییەکانی دەردەچێت، تا ببێتە بەشێک لە شیکاریی بارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان و وێناکردنی حاڵەتە تایبەتەکاندا، هەروەها بۆئەوەی ببێتە فاکتەرێکی یاریدەدەری بنیاتی دەق لە گێڕانەوەی قووڵی ڕووداو و وێناکردنی کەس و پیشاندانی جیهانە شاراوەکان بە وەسفێکی دارێژراو٢. ئەمەش ئەگەرچی لە سەرچاوەی ناوبراودا بە یەک چەشن لەگەڵ چەشنی وەسفی جیاکراوەتەوە، بەڵام لەبەر بوونی جیاوازی زمانی شیعرو زمانی ڕۆمان و دراوماو چیرۆک، پەیوەست بە شیعرەوە ئەم چەشنەمان وەک چەشنێکی سەربەخۆ ناساند، لە بەشی سێیەمدا پتر لە هۆکاری جیاکردنەوەکەی دەدوێین. دەکرێت لێرەدا سەرپێیانە ئەو چەشنە شیعرانە بە جۆری دیالۆگی راستەوخۆی شیکاریی دیاریبکەین، کە هەڵگری زانیاری مێژوویی، ئایینی، کۆمەڵایەتی و کەلتورین.

---

*فاتح عبدالسلام ، لە کتێبی (الحوار القصصی ) ، جەلال ئەنوەر، لە کتێبی (گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجیی خوارووا)، هەردوو چەشنی وەسفی و شیکارییان بە یەک چەشن دەستنیشانکردووە، ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، لەبەر جیاوازیی زمانی بەرهەمهێنانی دەقەکە، بە دوو چەشنی تایبەتی جیامانکردوونەتەوە.

١ جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣،ل ٧٩

٢هیرش محمد أمین، ٢٠٠٧، ص١٧٠

بۆ نموونە لە دەقی (پاشایان کوشت) ی (خوسرەو جاف)دا١، دیالۆگی شیکاریی بۆ چەند مەبەستێک بە کارهاتووە، بەشێوەی پرسیارو وەڵام و ڕوونکردنەوە و گێڕانەوەی ڕووداوێکی مێژووی، لە سەردەمی (مەحموود پاشای بابان) و (والی بەغدا) ، دەرخستنی تایبەتمەندی کەس، پیشاندانی دیمەن بەهۆی زمانی گێڕانەوەیی لە پێناو ڕەوینەوەی ئاڵۆزیەکان لە دەقەکەدا بەکارهاتووە:

((مەحموود مەسرەف هاتە نێو قسەکانیانەوە و، وتی:

- هەڵبکوتینە سەری... هەڵدەکوتین، با ئێمەش بە زمانی ئەوان ماوەیەک بدوێین و گفتوگۆ بکەین، ڕەنگە زیانی تیا نەکەین.

- ڕۆشنی کەرەوە!

- دەڵێم بۆ ئەوەی زەرەرو زیان و کوشتار نەدەین، با بە زاهیر سەر بۆ فەرمانەکەی داود پاشا داهێنینەوە، سبەی لە خزمەتی پاشادا بەرەو بارەگای گوێزلگ بڕۆین و فەرمانەدەی ئەم شەڕەی لێ قبوولْ بکەین. تا هێمن و هێدی دەبێتەوە، ئەو حەلە شەوەیخوونیان ببەینەسەر.))٢

**٤- دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕەمزی***

---

١جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣،ل٨٠

٢خوسرەو جاف، پاشایان کوشت (ڕۆمان)، چ. دووەم، چا. ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل٦١

* گەر بگەڕێینەوە بۆ زانستی زمانی هێما، یان هێمالۆجی، ئەوا ڕەمز بۆ چەند جۆرێک پۆلکراوە، هەروەک:

یەکەم/ ڕەمزی لەخۆوە: هەموو ئەو هێمایانەی زمان دەگرێتەوە، کە دەستووربەدەرن و هیچ پەیوەندییەک لەنێوان فۆرم و واتاکەیاندا نییە، بەڵکو بە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی، بەرهەمهاتووە، هەروەک کۆی وشە فەرهەنگییەکانی زمان.

دووەم/ ڕەمزی سروشتیی: پەیوەندییەکی سروشتیی، ڕەمز بە شتەکەوە دەبەستێتەوە، بۆ نموونە بڕوانە پەیوەندیی هەور بە بارانبارینەوە، یان پەیوەندیی نێوان شەرم و سووربوونەوە.

سێیەم/ ڕەمزی وێنەیی: ئەو ڕەمزانەن کە تیایدا فۆرم و واتا لەیەکدەچن، بنەمای ئەم لێکچواندنە یان واقعییە یان پەیپێبراوە، یان ئێمە وا بیری لێدەکەینەوە کە لەیەکدەچن. بڕوانە: محەمەدی مەحویی، زانستی هێما- هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانیی، ٢٠٠٩، ل ٣٩-٤٠

مەبەستمان لەم جۆرە دیالۆگە، بەکارهێنانی ڕەمزەکانە لە داڕشتنی دەقە شیعرییەکاندا، چونکە لە کاتێکدا (( جیهانی شیعر ، بریتییە لە خەون و واقیع، کە لە دەقدا واقیع دەچێتە خەونەوە، دەبێت بە کۆمەڵێک سیمبول و ئاماژە))١، بەچەشنێک هەر ڕەمزێک خاوەنی کۆمەڵێک زانیاریی دیاریکراوە و وەرگر بە کۆی دەوروبەری دەقەکەو دەرەوەی دەقەکە، دەتوانێت واتای ڕەمزەکە بناسێتەوە. بۆ نموونە شاعیرێکی وەک (شێرکۆ بێکەس) یەکێکە لەو شاعیرانەی زۆرترین ڕەمزی شیعریی بەرهەمهێناوە، وەک ((لە شیعری (لە دارستانێکا) ڕەنگی داوەتەوە))٢، کە خوێندنەوەو، یان لێکدانەوەی، لە ئاستی تێگەیشتنی هەموو جۆرە خوێنەرێکدا نییە، هەڵبەت ئەم سەختی ناسینەوەی ڕەمزانە تاکە کۆتوبەندی ناسینەوەی دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕەمزی نییە، بەڵکو هەندێ شاعیر سانایانە ڕەمزەکان بەکاردەهێنن، هەروەک شاعیرێکی وەک قانع کاتێک (بەردو چیاو شاخ و ...هتد)، دەکاتە کەرەستەو جەمسەری دیالۆگ، وەک لە شیعری ( سەر گروشتەیەکی مێژوویی)، ئەوا خوێنەر دەتوانێت سانایانە ڕەمزەکە بناسێتەوە. بڕوانە بەشی سێیەم لە بەرجەستەکردنی ئەم چەشنە نموونانە لەشیعردا.

بۆنموونە لە دەقی تابلۆی شانۆیی (گەرووی پۆستاڵ)ی ( ئەحمەد سالار)دا دەردەکەوێت:

((یەکەم: ئەوە بۆچی ئەگەڕێیت؟

دووهەم: بۆ خۆم.

یەکەم : چی ڕوویداوە؟

دووهەم: ئەمشەو باوکم لە خەوما پێی وتم بگەڕێ بم دۆزەرەوە. منیش بەیانی زوو چووم گۆرەکەیم هەڵدایەوە، تاکێ پۆستاڵی تێدابوو.. بە دوای ئەوا گەڕام، کەچی خۆشم ون کرد... نەمزانی .. تومەس پۆستاڵ بنی پێوە نەبوو.

یەکەم : ئەوە تۆ باسی ئەکەیت لە لاپەڕەی دوایی فەرهنگێکی کۆنی دڕاودا نووسراوە.

---

١عەلی تاهیر، چەند توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی، چا. حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤،ل٧٥

٢پەخشان سابیر، ڕەمز لە نێو سروشتدا (باڵندە)، گ. ڕامان، ژ. ١٥٨ خولی سێیەم،ساڵی پازدە ، ٢٠١٠، ل٥٧

دووەم : چی بوو؟

یەکەم : کاتێک هەموو شتێ شیرازەی تێکچوو ..ڕەنگی سپی لە جەرگی ڕەشدا جیا نەکرایەوە..کاتێک کە پەلکەزێڕینەی ڕازاوەی جوانی بەهاریساڵ ئەژدەهای مۆنی دڕندەی بڵند کردەوە بۆ سەر ئاسمانی ئێمە .. ئیتر ئەو دەمە هەموو شتێ ئاوەژوو بوو ..سەر کەوتە جێگە پێ.))١

لەم تابلۆ شانۆییەدا گێڕانەوە و دیالۆگکردن لە ڕێگەی بە هێماکردنی زمانە، بە بەکارهێنانی ڕەمزی ( پۆستاڵ ، ڕەنگی سپی، ڕەنگی ڕەش، ئەژدەها)خراوەتەڕوو.

**دووەم/ دیالۆگی ناڕاستەخۆ:**

ئەم جۆرە دیالۆگە، پەیوەستە بە تەکنیکی بەکارهێنانی زمانەوە، بەجۆرێک کەسی دووەم (تۆ) ئامادەیی نییەو کەسی یەکەم (من) دەبێتە گێڕەرەوەی ڕووداوەکە و سازکردنی دیالۆگەکە لەنێوان خود (کەسی یەکەم-من) و ئەوی نائامادە (کەسی سێیەم-ئەو)دا، بۆیە پێویستە جێناوی کەسی سێیەمی تاک و کۆ بەکاربهێنرێت، هەروەک (وتی، وتیان، پرسی، پرسییان)، یاخود هەندێکجار ڕاستەوخۆ ناوی کەسە نائامادەکە دەهێنرێت.

لە دیالۆگی ناڕاستەوخۆدا، ئەگەر لە دراما، یاخود ڕۆمانێکدا بێت، ئەوا (( حیکایەتخوان ڕووداوی ڕابردوومان لە ئێستای گێڕانەوەدا بۆ دەگێڕێتەوە، کە دەبێتە هۆی ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی کارەکتەرەکان لە ئاستی ڕووداوەکانداو چۆنێتی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان))٢، بەڵام کاتێک شاعیر دیالۆگێکی ناڕاستەوخۆ لە دەقێکی شیعریدا ئاڕاستەی خوێنەر دەکات، ئەوا مەرج نییە پەیوست بێت بە ڕووداو، یان باسکردنی کارەساتێکەوە، ڕەنگە ئەوی نائامادە لەنێو دەقە شیعرییەکەدا بابەتێکی سروشت بێت، چونکە دونیای شیعر دونیاییەکی ئەندێشەییەو مرۆڤ ئەو شتانە دەدوێنێت و گۆیدەکات، کە لە بوونی مرۆڤبەدەرن.

---

١ ئەحمەد سالار، گەرووی پۆستاڵ، ڕوانگە(هەرسێ ژمارەکەی گۆڤاری ڕوانگە)،چ. ١، د.چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان- سلێمانی،٢٠١١، ل١٠٠

٢ ڕێزان عوسمان مستەفا، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا ساڵی ١٩٨٥_١٩٩٠، چ. یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٩٨

له دیالۆگی ناڕاستەوخۆدا، کات کورتدەکرێتەوەو ڕووداوەکان خێراتر بە وەرگر دەدرێت، بۆیە گێڕەرەوە چ وەک شاعیر، یان کارەکتەری دراماو ڕۆمان و شانۆگەرییەکان کورتبڕی لە کەرەستە زمانییەکانی گێڕانەوەکەدا دەکەن،١ لەمەشەوە دوو شێوازی دیالۆگی ناڕاستەخۆ ئاماژەیان بۆ کراوە، کە بریتین لە:٢

١- کەس ڕۆڵی گێڕەرەوەیەکی هەمووشتزان دەبینێت، کە لەڕێی بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەمەوە هەموو دیالۆگەکە پێشکەشدەکات.

٢- کەس خۆی بەشێکە لە دیالۆگەکە، بەڵام دەبێتە گێڕەرەوەی هەمان شتزانە، کە خۆی جەمسەرێکی دیالۆگەکەیە و هەم خۆشی دەبێتە گێڕەرەوەی دیالۆگەکە.

هەردوو شێوازەکە جگە لە ژانری پەخشان لە مەودای شیعری کوردیشدا بەدیدەکرێت.

جگەلەوەی گواستنەوەی زانیارییەکان و گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا لە کەسی یەکەمەوە (نێرەر) ئاراستەی کەسی دووەم(وەرگر) دەکرێت لە ڕێگەی تەکنیکی زمانەوە، دیالۆگی ناراستەوخۆ لە ڕێگەی تەکنیکی نامە و کاسێتیشەوە ئەنجام دەدرێت، ((لەگەڵ ئەوەی کە ناوەڕۆکی نامە و کاسێت ڕاستەوخۆ لە نێرەرەوە ئاڕاستەی وەرگر دەکرێت، بەڵام لە بنەڕەتدا کەسێکی دیکە ڕۆڵی پەیامبەر یان پۆستەچی دەبینێت و ناوەڕۆکی نامە و کاسێتەکە دەگوازێتەوە.))٣

تەکنیکی نامە مێژوویەکی دێرینی هەیە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا و لە بواری پەیوەندکردن و ئاڵوگۆرکردنی زانیاریی و دانووسان و لێکتێگەیشتنەکاندا و بەستنەوەی کۆمەڵگا و کەسەکان بەیەکتریەوە، کە وەک شێوازی دیالۆگکردنی ناراستەوخۆیە، لە ئەدەبیاتی میللەتان و ئەدەبی کوردیشدا هونەری نامە گۆرینەوە، کە بە ((ئەدەبی پشت پەردە))٤ ناودەبرێت، لە نێوان ئەدیبان و شاعیراندا

---

١بڕوانە: جان ريكاردوت، قضايا الرواية الحديثة، صباح الجهيم، وزارة الثقافة والارشاد القومي، ديمشق، ١٩٧٧، ص ٥٣

٢عطا رشيد حسين،٢٠١٢، ل١٢٥-١٢٦.

٣جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣، ل١٠٩

٤ئیسماعیل بەرزنجی، نامەکانی مەم، چ. یەکەم، چا. وەزارەتی پەروەردە، بلا.ئاراس،ژ.١١٦ ، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٧

بەشێوەیەکی بەرچاو گرنگی پێدراوە و ، تەنانەت وەک جۆرێکی پەخشانی ئەدەبی دیاریکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا شاعیران ئەم هونەرەیان فەرامۆش نەکردووە بە دەقی شیعریی نامەیان بۆ یەکتر نووسیوە و دیالۆگی شیعرییان ئەنجام داوە. کەواتە وەک ((ژانرێکی تری لیریکی –نامەی شیعرییە کە ئاراستەی کەسێ یان چەند کەسێک دەکرێ. لە ئەدەبی لاتینی کۆندا پەیدابووە، هەروەها شاعیرانی کلاسیک لەم ژانرەیان نووسیوە .. بە شیعرو لە شێوەی نامەدا ئەم ژانرە پەرەی سەندووە، سا یا لە نێوان شاعیران خۆیاندا، یان شاعیر خۆی نامەی بە شیعر بۆ کەس و هاوڕێی نزیکی خۆی نووسیوە.))١ بە نموونەی نامەی شیعریی (نالی و سالم)، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستەکەی ئێمەیە بەکارهێنانی تەکنیکی نامەیە لە گێڕانەوەی ڕووداو و گواستنەوەی زانیارییەکانە لە نێوان کەسەکانی ناو دەقێکی ئەدەبیدا، چ شیعر و چ پەخشان. نموونەی دیالۆگی ناراستەخۆ لە دەقی (١٩٨٥)ی (کاروان عومەر کاکەسوور)دا، کە یەکێکە لە چیرۆکەکانی کۆمەڵەی (منارەی ئاوەدانی)، کەس وەک گێڕەرەوەیەکی هەمان شتزان و خۆیشی بەشدارە لە گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتی ژیانی ڕاستەقینەن:

((وتت: –من ئەو قوفڵەم شکاند... وا هاتوومەتە ئێرە و تازە مەحاڵە بگەڕێمەوە.

ئەو بە شێوەیەکی جیاواز لە هی پێشووی سەرنجی لە سیمات دا و وتی:

–دەبینم قسەکانت لە قەدەر تەمەنت نین.

ئەمەت بە دڵ بوو ... بە دەنگ پێکەنیت... ئەو کەمێ بیری کردەوە و پرسی:

–ئەو کاتەیماڵت جێ هێشت، شەو بوو یان ڕۆژ...؟!

بەو پرسیارەی رایتەکاندی ... هەرگیز بەو شێوەیە بیرت لەوە نەکردبوەوە کە تۆ ئەوە یەکەم جار بوو لە ژیانتدا بە شەو دەرەوە ببینیت... بە شەرمەوە وتت:

–ڕۆژ بوو.))٢

---

١پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، تیوری ئەدەبی و شێوازناسی، ئا. و.:ئەنوەر قادر محمد، چ. دووەم، کتێبخانەی یادگار، ٢٠١٠، ل٦٤

٢کاروان عومەر کاکەسوور، ١٩٨٥،، گ. ڕامان، خولی سێیەم، ساڵی چواردە، ژ. ١٥٦،مایسی ٢٠١٠، ل٢٨

**سێیەم/ مۆنۆلۆگ :**

ئەگەرچی توێژەران لە مەودای ئەدەبدا مۆنۆلۆگ بە تەکنیکی گێڕانەوەوە پەیوەست دەکەنەوە، بە جۆرێک دەرکەوتنیشی بۆ سەرهەڵدانی ((مۆدێرنیزم لە ئەدەب و هونەر و بیر و فەلسەفەی نوێدا))١ دەگەڕێننەوە، بەڵام مێژوویەکی کۆنتری هەیە، ئەویش ئەوەیە لە داستانەکانی پێش لە دایکبوونی مەسیح (س.خ) بوونی هەیە.

مۆنۆلۆگ یان دیالۆگی ناوەوە ((وتەیەکی نەبیستراو و گۆنەکراوە، کە گوزارشت لە بیروڕا شاراوەکانی خودی کەسەکە دەکات، کە نزیکتر دەبێت لەوەی لە بێئاگاییەوە بێت، لەبەرئەوەی چەند بیرێکە بەدەرە لەڕووی ڕێکخستنی لۆجیکیەوە، لە پێشترە لەم قۆناغەی دەربڕینی تیادەکرێت))٢، هەربۆیە مۆنۆلۆگ لای پسپۆرانی ئەم بوارە، ئەو کاتە فەراهەمدەبێت، کە دیالۆگ نەتوانێت هەستە ناوەکییەکانی کەس دەرببڕێت، ئەمەش وەهادەکات پەنا هەم بۆ ناو خودی خۆی و هەمیش بۆ خۆدواندن ببات.٣

ئا لێرەوە، مۆنۆلۆگ دەبێتە قۆناغی بەرلە بەرهەمهێنانی قسە ( Speech production)* . هەروەک ڕۆبێرت هەمفێری دەڵێت :((مۆنۆلۆگ ئەو تەکنیکەیە کە لە چەند ئاستێکی جیاوازیی ئاگاییدا بەر لە قۆناغی دەربڕین، بەرجەستەی باری سایکۆلۆجی کەسێتییەکان دەکات))٤، هەروەها نێرەر (( لەچوارچێوەی جیهانێکی

---

١ موحسن ئەحمەد عومەر، ٢٠١٢، ل ٢٦٨

٢ليون ايرل، القصة (السايكولوجية)، ت. محمود السمرة، المكتبة الأهلية، بيروت، ١٩٥٩،ص١١٧ ، نقلا عن: بسام خلف سليمان، الحوار في رواية الإعصار و المئذنة لعماد الدين خليل(دراسة تحليلية)، م. كلية العلوم الإسلامية، ع. الثالث عشر، مج. السابع، ١٤٣٤ه-٢٠١٣م، ص١٣

٣ بڕوانە: پەروین عەبدوڵا، ٢٠٠٨، ل ٨١

* پیاجە لە باسکردنی زمانپژانی منداڵدا باس لە چەند قۆناغێک دەکات لە یەکێک لە قۆناغەکانیدا کە منداڵ خاوەنی بیرێکی قەتیسماوی دەرنەبڕاوە بە قۆناغی بەر لە بەرهەمهێنانی قسە پەسنیدەکات و وەک جۆرێک لە مۆنۆلۆگ شیدەکاتەوە، بڕوانە: سعيد الفراع، الطفل و اكتسان اللغة بين البيانية و التوليدية، باحث من المغرب، رؤية تربوية، العددان الرابع و الاربعون و الخامس و الاربعون،ص١٦٥.

٤روبرت همفري،، تيار الوعي في الرواية الحديثة، ت. تعليق: د. محمود الربيعى، طبع بالهيئة العامة لشؤن المطابع الاميرية، المركز القومى للترجمة، القاهرة،٢٠١٥. ص٥٩

ناوەکی داخراو، و دابڕاو لە واقیعی دەرەکی هەڵوێست لە ئاستی بڕیارو کێشەو ململانێکان بە تێکەڵی وەردەگرێت))١، بۆیە مۆنۆلۆگ وەک ئاخاوتنێکی سایکۆلۆجی داخراو وەسفدەکرێت، بەجۆرێک (( گوزارشت لە هەڵچوون و تێکچوون و شڵەژانی دەروونی کاراکتەر دەکات، کە لەژێر کاریگەری رووداوەکانی ناو ژینگەی دەقەکە یاخود لە مەیدانی ململانێنی نێوان کارەکتەرەکاندا دروستدەبن ))٢. بەم پێیە مۆنۆلۆگ بەرجەستەکردنی بارە سایکۆلۆژییەکان و هەستە ناوەکییەکانی نێرەرە،٣ کە دەکرێت راستگۆییانەو دانپیانراوانە کەس لە خودی خۆیدا تاوتوێیبکات، (( بێ ئەوەی کە نووسەر لە ڕێگەی ڕاڤەکردن و وەسفکردنەوە، کەمترین و بچوکترین دەستێوەردان لە کارەکەدا بکات))٤، ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی کە ((زۆر بیروبۆچوون و نهێنی و حاڵەتی ویژدانی هەیە مرۆڤ ناتوانێت لەلای هیچ کەسێکی دیکە بیدرکێنێت، بۆیە پەنا دەباتە بەر ناخی خۆی و لەگەڵ ناخی خۆیدا دەدوێت و باری سەرشانی سووک دەبێت و هەست بە ئارامیەکی لە ڕادەبەدەر دەکات.))٥ بەم شێوەیە مۆنۆلۆگ هاوشێوەی دیالۆگ لە شێوازی گێڕانەوەدا، وەک ڕێگایەکی کاریگەر بە دوو جۆر دەردەکەوێت٦:

یەکەم: مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ.

دووەم:  مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ.

لە مۆنۆلۆگی راستەوخۆدا خودی کەس بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە ئاگاییەوە، وەک گێڕەرەوەی هەمان شتزان و بە بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەم(من –م) لەگەڵ خۆیدا دەدوێت، نەک لەگەڵ کەسدا، بەبێ ئەوەی نووسەر/ شاعیر ڕۆڵی گرنگ و ئامادەبوونی هەبێت لە گێرانەوەکەدا، ئەمەش بە تەکنیکی گێڕانەوەی خودی

---

١ ڕێزان عوسمان، ٢٠١٠: ل ٢٠٧

٢نەجم خالید نەجمەدین، تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نمونەی هاوچەرخی کورتەچیرۆکی کوردیدا، گ. زانکۆی هەولێر ، ژ(٢٤)، ٢٠٠٥ ، ل٢٩١

٣عطا رشید حسین، ٢٠١٢، ل ١٢٩

٤جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣، ل١٥٠

٥ سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

٦بڕوانە: ١- روبرت همفری،٢٠١٥، ص٦٠،

 ٢- جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣، ل١٥١-١٥٢

٣- عیسی قویدر العبادی، ٢٠١٤،ص٢٣.

دادەنرێت. بەڵام لە مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆدا بە بەکارهێنانی جێناوی کەسی سێیەم یا دووەم (ئەو- تۆ) بەدەر لە بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەم بە هۆی وەسفکردن و لێکدانەوەوە بە شێوەیەکی فراوان، کە گێڕەرەوەی هەموو شتزان بابەتی قسە لەسەر نەکراو بە شێوەیەک وەک ئەوەی لە ئاگایی و هۆشی کەسێتییەوە هاتبێت پێشکەش دەکات. ئەمەش بە تەکنیکی گێڕانەوەی بابەتی دادەنرێت.١

لەگەڵ ئەوەشدا (لەپاڵ مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆدا لە مەودا ئەدەبیدا دوو شێوەی تر هەن نووسەران ڕوویان تێکردووە، یەکەمیان ئەوەیە تێکەڵە لە قسەکردنی کەسانی بەرهەمە ئەدەبییەکە لەگەڵ خۆیاندا، هەندێ کاتیش لەنێواندا قسەکردنی نووسەر بە گێڕانەوەی کارەسات لە ڕێگەی وەسفکردن و لێکدانەوەی و دەربڕینی بیروڕادا، دووەمیان ڕۆچوونی نووسەرە بۆناو ناخی دەروونی پاڵەوان و دەرخستنی هەست و سۆز و حەز و ئارەزوو و شتە شاراوەکانێتی کە لەجیاتی پاڵەوان دەدوێت.)٢

هەندێک لە توێژەران لە میانەی توێژینەوەکانیاندا جۆرێکی دیکەیان لە مۆنۆلۆگ ئاماژەپێداوە کە بە خۆدواندن- Soliloquy ناوی دەبەن*، خۆدواندن لە زمانی عەرەبیدا بە (مناجاة النفس، مناجاة ذاتية) ناودەبرێت، هەروەک ڕۆبێرت هەمفێری پێیوایە ، تەکنیکێکە جیاوازە لە تەکنیکی مۆنۆلۆگی ناوەوە، هەرچەندە وەک خەسڵەتێکی تایبەتی خۆدواندن قسەکردنە بە تەنها لەگەڵ خودی خۆتدا بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی دیاریکراو، لەگرنگترین خەسڵەتەکانیشی زیاتر بەستنەوەو پێکەوەگرێدانە، لەبەرئەوەی لە خۆدواندندا مەبەست لە (( گەیاندنی هەست و سۆزو بیرە پەیوەندیدارەکانە بە جۆرو کارە هونەرییەکەوە، لە کاتێکدا مەبەستی مۆنۆلۆگی ناوەوە –پێش هەموو شتێک- گەیاندنی ناسنامەی هۆشە،

---

١روبرت همفري،٢٠١٥، ص٦٠-٦٧، هەروەها ، جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣، ل١٥١-١٥٢

٢حسين عارف، لێکۆڵینەوەیەک (شێوەکانی تەکنیک لە چیرۆکی ساڵانی دوای ١٩٧٠دا)، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. ٦٣، ١٩٨٧، ل١٥

* لەنێو بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیداو لە ڕاڤەکردنی چەمکەکانی (مۆنۆلۆگ، خۆدواندن، مۆنۆلۆگی ناوەوە، شەپۆلی هۆش) تێکەڵی و پێکداچوونێک دەبینرێت، کە خوێنەر بە زەحمەت دەتوانێت جیایان بکاتەوە، لەلایەکی دی هەندێ لە لێکۆڵەران درکیان بە دیاریکردن و جیاکردنەوەی سنوری زاراوەکان نەبردووە، بەڵکو هەر یەکەیان بەجۆرێکی جیاواز لەویدیکە چەمک و واتاکانیان خستووەتەڕوو.

هەروەها بەوە دەناسرێت، کە بەبێ ئامادەبوونی دانەر ناوەرۆکی زەینی و کارە بەئاگاییەکانی کەس پێشکەشی خوێنەر دەکات، بەڵام بە گریمانەی هەبوونی جەماوەر یا بینەر(شانۆیی)))١، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چەشنە لە مۆنۆلۆگ بەجۆرێکە کە بە زمانێکی لۆجیکیانە و((رێکوپێک و بەیەکەوە گرێدراو، بیروبۆچوونەکانی کاراکتەر دەخاتەڕوو.))٢، هەرچەندە لە دەقە ئەدەبییە نووسراوەکاندا زۆرجار بە هۆی هەندێ دەستەواژەی وەک: (( لەبەر خۆیەوە، بەبێ دەنگی، بۆخۆی ئەدوێ))٣ ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵام لە نمایشێکی شانۆگەریدا کاراکتەر بەرامبەر بە بینەران و ئامادەبووان بە دەنگ قسە لەگەڵ خودی خۆی دەکات، کە بە مۆنۆلۆگی شانۆیی (المنلوج المسرحی)٤ ناودەبرێت.  بەمەش خۆدواندن کە لە سەرچاوەیەکی ئاگاییەوە دەردەبڕێت و جیایدەکاتەوە لە پرۆسەی لەلایەکەوە لە مۆنۆلۆگ کە ((لە ڕووی شێوەوە، گەیاندن و پێدانی زانیاری مەبەست نییە بە خوێنەر/ وەرگر))٥، لەلایەکی دیکەوە لە شەپۆلی هۆش، کە لە سەرچاوەیەکی نائاگاییەوە دەردەبڕدرێت.

لە دەقی (ژانی گەل) ی (ئیبراهیم ئەحمەد)دا، مۆنۆلۆگ لە ناو ڕۆمانەکەدا، وەک مۆنۆلۆگی ناڕاستەخۆ بە کارهێنانی جێناوی کەسی(ئەو)، لە لایەن کەسی لاوەکی (ئاسۆ)وە، بە گێڕانەوەی ڕووداوی پێشبینی کراو لەبارەی  (سامان)ی برادەریەوە، لە دڵی خۆیدا تاوتوێ دەکات، لە ئەنجامی پرسیارکردن دەربارەی (گیان) چییە؟دروست دەبێت.

(( ئاسۆ، کەوا لە مێژ بوو سامانی ئەناسی، لە دڵی خۆیا وتی:

-وا دیارە لەم ڕۆژانەدا سامان خەریکی دایەلێکتیک خوێندنەوەیە! پێویستە جڵەوی بۆ شل نەکەین و ماوەی نەدەین، ئەگینا هەموو کتێبەکەمان بۆ ئەخوێنێتەوە، ))٦

---

١روبرت همفري، ٢٠١٥،ص ٧٤

٢ جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣، ل ١٦٥

٣ڕەنجدەر ئازاد عەزیز،  ٢٠١٢، ل ١٠٦

٤روبرت همفري،٢٠١٥، ص٦٠

٥ المصدر نفسه، ص٦٢

٦ ئیبراهیم ئەحمەد، ژانی گەل (ڕۆمان)، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٩٦-٩٧

له بەشێکی تری ڕۆمانەکەدا، کەسی سەرەکی (جوامێر)، بە شێوەی خۆدواندن خەم و ئازارەکانی ژیان، بە وەسفکردن و خستنەڕووی دیمەنەکان باسی دەکات.

(( لەبەر خۆیەوە وتی:

-بەڵێ ڕاستە هاتنە دنیای ئینسانێک گەلێ لەو ژان و ئازارەش زیاتر هەڵئەگرێت... ،بەڵام داخی بە جەرگم ژان و بوونەکەش وا بە فیڕۆ چوون بەر لەوەی هیچ کەڵکێکیان لێ وەربگیرێت. مەرگی بێ ئامان ژان بۆ گیراو و ژان گریشی بردەوە بۆ خۆی...))١

لەگەڵ ئەوەشدا لە بواری ئەدەبیات بە گشتی و شیعریش بە تایبەتی، شێوەیەکی تر لە تەکنیکی گێڕانەوە، کە پەیوەستە بە خودی کەسەوە لە ڕێگەی مۆنۆلۆگەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت، بە گەڕاندنەوەی هونەری٢ ناودەبرێت بەرهەم دەهێنرێت، کە ((ڕێگایەکە کارەکتەر لە ڕێگای بیرهاتنەوەوە بەکاریدەهێنێت بۆ باسکردنی ڕووداوێک کە لە زەمەنێکی بەر لە زەمەنی گێڕانەوەدا ڕوویداوە))٣. ئەم زاراوەیەش بۆ هونەری سینەما دەگەڕێتەوە٤، بە شێوەیەک وەک پرۆسەیەکی سایکۆلۆجی لە لایەن کەسەوە ڕووداوی ڕابردوو دەگێڕدرێتەوە لە کاتی ئێستای گێڕانەوەدا، ئەمەش ((پچڕانێکە لە بەیەکدواهاتنی کاتی ئاسایی و لۆجیکی ڕووداوی ناو دەقە ئەدەبییەکە و گەڕانەوە بۆ باسکردنی ڕووداوی ڕابردوو، ئامانجی لادانە لە بابەت، لە ڕێگەی یادکردنەوەی ، بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی لێلی و ئاڵۆزیەکانی هەڵوێستەیەک))٥، لەم کارەدا گێڕانەوەکە لە ڕێگەی یادگاوە و لە ئاگایی کەسەوە دەبێت و هەروەکو یارمەتیدەرێکی گێڕەرەوە، کە بە شێوەیەکی ڕێک و ڕەوان ئەو

---

١ سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠

٢ لە توێژینەوە کوردیەکاندا چەند زاراوەیەکی وەکو(گەڕانەوە بۆ دواوە، فلاش باک، گەڕانەوەی هونەریی) لەبەرامبەر ئەم هونەرە بەکارهاتووە. لەوانە - پەروین عەبدوڵڵا، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٩٨٠- ڕاپەڕین)، چا. سەردەم، د. چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٨، ل٣٧٩، هەروەها، میران جەلال، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیی باشووری کوردستاندا،چا. ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٨٨

٣جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣، ل١٨٠

٤فاتح عبدالسلام، ١٩٩٩، ص١٣٥.

٥سعيد علوش، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، ط١، دار البيضاء مغريب، دار الكتاب اللبنانية، بيروت- لبنان، ١٩٨٥، ص ٩٧

ڕووداوانه یاد دەکاتەوە. هەربۆیە ((یادگا بە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان ئاگایی و نائاگایی دادەنرێت))١، تیایدا گێڕەرەوە بە بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەم ڕووداوی ڕابردوو بە ئێستاوە گرێدەدات و بەواقیعێکی نوێوە پیشانیدەدات.

گەڕاندنەوەی هونەری لە ژانری شیعردا گرنگی و بایەخی تایبەتی هەیە، بەوەی شاعیران چێژ لە ڕابردوو وەردەگرن و وەک خاڵێک دەبێتە هۆی وروژاندن و زیندووکردنەوەی شتەکانی ڕابردوو و سەردەمی منداڵیان، بە وێنەی دیمەنێکی سینەمایی بە بیری دەهێننەوە٢، بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەی شیعری لیریکی هەیەتی، کە زیاتر خودییە و گێڕانەوەی خودی تیادا زاڵە، هەربۆیە شاعیر لەگەڵ خۆی ئەدوێ یان لەبارەی خۆیەوە قسە دەکات.

بەم شێوەیە لێرەدا دەردەکەوێت، گێڕانەوە بە شێوەی گەڕاندنەوەی هونەری وەک مۆنۆلۆگ و خۆدواندن خودی کەسە، کە لەگەڵ خۆی ئەدوێت یان لەبارەی خۆیەوە قسە دەکات، بەڵام لە گەڕاندنەوەی هونەریدا، کەس لەبارەی ڕووداوی ڕابردووەوە قسە دەکات، جیاواز لە خۆدواندن و مۆنۆلۆگدا کەس لە کاتی ئەنجامدانی ڕووداوەکەدا قسە بۆ خودی خۆی دەکات.٣

**چوارەم/ شەپۆلی هۆش*:**

زاراوەی شەپۆلی هۆش (Stream of Consciousness)، بۆ نووسەری ئەمریکی ولیام جێمس (١٨٤٢- ١٩١٠) دەگەڕێتەوە، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بۆ بەرجەستەکردنی بیرۆکە شاراوەکانی کەسەکان دایهێناوە،٤ وەک یەکێک لە تەکنیکە نوێکانی چیرۆک و ڕۆمانی هاوچەرخ، کە گرنگی بە لایەنی

---

١جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣، ل١٨٢

٢پەروین عەبدوڵلا، ،٢٠٠٨، ل٣٧٩

٣جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣، ل١٨٢

* لە سەرچاوە کوردییەکاندا، لەلایەن پسپۆڕانەوە بە زاراوە گەلێک وەرگێڕدراوە، هەروەک : (شەپۆلی هۆش، تەوژمی هۆش، شەپۆلی ئاگایی، تەوژمی ئاگایی، ڕەوتی ئاگایی... )، لەم لێکۆڵینەوەیەدا زاراوەی شەپۆلی هۆش لەبری زاراوەکانی دیکە بەکاردەهێنرێت.

٤بڕوانە:-ابراهيم فتحي، ١٩٨٦, ص ١١٦

-نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ف. زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چ. یەکەم، چا. تاران، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠١٥، ل ٣٠٧

سایکۆلۆژی کەسێتییە سەرەکییەکانی نێو چیرۆک و ڕۆمان دەدات، بەهۆیەوە یان ڕوونتر لە ڕێگەی مۆنۆلۆگەوە بەرجەستەی هۆشی ناوەوەی کەسەکان دەکات، بەمپێیە شەپۆلی هۆش پرۆسەکی سایکۆلۆژییە، لە بنەڕەتدا جەخت دەکاتە سەر (ئالۆگۆڕ- إرتیاد)ی ئاستەکانی بەر لە گوتن لە هۆشدا، ئامانجیش لەمە لەلایەک دەرخستنی بارە دەروونییەکانی کەس و بەرجەستەکردنی کەسێتیان، دوورخستنەوەی چەقی قورساییە لە گێڕەوەی بابەتی واتە هەموو شتزان بۆ کەسێتی. بەبێ پشت بەستن بە هۆکارەکانی وەک نامەو یاداشت١، کە ئەمەش لە لایەن ڕەخنەگرانی ئەدەبەوە، وەک تەکنیکێکی نوێ لە گێڕانەوە گوزارشتیان لێکرد و بەکاریانهێنا.٢ لەگەڵ ئەوەشدا ((بە جۆرێک ڕۆماننووسانی میتۆدی (شەپۆلی هۆش) هەوڵدەدەن لە ڕوانگەی پرۆسە زەینییەکانی کارەکتەرەوە ڕووداو و بەسەرهاتەکان بگێڕنەوە، چونکە بە بۆچوونی ئەوان دیوی ڕاستەقینەی مرۆڤ خۆی لەو جیهانە شاراوەیەدا حەشارداوە، کە هیچ مرۆڤ و کەسێک ناتوانێت پەی بە بیرکردنەوە و پرۆسە زەینییەکانی کەسێکی دیکە ببات))٣.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شەپۆلی هۆش دیارنەمانی نووسەرو بەکارنەهێنانی فرێزو ڕستەی وەک (هەوڵدەدەین، من وای بۆ دەچم، لەگەڵ خۆی دەیگوت)، هەروەها نووسەر بۆ دەستەبەرکردنی نائاگایی کەسێتییەکان یان کارەکتەرەکان بایەخ بە خاڵبەندی نادرێت، چونکە گەر نووسەر پێڕەوی خاڵبەندی بکات، ئەوا وەک ئەوە وەهایە پرۆسەی نائاگاییەکە بپچڕێنێت.٤

بەوپێیەی بەکارهێنانی زمان لە بەرجەستەکردنی شەپۆلی هۆشدا، زمانێکی نالۆجیکی و پچڕپچڕەو قسەکەر لە دۆخێکی نائاگاییدایە، کە پتر داباریني بیرێکی پەرتەوازە دەگرێتەوە، بۆیە زیاتر لە وڕێنە دەچن، ئەمەش وایکردووە بۆ شیکردنەوەی ئەم بارە دەروونییە پشت بە تیۆرەکانی فرۆید ببەسترێت٥، لەکاتێکدا

---

١ میران جەلال، ٢٠٠٩، ل١٨٦

٢دیار فایەق مەجید، شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی کوردیی باشووری کوردستاندا(بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست)(١٩٧٢-٢٠٠٢)، تێزی دکتورا، ک.زمان، ز. سلێمانی، ٢٠١٣،ل٦

٣ سەرچاوەی پێشوو، ل١١

٤ موحسین عومەر ئەحمەد، ٢٠١٢، ل ٢٦٩-٢٧٠

٥ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاروەی ئەدەبی و رەخنەیی، بەڕێوبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، ٢٠١١، ل ٢٣٣

نواندنی زمان لە بەرجەستەکردنی مۆنۆلۆگدا، بە ئاگاییانەیە و ڕستەکان لە ناوەوە دەردەبڕێن.

پسپۆڕان لە ڕاڤەکردنی بابەتەکانی مۆنۆلۆگ و شەپۆلی هۆشدا، هەم لە ڕووی بەکارهێنانی تەکنیکی زمان و هەم لە ڕووی بابەتی ژانرەکانەوە جیایانکردووەتەوە، بۆ نموونە: رۆبێرت هێمفری پێوایە مۆنۆلۆگ وردتر لە شەپۆلی هۆش بەکاردێت، هەروەها لە چیرۆکدا بۆ مەبەستی نواندنی دەروونی کەس یان ئاگایی کەس بەکاردێت. لەکاتێکدا شۆلز و کیلۆج، لە خستنەڕووی شەپۆلی هۆشدا پێیانوایە، شەپۆلی هۆش پتر زاراوەیەکی سایکۆلۆجییە تا زاراوەیەکی ئەدەبی بێت، هۆکاری ئەم وابۆچوونەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شەپۆلی هۆش پرۆسەیەکی هۆشەکییەو نائاگاییانە لە کەسدا ڕوودەدات، بە ڕای (ئایدڵ)یش، دەبێتەهۆی گەیشتن بە ئاستە جیاوازەکانی ئاگایی لە دەروونی مرۆڤدا، لەکاتێکدا مۆنۆلۆگ کە لە شەپۆلی هۆش کۆنترە، بەڵام ناتوانێت بیرۆکەی هەڵقولان و کشان بگوێزێتەوە١.

لە ڕووی کاتەوە، هەریەک لە مۆنۆلۆگ و شەپۆلی هۆش کات تێیاندا دەبێتە سفر، چونکە ((هەردووکیان گوزارشت لە بارودۆخی زەینی هەڵقوڵاو دەکەن، کە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی دەروونیدا لە پەیوەندییەکی بەردەوامدایە، چ لە ڕووی خەیاڵ و یادەوەرییەوە، یان لە ڕابردوو و ئێستاو داهاتوو لە چوارچێوەی زەمەنێکی، تایبەت کە زەمەنی دەروونییە ))٢، جگەلەوەش هەریەک لە مۆنۆلۆگ و شەپۆلی هۆش بەشداری لە چاودێریکردنی هۆشی کەس دەکەن.

بۆ نموونە: لە ڕۆمانی (درز) ی (کاکە مەم بۆتانی)دا، کەس لە بارێکی نائاگایی و ناجێگیری دەروونیدا، لەبەر خۆیەوە و بە شێوەی وڕێنەکردن، دەکەوێتە قسەکردن بێئەوەی ڕێکخستنێکی زمانی لە دەربڕینەکانیدا بەدی بکرێت:

- ((توونی حەمامەکە، گرانەتا، وڕێنە، ئاگرو ئاو، پیرمەم و ئاتشگەدە، شێت،شێتخانە... گیانلەبەرە بێقەوارەکان،گڕکان و ڕەشپۆش و شاسواریَ... زاریَ...

---

١ جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣، ل١٤١

٢ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٠

زاریَ...هەڵچوونی ئارەزووی ناوەخت... هەموو لە یەکبازنەی گەورە... دەسوڕێنەوە، نەو... چەند یەشوێکن و بەیەکدارەوەیە؟ کامەیە؟... پەیوەندیەکان پچڕ، پچڕن.))١

خاڵی گرنگ لە خستنەڕووی باسەکانی ئەم بەشەدا، جیاوازییکردنی هەر چوار جۆریی دیالۆگ و چەشنەکانی دیالۆگەو چۆنێتی بەرجەستەکردنێتی لە مەودای شیعریدا، بەرجەستەکردنی ئەم جۆرو بەتایبەت چەشنانە پتر لەسەر بنەمای چیرۆک و رۆمان و دراما جیاکراوەتەوە و دەستنیشانکردنی لە شیعردا، کە بەهۆی جیاوازی تەکنیک و زمان و ناوەڕۆکی شیعر تایبەتمەندی جیاواز و ئەنجامی جیاوازی لێدەکەوێتەوە.

**-ئەرک و تایبەتمەندییەکانی دیالۆگ:**

لەکۆی ئەو نووسین و توێژینەوانەی پێشتر لە بارەی دیالۆگەوە نووسراون و ئەنجامدراون، لە شێوازی بەکارهێنانی دیالۆگ بەپێی گونجاندنی ئەو بارودۆخەی تێیدا سازدەکرێت، چەند ئەرک و تایبەتمەندییەکی پێبەخشراوە، هەروەک لایەنە رۆشنبیری و کەلتورە جیاوازەکان و ڕەفتاری کەسەکان، هەروەها تەکنیکی چۆنێتی گێڕانەوەی باس و ڕووداوەکان و پرسیارکردن و وەڵامدانەوەو چۆنێتی وەرگرتن و پێدانی زانیاریی.

بەو پێیەی دیالۆگ هونەرێکی پێویست و پڕ بایەخی ژیانی مرۆڤایەتییە، لە هەر بوارو ژانرێکی ئەدەبیدا بە خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیەوە دەردەکەوێت، بۆ نموونە دیالۆگ لە دەقێکی ئەدەبیدا ((بە پێزی و بەهێزییەک بە دەقەکە دەخشێت))٢، سەباری ئەمەش لەڕووی تەکنیک و ناوەڕۆکەوە، چەند رۆڵێک دەگێڕێت و تایبەتمەندێتی جودا لەخۆدەگرێت، وەک لەم خاڵانەی خوارەوەدا ئاماژەی پێدەکەین:

١- (( دیالۆگ بە تەنها ڕێگا دادەنرێت، کە لە پێناو ڕازیکردنی لایەنی ناکۆکی بەرامبەردا بەکاردێت، کلیلی قایل کردنە بە بۆچوونی تەواو و گونجاو.

١کاکە مەم بۆتانی، درز، چا.وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧، ل٧٣، وەرگیراوە لە: جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣، ل١٤٨

٢هەژار فەقێ سلێمان، هونەری دیالۆگ لە شیعری محوی-دا، گ. ڕامان، ژ. ١٨٥، ٥-١٠-٢٠١٢، ل٩٦

٢- به شێوازێک له پەیوەندیکردن و تێگەیشتن لەنێوان خەڵکدا دادەنێرێت، ڕێگەیەکه بۆ یەکتری ناسینیان.

٣- میتۆد(منهج)ی چاکسازی و بانگهێشتنه له کۆمەڵگەدا، هۆکاری پەروەردەکردن و فێرکردنی وەچەکانه، خاڵی بەیەکگەیشتن و نزیکبوونەوەی تاکەکانه. ))١

٤- مەبەست و ئامانجی دیالۆگ گەڕان و بە دواداچوون، گەیشتن به ڕاستی و دەرخستنێتی، باسکردن و ستایشکردنی (چاکه و باشی) ڕەفتارەکانی بەرامبەر، پەله نەکردن له وەڵامدانەوه و بێدەنگی و چاوەڕوانیکردن و نۆرەگرتن ، هەروەها کورتی و پوختی له واتا و دەربڕیندا، ناسینی تێڕوانی لایەنی بەرامبەرو یان لایەنەکانی تر.٢

٥- له دەقه ئەدەبیەکاندا دەکرێت((له ڕێگەی دیالۆگەوه تایبەتمەندی و دەروونی کەسایەتی و ئاستی زمان و ڕۆشنبیری و بەرزی و نرخی پله کۆمەڵایەتی کارەکتەر بزانین.

٦- له هونەری دیالۆگدا کارەکتەرەکان بیروباوەڕ و هەست و کەسایەتی خۆیان ئازادانه دەخەنەڕوو.

٧- دیالۆگ دەبێتەهۆی چێژبەخشین به دەق، چونکه دەبێته هۆی فرەدەنگی.

٨- دیالۆگ دەق له وەسف و باسی دوورودرێژ دووردەخاتەوه.)).٣

٩- دیالۆگ گرنگی و تایبەتمەندییەکی سەرەکی له تێکەڵکردنەوەی ژانرەکان و سەرهەڵدان پێشکەوتنی ژانری نوێدا هەیه، به تایبەتی ڕۆمان.

لەگەڵ ئەوەشدا دیالۆگ بەپێی ئەو توێژینەوانەی دەربارەی ئەنجامدراوه، چەند ئەرکێک لەخۆدەگرێت، هەندێک پێیانوایه، ((هەموو دیالۆگێک ئەرکی تایبەتی خۆی

---

١ اروى بريجية، ١٠-يوليو-٢٠١٧،أهمية_الحوار/https://mawdoo٣.com

٢بڕوانه: ١-معن محمود عثمان ضمرة، ٢٠٠٥،ص١٣٥-١٣٩

٢-صالح بن عبدالله بن حميد، أصول الحوار و آدابه في الإسلام، ط. الاولى، دار المنارة، جدة-مكه، المملكة العربية السعودية، ١٤١٥-١٩٩٤،ص٧

٣- رشيد الراضي، عن الأصول المنطقية الحديثة للحوار، almultaka.org

٣هەژار فەقێ سلێمان، گ. ڕامان، ژ. ١٨٥، ٥-١٠-٢٠١٢، ل٩٦

هەیە، جیاوازە لەوانی تر بەپێی ئەو ژانرە ئەدەبییەی تیایدەردەکەوێت، دیالۆگ لە شیعردا جیادەکرێتەوە لە دیالۆگی چیرۆک بەجیاکارییەکی ڕێژەیی، کە لەسەر کەسێتی و بنیاتنانی جەخت دەکاتەوە))١. هەندێکی دیکە لەگەڵ ئەوەدان دیالۆگ بە ڕێگەی مۆنۆلۆگ، کە جۆرێکی دیالۆگە، ئەرکی پیشاندانی دیوی ناوەوەی کەسە، کە خودی نووسەر یا کەسەکەیە.

ویڕای ئەو بۆچوونانە بەگشتی ، دەکرێت لە شیعردا ئاماژە بە چەند ئەرکێکی دیالۆگ بکەین٢:

١- دەرخستن و بەرجەستەکردنی کەسێتی کەسەکان:

ا- دەرخستنی کەسی قسەکەر/ شاعیر.

ب- دەرخستنی کەسی قسەبۆکراو یان کەسی گوێگر/ بەرامبەر.

پ- دەرخستنی کەسی سێیەم ( کەسی بەشداربوو ، بەشدارنەبوو).

٢- دەرخستنی ڕووداو.

٣- دەرخستنی کات و شوێن (شوێنکات).

(جەلال ئەنوەر سەعید) لە توێژینەوەکەیدا، کە تایبەتە بە ئەرک و ڕۆڵی دیالۆگ لە ژانری ڕۆماندا، ناوبراو پێیوایە بوونی چەند مەرجێک بۆ دەستەبەرکردنی بەرزی ئاستی دیالۆگ لە ڕووی جێبەجێکردنی ئەرکەوە گرنگە،لەوانە٣:

١- دیالۆگ بۆئەوەی بەرجەستەبکرێت، پێویستە دەرببڕێت و هەڵگری پەیامێک بێت بۆ وەرگر.

٢-پێویستە بەجۆرێک دیالۆگ بنیاتبنرێت، کە سەرنجی خوێنەر یا بەرامبەر بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکە ڕابکێشێت و ئەم ئەرکە جێبەجێبکات.

---

١هاژە عباس علي، ٢٠١٠، ص١٠٩

٢ المصدر نفسه، ص١١٠-١٢٧، ایضا :محمد سعيد حسين مرعى، الحوار في الشعر العربي القديم (شعر امرئ القيس أنموذجا)، م. جامعة تكريت للعلوم الإنسانية، مج. ١٤، ع. ٣ ، نيسان ٢٠٠٧، ص٧٥-٨٣

٣جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠١٣، ل٢٦-٢٨

٣-دیالۆگ لەبەر لەدەستنەدانی خەسڵەتی زیندوێتی، پێویستە زیادەڕۆیی و درێژدادڕی تیا نەکرێت.

وێڕای هەموو ئەوانەش، ناکرێت و مەرج نییە بۆ گێڕانەوەی هەموو ڕووداوێک پەنا ببرێتەبەر دیالۆگ، چونکە ئەگەر هاوسەنگی دیالۆگ ڕەچاونەکرێت، ئەوا بنیاتی دەقەکەدا لە گێڕانەوە و دیالۆگدا لاسەنگ دەبێت، بەجۆرێک ئەگەر بە زۆری دیالۆگ بێت، ئەوا لە شانۆ و دراماوە نزیکدەبێتەوە، ئەگەر بە زۆریش گێڕانەوە بێت لە پەخشان و مێژوو نزیکدەبێت.

٤- مەرجی تەبایی و پێکەوەبوون دوور لە دوالیزمی و دژیەکی نێوان ئاستی کەسەکان و بۆچوونەکانیان، کە دەریدەبڕن، پێویستە مەبەست و ئامانجیان لە دانانی کەسدا ڕوون و ئاشکرابێت.

## بەشی دووەم : دیالۆگ لە شیعری کوردیدا
## (پەیوەندی دیالۆگ بە توخمەکانی ڕۆمان و دراماوە)

### یەکەم: پەیوەندی دیالۆگ بە توخمەکانی ڕۆمان و دراماوە

- شیعر و پەخشان

### دووەم: دیالۆگ و توخمەکانی گێڕانەوە (بەنموونەی شیعری کلاسیکی کوردی)

١- دیالۆگ و گێڕانەوە
٢- دیالۆگ و کەسەکان
٣- دیالۆگ و ڕووداو
٤- دیالۆگ و زمان

## یەکەم: پەیوەندی دیالۆگ بە توخمەکانی ڕۆمان و دراماوە:

لە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەماندا هونەری دیالۆگ و جۆرەکانی و ئەرک و تایبەتمەندیەکانیمان بەپێی میتۆدی وەسفی شیکاریی و بە نموونەی بەرهەمی پەخشانی (شانۆ، چیرۆک، ڕۆمان) خستەڕوو، روونمانکردەوە کە هونەری دیالۆگ وەک تەکنیکێکی هونەری گێڕانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ژانری پەخشان و شیعریش بێبەش نەبووە لە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە.

تەکنیکی گێڕانەوە بۆ گەیاندنی مەبەست و ناوەڕۆک و بەخشینی ستایلێکی نوێ و زمانێکی تایبەت بە دەقەکە بەکاردەهێنرێت، کە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی توخمەکانی ژانری پەخشان و شیعر دەستەبەردەبێت و وابەستەبوونی هەردوو ژانرەکەش بەرهەمی نوێ و بەپێزی لێ بەرهەمهاتووەو هاتووەتە ناو بواری ئەدەبیاتەوە،لەگەڵ ئەم نزیکی و وابەستەبوونەشدا هەر یەک لەو دوو ژانرەخاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیانن و دەتوانرێت لەیەکتری جیابکرێنەوە، بۆیە لێرەدا پێویستە بە شێوەیەکی گشتی باس لە ئەو جیاوازی و هاوبەشییەی نێوان ژانری شیعر و پەخشان بکەین.

**- شیعر و پەخشان:**

سەرەتا لە پۆلێنکردنی ئەدەبەوە دەستپێدەکەین کە لەسەر بنەمای جیاوازیی روخسار بووە،بەجۆرێک ((ئەدەب بەپێی بناغە کۆنەکە دابەش دەبێت بۆ شیعر و پەخشان، ئەم دابەشکردنەش لەسەر بنەڕەتی ڕووخسار(داڕشتن) یا ئاوازەکەیەتی، بەوەی شیعر بریتییە لە وتەیەکی کێشدارو سەروادار، بەڵام پەخشان نەکێشی هەیە نەسەروا))١، بە پێچەوانەوە ئەرستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر)دا کە کۆنترین کتێبی ڕەخنەییە، جیاواز لە بنەمای ئەم پۆلێنکارییە، بنەڕەتی دابەشکردنی شیعرو پەخشانی لەسەر ناوەڕۆک داناوە نەک ڕووخسار، لەبەرئەوە پەخشان لای ئەرستۆ بە واتا و وەسفی هەموو شتێک دێت کە بەڕاستی ڕوویداوە و تایبەتە، لەکاتێکدا شیعر مانای ئەو ڕاستییە گشتییانە دەگەیەنێت کە لەوانەیە ڕووبدەن،ئەمەش دەبێتە دەرخەری چۆنێتی دەستەبەرکردنی تەکنیکەکە بەجۆرێک کاری شاعیر گێڕانەوەی

١فائق مصطفى و عبدالرضا على، فى النقد الأدبى الحديث (منطلقات و تطبيقات)، ط. الثانية، لدار الكتب للطباعة و النشر، الموصل، ٢٠٠٠، ص١٠١

ئەو ڕووداوانە نییە کە ڕوویداوە، بەڵکو ئەوانەن کە لەوانەیە ڕووبدات، ئەمەش بەپێی یاساکانی پێشبینی و پێویستی دەگێڕێتەوە، بۆیە جیاوازی نێوان شاعیر و مێژوونووس لە نووسینی شیعر و پەخشاندا نییە، بۆ نمونە دەکرێت کاری هیرۆدۆس کە مێژوویییە بکرێتە قاڵبێکی شیعرییەوە، لەگەڵئەوەشدا وەک جۆرێک لە مێژوو دەمێنێتەوە، ئەمەش بەو مانایە دێت گێڕانەوە کێشی هەبێت یان کێشی نەبێت دەچێتە قاڵبێکی مێژووییەوە، واتا هیچ لە ڕاستییەکە ناگۆڕێت، ڕاستی جیاکاری ئەوەیە کە یەکەمیان ئەوە دەگێڕێتەوە کە ڕوویداوە، دووەمیش ئەوەیە لەوانەیە ڕووبدات. کەواتە شیعر زیاتر فەلسەفی تر و پێشکەوتووترە لە مێژوو، کە بەلای گوزاشتکردن لە مەبەستە گشتگیرەکاندا دەچێت، بەڵام مێژوو خۆی تەنها لە مەبەستە تایبەتەکاندا دەهێڵێتەوە.١

لەم بارەیەوە چەندین بۆچوون وتێڕوانین و تیۆری ئەدەبی خراونەتەڕوو، بۆیە دەکرێت جیاکردنەوەی ژانری شیعر و پەخشان لە چوار لایەنی ئاواز و ناوەڕۆک و زمانەوە کورتبکەینەوە:

١. ئامانج و مەبەستی سەرەکی شیعر وورووژاندنی هەست و هەڵچوونەکانی مرۆڤە، لەمەشدا لەتەک هێماکردن و وێناکردندا ئاوازەکە ئەو ڕۆڵە گەورەیە دەگێڕێت، یەکەمین جۆری شیعریش (( کە مرۆڤ لەگەڵیدا ژیابێ))٢و دیاریکرابێت، شیعری لیریکییە، کە ((ڕەهەندێکی کەسی و خودییان هەیە))٣، جۆرێکە لە لاسایکردنەوە، لەکاتێکدا لە پەخشاندا گێڕانەوەی ژیانی ڕۆژانە و داستانە فۆلکلۆرییەکان،گێڕانەوەیەکی سادەیەو دوورن لە لاسایکردنەوە٤.

---

١ المصدر نفسه، ص١٠١

٢شوکریە رسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، وزارة التعليم العالی والبحث العلمي، جامعة صلاح الدين، ١٩٨٩، ل٨٨

٣سامان عەزەدین سەعدون، دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە(لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری دەروونییە)، نا. دکتۆرا، سکوڵی زمان، ز. سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٣

٤هێمن جاسم محمد، هونەری گێڕانەوە لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیدا (چیرۆکی منداڵان بە نموونە)، نا. ماستەر، کو. زمان، ز. سەلاحەدین، ٢٠١٥، ل٩

٢. جیاوازییەکی دیاریی دیکەی شیعر و پەخشان لە ڕێگەی ریتمەوە دیاریدەکرێت١، بە جۆرێک لە شیعردا بەهۆی ڕێکخستنی وشەو دانانی کێش و ئاوازی ناوەوە ڕیتمێکی بەردەوام بەدیدەکرێت، بەڵام لە پەخشاندا بەوجۆرە نییە وڕیتمێکی پچڕپچڕە و هەموو دەقەکە ناگرێتەوە،هۆکاری ئەمەش بۆ وشەکان کە لەخۆوە و بەبێ دانانی کێشێک ئەو بیرەی مەبەستە دادەڕێژرێت، دەگەڕێتەوە. لێرەوە زۆرێک لەو وتە ڕێکخراوانە ناکرێت بچنەناو بابەتی شیعرەوە، بەڵام زۆرێک لە هونەری داڕشتنی ژانری پەخشان تێهەڵکێشی شیعر دەبێت، بۆئەوەی بەرهەمی نوێی ئەدەبی لێ پەیدابێت.

٣. هەروەها لەلایەکترەوە ((هونەری شیعر جیاواز لە هونەری پەخشان خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە جیایان دەکاتەوە لەیەکتر، دیارترینیان زمانە، زمانی شیعر جیاواز لە زمانی پەخشان، لە شیعردا زمانێکی تێکچڕژاو و ئاوێتەیی بەکاردەهێنرێت. لە کاتێکدا لە پەخشاندا زمان ئەرکی تری پێدەسپێرێت و زمانێکی شیکاری و وەسفی زاڵ دەبێت بە سەریدا،...))٢.

٤. تایبەتمەندییەکی تری شیعر ئەوەیە ڕووخسار و ناوەڕۆک تیایدا وەک پێکهاتەیەک تێهەڵکێشدەکرێن و لەلایەن شاعیرانەوە گرنگیان پێدەدرێت، بە جۆرێک کە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر یان لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانە و هەنگاوێکی تر چۆنێتی بایەخپێدانەکە دەگۆڕێت، بەڵام لە ژانری پەخشاندا نووسەر زیاتر گرنگی بە بیرو گەیاندنی بابەت دەدات بەهۆی هونەرەکانی پەخشانەوە.٣

لەگەڵ بوونی ئەو جیاوازی و تایبەتمەندیانەی هەریەک لە ژانری شیعر و پەخشان، تێڕوانینی نووسەران و ڕەخنەگران لە بارەیانەوە، بەڵام بەهۆی بەرەوپێشچوونی ڕەخنەی ئەدەبی و هاتنەناوەوەی تیۆری نوێی ئەدەبی و ڕاوبۆچوونی زیاتر، لە پەیوەندی ئەم دوو ژانرەوە، زیاتر لێک نزیکبوونەتەوە، بە شێوەیەک شیکردنەوە و خوێندنەوەی نوێ بۆ دەقە ئەدەبییەکان دەکرێت، کە بەپێی

---

١ ١-فائق مصطفى و عبدالرضا على، ٢٠٠٠، ص١٠١،

٢- شوكريه رسول، ١٩٨٩، ل٢٦

٢ناز ئەحمەد سەعید و ئەڤین ئاسۆس حمە، دیالۆگ و فرەدەنگی لە شیعرە فارسییەکانی مەحویدا، گ.زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی پێنجەم ، ژ.١٥ ،کانوونی یەکەمی ٢٠١٨، ل٣

٣ناز ئەحمەد سەعید و ئەڤین ئاسۆس حمە، ٢٠١٨، ل٣

بنەما ئەدەبیەکان کار لەسەر دەقی ئەدەبی بکرێت، نەک نووسەر و جۆری ئەدەبی، واتا ((زاراوەی دەق بۆ ئەم جۆرە تێکەڵاوی و چوونە ناو یەکدییە بەکاربهێنن))١، تا بەهۆیەوە خوێندنەوەو تێڕوانینەکان لە ئاست خزمەتکردنی دەقە ئەدەبیەکە و ئاستی تێگەیشتنی وەرگردا بێت بۆ ناسینەوەو دیاریکردنی ناسنامەی بەرهەمە ئەدەبییەکە.

لە ئەنجامی ئەم لێکنزیکبوونەوە و تێکەڵاوبوونەی هەردوو ژانرە ئەدەبییەو لێکۆڵینەوەیان،چەند ژانرێک و شێوەیەکی ئەدەبی دیکەی تیادا بەرجەستەکرا، ((بۆ نمونە داستان کە بە شیعر دەهۆنرایەوە گۆڕا بۆ ڕۆمان کە زمانی پەخشان بوو،))٢ هەروەها لە ڕێگەی شێوازەوە بە تێهەڵکێشکردن و چوونە پاڵیەکی ژانرەکان ژانری نوێتر دروستدەبێت، بەوەی هەریەک لە ((ژانرەکان خەسڵەت و پەسنەکانیان وازلێدەهێنن، هەروەها بەشێکیش لە خەسڵەت و پەسنیانەیان بۆ ژانرە نوێیەکە دەگوازنەوە، بەو واتایەی ژانرە نوێیەکە بەشێوەیەکی یەکسان هەڵگری خەسڵەت و سیماکانی ئەو ژانرانە دەبێت، کە دەبنە بنچینەی پێکهێنانی. لێرەشدا ناوەکەش بەهەمان شێوە یەکسان دەبێت و لە ناوی هەردوو ژانرەکە پێکدێت. بۆ نموونە ( ڕۆمانە شیعر، چیرۆکە شیعر، پەخشانە شیعر....تاد)))٣.

سەرجەم ئەو ڕاڤەکردنانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن، کە هونەری دیالۆگ وەک تەکنیکێک و هۆیەکی هونەری گێڕانەوەیی ژانری پەخشان، لە بەستنەوە و تێهەڵکێشکردنی ژانرەکاندا، هەروەها لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و پەرەسەندنیان و دەرخستن و ئاشکراکردنی کاراکتەرو خستنەڕووی لایەنی دەروونی و ئایدۆلۆژیان، پەیوەندی و ڕۆڵێکی گرنگ و بە بایەخ و بەرچاوی هەیە، بە جۆرێک نووسەر ((دەتوانێت لە ڕێی دایەلۆگی کارەکتەرەکانییەوە گوزارشت لە ئایدۆلۆجیا و بیروباوەڕی خۆی بکات))٤، هەروەها دیالۆگ لە دیاریکردنی گۆشەنیگا و کات و شوێنی واقیعی و خەیاڵی و شێوازی زمانی بەکارهاتوو لەلایەن گێڕەرەوە و کاراکتەرەوە، کە لە پێکهاتەی دەقەکەدا بەشدارە بەدیدەکرێت.

١سەنگەر قادر شێخ محمدحاجی،٢٠٠٩، ل ١٦١

٢سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٦٢

٣سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٣-١٦٤

٤نەجم خالید نەجمەدین، تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، گ. زانکۆی هەولێر ، ژ.٢٤، ٢٠٠٥، ل٢٨٨

## دووەم: دیالۆگ و توخمەکانی گێڕانەوە (بەنموونەی شیعری کلاسیکی کوردی)

### ١- دیالۆگ و گێڕانەوە:

لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، شیعر لە ڕووی مێژوویی و تیۆرو ڕەخنەی ئەدەبییەوە، هەروەها لە رووی بەکارهێنان و دەرکەوتنی دیالۆگدا باسکرا، هەروەک ئاماژەی پێدرا دەرکەوتنی شیعر مێژوویەکی کۆنی هەیە، لە ڕووی زمان و کارو بەرهەمهێنانییەوە بەستراوەتەوە بە چالاکی مرۆڤایەتییەوە، لە قۆناغێکدا کە مرۆڤ توانیویێتی ئەزموون و کارو چالاکی ڕۆژانەی خۆی بەهۆی زمانەوە دەرببڕێت، بەڵام بە چەشنێک کە لە دەربڕینی ئاسایی ڕۆژانە دەرچێت و جۆرێک لە هونەرو ئاوازی پێبەخشێت، هەروەها وەک جۆرێک لە لاسایکردنەوەو باسکردنی کەس و شتەکانی دەورووبەر بێت، لە کات و شوێنێکی واقیعی یاخود خەیاڵی، ئەمەش بەهۆی گرنگی و کاریگەری بیرو ڕووداوەکان و کارتێکردن لە هەست و سۆزەوە ڕوودەدات و دروستدەبێت، کە بەهۆی زمانەوە بە کاریگەری هەست و سۆز خەیاڵ و ئەندێشەی بیری فراوان، دەتوانێت لە ڕێگەی وەسفکردن و گێڕانەوەوە بە چەندین دیمەن و وێنەی سەرنجڕاکێش و کاریگەر، بابەتێک لە دوو توێی دەقێکی ئەدەبی / شیعریی یان هەر بەرهەمێکی دیکەی بەرهەمێکی ئەدەبیی/، نووسەر یا شاعیر بەرهەمی بهێنێت و بیخاتەڕوو.

چونکە شیعر ((کۆنترین زمانی دەربڕینە و کۆنترین ژانری ئەدەبیشە،...، شاعیران بە شیعر گوزارشتیان لە خۆیان و کۆمەڵگەکەیان و ئایینییان کردووە.))[١]بەمەش وەک هونەرێک مرۆڤ سەرەتا شیعری لە پێش پەخشاندا دەربڕیوە[٢]، پاشان بەهۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگاو کاروچالاکی مرۆڤایەتییەوە هونەری دراماش لە گیانی شیعردا پەیدابووە، بە تێپەڕبوونی کاتیش دراما لەناو شیعردا گەشەکردن و پێشکەوتنی بەخۆوەبینیووە، هەرچەندە شیعر مەودایەکی فراوانی ئەدەبی داگیرکردووە، بەهۆی ئەوەی، ( کە وشە و ڕستە و دەستەواژەکانی

---

١پەروین عەبدوڵڵا، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٩٨٠-ڕاپەڕین)، چا. سەردەم، د. چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٢٥

٢ئەحمەد سالار، هونەر و ژیان، چ. یەکەم، د. چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٧٦-١٧٧

کورت و پوخت و خاوەن ڕیتم و مۆسیقا و هارمۆنییەتە، جۆرە زاڵبوونێکی بەسەر هەست و سۆزی مرۆڤدا هێناوەتەئاراوە و سیحرئاسا مرۆڤ کەمەندکێشی بووە، ئەمەش وایکردووە تەنانەت ژانرەکانی دیکەش پەنا بۆ زمانی شیعر ببەن لە خستنەڕووی ڕووداوەکانیان وەکو داستان و دراما)، لەگەڵ ئەوەشدا شیعریش هەڵگری ناوەڕۆک و بەرگێکی دراماییە، بۆ نمونە ((گریکەکان کە باسی خوداوەندی ڕەزیان دەکرد بە شیعر باسیان دەکرد.))١

هەر بۆیە دراما (( هونەری گێڕانەوەی یا لاسایی کردنەوەی کارێکی مرۆڤانەیە، کە ڕەگەزەکان (ڕووداو، کاراکتەر، کێشە و ململانێ، ....) لەخۆئەگرێت و بەرهەمی گێڕانەوەیش چ چیرۆک و ڕۆمان یا دەقی شانۆ بێت ڕووداو و بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە، کە یا نووسەر خولقێنەریەتی یا لە مێژوو وداستان و ئەفسانەکانەوە سەرچاوە دەگرێ))٢. هەرچەندە سەرەتاو بنچینەی ئەم توخمە هونەرییە لە بابەتی داستانە فۆلکلۆری و بەیت و چیرۆکە ئەفسانەیی و میللییەکاندا بەدیدەکرێت، دواتر لە شیعری لیریکی و ئیپیکی و چیرۆکدا بەکارهێنراوە، لە ئەمرۆشدا بە بڕبڕەی پشتی شێوازی هونەری چیرۆک و ڕۆمان و شانۆگەری دادەنرێت.٣

لەگەڵ ئەوەشدا گێڕانەوە وەک یەکێک لە زنجیرەی ئەو کاروچالاکییانەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا ئەنجامیدەدەین و پشتی پێدەبەستین، هاوکاتە لەگەڵ مێژووی سەرهەڵدان و بەکارهێنانی زمانەوە، کە بۆ گێڕانەوەی ڕووداو یان هەواڵ لە سەرچاوەیەکی ڕاستەقینەوە یان دروستکراو و داهێنراوی خەیاڵەوە سەرچاوە دەگرێت.٤

---

١پەروین عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ل١٢٥

٢George whitfield, An Introduction to Drama, ٢ndEidition ١٩٦٣,OXFORD University Press, printedin Great Britain,P٣١ وەرگیراوە لە :

-یاسین ڕەشید حەسەن، ناوەڕۆک و تەکنیکە درامای کوردی (١٩٩١-٢٠٠٢)، نا. ماستەر، ک. زمان، ز. سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٣

٣موحسین ئەحمەد عومەر، ٢٠١٢، ل٢٤١

٤هەژار فەقێ سلێمان، هونەری دیالۆگ لە شیعری محوی-دا، گ. ڕامان، ژ. ١٨٥، ٥-١٠-٢٠١٢ ، ل٩٦

بەم پێیە گێڕانەوە پەیوەستە بە بواری ئەدەبەوەو وەک زاراوەیەکی ئەدەبی ((بریتییە لەو تەکنیکەی لەناو ڕۆمان وچیرۆکەکاندا گێڕەو بەکاریدەهێنێت بە مەبەستی وەسفکردنی شتەکان و نواندنی چالاکیە ڕوونکردنەوەییەکانی خۆی.))١.

پەیوەندی دیالۆگ و گێڕانەوە لەکردەی ئاخاوتندایە، جیاوازیشیان بەشداربووانی پرۆسەی ئاخاوتنەکەیە، بەپێی ئەوەی گێڕانەوە ((بریتیە لە کردەی گێڕانەوە بۆ شتێک، کە نابێتە کرداری گێڕانەوە، بەڵکو دەبێتە کرداری ژیان.))٢، لە کردەی گێڕانەوەشدا پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان خود و هۆشیاریدا هەیە و لەمەشدا خود بنەمای ئەزموون و ئەزمونکردنە و لێی جیانابێتەوە.

بکەری گێڕانەوە بە ( گێڕەو/ گێڕەرەوە- الراوی- السارد-Narrtor) ناودەبرێت، کە ((پێکهاتەیەکی ناوەکی دەقی چیرۆکییە، هەروەک کارەکتەرەکانی ناو کارە گێڕانەوەکان، گێڕەو ئەو دەنگەیە چیرۆکەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە.))٣ هەروەها ( بۆگێڕەوە - المروی لە-Narratee)، بنەمای تەواوکاری کردەی گێڕانەوەیە، پەیوەستە بە گێڕەوەوە، بەم جۆرە لەناو دەقی گێڕانەوەیدا بوونی دوو جەمسەری هاوبەش (گێڕەو و بۆگێڕەوە)، بەشدارن لە کردەی گێڕانەوەکەدا.

هەربۆیە بابەتی گێڕانەوە ((وەک چەمکێکی ڕەخنەیی و ئەدەبی نوێ، وەک کێشەیەکی ئەدەبی ئاڵۆز، کە هەردەم دەمانگەڕێنێتەوە بۆ مەسەلەی ژانرەکانی ئەدەبی، لەناو ئەدەبی ڕۆژهەڵات و ئەدەبی کوردی، مێژوویەکی کۆنی هەیە و بە چەند هەنگاو و وەرچەرخان و گۆڕاندا تێپەڕیوە.))٤، هەروەها ((یەکێکە لەو بابەتانەی، کە ڕەخنەی نوێ بە بایەخەوە لێی دەڕوانێت و ڕەخنەگران بە شێوەیەکی سەردەمیانە کاری لەسەر دەکەن و نووسەرانیش بە شێوەیەکی بەرچاو لە بنیاتی دەقەکانیاندا ڕەنگی پێدەدەنەوە، بە تایبەتی ڕۆماننووسان، چونکە دەروازەیەکی

---

١یادگار لەتیف شارەزووری، دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی، چ.یەکەم، چا. هێڤی، هەولێر، ٢٠١٥، ل١٢٦

٢سەرچاوەی پێشوو،ل١٣٣

٣سەرچاوەی پێشوو ،ل٢١٧

٤موحسین ئەحمەد عومەر، ٢٠١٢، ل٢٤١

گرنگە بۆ بنیاتنانی دەقەکانیان))١، جگەلەوە وەک زانستێکیش گێڕانەوە ((تەنها لەسەر ئەو تێکستە ئەدەبییانە ناوەستێت، کە بە شێوەیەکی تەقلیدی گێڕانەوەی تیادایە، وەک چیرۆک و ڕۆمان، بەڵکو دەچێتە سەر چەندین کاری هونەریی دیکە کە فۆرمی تری گێڕانەوە لەخۆدەگرن، بۆ نموونە کارە هونەرییەکانی شێوەکاری وەک تابلۆ و پەیکەر، یان فیلمی سینەمایی، گێڕانەوەی زارەکی، مۆسیقا و سیمفۆنیا، مێژوو، بیۆگرافیا، هەروەها وێنەی جوڵاو، تەنانەت پۆستەرەکانی ڕیکلام و پڕوپاگەندەش، چونکە لە هەموو ئەم شێوانەدا چیرۆکێک هەیە و بە ڕێگەی جیاواز دەگێڕدرێتەوە.))٢

هەربۆیە لێرەدا گرنگی گێڕانەوە و ئەرکی هونەری لەوەدا بەدیدەکرێت، کە ((لە دەقدا ڕووداوێک یان چەند ڕووداوێک بگێڕێتەوە، کە بەسەر پاڵەوانێک/ کارەکتەرێک داهاتوون. بۆئەوەی گێڕانەوە هەبێت، پێویستە ڕووداوێک لە ئارادابێت، ئەگینا پرۆسەی گێڕانەوە دروست نابێت و ئەو کاتەش دەق دروست نابێت.))٣ بەم پێیە گێڕانەوە ((یەکێکە لە بونیادە سەرەکییەکانی دەق و ، بە شێوەیەکی ئستاتیکی سەرجەمی دەقەکە بەڕێوەدەبات، لایەنە هونەرییەکانی دیکە پێکەوە گرێ دەدات، ئەمە جگە لەوەی ڕووداو و هەڵوێستەکان لە وێنەیەکی واقیعی بۆ وێنەیەکی زمانەوانی دەگوازێتەوە))٤، بەشێوەیەک کە گوێگر یا خوێنەر بە ڕوون و ئاشکرا هەست بەو ڕووداو و هەڵوێستانە دەکەن.

گێڕانەوەی ڕووداوەکانیش بەپێی بەکارهێنانی، لە ڕێگەی دوو هۆکاری سەرەکی گێڕانەوەوە، کە وەسفکردن و دیالۆگە ئەنجام دەدرێت، ((گێڕەرەوە بۆ گەیاندنی

١عەتا ڕەشید حسێن، هونەرەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (لەسەر باران دەنووسم)ی (جەبارجەمال غەریب)دا، گ. زانکۆی کۆیە، بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان،چا. ڕۆژهەڵات،هەولێر، ژ. ٤٠، ئابی ٢٠١٦، ل٢٩

٢نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ف. زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چ. یەکەم، چا. تاران، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠١٥، ل٣٨٦

٣سەنگەر قادر شێخ محمدحاجی،٢٠٠٩، ل١٥٣

٤هیمدادی حوسێن، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی، چ. یەکەم، چا. خانی – دهۆک، هەولێر،٢٠٠٧، ل٢١٦

بابەتی گێڕاوە بە وەرگر(گوێگر) پشتیان پێدەبەستێت))١، بۆیە بنەماو تەکنیکی دیالۆگ بە ((پرۆسەی گێڕانەوە دەستپێدەکات، وەکو پرۆسەیەکی کردەیی لەناو ژیانی مرۆڤایەتیدا ڕووبەرێکی فراوانی داگیرکردووە، مرۆڤ بەردەوام لە شێوازی جیاجیادا پەنای بۆ دەبات، ئەمەش هەموو ئەو ئاخاوتن و گفتوگۆ و باسکردنانە دەگرێتەوە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەرجەستە دەبن.))٢ بەپێی ئەممە هەرچەندە دیالۆگ وەک کردەیەکی فیزیکی ئالۆگۆکردنی زانیارییە لە نێوان دووکەس یا چەند کەسێکدا و لە ڕێگەی جوڵە و دەنگەوە بەڕێوەدەچێت، پاشان لە ڕووی چۆنێتی و شێوەی ئەنجامدانی لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا بەگشتی و بەرهەمێکی شیعریی بە تایبەتی، لە فۆرمی جیاوازدا دەردەکەوێت، لەبەرئەوە ئەمەش وادەکات دیالۆگ لە تیۆری ئەدەبیدا، وەک فۆرمی پەسنکردن بێتە بەرچاو، بەجۆرێک یان لە وەسفەوە نزیک بێت یاخود لاسایی وەسف بکاتەوە.٣

بەوپێیەی وەسف ((پێشکەشکردنی (نواندنی) شتەکان و بونەوەرەکان و هەڵوێستەکان یان ڕووداوەکان بە هەبوونێکی شوێنی لەجێی هەبوونی زەمەنی))٤، جگەلەبوونی چەندین شێوەو شێوازی تری گێڕانەوە، کە لە پێشکەشکردنی بابەت و زانیارییەکاندا ئەرک و ڕۆڵی تایبەتی خۆیان هەیە و بە توخمەکانی گێڕانەوە (کەس، ڕووداو، کات، شوێن، زمان، دیالۆگ، مۆنۆلۆگ و ململانێ..) ناودەبرێت.هەربۆیە دیالۆگ (( بە یەکێک لەو تەکنیکە گرینگانە دادەنرێت کە شاعیر بۆ گەیاندنی بیرۆکە و زانیارییەکانی تایبەت بە دەقەکە پەنای بۆ دەبات و بەهۆی ئەوەشەوە بەشێک لەو مەعریفەیەی ناو دەقەکە بە ڕێگەیەک لەو ڕێگانەی گێڕانەوە بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە.))٥

ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ، کە شیعر سەرچاوەیەکی گرنگ و بنەڕەتی پەیدابوون و گەشەکردنی هونەر و ژانرە ئەدەبییەکانیتری وەک (دراما، کورتە

---

١هیرش محمد أمين، السرد في المقامات النظرية (لأبي بكر بن محسن باعبود الحضرمي،من علماء القرن الثاني عشر الهجرة)، أطروحة الدكتوراه، كلية اللغات، جامعة كويه، ٢٠٠٧،ص١٣٥

٢ناز ئەحمەد سەعید و ئەڤین ئاسۆس حمە، ٢٠١٨، ل٢

٣موحسین ئەحمەد عومەر، ٢٠١٢، ل ١٢٩-١٣٠

٤- چيرالد برنس، قاموس السرديات، ت: السيد امام، ميريت للنشر و المعلومات، قاهرة، ط١، ٢٠٠٣، ص ٤٣.

٥سەنگەر قادر شێخ محمدحاجی،٢٠٠٩، ل٢٧٠

چیرۆک، ڕۆمان...)) بووه و دەبێت،به شێوەیەک (( له دراما‌دا دیالۆگ هەمان ئەو هەڵکەوتەی هەیه که وەسف له ڕۆماندا هەیەتی، خەسڵەتێکی سەرەکییه هەموو ڕووداو و پێوەندییەکان له دیالۆگی دوو کەس، یان زیاتر دەردەکەوێ، بەڵام ئەو کاتەی که مەنەلۆگ، یان مۆنۆدرامای تێدەکەوێ، دیالۆگ بوونی نامێنێ.))١.

لەم ڕوانگەیەوه دیالۆگ وەک هونەرێکی گێڕانەوەی ژانری شیعر و پەخشان، شێوازی دەربڕینی بابەته ئەدەبیەکەیه بەو جۆرەی شاعیر یان نووسەر یان کەس مەبەستێتی بۆ گەیاندنی زانیاری و سەرنجڕاکێشان و گێڕانەوەی ڕووداوەکان بۆ وەرگر (گوێگر، خوێنەر، بینەر)، ناوەڕۆکی دەقه ئەدەبیەکه وەک پەیامێک له ڕێگەی ئەم هونەرەوه دەگوازێتەوه بۆ بەرامبەر، ئەمەش بەپێی زمانی بەرهەمه ئەدەبییەکه دەگۆڕێت.

بۆ نمونه دیالۆگ له شیعردا بەپێی چەشنەکەی دیاریدەکرێت، به گوێرەی توێژینەوەکان ((یەکێک له تایبەتمەندە هەره دیارەکانی شیعری شانۆیی، دیالۆگە، که به هۆیەوه له تەواوی ژانرەکانی دیکه جیادەبێتەوه و پێی دەناسرێتەوە، بۆیه دیالۆگ به بڕبڕەی پشتی شیعری شانۆیی له قەڵەم دەدرێت.))٢بەدەرلەمەش دیالۆگ تەرزێکی دەربڕینه که به واتاوه دەبەسترێتەوەو له دەقدا فرەدەنگی بەرهەمدەهێنێت، به چەشنێک دەنگەکانی پەیوەسته به گێڕانەوەی لایەنه خەیاڵی و واقیعییەکانی نووسەرو له هەمانکات خوێنەریش، که ((به چەندین ئەرک هەڵدەستێت وەک گەیاندنی ڕاستی و شرۆڤەکردن و هەواڵدان و پیشاندانی وێنەی کەسێتیەکان و جولاندنی ڕەوتی چیرۆک و بەشداریکردنی له بینای گێڕانەوەدا، ئەوەش به دەستپێکی ڕووداوەکان یاخود به گەڕانەوه بۆئەوەی ماوەتەوه لەوەی گێڕەرەوه به لابردن یا به ئاماژەبۆکردن پشتی پێدەبەستێت))٣.

ئەمەش جگەله هونەری شانۆی و شیعری شانۆیی و چیرۆک، له ژانری ڕۆمانیشدا تەکنیکی دیالۆگ ((کاریگەری بەرچاوی هەیه له بەرجەستەکردنی وێنای

١موحسن ئەحمەد عومەر، ٢٠١٢، ل١٣١

٢نەجم خالید نەجمەدین، ٢٠٠٥، ل٢٨٣

٣تأ. مجموعة من المؤلفين، معجم السرديات، ط١، دار محمد علي للنشر، تونس، ٢٠١٠، ص١٥٨-١٥٩

کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمان، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دەرخستنی دیوی ناوەوە و ئاشکراکردنی سروشت و هەڵکەوتەی لایەنی دەروونی کارەکتەرەکان.))١

بوونی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییەی هونەری دیالۆگ لە ڕووی بەکارهێنانی زمان و چۆنێتی شێوازی دارشتنییەوەهەیەتی، دەتوانرێت شێوازی بابەتە ئەدەبییەکەی پێدیارییبکرێت، بۆیە پێویستە نووسەروشاعیر (( شێوازێکی گفتوگۆی ئەدەبیی هەڵبژێرێت و بیخاتە سەر زمانی کارەکتەرەکانی بە شێوەیەک کە گفتوگۆکان لە قسەی ئاسایی ڕۆژانەوە بگوازێتەوە بۆ ئاستێکی بەرز، کە وشە و پێکهاتە و بابەت و ئاماژەگەلیکی وای تێدابێت کە پێویستە لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا هەبێت.))٢

دیالۆگ وەک تەکنیکێکی دیاری شیعری شانۆیی و وەک یەکێک لە هۆیەکانی گێڕانەوە، خاڵی هاوبەشی لەگەڵ ژانری چیرۆکدا هەیە، جیاوازیی نێوانیان لە چۆنێتی بەکارهێنانی تەکنیکەکەدایە بەجۆرێک ((چیرۆکنووس دەتوانیٚ ئەم تەکنیکە سات نەساتێک بەکاربهێنیٚ، بەڵام شانۆنووس ناتوانیٚ دەستبەرداری بیٚ))٣، هەروەها وەک تەکنیکی شیعریش شاعیرانی قوتابخانە شیعرییەکانی (کلاسیک، ڕۆمانتیک، ڕیالیزم،...)، لە ڕێگەی هونەری گێڕانەوەوە، توانیویانە دیالۆگ لە دەقە شیعرییەکاندا بەکاربهێنن، (کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دوورکەوتنەوە لە شیعری لیریکی (خودی)، شیعری درامی (بابەتی) لیٚ جیابۆتەوە)٤ ، کە وەک شێوازێکی نوێی شیعریی پەیڕەوی بکەن و بەرهەمی نوێی پێدابڕێژن، کە بە تەکنیک و جۆری جیاواز، تایبەتمەندی شیعریی بپارێزێت. ئەمەش ئەو تایبەتییە دەردەخات کە

١ابراهیم خلیل، بنیة النص الروائی، ط١، بیروت، ٢٠١٠، ص١٩٢ ، بڕوانە: ناز ئەحمەد سەعید و ئەڤین ئاسۆس حمە، ٢٠١٨، ل٣

٢فاتح عبدالسلام، الحوار القصصی تقنیات و علاقات السردیة، المؤسسة العربیة للدراسة و للنشر، ط١، بیروت، ١٩٩٩، ص٢٠.

٣محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا، شاکەس لە ڕۆمانی کوردی –کوردستانی عێراقدا(١٩٩٠-١٩٩٧)، نا.ماستەر، کۆ. پەروەردە بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ز. سەڵاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١١، وەرگیراوە لە: ڕێزان عوسمان مستەفا، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا ساڵی ١٩٨٥-١٩٩٠، چ. یەکەم، بلا. ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٨٩،

٤عبدالله أحمد عبدالله الوتوات، أسالیب الحوار في شعر ابن الوردي، م. العلمیة لكلیة التربیة، جامعة المصراتة، لیبیا، مج. الثاني، ع. الثامن، یونیو٢٠١٧، ص٤٢

((هونەری دیالۆگ وەک شێوازێکی دیاری گێڕانەوە، پەیوەستە بە هونەری پەخشان، بەڵام بەهۆی تێکچرژانی ڕەگەزەکانی هەردوو لقەکەی ئەدەب، گواستروەتەوە بۆ ناو دەقی شیعری و شاعیران کەم تا زۆر، ئەو تەکنیکەیان بە مەبەست و شێوازی جۆراوجۆر بەکارهێناوە.))١ لەم ڕوانگەیەوە و بەپێی تێڕوانینی شارەزایان و ڕەخنەگران شێوازەکانی گێڕانەوە بۆ دوو جۆر دابەشدەبێت، ئەوانیش:

**یەکەم: گێڕانەوەی بابەتی(الموضوعية):**

گێڕانەوەی بابەتی وەک جۆرێک لە گێڕانەوەی (تاک دەنگی)، بە کۆنترین و بەربڵاوترین جۆری گێڕانەوە ئەژماردەکرێت، لە ئەدەبی فۆلکلۆردا پەیوەستە بە "داستان و چیرۆک و حیکایەتە میللییەکان "، بە تایبەت (دەرکەوتنی راستەقینەی ئەم شێوازەی گێڕانەوە دەگەڕێتەوە بۆ داستانەکان)، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە گێڕەرەوە (حیکایەتخوان) لە ژانری داستاندا وەک گەیەنەرێکی نێوان کەسێتییەکان و خوێنەر رۆڵدەبینێت، هەر ئەم چەشنە لە گێڕانەوە لە ئەدەبی نوێدا بە شێواز و تەکنیکێکی نوێ بەهۆی هونەری دیالۆگەوە ئەنجام دەدرێت.

گێڕانەوەی بابەتی، بە گێڕەرەوەی هەموو شتزانەوە گرێدەدرێت، چونکە ئەم گێڕەرەوەیە کە هەموو بابەتەکان بۆ سنوری دەستەڵاتی خۆی دەگێڕێتەوە، لە کاتی پێشکەشکردنی ڕووداوەکانی چیرۆکێک یان بەسەرهاتێکدا، گێڕەرەوە هەوڵدەدات خۆی ڕووداوەکان بخاتەڕوو، بە جۆرێک وەک کەسێکی بە ئاگا لە ڕووداوەکان دەبێتە زمانحاڵی کەسێتییەکان، بەمەش گێڕەرەوە وەک گێڕەرەوەیەکی دەرەکی و نووسەری دەق لە دەرەوەی ڕووداوەکان دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو ڕەگەزەکانی گێڕانەوەدا دەکێشێت، (( واتە گێڕەرەوە هەوڵدەدات خۆی ڕووداوەکان بخاتە ڕوو، وە دەبێتە زمانحاڵی کەسێتییەکان و بە جێناوی (ئەو)ی کەسی سێیەمی تاک دەدوێ.))٢

لە گێڕانەوەی بابەتیدا جگەلە بەکارهێنانی جێناوی کەسی سێیەمی تاک، گێڕەرەوە بە جێناوی کەسی دووەمی تاکیش (تۆ) دەدوێت، بەم پێیە گێڕانەوەی بابەتی

١ناز ئەحمەد سەعید و ئەڤین ئاسۆس حمە، ٢٠١٨، ل٣-٤

٢عەتا ڕەشید حسێن، ٢٠١٦، ل٣١

بەگوێرەی بەکارهێنانی جێناوەکان بە دوو جۆر تەکنیکی دیالۆگ ئەنجام دەدرێت، هەروەک شێوازی دیالۆگی ڕاستەوخۆ و شێوازی دیالۆگی ناراستەوخۆ، هەریەک لەم جۆرانە بەهۆی بەکارهێنانی دەستەواژە ئاماژەییە جێناوەکانی (وتی، وتیات، پرسی، پرسیان، وتت...) لە دەقی ڕۆمان و دراماو شیعردا، ڕووداو و ناخی کەسێتییەکان و فەزای کات و شوێن و زمانیان دەگێڕێتەوە و ئاشکرادەکرێت.

لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا بەگشتی و لە ژانری شیعر و پەخشاندا بەتایبەتی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیان و ئەزموون و ژینگەی واقعیی و خەیاڵی کەسەکان، لە دووتوێیدا ڕەنگدەداتەوە، هەروەها دەبنە کەرەستەی داستان وچیرۆک و ڕۆمان، لێرەدا تیشکدەخەینە سەر ژانری شیعر لە هەرسێ ڕێبازی کلاسیکی و ڕۆمانتیکی و ڕیالیزمی بابەتییانە گێڕانەوە و دیالۆگەکان دەستەبەردەکرێن، بۆ نموونە لە شیعری شاعیرانی کلاسیکدا (مەحوی) هونەری دیالۆگ لە شیعرەکانیدا بەدیدەکرێت و بە بەراورد بە شاعیران (نالی و سالم و کوردی) زیاتر بەکاریهێناوە، دواتر (مستەفا بەگی کوردی) دێت، کە زۆرتر لە نالی و نالیش زۆرتر لە سالم بە مەبەستی خستنەڕووی بیرو هەستەکانیان، وەک لایەنی چێژو جوانکاری و گەیاندنی مەبەستە شیعرییەکانیان پشتیان بەم هونەرە پێبەستووە، بە هەمان شێوە تەکنیکی دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا گرنگ و پڕ بایەخە، ئەگەرچی ئەم باسە تایبەتە بە بەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەکەمان، بەڵام بە پێویستی دەزانین بەرجەستەی چەند نموونەیەکی شیعری کلاسیک لە خستنەڕووی ئەم هونەرە بکەین، وەک (نالی) شاعیر بە شێوەی دانانی(گەر بڵێم) ، شێوەی داواکاری دیالۆگ دەکات دەڵێت:

*گەر بڵێم: شەمسی، دەڵێ: ئەو خۆش رووە بێ پەردەیە*

*وەر بڵێم: سەروی، دەڵێ: ئەو ئەحمەقە کوا گفتوگۆی* (نالی: ل٧٠١)

یان دەڵێت:

*گوتت: ((نالی))! ئەتۆ بمرە ئەمن دێم*

*خوداکەی بێ، خوداکەی بێ، خوداکەی!* (نالی: ل٧١٢)

لەم دوو بەیتەدا شاعیر وەک گێڕەرەوەی هەموو شتزان، بە شێوەی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ ئاخاوتنی خۆی و یارەکەی دەگێڕێتەوە، کە لە بەیتی یەکەمدا بە شێوازی دانانی (گەر) بەکارهاتووە، لە بەیتی دووەمدا بە شێوازی داواکاریە.

هەروەها نالی شاعیر لە دەقی شیعری (هەی کەرێکم بوو، چ پەیکەر؟ تەی کەری هەوراز و لێژ)دا بە شێوازی گێڕانەوە و هونەری دیالۆگ لەگەڵ کەرەکەیدا[١]، کە سەرەتا بە ئاگادارکردنەوەی بەرامبەر (هەی کەرێکم بوو...) دەستپێدەکات، کە وشەی (هەی) بە واتای ((ئاگادارکردنەوە و دەربڕینی سەرسامییە))[٢]، دواتر لە ڕێگەی وەسفەوە درێژە بە گێڕانەوەی بابەتی و گفتوگۆکەی دەدات، کە دەڵێت:

*هەی کەرێکم بوو، چ پەیکەر؟ تەی کەری هەوراز و لێژ*

*سینە پان و، مووچە کورت و، شانە بەرز و، گوێ درێژ*

تا دەگاتە:

*عاقڵێ بوو ناوی کەر بوو، قاتیعی ڕێگەی سەفەر*

*خۆش سلووکتر بوو لە سەد وێڵداشی هەرزە و گێژ و وێژ*

*(صائم الدهر)ی بە ڕۆژ، ئەمما بەڕۆژووی بێ نییەت*

*(قائم اللیل)ی سلووک، ئەمما سلووکی بێ نوێژ!*

*چەندە پێم خۆش بوو ، زوبانی حاڵی دەیوت ((نالیا))*

*هەردوو حەیوانین ، ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ* (نالی: ل٢٣٦-٢٤٠)

هەروەها (نالی)شاعیر لە دەقێکی تردا لەڕووی مەسەلە ئایینی و کۆمەڵایەتیەکەوە و بابەتی بێ بایەخی سەروەت و سامانی دونیا، دەربڕینی نارەزایەتی ئادەمیزاد

---

١محمد دلێر أمین محمد، بابەتی (ژانرەکان)، کۆرس خوێندنی دکتۆرا، کۆ.زمان، ز.سلێمانی، ٢٠١٥-٢٠١٦، ٢٧-١٢-٢٠١٥

٢ خدری نالی ، دیوانی نالی، لێکۆلینەوە و لێکدانەوەی:مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، پیاچوونەوەی:محمدی مەلا کەریم، چ. دوم، سنندج، انتشارات کردستان، ١٣٧٩، ل٢٣٦

بەرامبەر بە دونیا، بە زمانی هونەری دیالۆگ لەگەڵ کەسێکی شێتدا دەدوێ[1] و دەڵێت:

*من لە بێ بەرگی (مەحە)م پرسی، کە بۆچ رووتی؟ وتی:*

*((رەببی من شێت بم، ئەگەر شاد بم بە بەرگی عاریە!))* (نالی: ل٥٤٨)

مستەفا بەگی کوردیش وەک شاعیرێکی سەر بە ڕێبازی کلاسیک گرنگی بە هونەری دیالۆگ لە بەرهەمهێنانی شیعرەکانیدا داوە، ((تا ئەو ئاستەی بۆتە سیمای دەنگێکی تایبەتی و خاسیەتێکی خودی کوردی خۆی، بەمە لە هاوتەمەنەکانی خۆی جیادەکاتەوە، لە کۆی (١٠٢٥) دێڕە شیعر کە دەکاتە سەرجەمی دیوانەکەی (٩٨) دێڕە شیعری هەیە لەم شێوازە))[2]. بۆ نموونە کوردی دەڵێت:

*سابیقەن پرسیت، کە دڵ ئەفسوردە و سەودا سەرم*

*یا لە سەرمایە هەواو میهرو شۆڕی دولبەران*

*واقیعا شیرین سوئالێکە بڵا لێکین دەبوو*

*مەسئەلە بڕوا بەلای شەخصێکی دانا و حاڵزان* (کوردی،ب١: ل٣٩٢)

((شاعیر دەیەوێت وەڵامی پرسیارێک بداتەوە کە لێی کراوە، واتە ڕابردووە و بۆمان دەگێڕێتەوە، سەبارەت بە غەمگینی و سەوداسەری ئایا شاعیر هەوای خۆشەویستی و دڵداری لێی داوە؟ لە وەڵامدا پێی وایە ئەمە پرسیارێکی باشە، بەڵام من حاڵم پەشێواوە، ئەو پرسیارە لە یەکێکی دانا و بە ئاگا بپرسە، شاعیر لەتاو عەشق ئاگای لە حاڵی خۆی نییە.))[3]

هەروەها دەڵێت:

---

[1]محمد دلێر أمین محمد، بابەتی (ژانرەکان)، کۆرس خوێندنی دکتۆرا، کۆ.زمان، ز.سلێمانی، ٢٠١٥-٢٠١٦، ٢٧-١٢-٢٠١٥.

[2]ناز ئەحمەد سەعید، دەنگی مستەفابەگی کوردی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی وەسفییە)، چ. یەکەم، چا. کەنج، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، ٢٠١٧، ل٢١٩-٢٣٠

[3]ناز ئەحمەد سەعید، ٢٠١٧، ل٣٢١

*ئەی موسوڵمانینە نابێ پێم بڵێن چیم کردووە؟؟*

*دولبەرم بۆچی وەها دەستی لە خوێنم خستووە؟؟*

*پەنجەشی خێناویە و هێشتا کوو لێک حاشا دەکا*

*سوێند دەخوا بە درۆ، دەڵێ بە خوا ئەمن نەمکوشتووە*

*چونکە ئەمڕۆ من شەهیدی کەربەلای عەشقی ئەوم*

*هەر وەکوو (کەو) پەنجەکانی وا بە خوێنم ڕشتووە* (کوردی ب٢: ل٧٣)

لێرەدا شاعیر دیالۆگکردنی لەگەڵ موسوڵمانانندا بۆ گێڕانەوەی ڕووداوی شەهیدانی کەربەلایە، وەک گێڕانەوەی بابەتی و ڕووداوێکی مێژووی شەهید کردنی حەزرەتی حسێن (س.خ)، شەهیدبوونیش لە پێناو کاری ڕەوادا، پاشان ئەم ڕووداوە دەگەڕێنێتەوە بۆ خۆێنرشتنی ناحەقی خۆی بە دەستی دولبەرەکەی و ئەویش حاشای لێدەکات.

مەحوی شاعیرش سەر بە هەمان ڕێبازی ئەدەبی (شیعری) بە بەراورد بە شاعیرانی پێشترو دواتر زۆرترین شیعری بە شێوەی دیالۆگ داڕشتووەو ((زۆرترین دێڕی هەیە بەم هونەرە دەریبڕیبێت، کە دەکاتە نزیکەی ٣٠تا٤٠ دێڕ زیاتر،))١ بۆ نموونە، مەحوی دەڵێت:

*شەوێ لەیلا بە مەجنوونی دەوت: بڕوانە حاڵی خۆت*

*بە خۆڕایی کە چۆنت دا ، بەبا ئەقڵ و کەماڵی خۆت*

*جوابی دایەوە مەجنوون: ئەگەر تاقەتت ببێ لەحزێ*

*لەناو ئاوێنەدا بڕوانە حوسن و جەماڵی خۆت* (مەحوی:ل٣٣١)

شاعیر لەم دەقە چوارینەدا وەک گێڕەرەوەی هەمووشتزان و لە دەرەوەی ڕووداوەکان، لە زمانی کاراکتەری (لیلی و مەجنون)ەوە ، بە دیالۆگی ناراستەوخۆ گێڕانەوە ئەنجام دەدات.

---

١هەژار فەقێ سلێمان، ٢٠١٣، ل٩٧

**دووەم: گێڕانەوەی خودی(الذاتية):**

لەم جۆری گێڕانەوەیەدا شاعیر وەک گێڕەرەوەی هەمان شتزان و وەک کەسێتی بەشدار لە ناوەوەی ڕووداوەکاندا ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەگرێتە ئەستۆ و لە جوڵاندن و گەشەسەندنیاندا ئەرک و ڕۆڵ دەگێڕێت، کە لە ڕێگەی جێناوی کەسی یەکەمەوە (م ، من) ئەنجام دەدرێت، کە ڕاستەوخۆ لەڕێگەی گێڕەرەوەوە ڕووداوەکان دەگوازرێتەوە بۆ وەرگر یا خوێنەر، بەبێ ئەوەی ((لە ڕێی گێڕەرەوەیەکەوە لە دەرەوەی سنوری ڕووداوەکان بێت.))١ واتە لە ڕێی خودەوە، کە گێڕەرەوەیە کاری گێڕانەوە دەبات بەڕێوە، چونکە(( پەیوەندیەکی زۆر بەهێز ، هۆشیاری و خود پێکەوە گرێدەدات، خودیش بنەمای هەموو ئەزمونێکە))٢، لەگەڵ ئەوەشدا کەسە بەشداربووەکانی گێڕانەوە ئازادن لە دەربڕینی دەنگ و تێڕوانینیان، واتە خودی کەسەکان دەربڕی دەنگ و بیروڕاو ئایدۆلۆژیایی خۆیانن، هەربۆیە لەم گێڕانەوەیەدا ((دەنگەکان جۆراوجۆرن، تێڕوانینەکان جیاوازن و یەکناگرنەوە و هەڵوێستەکانیش دەربارەی ڕووداو و بەسەرهاتەکان هەمەچەشنە و تایبەتن))٣، بەم شێوەیە گێڕانەوەی خودی بە چەند هۆیەک و شێوازێکەوە ئەنجام دەدرێت، کە ئەمانەن٤:

١-گێڕانەوە بە هۆی کەسێتیەوە.

٢-گێڕانەوە بە هۆی دیالۆگەوە.

٣- گێڕانەوە بە هۆی مۆنۆلۆگەوە.

لەمبارەیەوە (ڕێزان عوسمان) لە کتێبی (بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستان )، بە (٥)پێنج تەوەر ڕێگاکانی گێڕانەوەی ڕووداوی لە ڕۆماندا دیاریکردووە، کە ئەرک و ڕۆڵ دەبینن لە پرۆسەی گێڕانەوەدا لە بەرەو پێشبردن و ئاشکراکردن و بنیاتنانی ڕووداوەکاندا، کە ئەوانیش:

---

١ میران جەلال، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیی باشووری کوردستاندا، چا. ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٦٨

٢یادگار لەتیف شارەزووری،٢٠١٥،ل١٤٥

٣میران جەلال، ٢٠٠٩، ل ١٦٨

٤بڕوانە: میران جەلال، ٢٠٠٩، ل١٦٨ - هەژار فەقێ سلێمان، گ. ڕامان، ژ. ١٨٥، ٢٠١٢، ل٩٦

١-گێڕانەوە لە ڕێی حیکایەتخوانەوە.

٢- گێڕانەوە لە ڕێی کارەکتەرەوە

٣- گێڕانەوە لە ڕێی دایەلۆگەوە

٤- گێڕانەوە لە ڕێی مۆنۆلۆگەوە

٥-  گێڕانەوە لە ڕێی  فلاش باکەوە١

لەتەک ئەمەشدا توێژەر (هێمن جاسم) لە ماستەر نامەکەیدا، کە لەبارەی هونەری گێڕانەوە لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیدایە و بە نموونەی چیرۆکی منداڵانەوە و لە دیاریکردنی جۆرەکانی چیرۆکگێڕانەوەدا، سێ ڕێگای دەستنیشانکردووە، کە چیرۆکگێڕەوە گێڕانەوەکەی پێئەنجام دەدات، هەروەک:

١- ڕێگەی ڕاستەوخۆ.

٢-ڕێگەی خود گێڕانەوە.

٣- ڕێگای بەڵگەنامەکان(دیکۆمێنت).

لە ڕێگای یەکەمدا کە ڕاستەوخۆیە گێڕانەوەیەکی بابەتییە، چیرۆکگێڕەوە لە دەرەوەی ڕووداوەکانە و گێڕەرەوەیەکی هەمووشتزانە، بە جێناوی کەسی سێیەم ئەنجام دەدرێت، بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکاردێت، بۆ نموونە زۆربەی چیرۆک و گێڕانەوە فۆلکلۆریەکان لەم جۆرەن، ڕێگەی دووەم کە ڕێگەی خودییە و چیرۆکگێڕەوە لە ناوەوەی ڕووداوەکانەو بەشدارە لە گێڕانەوەدا، بەوەی ئاستی زانیاری یەکسانە لەگەڵ کاراکتەرەکانی تری ناو دەقەکە. ڕێگەی سێیەمیش کە ڕێگەی بەڵگەنامەکانە و زیاتر وەک ڕێگای یاداشتی ڕۆژانەن، بە سوودوەرگرتنی چیرۆکنووس لە ئەو بەڵگەنامە و وتارانە کە وەک کەرەستە بەکاریان دێنێت.٢ بۆنموونە گێڕانەوەی خودی لە ڕێگەی دیالۆگەوە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا،

١ڕێزان عوسمان مستەفا، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا ساڵی ١٩٨٥-١٩٩٠، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٥٢-٢٢٦

٢هێمن جاسم محمد، ٢٠١٥، ل٢٦

وەک نالی شاعیر، لە بەیتی یەکەمدا(من دەڵێم) گێڕانەوەی خودییەو دیالۆگ لەگەڵ نەفسی خۆی دەکات، دەڵێت:

*من دەڵێم شەو بوو بە ڕۆژ ، نەفسم دەڵێ ڕۆژ بوو بە شەو*

*ئەو موسیبە، چونکە چاوی پێ سپی بوو، من غەفڵەت* (نالی: ل١٤٨)

یان دیالۆگی لە ڕێگەی (گوتم ، گوتی)، دەڵێت:

*کە دیتم شەکڵی سەد ڕەنگی ، گوتم : بابایی عەییارە*

*کە بیستم لەفزی بێ دەگی ، گوتم: شەیپوری شاپوورە*

*گوتم: راستی سەبا هەڵسە! گوتی:مەشرەب موخالیفیە*

*گوتم: نارێ، گوتی: بایە ، گوتم: ئەوجێ، گوتی دوورە*

*گوتم: قوربانی تۆ من بم ، گوتی: قوربانی تۆ سەگ بێ*

*گوتم: شیشەی دڵم ناتوێ؟ گوتی: بۆ چیمە؟ مەکسوورە*

*خەراباتی دڵی ((نالی)) مەفەرموو : خاڵییە، نایەم!*

*بە مەرگی تۆ قەسەم، چاوم! بە زیکرت بەیتی معموورە* (نالی: ل٤١٩-٤٢١)

هەروەها مەحوی شاعیر لە ڕێگەی دیالۆگی ڕاستەوخۆوە و وەک گێڕەرەوەیەک لەگەڵ یار دەدوێ، کە دەڵێت:

*لوتفێ بە حاڵی من کە ، وتم ، ئەو وتی بە قار:*

*تۆ شێخی با خوداوو ئەمن شۆخی ناخودا* (مەحوی: ل٣٧)

هەروەها دەڵێت:

*وتم: ئاوێکی ڕەحمەت، گەییە ڕۆحم ئاگری فیرقەت*

*وتی: لەم دۆزەخە زەحمەت کە دەر بێ هەرکەسی تێ کەوت* (مەحوی: ل١١٨)

بێخودی شاعیر بە شێوەی پرسیارو وەڵام، دیالۆگێک لەبارەی ساڵی کۆچکردنی (شکری سعید ئەفەندی نائیب)ەوە ڕێکدەخات، دەڵێت:

*پرسیم لە ئەدیبێکی حەزین ساڵی وەفاتی*

*(شکری)، کە دوعای عەفوی ئەکەن حاضرو غائیب*

*بەم شیعرە ئەویش جوابی منی دایەوە، فەرمووی:*

*ئەی (بێخود)ی ئالوودە بە ئەنواعی مەصائیب*

*تەئریخی فەنایی ئەبەدی (شکری یی نائیب):*

*((تأریخ فنای ابدی شکری نائب))** (بێخود: ل١٤٣)

شێوەییەکی تری گێڕانەوە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، بەهۆی مۆنۆلۆگەوە ئەنجامدەدرێت، بەجۆرێک کە گێڕەرەوە لەگەڵ خود و ناخی خۆیدا، هەروەها لەگەڵ ئەو کەرەستە و شتانەی کە بێ زمانن یان کەسانی مردوون وەڵام نادەنەوە دەدوێت، واتە تەنها زانیاری و ڕووداوەکان دەخرێنەڕوو، لەپێناو گەیاندنی زانیاری زیاتر بە وەرگر و خوێنەر . بەوپێیەی کە ((هەموو گێڕانەوەیەک بریتیە لە کردەی گێڕانەوە بۆ شتێک، کە نابێتە کرداری گێڕانەوە، بەڵکو دەبێتە کرداری ژیان.))١

بۆ نموونە (سالم) شاعیر لە دەقێکدا بە شێوازی خۆدواندن، کە دەنگی هەڵدەبڕێت بە دوعا و پارانەوە، داوا لە پەروەردگاری دەکات بێت بەهانای ماڵ و موڵکی میرنشینی بابانەکانەوە، چونکە بێرەواج ماوەو خەریکە لەناو دەچێت، کە دەڵێت:

*خودایا موڵکی بابان بێڕەواج و قەڵبە سا لوتفێ*

*بە ئیکسیری وجودی ئەو بکا وەک موو بەها پەیدا* (سالم : ل١٩)

هەروەها (بێخود)ی شاعیر لە دەقێکدا نزیک لە شێوازی دیالۆگ و گێڕانەوەی ڕووداوی کۆچکردنی شاعیر و نووسەر(خاڵ) لەگەڵ کەسی بەرامبەردا، وەک کەسێکی وەهمی و نائامادە و گوێگر گفتوگۆ و ئامۆژگاری دەکات، کە هیچ

---

*مێژووی کۆچی دوایی (شکری سعید ئەفەندی نائیب) لە کەرکووک لە(١٩٣٥)زاییندا بووە. دیوانی بێخود (مەلا محمودی مفتی)، کۆکردنەوە و ڕێکخستن: محمدی مەلا کەریم، چ. دووهەم، چا. شڤان، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٤٣

١یادگار لەتیف شارەزووری،٢٠١٥، ل١٣٣

وەڵامێکی لێچاوەڕوان ناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە بەڵگەو نموونەوە دەدوێ، ئەمەش وەک خۆدواندنێک دەردەکەوێت، کە دەڵێت:

*برا، خۆ تۆ لەلای خۆت مەخزەنی عەقڵ و کەماڵاتی*

*کەچی تا دەولەمەن تر بی فەقیر و سواڵکەرو لاتی*

*بە تەحریکی هەوا دێیت و دەچی چەشنی شەپۆلی ئاو*

*سەراپا غەرقی گێژاوی غەم و بەحری خەیاڵاتی*

تا دەگاتە:

*سولەیمان کوا نگین و ئاصەف و عفریت و بەڵقیسی؟*

*سکەندەر کوا شکۆە و تەپڵ و بەیداخ و موهیماتی؟*

*برا ناپرسی جارێ: چی بەسەرهات حالی کەی خوسرەو*

*تەمیزێکت نێ یە تا تێ بگەی لە کوێ یە میرئاتی* (بێخود: ل١٠٧-١٠٨)

لە کۆتاییدا بەشێوازی خۆدواندن و پاڕانەوە لە پەروەردگاری و هیواخوازی بۆ نەوەکانی کۆچکردوو گێڕانەوەکەی کۆتایی دێت، دەڵێت:

*بە حەققی ئاە و ناڵەی ڕۆژو گریانی سبەینانی*

*بە شۆری نیوەشەو پاڕانەوە و سۆزەی موناجاتی*

*فەلەک پڕ گریە بێ تا چاوی هەوری لێڵ و تاریکی،*

*زەمین پڕ خەندە بێ تا لێوی غونچەی باخ و باخاتی،*

*بەسەر ئەحفاد و ئەتباعی ئەوا بارانی لوطفی خۆت*

*بەخورڕ برژێنی یارەب ، نەک وەکوو جەد، بەڵکو صەد قاتی* (بێخود: ل١١٠)

هەروەها لە دەقێکی شیعری تردا (بێخود)ی شاعیر بە گێڕانەوەی چۆنێتی هاتنی نامە لە ڕێگەی شنەبای نیوەڕۆوە وەک کەسێکی نامەبەر، کە لەلایەن (نووری مەلا مارف)ەوە نووسراوە، دەکاتە خوشکەزای شاعیر، پاش مەدح و سەناکردن، لە

پەروەردگاری داواکارە بیپارێزێت، بە شێوازی مۆنۆلۆگ لەگەڵ خۆی دەدوێ و پاشان بەهۆی خۆدواندن و گەڕاندنەوەی هونەری پاڕانەوە و دوعاکردنەکانی دەگێڕێتەوە، کە دەڵێت:

*صەبا دوێنێ لە وەختی نیوەڕۆدا قاقەزی هانی*

*لەپشتی ظەرفەکەی نووسرابوو: بۆ بێخود، سلێمانی*

*کە ظەرفم کردەوەو چاوم بە ئمضای سەروی (نووری) کەوت*

*وەکو بولبول خەیاڵم کەوتە سەر ئەوجی غەزەل خوانی*

*لەپاش حەمدو ثەناو شوکرو سوپاسی حەضرەتی بێچوون،*

*لەپاش صەلوات و تەسلیمی شەفیعی ئوممەتی جانی،*

*وتم: ئەی خەطط و خامەت میل و سورمەی چاوی مەهجووران*

*وتم: ئەی بۆیی نامەت بۆیی جامەی ماهی کەنعانی*

تادەگاتە:

*ڕووەو بەیتی خودا ئەڵێ دائیم لەسەر بەرماڵ*

*لە وەختی پاش و پێشی نوێژی ئێوارە و سبەینانی*

*خوداوەندا بە جاهی خۆشەویستی خۆت بەدوری کەی*

*لە ئاسیب و بەلا ئەم خوشکەزایەم خۆی و خزمانی* (بێخود: ل١٢٣-١٢٤)

هەروەها گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە ڕێگەی مۆنۆلۆگ و شەپۆلی هۆش، واتا لەکاتی بێ ئاگاییدا، لە دەقی شیعری شاعیرانی کلاسیکدا بەدیدەکرێت، وەک پێویستییەک و لەڕووی لایەنە هونەرییەکەوە، بۆ نموونە (سەیید ئەحمەدی نەقیب)ی شاعیر لە دەقێکدا دەڵێت:

*لە مەعنادا یەزیدم دی ووتم مەنفوری دنیاو دین*

*لەگەڵ ئالی نەبی دا بۆچی خەصمی جانی؛ جانی!*

*ووتی مەنعم مەکە قوربان کە جارێ ڕوحی ناپاکم*

*ملی بشکێ بە میوانی کە ڕێی کەوتە سلێمانی* (سەیید ئەحمەد نەقیب: ل٩١)

لێرەدا شاعیر بە گێڕانەوەی خودی و شێوازی دیالۆگی ناراستەوخۆ و شەپۆلی هۆش بەشێوەی گەڕاندنەوەی هونەری یان بە خەیاڵ، ڕووداوێکی مێژوویی سەردەمی ئیسلامەتی دەگێڕێتەوە لە ڕێگەی کەسی (یەزید) و بەشێوەی ڕەخنە و پلار لە ڕەوشت و هەڵسوکەوتی ئەو کەسانەی بوونەتە هۆی ئەم ڕووداوە، لە کوشتنی حەزرەتی(حسێن) و نەوەکانی بنەماڵەی پێغەمبەر(د.خ). وشەی (سلێمانی) لە ڕووی هونەری ڕوونبێژییەوە، خوازەیە کە مەبەستی بەشێکە لە گشت، واتا دانیشتوانی سلێمانی مەبەستە.

ئەوەی لێرەدا دەکرێت ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە، کە ((مۆنۆلۆگ لە شیعردا ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕێت، کە شاعیر بۆ بەدەستهێنانی ئەو مەبەستانەی ئەوێتی، لەکوێدا شاعیر دەرفەتی هەبێت بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونەکان و هەست و وێژدانی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ، کە پشت بە کورت و پوختی و پێکهێنان و ڕووبەڕووبوونەوەی دەنگی لەگەڵ وەرگردا دەبەستێت،))١ ئەمەش بەجۆرێک کە ((مۆنۆلۆگ وەرگر ئامادە دەکات، بۆئەوەی گوێی لەو دەنگە شاراوە بێت، کە لە قوڵایی شاعیردا دەخولێتەوە، وە ئەم جۆرە کردنەبەر و داماڵینە، وەک ئەوەوایە کە ئێمە لەگەڵ خودێکدا ببین بەدەرلە خودی شاعیر، دیالۆگکردنمان لە ڕێی ئەو دەنگە دیالۆگییەوە، وەک ئەوەی بیرەکان جل و بەرگی کەسێتی کارای لەبەر کردبێت، بۆئەوەی بانگەواز بۆ خۆی بکات لە دەرفەتی ئامانجێکی هونەریدا.))٢

**سێیەم-تەکنیکی فرەدەنگی لە شیعری کوردیدا :**

فرەدەنگی کە پێچەوانەی تاکدەنگییە لە هونەری گێڕانەوەدا، شێوازێکی نوێی ئەم هونەرەیە لە ئێستادا، لە ژیانی مرۆڤایەتیشدا مێژوویەکی کۆنی هەیە، سەرەتا لە ڕووی زاراوەوە ((فرەدەنگی (Polyphony) لە بنەڕەتدا بۆ بواری مۆسیقا

---

١عبدالله أحمد عبدالله الوتوات، ٢٠١٧، ص ٥٨

٢المصدر نفسه، ص ٥٨

دەگەڕێتەوە. میخائیل باختین* کە دۆزەرەوەو داهێنەری ئەم زاراوەیەیە، لە مۆسیقاوە وەریگرت.))١، دواتر ئەم زاراوەیە گواستراوەتەوە بۆ بواری ئەدەب و ژانری (ڕۆمان )، بە جۆرێک کە هەر ئەو واتا و مەبەستە بگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا ((باختین تیورەکەی لەسەر بنەمایی (کەرنەڤاڵ، خەندە، فرەدەنگی) بونیاد ناوە))٢، کە لەبارەی ڕۆمانەکانی ڕۆمانووسی ڕووسی (دۆستویڤسکی) بەکاریهێناوە، دواتر لە چاپی دووەمی کتێبەکەیدا زاراوەی کەرنەڤاڵیشی بەتەواوی گەڵاڵە کرد.٣هەرچەندە زاراوەی فرەدەنگی ((لە دوو بەش پێکهاتووە، (Poly) بە واتەی چەندین، فرە، هەمەڕەنگ دێ، بەشی دووەم (phony) بە واتەی دەنگ دێت. بەڵام زاراوەیەکی تریش هەیە، زۆرجار بەکاردەهێنرێت، ئەویش (هترۆتۆنی-hetrotone)، کە بە واتای دەنگی جیاواز دێت))٤، هەروەها دەکرێت بڵێین بە واتای دەنگی کارەکتەرەکان و دەنگی سەربەخۆ و چەندین زمانی دێت.

هاتنە ناوەوەی ئەم زاراوەیە بۆ ناو بوارە هونەری و ئەدەبییەکان بە گشتی، کاریگەری گرنگی لە گۆرانکاری و پێشکەوتنیاندا هێنایەکایەوە، لە سەرەتادا ((... ژانری ڕۆمان بە تایبەتی نوێبوونەوە و پێشکەوتنی بە خۆیەوە دیت))٥، دواتر ژانرە ئەدەبی و هونەریەکانیتریش بێبەش نەبوون لەم پێشکەوتن و نوێبوونەوەیەدا.

---

* میخاییل میخاییلۆڤیچ باختین (١٨٩٥-١٩٧٥) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی واژەناسی لە زانکۆی ئۆدسا لە پێترسبورگ بەدەستهێناوە، یەکەمین ئەڵقەی (هاوڕێیانی هاوبیر)بە بەشداری چەند شاعیر و نووسەر پێکهێناوە، لەبارەی زمان و تیوری ئەدەبییەوە چەندین کتێبی نووسیوە، بڕوانە: میخاییل باختین،سەودای وتووێژ، و. بەختیار سەجادی، د. موکریان، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٤١

١محەمەد ئەحمەد حەسەن، تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو سالی (٢٠٠٠-٢٠١٠)، نا. ماستەر، سکوڵی زمان، ز.سلێمانی، ٢٠١٣، ل٦

٢ سەرچاوەی پێشوو،ل٧

٣بڕوانە: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاروەی ئەدەبی و رەخنەیی، بەڕێوبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، ٢٠١١، ل ٣٤٤-٣٤٦

٤هوجو لایختنتریت، الموسیقی والحضارة، ت: احمد حمدي محمود،القاهرة، ١٩٦٤،ص٣٦. وەرگیراوە لە : محەمەد ئەحمەد حەسەن، ٢٠١٣، ل٦

٥ سەرچاوەی پێشوو، ل٧

ئەم گۆرانکاریەش لە ئەدەبیاتی هەموو جیهاندا ڕەنگیداوەتەوە و هەر بەهەمان چەمک و مانا بەکارهاتووە، لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا زاراوەی (تعدد الأصوات)ە، کە بە (الرواية متعدد الأصوات) یان (الرواية البوليفونية) ناودەبرێت١. لە زمانی فارسیدا ئەم زاراوانە (رمان چند اوایی، مکالمەگری، چند صدایی)ی بۆ بەکاردێت، هەر واتای فرەدەنگی لەخۆدەگرن.٢ لە زمانی کوردیشدا زاراوەکانی ( چەند دەنگی، فرەدەنگی)، هەر بە واتای فەرهەنگی زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی دێت.

هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد، فرەدەنگی و تاکدەنگی دوو شێوازی دیاری تەکنیکی گێڕانەوەن، بەپێی بەکارهێنانیان لە بواری گێڕانەوەدا تەکنیکێکی تایبەتمەند دەبەخشنە بابەت و بەرهەمەکە، هەربۆیە((ڕۆمانی کلاسیکی یاخود ئەو ڕۆمانە هونەریەی بنیاتێکی لاسایکەرەوەی هەیە بە ڕۆمانی تاکدەنگی دادەنرێت، ڕەخنەگرانیش بە ڕۆمانی مۆنۆلۆگییان ناودەنێن))٣، کە بریتییە لە دەرکەوتنی تەنها یەک دەنگ لە گێڕانەوەدا، کە دەنگی حیکایەتخوان یا گێڕەرەوە دەبێت. ((گێڕانەوەی تاکدەنگی، گێڕانەوەیەکی بابەتییە. لێرەدا وەگێڕ هەموو زانیاریەک لەبارەی کارەکتەرەکان، شوێنەکان، ڕووداوەکانەوە بە خوێنەر دەدات))٤.

لەئێستاشدا، لە لایەن باختینەوە رۆمانەکانی (دۆستویڤسکی)کە بە ڕۆمانی فرەدەنگی دیاری دەکرێت، ((دۆستویڤسکی دروستکەری ڕۆمانی چەند دەنگی (Polyphone)یە، پۆلێنێکی نوێی ڕۆمانی بە شێوە جەوهەریکە دۆزیوەتەوە))٥، باختین وەک سەرەتایەک بۆ جیاکردنەوەی دەنگی کەسەکان و بەشدارپێکردنیان لە گێڕانەوەدا، تەکنیک و بنیاتێکی نوێی بۆ هونەری گێڕانەوە داڕشت، کە((پشتی بە

١فاضل ثامر، الصوت الأخر،دار الشؤن و الثقفة العامة، بغداد، ١٩٩٢،ص٢٠

٢جمال میرصادقی و میمنت میرصادقی، واژەنامە هنر داستان نویسی، چ.دوم، کتاب مهناز،١٣٨٨،ص١٥٠. بڕوانە:محەمەد ئەحمەد حەسەن، ٢٠١٣، ل٧ لەگەڵ : ناز ئەحمەد سەعید، ئەڤین ئاسۆس حمە، ٢٠١٨، ل١٦

٣جميل حمداوي، الرواية البوليفونية أو الرواية المتعددة الأصوات، https://www.alukah.net/publications_competitions/١١٠٢٧/٣٩٠٣٨/

٤محەمەد ئەحمەد حەسەن، ٢٠١٣، ل١٠

٥تأ: م. ب. باختين، قضايا الفن البداعي عند دوستويفسكي، ت. جميل نصيف التكريتي، مراجعة:حياة شرارة، ط. الاولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦،ص١١

بنەمای دیالۆگ بەست))١، لە ئەنجامدا تەکنیکی ڕۆمانی فرەدەنگی دیاریکرا، کە ((پشت بە چەندین گۆشەنیگا و هەڵوێستی فیکری و تێڕوانینی ئایدۆلۆژی جیاواز دەبەستێت، زەمینەسازی لەسەر زۆری کەسێتی (کارەکتەر) و چیرۆکبێژ و گێڕەرەوە و وەرگر یا خوێنەر دەکات، جۆراوجۆری لە شێواز و داڕشتن دەکاتە بنەما، هەروەها سوود لە پلەبەندی وەردەگرێت و کرۆنۆتۆپ (یەکەی شوێن و کات) بەکاردەهێنێت، فەزا (شوێنکاتە) جەماوەرییە کەرنەڤاڵیەکان کارادەکاتەوە))٢. بەمشێوەیە چەمکی فرەدەنگی واتای نوێ و تێڕوانینی ڕەخنەگرانەی بە هونەری گێرانەوە بەخشیوو و چەند پێناسەیەکی بۆ کراوە٣، لە زۆرینەیاندا جەختکراوەتەوە سەر ئەوەی کە فۆرمێک و شێوازێکی نوێی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکاندا پەیڕەوی کراوە، شێوەکانی پێشتر وەلانراوە و سەربەخۆی و ئازادی زیاتر بە ڕەگەز و شێوازەکانی گێڕانەوە(گێڕەرەوە، کارەکتەر، گۆشەنیگا ، ئایدۆلۆژیا ، دیالۆگ و ....هتد) دراوە.

هەربۆیە گواستنەوە و بەکارهێنانی ئەم هونەرە لە تەکنیکی شانۆ و دراما و شیعردا دەبینرێت، نموونەی شیعری فرەدەنگی لە شیعرێکی حەمدی شاعیردا بەدیدەکرێت، کە لەم شیعرەدا شاعیر ستایشی مەلیک فەیسەڵی کردووە و بەهۆی سەردانیکردنی مەلیک بۆ شاری سلێمانی و گێرانەوەی ڕووداوەکان بە شێوازی وەسفی و دیالۆگکردن و مۆنۆلۆگدا دەردەبڕێت، کە ڕێوڕەسمی پێشوازی کردنی لە لایەن جەماوەر و خۆشیدەربڕینی شاعیر و خەڵکەکە لە بەرامبەریدا ، بە ڕازانەوەی شار و گوڵاڵەی ئاڵ و واڵا بەزمی خۆشی نۆشین ، تەقەی سەلام و دەنگی مۆسقا و دەهۆڵ و کۆبوونەوەی جەماوەری و ڕێوڕەسمی پێشوازی و لە ڕیزبوونی ئۆتۆمبیل و دیالۆگکردن (وتی وتیان) هەموو ئەمانە دیمەنی کەرنەڤاڵی و دەنگ و ڕەنگی جیاوازن، بەم شێوەیە دەڵێت٤:

*زەمین ئارایشی خۆی داوە بۆتە ڕوومەتی دولبەر*

١ناز ئەحمەد سەعید، ئەڤین ئاسۆس حمە، ٢٠١٨ ، ل١٦

٢جمیل حمداوي، https://www.alukah.net

٣بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سەرچاوە بەکارهاتووەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

٤دیوانی حەمدی (ئەحمەد بەگی صاحێبقران)، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، چ.یەکەم، بلا. چا. ئۆفسێتی سەرکەوتن، سلێمانی، ١٩٨٤،ل ١٦٠-١٦١

به ئاهستەی هەوا ئەیکا دەماغی عالەمێ موعەططەر

گوڵاڵەی ئاڵ و واڵا وا لە دەورەی بەزمی عالەمدا

لە شەونم پیاڵەیان پڕکردووە وەک ساقیی کەوثەر

تا دەگاتە:

لە حیرەتدا وتم : ئەم کائیناتە بۆچی خۆی گۆڕی؟

بە هاوین ئەم زەمینە چۆنی دەرکرد سەوزە وەک مووی سەر!

زەمین و ئاسمان کەوتوونەتە ئیستیرقابی تەنویرات

خەلا یەکبارە نوورە ، ناکرێ فەرقی مونەووەر

تەقەی طۆبی سەلام و دەنگی مۆسیقا و دەهۆڵ یەک کەوت

وەهام زانی سولیمانی ئەبێتە جەننەت و مەحشەر

کە گوێ ئەگرم بە جارێ هات هاتی کەوتە ئەم خەڵقە

کە هات چی تاجدارێ بەرق ئەدا جەبهەی میثالی خۆر

وتم کێیە ئەمە ئەم حیشمەتە لەم حەشرەدا وتیان

ئەمە شاهی عێراقە و ئەشرەفی ئەولادی پێغەمبەر

مەلیک ذاتی جەلیل و ئەقدەسی فەیصەڵ کە مەعقوولە

بە شیرین عەبدی بێ خەسرەو ببێتە نۆکەری قەیصەر

شەهنشاهێکە ئەیوانی بەرابەر طاقی کەیوانە

جیهاندارێکە دەرگاهی بەسەر بەحرو بەڕا ناظیر

بەسەر عەرشی عیراقا هەر بمێنێ سایەیی عەدلی

هومائاسا لەسەر سەرمان خوایا ڕاگرێ شەهپەر

مەلیک وا عالیم و عادیل بە مەجمووعی خە صائیل بێ

*فەخر نابێ بە ذاتی ئەو ، نەکا تاج و نەکا ئەفسەر*

*لە ئەوصافی جەلالەت ڕامەدە (حەمدی) قەڵەم چونکە*

*بە تووڵە ئوتومبێلی خەیاڵت نەک ببیێ پەنچەر* (حەمدی: ل١٦٠-١٦١)

هەروەها (حاجی قادری کۆیی) شاعیر لە دەقی (گوتم بە بەختی خەواڵوو)دا، کە (٥٦)پەنجا و شەش دێڕە شیعرە، وەک دەقێکی فرەدەنگی و فرەڕەنگی کەرنەڤاڵیەت لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، گێڕانەوەیەکی خودییە و بە هۆی مۆنۆلۆگ و شەپۆلی هۆشەوە واتا لە کاتی بێئاگاییدایە، لەگەڵ (بەختی خەواڵوو) دەدوێت، پاشان کاتێک دەڵێت (جوابی دامەوە، لە خەو هەستان)ئەچێتە حاڵەتی ئاگایی و وەڵامدانەوە بە شێوەی دیالۆگی ناراستەخۆ، هەر لەهەمان کاتدا وەسفکردنی سروشت و بوونەوەرەکان و دەرخستنی کەسەکان بەهۆی شێوازی وەسفی و سەرەتا ، پاشان لە کاتی بە ئاگابوونەوەدا هەوڵدەدات لەڕێگەی هۆشیارکردنەوە و ئامۆژگاریکردن و ڕێنیشاندانی کوڕان و برادەرانی وڵاتەکەیەوە، بە شێوەی خۆدواندنی ڕاستەخۆ ئاراستەیان دەکات، کە هەرچەندە ئەم داستان و حیکایەتە کۆتایی پێنەهاتووە، بەڵام بە شێوازی پاڕانەوە و داواکردن و بە هۆی شکاندنی نووکی خامەکەیەوە کۆتایی پێدێنێت، کە دەڵێت:

*گوتم بە بەختی خەواڵوو بەسە ئەتۆبی خودا*

*لە خەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەولا*

*گوڕەی بەهاریە ئێستێکە شاخ و داخی وڵات*

*پڕە لە لالە و نەسرین و نەرگسی شەهلا*

*لە گرمەگرمی سەحاب و لە هاژەی باران*

*چیایە پڕ لە هەرا و نواڵە پڕ لە سەدا....*

پاشان لێرەدا کە بە ڕێگەی وسفە دەڵێت:

*لە حیلە حیلی کەحێل و لە باڕە باڕی مەڕان*

*لە دەنگی قوڕەیی گاجووت و بۆڕەیی مانگا*

*لە گورگە لوور حەپەی سەگ لە قارە قارِی بزن*

*لە عەکسی دەنگی دووبارەی کە دێتەوە لە چیا*

*لە ئۆحە ئۆحەی گاوان و قیرە قیرِی شوان*

*لە بگرە بەردی کابان دەبێتە حەشرو حەلا....*

لێرەدا دیالۆگی نارِاستەوخۆیە ، دەڵێت :

*لە پاش ئەم هەموو داستانە بەختی خاب ئالوود*

*میسالی ئەژدەری نوستوو بە رِق لە خەو هەستا*

*جەوابی دامەوە، ئەمما جەوابەکی وا رەق*

*نەما مەجالی مەقال و موباحەسە لەم لا*

*گوتی هەتاکوو خەزان و بەهار و زستانە*

*مەداری عەیشی مەوالیدی عالەمی غەبرا....*

پاشان بەردەوامە و دەڵێت:

*خولاسەی قسە، ئێتێکە مەسڵەحەت ئەمەیە*

*بڵێی بە وەجهی نەسیحەت، بە کاغەز و ئینشا*

*ئەمان کورِانی رەفیق و برادەرانی وڵات*

*بە ئێوە هەرکە گەیی ئەم کەلامی بێ سەروپا*

*لە پاش ئەوەی کە تەسیحە و موتاڵەعەی بکرێ*

*بە یادی من لەبەری کەن لە رِووی میهر و وەفا....*

لە کۆتاییدا بەهۆی خۆدواندن و پارِانەوەیە دەڵێت:

*ئیلاهی نەیخەیە بەر چەنگی مەندەبووری لەئیم*

*نقوودی حاجی کە نەیدیوە خوسرەو و دارا*

*ئومێدی وایە نەسیبی کەریمەکەی وابێ*

*بە خێری دایکی و بابی لە ڕێی خودا بیبا*

*گەلێ قسەم لە دڵا بوو حیکایەتم مابوو*

*کەچی لە بەختی کەچم خامە نووکی لێرە شکا* (حاجی: ل٣٩-٤٧)

**٢-دیالۆگ و کەسەکان:**

کەس توخمێکە لە توخمە هونەرییەکانی بنیاتنانی دەقێکی گێڕانەوەیی، بە تایبەتی ((بوونی کارەکتەر لە هەموو دەقێکی ڕۆماندا، یەکێکە لەکارە لە پێشین و بنەڕەتییەکان و ڕەگەزە دیارو جێگیرەکانی نێوبنیاتی فۆرمی ڕۆمان، چونکە دەبێتە هۆی پێکەوە گرێدان و بەستنەوەی سەرجەم ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دیکەی ڕۆمان و ڕۆڵی گێڕانەوەی سەرجەم ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێو ڕۆمانەکەشی دەکەوێتە سەر.))١

جگەلە ڕۆمان لە ژانری چیرۆکیشدا، کەس ڕەگەزێکی چەقی و پڕ بایەخە، کە بەهۆیەوە گشت هەست و خواست و بابەتەکان دەخرێتەڕوو، ((بۆیە دەکرێت بە دڵی دەقی دابنێین کە خوێن بۆ هەموو ئەندامەکانی دیکە دەنێرێت لەبەرئەوەی هەموو دەمارەکانی پێوەبەستراوە))٢، لێرەشدا ڕەگەزە گێڕانەوەییەکانی (ڕووداو و کات و شوێن و دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و ململانێ...) کەسەکان پێکەوە دەبەستێتەوە و بە هۆکارێکی گرنگی گەشەسەندن و زیندوێتی دەق و ڕووداوەکانی ناو دەق دادەنرێت، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو ڕۆڵانەوە کە وەک تاکێک لە ژیانی ڕۆژانەدا بەرجەستە دەکرێت، هەموو ئەو ڕۆڵانەش پەیوەستە بە کەسایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەوە و خاوەن پێگەی تایبەتن و بەو پێگانەوە دەناسرێنەوە، بەم پێیە لە نێو دەقەکاندا ((لە بری ئەوەی باس لەو پێگەو ڕۆڵانەیان بکرێت، ناوی کەسایەتییەکان دەهێنرێنە ناو دەقە ئەدەبییەکانەوە،... واتە دەکرێ یەکێک لە ڕۆڵەکانی، یان چەند

---

١عەتا ڕەشید حسێن، ٢٠١٦، ل٤٥

٢ کانیاو بکر عبدالله، کۆتایی ڕووداو لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ساڵانی (١٩٩٠-٢٠٠٠)، نا. ماستەر، کۆ. زمان، ز. سلێمانی، ٢٠١٦، ل٤١-٤٢

ڕۆڵێکی لەو دەقەدا بەکاربهێنرێت، دەکرێ سیمای ناوخۆیی، یان بونیادی دەرەکی کەسایەتییەکە پیشانبدرێت))١.

جگەلە چیرۆک و ڕۆمان، لە دەقی دراما و شانۆدا کەس (ئەکتەر) ڕۆڵی گرنگ و کاریگەریان هەیە، بە جۆرێک بە هەمان شێوەی چیرۆک و ڕۆمان بە یەکێک لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی دراما، لە دەرخستن و باسی ژیانی کەسەکاندا دادەنرێت، ئەمەش وەها دەکات نووسەری دەقی دراما بەبێ بوونی کەس ناتوانێت هیچ هەنگاوێک بنێت بۆئەوەی بە ئەنجام بگات، واتە کەس بە هەردوو جۆرەکەیەوە (کەسی سەرەکی و کەسی لاوەکی٢) ئەرک و ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و بەرەوپێشبردنیان و گەیشتن بە ئامانج و مەبەستی دیاریکراوی نووسەر دەگێڕن، هەربۆیە ((لە دایکبوونی دراما، لە ئەستۆی کەسەکاندایە))٣، کەسەکان بەهۆی دیالۆگەوە لە پەیوەندیدان و وەک بەهێزترین ئامێری پەیوەندی بۆ گۆڕینەوە و گواستنەوەی زانیاری و بیروبۆچوون و هەڵچون و هەستەکان بەکاردەهێنرێت، ئەمەش کاتێک دروستانە دەستەبەر دەبێت کە قسەکەر و گوێگر وەک کاراکتەر پەیوەندییەکی بێگرێگۆڵ بە واتە پەیوەندییەک لەسەر بنەمای تێگەیشتن بهێننەئاراوە و لە ڕێگەی دیالۆگەوە جەمسەرەکانی پەیوەندیکردن پێکەوە ببەستنەوە.

تایبەتمەندێتی کەسێتییەکانی کەس بەهۆی کردەی دیالۆگەوە بەرجەستەدەکرێت، ئەم تایبەتمەندیانەش هەریەک لە بەکارهێنانی زمان، ئاستی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و تێڕوانینی ئایدۆلۆژی و تەنانەت لایەنی دەروونی و ڕەوشت و هەڵسوکەت دەگرێتەوە، چونکە زمانی ئاخێوەر لە شێوازی دیالۆگدا دەربڕی ئاستە جیاوازەکانی بە ئاگابوون و لایەنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کۆمەڵگاکەن، کەلە دەقێکی ئەدەبی پەخشانیدا ڕەنگدەداتەوە.

---

١ لوقمان رەئوف، دەقی شیعری کوردی لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە(١٩٥٠-١٩٧٥)کرمانجی خواروو،چا. حەمدی، بلا. دەزگای ئایدیابۆ فکرو لێکۆڵینەوە،٢٠١٦، ل٣٥٦

٢عەتا ڕەشید حسێن، بنیاتی دەق لە درامای کوردیدا ١٩٧٠-١٩٩١ (ڕاپەڕین)،نا. دکتۆرا، فەکەڵتی پەروەردە/کەلار، ز. سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٣٩

٣پەروین عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ل٣٥

دیالۆگ، جگەلە دەقی پەخشان لە دەقی شیعریشدا ئەرک و ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر دەبینێت، لەڕووی هونەری گێڕانەوەوە بەهۆی بوونی ئەو پەیوەندیەی دیالۆگ بە ڕەگەزی کەسەوە، هەروەک یەکێک لە ئەرکەکانی دیالۆگ دەرخەری بینای کەسەکانە، بەجۆرێک لە شیعردا ((ڕوو لە بیناکردنی هەست و سۆزێکی دیاریکراو دەکات، جیاکردنەوەی کەسەکە یان سیفەتێک لە سیفەتەکانی، هەروەک چۆن دیالۆگ بۆ شیعر زیاتر گونجاوە، لەبەرئەوەی پشت بە کورتی و چڕی لەدەربڕین دەبەستێت.))١

ئەم کورت-دەربڕینەش تایبەتمەندێتی گێڕانەوەیی بە کەسی شیعر دەبەستێت، هەروەک بەرجەستەکردنی کەسێتییەک لە شیعردا لەپێناو ((وێناکردنی بونیادی واتایی و نیشانەی دەقە شیعریەکەیە، بەوەی کەسایەتییەکە هۆکاری بەرهەمهێنانی کۆمەڵێک دەلالەتی جۆراوجۆرە، یاخود لەناو کەسیەتیەکەدا کۆمەڵێک بابەت بەیەکەوە پەیوەستدەکات، بەمەش کەسایەتی لە دەقی شیعرییدا، بریتییە لەو دەنگە شاراوانەی، کە دەنگ و پەیامە نەگوتراوەکان تەواودەکات.))٢ ئەمەش بە چەشنێکە کە ((جینێت پێی وایە گێڕانەوەی ڕووداو بە شێوەیەکی پەتی بێلایەن، بوونی نیە، هەردەم بوون و هەبوونی مرۆیی تێکەڵ بە زەمەنی پەیوەست بە هەردووکیانەوە، ڕۆڵیان لە هەموو چالاکیە گێڕانەوەکاندا هەبووە، چونکە گێڕانەوەی ڕووداو بە هەر دارشتنێک ئەنجامبدرێت، هەر گێڕانەوەیە، واتە گواستنەوەی شتێکی نازمانی ( یاخود گریمانەی نا زمانی بوونی لێدەکرێت) بۆ زمانیی. بۆیە گواستنەوەکە و لاسایکردنەوەی ئەوەی ڕوویداوە، بە بێ کەسی گوێزەر کە گێڕەوەیە ئەستەمە بوونی هەبێت، کەواتا کاری گواستنەوەکە پێویستی بە نێرەرێک و وەرگرێک هەیە. جینێت دەڵێت: هیچ گێڕانەوەییەک بەبێ گێڕەو پاشان دانەر، بوونی نیە))٣، ئەمەش هۆکارە بۆ چۆنێتی ناساندنی گێڕانەوە لە نێو دەقە فرەچەشنەکانی ئەدەبدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی کاری گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو دەقە ئەدەبیەکان، گوزارشت لە ئەزموونی کاروچالاکی و ژیانی کەس و کۆمەڵگە، بەمپێیە ((هەندێ لەو

---

١ محمد سعید حسین مرعی، الحوار في الشعر العربي القدیم (شعر امرئ القیس أنموذجا)، م. جامعة تكریت للعلوم الإنسانیة، مج. ١٤، ع. ٣ ، نیسان ٢٠٠٧، ص٧٦

٢ لوقمان رەئوف، ٢٠١٦، ل٣٥٧

٣یادگار لەتیف شارەزووری، دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی، چ.یەکەم، چا. هێڤی، هەولێر،٢٠١٥، ل١٣٤

کەسایەتییانە دەبنە بەشێک لە ئەزموونی ژیانی شاعیر، هەندێکیشیان لە شیعرەکاندا بە خۆیان و وێنە شیعرییەکانیانەوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو خەونانەی کە مەبەستیان بووە بەدی بهێنن، بەڵام نائومێدی لە بەدینەهاتندا بنیاتی شیعرەکە بەهێزتر دەکات، کۆمەڵێ لە کەسایەتییە شیعرییەکان دەبنە وەزن و قافیەی شیعرێک کە خەونیان پێوە بینیووە، زۆربەی شاعیرەکان شیعری ژیانیان گوتووە و زۆربەی هونەرمەندان وێنەی ژیانیان کێشاوە))١.

کەس لە شیعری کوردیدا، پتر کەسایەتییەکی شیوەنگێڕ بووە، یان کەسێتییەک بووە کە لە کات و سەردەمی خۆییدا شتێکی لەدەستداوە و لەکاتی ئێستادا بە دوای دۆزینەوەیدا وێڵە، نەک کاراکتەرێکی خاوەن ئامانج کە ڕۆڵێکی ئاسایی پێبدرێت، یاخود (( کەسایەتییەکان بریتی بن لە جێدانان و هەستانی ئەو کەسایەتییە بە ئەنجامدانی پاڵەوانێتی، زۆربەی ئەو کەسایەتییانەی کە خراونەتە نێو شیعرەوە، کەسایەتی تایبەت بە سەردەمە بەسەرچووەکانن و هاتوون لە نێو شیعردا بوون بە پاڵەوان و نموونەی داستانی سەردەم، ئەو شاعیرانەی کە کەسایەتییان خستووەتە نێو شیعرەوە هاتوون بیرەوەری و بیۆگرافیای کەسایەتییەکانیان کردووە بە شیعر،))٢ بەمپێیە روئیای کەسێتییەکان و خەون و خولیاو روانینیان بۆ ژیان دەبنە بنەمای بەرهەمهێنانی دەقی شیعرێک کە لە ڕێگەی دیالۆگەوە خواستەکانیان دەگەیەنرێتە خوێنەر، بۆ نموونە لە شیعری کلاسیکدا (( بەکارهێنانی کەسایەتییە ئاینییەکان، کەسایەتییە ئەفسانەکییەکان، وەک بەکارهێنانی کەسایەتی شێخی سەنعان لای فەقێی تەیران و کەسایەتی سۆفییەکان لای مەلای جزیری و کەسایەتیی مەم لای ئەحمەدی خانی و کەسایەتی حەبیبە لای نالی و دەیان نموونەی تر))٣ دەبینرێت.

لەڕووی هونەری شیعرییەوە (فەقێ تەیران) بەرهەمی چیرۆکی شیعری (ئیپیک/ئیپۆس)ی (شێخ سەنعان)ی داناوە، کە لەسەر بنەمای توخمی گێڕانەوە داڕێژراوە، بە جۆرێک ((ئەم هونەرە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە مێژوویەکی کۆنی هەیە،

---

١سەڵاح حەسەن پاڵەوان، شیعری کراوە (لە ئەزموونی شیعری نوێی کوردیدا)، چ. یەکەم، چا. ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل٤٧

٢سەڵاح حەسەن پاڵەوان، ٢٠١٠، ل٤٩

٣سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

شاعیرانی کورد ئەوانەی  پەیڕەوی کێشی خۆماڵی و ئەدەبی میللییان کردووە، بۆ داڕشتنی بیر و خەیاڵ و ئەندێشە و تێبینیان بەرامبەر بە ژیان بەکارییان هێناوە، بەوپێیەی ئەم هونەرە لەسەر بنەڕەتی توخمی ڕووداو و گێڕانەوە و ناوەڕۆکی بابەتی دڵداری و کۆمەڵایەتی و ئایینی و سۆفیزم ....هتد بنیات دەنرێت، کە گیانێکی داستانی (مەلحەمی) تێدابێت.))١ ناوەڕۆکی چیرۆکە شیعرییەکە لەبارەی بیروباوەڕێکی سۆفیزمی سەرووی نەتەوە و ئایینەوەیە، بەڵام وەک داهێنانێکی هونەری فەقێ تەیران لە ڕووی ڕووخسارەوە شێوەیەکی نەتەوەیی و ئایینی بە پاڵەوانەکانی چیرۆکەکەی بەخشیوە، بەوەی شێخی سەنعان وەک (عاشق)ێکی موسڵمان و سۆفییەکی کورد، کیژەکەش وەک (مەعشووق یا مەعشووقە) سەربە ئایینی ئەرمەنی یا کچە گاورە، ڕووداو و بەسەرهاتی ئەم شێخە دەگێڕێتەوە، لەکاتێکدا  پلە و ئاستی لە ڕێکخراوی پراکتیکی سۆفیزمدا، پلەی ڕێبەری پێنسەد سۆفی و موریدی هەبووە.٢ کە دەڵێت:

*شێخەک هەبوو سەنعانیان*

*سەرداری پانسەد سۆفیان*

*چووبوو مەقامێ ئەولیان*

*دایم د زیکر و تاعەتێ*

لە ترۆپکی ڕووداو و ململانێی کەسەکاندا ((گفتوگۆ دەکەوێتە نێوان سۆفیان و شێخ، لە ئەنجاما سۆفییان ڕاستییان بۆ دەردەکەوێ کە عەشقی شێخ عەشقێکی پاکە))٣، دەڵێت:

*ئەو سۆفی بە ئەوراد و دەف*

*وان مەجلیسەک دانی ب شەڤ*

*شێخ سەحەرێ چەهڤ چوونە خەڤ*

---

١مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب. دووەم، چ. یەکەم، بلا. ئاراس ژ. ١٤٣، چا. وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل١٧٣

٢مارف خەزنەدار، ٢٠٠٢، ل١٧٥

٣سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

*زوو دی شەفیعی ئوممەتێ*

*ڕووحی وی دی زاتی ڕەسوول*

*مزگینیا تە بوو قەبوول*

*ئیرۆ بدە خەلقی مەلوول*

*دا سەح بکن کەرامەتێ*

*داهوون نەبێن شێخ کافرە*

*زێر باتینە زیڤ زاهیرە*

*ژ هەردوو وجوودان تاهیرە*

*عەشقی برە توو هوورەتێ*[1]

هەروەها (مەلای جزیری) وەک شاعیرێکی سۆفی لە دەقە شیعرییە چوارینەکانیدا، وەک کەس هەرچەندە وێنە و وەسفی ڕووکەشی یارەکەی دەکات، بەڵام لە دیدو هەستێکی سۆفیزمی ئیسلامییەوە دەبینرێت، جگەلەوە مەلای جزیری دوو دیالۆگی شیعریی داناوە، یەکێکیان دیالۆگکردنی مەلا لەگەڵ میر (عیمادەدینی جزیری)ی میری بۆتانە، ئەویتریان دیالۆگکردنی مەلا لەگەڵ فەقێ تەیرانە، کە دیالۆگی دوو کەسی شاعیرە و شەقڵی تایبەتی شیعری هەریەکەیان و ڕەهەندی بیرو خەیاڵی سۆفیزمی تیادا ڕەنگدەداتەوە، دیالۆگە شیعرییەکان بە شێوازی ناوهێنانی کەسەکان داڕێژراوە، بۆ نموونە دیالۆگی مەلا لەگەڵ فەقێ تەیران، کە سەرەتا فەقێ دەڵێت:

*فەقێ: سەلاما من حەقیرێ*

*سەدەفەک دڤێ تێکن*

*ئیرۆکە ل جزیرێ*

*حەققە کول (مەلێ) کن*

---

[1] مارف خەزنەدار، ٢٠٠٢، ل١٧٥-١٨٧

*هەلا کە ژ دەربا تیرێ*

*دەرمان هەیە کو لێکن*

*مەلا: سەلامێن مەلایکەتان*

*بی حەدد و بێ حسێبن*

*شوبهەتی ئاڤێن شەتان*

*ژ (مەلا) ل (میم و حێ) بن*

*هەلاکین ژ زەحمەتان*

*دەرمان ژ لام و بێ بن*[1]

پاشان (خانی) شاعیریش، کەس و پاڵەوانەکانی (مەم و زین)ی بە تەکنیکی چیرۆکی شیعری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریدا هۆنیوەتەوە، کە ناوەرۆکێکی خۆشەویستی و نەتەوەیی هەیە، تیایدا شێوازی گێڕانەوەی ڕووداو و دەرخستنی کەس و کات و شوێن و زمان، لە ڕێگەی وەسفکردن و هونەری دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و خۆدواندن و گەڕاندنەوەی هونەرییەوە دەخاتە ڕوو، بە هۆیەوە هەرسێ بەشی ڕووداو تا دەگاتە ئەنجام دیاریدەکرێت، هەروەها دیالۆگی کەسەکان لەگەڵ گیاندار و بێگیان وەک (مۆم، پەپولە، ڕووباری دیجلە، بای شەماڵ..)، کە ئەمەش وەک چەشنی دیالۆگی سیمبولی وێنا دەکرێت، جێگەی ڕاز و نیاز و نامەبەر، هەروەها مۆنۆلۆگکردن بە مەبەستی دەربڕینی هەست و سۆز و ناخی دەروونی شاعیر بە زمانی کەسی زین و دوا دیتنی مەم و پارانەوە لە خودا لەلایەن زینەوە، لە کۆتایی چیرۆکە شیعرییەکەدا خانی بە خۆدواندن و موناجات و ئامۆژگاری کۆتایی پێدێنێت، بۆ نموونە دیالۆگکردنی زین لەگەڵ میر زێندینی برایدا کە وەسیەتی بۆ دەکات، دەڵێت[2]:

*دەرحەقێ من و مەمێ نەکەی عار*

*گاڤا دەمرت مەمێ بریندار*

---

[1] مارف خەزنەدار، ٢٠٠٢، ل٢٩١

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٨-٣٦٩

*ئەز دێ ب جەنازەیێ وی ڕابم*

*حەتتا ڤە کە مەقبەران تەبا بم*

*وەقتێ دمرم بدەی تو دەستوور*

*دا من بکرن ل گەل وی مەستوور*

*من ژ ئالی وی دەربەدەر نەگێڕی*

*بێ پەردە دگەل وی من ڤەشێری*

*زینێ کو کرن وەسیەت ئاخیر*

*غائیب گەڕییا ژ دەردێ حازیر*

*میر گۆ: تو هەڕە مەمێ ببینە*

*گەر دێ مری بت ئەوی ڤەژینە*

*باوەڕ تو ب کە ب سیدیق و ئیمان*

*بوومە ل تەوو مەمێ پەشیمان*

*گەر هوون بمرن، وە گەر کو ڕابن*

*نابیت تو وو مەم ژ هەڤ جودابن*

هەربۆیە لە شیعریدا دەکرێت دیالۆگ بە پێی بنیاتنان و دەرخستنی کەسەکان و جۆری کەسە بەشداربووەکان وەک (قسەکەر/خود، قسەبۆکراو/کەسی بەرامبەر، قسە لەسەرکراو/کەسی سێیەم)دیاری بکرێت، بەمشێوەیە:

**١-دەرخستنی کەسی قسەکەر/ خود:**

لێرەدا مەبەست لە کەسی قسەکەر شاعیرە، کە یان دەربڕی هەست و خواستە ناوەکییەکانێتی، یاخود بەیانکەری رووداوەکان ، یان دوێنەری راستی و راستەقینە و واقیعی دونیاکەیەتی، ئەمەش بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە، کە شاعیر ((دیارترینی کەسەکانە لە دیالۆگدا لە جۆری خودێتی و ویژدانی/لیریکی، کە شیعری کۆن

گرنگی پێدەدات))١، ئەمەش بەهۆی دەربڕینی هەست و سۆز و ناخی کەسی قسەکەر، بەجۆرێک کەسەکە لە خود دەدوێت، دەبێتە هۆی ((دەرخستنی هەستە ناوەکییەکانی کەسەکە، پەردە لادان لەسەر هەست و سۆزەکانی، بەرامبەر ئەو ڕووداوانەی خۆی پیایتێپەڕدەبێت، یان بەسەر کەسانیتردا دێت، هەربۆیە لە گرنگترین ئەرکەکانی دیالۆگە، کە ناودەبرێت بە دانپیانان یان ئاشکراکردن، بە مەرجێک دەبێت لەخۆوە بێ و هیچ زۆرلەخۆکردن و دروستکراو نەبێت.))٢

هەربۆیە شیعری کلاسیکی کوردی کە زۆربەی شیعری لیریکی و خودیە، لە ڕێگەی مۆنۆلۆگەوە شاعیران هەست و سۆزی خۆیان بەشێوەی خۆشەویستی و لاواندنەوەو ستایش و پیاهەڵدان و تەنز و ڕەخنە ئامێز بەرامبەر بە ژیان و کەس و ڕووداوەکان دەردەبڕن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بابەتی بوونیش فەرامۆش نەکراوە و بۆیە هونەری گێڕانەوەو شێوازی دیالۆگیشی تیادا بەکارهاتووە.

بۆ نموونە (نالی)ی شاعیر لەم دەقە شیعرییەدا وەسف و پیاهەڵدان و ستایشی خۆی دەکات، لە وتنی قسەی خۆش و پڕمانادا، کە دەڵێت:

*بولبولی تەبعم ئەوا دیسان سەناخوانی دەکا*

*نوکتە سەنجی و ، بەزلە گۆیی و ، عەنبەر ئەفشانی دەکا* (نالی: ل٩٧)

هەروەها (سالم)ی شاعیر لەم دەقە شیعریەدا بەهۆی مۆنۆلۆگەوە و بە ناوهێنانی (ئیدریس) پێغەمبەر(س.خ)، کە وەک ئاماژە بۆکردنە لە کاری خواپەرستان، بەوەی کە بە هێندەی زیکرکردنی ئەو بۆ خوای خۆی ئەمیش ئەوەندە یادی یارەکەی دەکاتەوە، دەڵێت:

*دڵم تا جنتی وەصڵت طلب کا*

*دەبەم ناووت بەقەد تەهلیلی ادریس* (سالم : ل٧٤)

یان دەڵێت:

---

١سید مهدی مسبوق و شهرام دلشاد، الحوار في شعر أبي نواس ((صيغه، أنواعه، ووظائفه))، م. الجمعية الإيرانية للغة العربية و آدابها، فصلية علمية محكمة، ع. ال٣٨، ربيع ١٣٩٥ه.ش، ص١٢

٢محمد سعيد حسين مرعى، ٢٠٠٧، ص٧٦

*وەک یهود دنیا گرێی وادا لە ڕێشتەی طالعم*

*حضرتی ادریس بەناخون سعی کا ناکرێتەوە* (سالم: ل١٣٣)

لەگەڵ ئەوەشدا (سالم)ی شاعیر بابەتی نەمری وەک بابەتە ئەفسانەییەکەی داستانی سۆمەری (گلگامێش)، وەک کەس دەکاتە ناوەرۆکی دەقێکی شیعریی و بە گێڕانەوە و شێوازی مۆنۆلۆگ تەنها ناوی دەهێنێت، دەڵێت:

*بە دەمتان ناوی من هات و دەبێ سکی أبد لێدەم*

*دەمێنێ تا أبد ناوم لە ناو ئاوی بەقادا بوو* (سالم: ل١١١)

هەروەک (وەفایی) شاعیریش بۆ دەربڕینی هەستی پەنگخواردووی ناخی و لە بۆ یار و خۆشەویستەکەی دەکەوێتە ئاخ و هاوار و هەڵڕشتنی خەم و ئازاری بێ بەختی و چارە ڕەشی، بەهۆی مۆنۆلۆگەوە لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و دەڵێت:

*گا دەسوتێم گا دەگرییێم غەرقی ئاو و ئاورم*

*ئاخ لەبەر بەختی سیا! نازانم ئەز بۆچ نامرم؟* (وەفایی: ل٥٩)

**٢-دەرخستنی کەسی قسەبۆکراو یان گوێگر/ بەرامبەر:**

لەئەم جۆرەدا قسەکردنی کەسەکان بە شێوازی دیالۆگی ڕاستەوخۆ و ناراستەخۆ لە بارەی باسکردنی هەندێ لایەن و زانیاری دەرەکی دەبێت، بە جۆرێک لە گێڕانەوەی ڕووداو و ((دەربڕینی هەست و ناخی شاعیر لە ئاست بەرامبەردا))١، ئەمەش دیالۆگکردنە لەگەڵ کەسی (هاوەڵ و خۆشەویست)دا، بە شێوازی ناوهێنانی کەسی بەرامبەر یان دەستەواژەکانی (وتم، وتی، پرسی، فەرمووی....) یان لە ڕێگەی بانگکردنەوە بە کاردێت، بۆنموونە:

لە شیعری کلاسیکی کوردیدا هەموو سرودە ئاینییەکان و مەولودنامەو پیاهەڵدانی کەسانی ئایینی و شێخ و پیاوچاکان، تەنانەت بۆ کەسانی کۆچکردووش، دەربڕینی هەست و سۆزی شاعیر بە شێوازی دیالۆگ و مۆنۆلۆگیش لە بەرامبەر کەسی قسە بۆکراو بەدیدەکرێت، بۆ نموونە (نالی) لە دەقێکی شیعریدا ڕووی دەمی کردۆتە پێغەمبەر(د.خ) و سکاڵای حاڵی پیری خۆی لادەکات، کە بە شێوازی

---

١ محمد سعید حسین مرعی، ٢٠٠٧، ص٧٩

بانگکردن و هاواربۆکردنی بەهۆی ئامرازی بانگهێشتنی (ئەی) دەستپێدەکات، کە ئەم ئامرازە ((بۆ ڕووکردنە هەموو جۆرە بانگکراوێک، چ ئادەمیزاد، چ غەیری ئادەمیزاد، چ ناوی مادی، چ ناوی مەعنەوی... بێت بەکاردەبرێ. وەک (ئەی، هۆ، هێ، یا...)))[1]، کە دەڵێت:

*ئەی تازە جەوان! پیرم و ئوفتادە و کەوتووم*

*تاماوە حەیاتم*

*دەستێ بدەرە دەستی شکەستەم، کە بەسەر چووم*

*قوربانی وەفاتم* (نالی: ل٢٧٥)

هەروەها (وەفایی) شاعیر لەم دەقە شیعرییەدا لەڕێگەی بانگکردن و دوعا و پاڕانەوەوە هاوار بۆ پێغەمبەر(د.خ) دەبات، تا لە کۆتایی تەمەنیدا ببێتە تکاکارو بیخاتە بەر شەفاعەتی خۆی، بێت بە هاوارییەوە، کە دەڵێت:

*یا ڕەسولەڵڵا دەخیلەک روم نییە بێمە حوضور*

*وەک دزان گەردەن کەچ و شەرمەندە وێستاوم لە دور*

*گەرچی سەرمایەم نیە خۆ موستەحەققی رەحمەتە:*

*رەنگی زەرد و ، رویی رەش ، موی سپی و فرمێسکی سور*

*وەک لە گۆشەی بیشە... تۆشی دام و داو*

*توشی نەفس و ، توشی شەیطان بوم غەریب و بێ شوعور*

*موستەحەققی رەحمەتم ، ئەی مەستی حەق! ئەی دەستی حەق!*

*دەستی من بگرە لە نار و بمخە نێو دەریایی نور* (وەفایی: ل٢١٠-٢١١)

---

[1] ئەورەحمانی حاجی مارف، ف. زاراوەی زمانناسی (کوردی-عەرەبی-ئینگلیزی)، چ. دووەم، چا. رۆژهەڵات، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤، ل١١

لە دەقێکی تردا (وەفایی)ی شاعیر بە ناوهێنانی کەسی بەرامبەر کە (گوڵەندام)ە شاعیر ئەو شیعرەی بۆ داناوە، بە شێوازی بانگکردن و ئاگادارکردنەوەوە وەسفی حاڵی خۆی بۆ دەکات، کە دەڵێت:

*گوڵەندام ئەی طەنافی گەردەنم زولفی پەرێشانت*

*عیلاجێ! چارەیێ! روحمێ! ئەمان دەستم بە دامانت*

*غەریبی تۆم، نەخۆشی تۆ بە گۆشەی چاوی بیمارت*

*ئەسیری تۆم شەهیدی تۆ ، بە نووکی تیری موژگانت*

*ئیشارەت ئافەتی رووحم ، کەلامت غارەتی دینم*

*تەبەسسوم سیحری لێوانت ، تەکەللوم رەمزی چاوانت* (وەفایی: ل٢٧)

لە دەقێکی تردا (مەحوی)ی شاعیر بە هەمان شێوە لەگەڵ یاردا دەدوێت، بە شێوەی دیالۆگی ناراستەوخۆ، لە ڕێگەی (وتم ، وتی) هۆکاری بەیەک گەیشتنیان وەک فێربوونی زانستی کیمیا وایە، کەسیش کیمیا فێری کەس ناکات، چونکە کارێکی بە بەرهەمە، کە دەڵێت:

*وتم: چ بکەم لە بۆ وەسڵت؟ وتی: کەس*

*بە کەس نەیوتووە عیلمی کیمیا قەت* (مەحوی: ل١٢٣)

هەروەها (وەفایی)ی شاعیر لەم دەقەدا دیالۆگی خۆی(من) و یارەکەی(ئەو) بەشێوەی پرسیار (کام؟) و وەڵام، کە لە ڕێگەی بە کارهێنانی زمانی ئاماژە و ئیشارەتەوە (لەعلی خەندان) وەڵامی دەداتەوە، کاتێک شاعیر دەڵێت:

*{من دەڵێم: یاقوت و رێحان خەططی کامیان خۆشترە؟}*

*{ئەو بە عەییاری ئیشارەی لەعلی خەندانم دەکا}* (وەفایی: ل١٦)

یان بەڕێگەی (وتم ، وتی) دیالۆگی ناڕاستەوخۆیە،دەڵێت:

*وتم: چبو نەمامم! بە خاڵ و خەط نەماوی؟*

*وەکو بەهاری سونبول بڵاو و تێک شکاوی؟*

*وتی: گڵاوی سەگ بۆ شکۆفە گوڵ گوڵاوی*

*بە گەردوش و سەماوە ستارەیی سەماوی*

*بەسەرچو چاو و راوی، شیرین تەشی دەڕێسێ* (وەفایی: ل١٩٦)

هەروەها (شێخ ڕەزا تاڵەبانی) شاعیر لە دەقە شیعرێکی تەخمیسی غەزەلی (مستەفا بەگی کوردی)یە، لە پێنجینێکیدا شاعیر لە ڕێگەی وەسف و دیالۆگەوە دڵبەرەکەی دەدوێنێت، وەک کەسی بەرامبەرو ئامادەی دیالۆگەکە، پاشان لەڕێگەی سەباوە وەک کەسی بەرامبەر و نائامادە، دیالۆگ ئەنجام دەدات، بەوەی هەواڵ بگەیەنێتە یارانی مەجلیس، کە بەهۆی چاوی مەستی یارەوەیە جێگەی بۆتە مەیخانە، کە دەڵێت:

*گوتم وەک سورمەیە بۆ چاوی عاشق خاکەکەی ژێرپێت*

*لە ئولکەی حوسندا گەر لافی شاهی لێ بدەی، لێت دێت*

*گوتی مەیخانە بێ دایم، بە یادی چاوی مەستم، جێت*

*(سەبا! یارانی مەجلیس گەر هەواڵی من بپرسن لێت*

*بڵێ کێشاویەتە مەیخانە چاوی بێچووە عەییارێ)* (شێخ ڕەزا: ل٧٩)

**٣-دەرخستنی کەسی قسە لەسەرکراو/ کەسی سێیەم(ئامادەنەبوو):**

لێرەدا دیالۆگ ئەرکی دەرخستن و قسەکردنە لەسەر کەسانێک، کە نە قسەکەرە و نە قسە بۆکراو، بەڵکو وەک کەسی سێیەم و نائامادە لە کاتی دیالۆگکردنەکەدا بە هۆی گێڕانەوەی قسەکانی کەسەکەوە دەتوانرێت سیفات و تایبەتمەندی کەسەکە بەهۆی وێناکردنەوە دیاریبکرێت. بۆ نموونە (مەحوی) شاعیر بەهۆی دیالۆگکردنی کەسێکی ساحێب ئەحواڵەوە پرسیار (پرسی) و وەڵام (جوابی دابوو)، کە لە فەیلەسووفی یۆنانی (ئەفلاتوون) دەکات، لەبارەی ڕووداوی سەرکەوتنی هێزی سوپای عوسمانییەکان بەسەر سوپای یۆناندا، تا وەڵامێکی حەکیمانەی دەستکەوێت، کە دەڵێت:

*شەخسێکی ساحێب ئەحواڵ پرسی: کە ئەی فلاتوون!*

*یۆنانییانی قەومت بۆچی بە دەردی سەگ چوون؟*

*ئەو زوو فونوونە جوابی دابوو: بەجێیە وا بێ*

*خۆی دایە بەر شیهابی ساقیب کە دێوی مەلعوون*

تا دەگاتە:

*پێی وت بە سەد تەئەددوب، ئوستادی بێ تەعەسسوب!*

*بەم حاڵ و ساڵە لایق تەئریخی چی دەفەرموون؟*

*دووبارە هاتە گوفتار: من زوو و وتوومە ناچار*

*ئیسلامییان بفەرموون یۆنانییان تەلەف بوون* (مەحوی: ل٢٨٨-٢٩١)

پاشان (مەحوی) شاعیر لە دەقێکی تردا لە ڕێگەی دیالۆگکردنی دوو کەسی نائامادەوە، کە پرسیار لەیەک دەکەن، لەبارەی دەرکەوتنی پەروانە لە شەودا، ئەگەر بە رۆژیش سەد چرا داگیرسێت پەروانە نایەت بە دەوریدا، ئەمەش وەک جۆرێک لە تاقیکردنەوەی کەسێتی مەرد و ئازا دەچوێنێت، کە دەڵێت:

*شەو کەسێ پرسی لە خۆ دەرخستنی پەروانە شەو*

*ئەو وتی: ناتێگەیشتوو! تەجرەبەی مەردانە شەو* (مەحوی: ل٢٩٩)

یان دیالۆگکردن لەگەڵ سروشتدا وەک کەسی سێیەم و نائامادە، کە چاوەڕێی وەڵامی لێناکرێت، بەڵام شاعیران بەهۆی بە کەس کردنیان دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵیانداو حاڵ و هەستی خۆیانیان بۆ باسدەکەن، تەنانەت هەندێ جار کارو فەرمانیشیان پێدەسپێرن بۆ ئەنجامدانی، کە زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کوردی (با و بای سەبا و بای شەماڵ و ...)دەکەنە هەوێنی شیعرەکانیان و بەکاریان دێنن. بۆ نموونە: (سالم)ی شاعیر لە چەند دەقێکدا لەگەڵ بای سەبا ئەدوێ، واتا دیالۆگ لەگەڵ سروشتدا بە شێوازی بانگکردن، تا بێت و بەسەر قیبلەی دڵیدا گوزەربکات و بۆ جارێکی تر رۆحی تازەکاتەوە، دەڵێت:

*بێ بەسەر قیبلەیی دڵما وەرە ئەی بادی سەبا*

*بەدمێ تازەکە ڕووحم لە قضای بویی حەبیب* (سالم: ل٤٥)

یا دەڵێت:

*بێنە ئەی بادی سەبا لەم وەختەدا پەیغامی دۆست*

*تا کونەم جان ئەز سەری رەغبەت فیدایی نامی دوست* (سالم: ل٤٨)

وەک(کوردی) شاعیریش لە چەند دەقێکدا سەبا دەدوێنێت، و بەهۆی بە کەس کردنی سروشتەوە، سەبا دەکاتە پەیامبەر و نامەبەر لە نێوان خۆی و دڵدارەکەیدا، کە دەڵێت:

*سەبا یارانی مەجلیس گەر هەواڵی من دەپرسن لێت*

*بڵێ کێشاویەتە مەیخانە چاوی بێچووە عەییارێ* (کوردی: ل٥٣)

هەروەها (حاجی قادری کۆیی)شاعیریش لەم دەقەدا بە سەبادا هەواڵ دەنێرێت بۆ یار، کە ئەگەر یاری پرسیاری شاعیری لێکرد، پێی بڵێ هێشتا لە ژیاندا ماوە تا ئەو کاتەی هاتووە، دەڵێت:

*ئەی سەبا یارم ئەگەر پرسی لە حاڵم پێی بڵێ*

*مابوو تا ئەو وەقتە هاتم وا دەزانم مردووە* (حاجی: ل١١٤)

هەروەها وەک (وەفایی) شاعیر لەم دەقەدا بای شەماڵ دەکاتە نامەبەرێک و وەک کەسێکی شیفا بەخش هەواڵ و دوعا و سەلام بگەیەنێت بە یار، کە دەڵێت:

*ئەی شەماڵ ، ئەی شیفای نەساغان وەرە تۆبی و خاڵی روی یار*

*بە گوڵ و وەنەوشەی باغان بگەیێنە دۆعا و سڵاوم* (وەفایی: ل٧١)

هەروەها (طاهر فوئاد)*یش وەک شاعیرێکی شاری کەرکوک، لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا، جەندرمەی سوپای عوسمانی بووە لە شاری موکریان و سەرەتا بە شێوەی (نالی)شاعیر دیالۆگ لەگەڵ بای سەبا دەکات، وەک کەسێکی پەیامبەر و

---

*((طاهر فوئاد (١٨٩٢-١٩٢٥) شێخ طاهر کوڕی شێخ عەبدوللطیف بێدەری لە بنەچەدا لە سەیدەکانی بەرزنجەیە نازناوی شیعری فوئادە)) بڕوانە: محەمەد ئەحمەد سەعید، کەرکوک و بزاڤی شیعری کوردی-لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن-، چ. یەکەم، د. چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢٣٠

دڵسۆزو شارەزای هەموو جێگەیەک دەینێرێتەوە بۆ شاری کەرکوک، پاشان ڕووداو و وەسفی ئەو سەردەمەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە دەڵێت:

*ئەی سەبا ئەی پەیکی خورەم وەی ئەمینی رازدار*

*تۆی ئەنیسی ئەهلی دەردو مەرهەمی قەلبی نیگار*

*تەی دەکەی ڕێگەی هەزار ساڵ بە ئانێ هەروەکوو*

*شوعلەیی خورشیدی ئەنوەر تۆخەفي ئەو ئاشکار*

تا دەڵێت:

*کەس لە تۆ چاتر نیە هەڵسە بە مەردی بۆم بڕۆ*

*تا دیاری شاری کەرکوک بەلدەیەکە نامدار*

*هەر لەوێ وە لادە قۆناخ و بڕۆنە حوجرەکەم*

*دوای سەلامم پێ ی بڵێ توخوا بە سەد گریان و زار*

*وا لە یاتاغی غەریبی و بێ کەسیدا کەوتووم*

*خەستەو لاغیر تەن و بی تاب و بیمارو زار*

*هەرزەمانێ یادی ئەو ئەیامە دێنە خاترم*

*ئەشکی خوێنینم لە هەردو دیدە دێ بێ ئیختیار*١

جگەلەوەی پرسیارکردن لە شتی بێگیان و گیان بە بەرداکردنیان لەلای شاعیران کارێکی ئاساییە و لە هەمان کاتدا دەرخستنی توانای هونەری شاعیر دەردەخات، ئەمەش لە ڕێگەی هونەری ڕەوانبێژییەوە و بە تایبەت هونەری ڕوونبێژییەوە (خوازە)ەوە لە شیعری کلاسیکدا، لە دروستکردنی وێنەی شیعری و گەیاندنی مەبەستدایە، وەک (حەمدی)ی شاعیر لە دەقێکدا لە شانە پرسیاری ئەگریجەی یاردەکات تا باسی جوانی پرچی یار بکات، کە دەڵێت:

---

١أ. ب. هەوری، شیعری کۆن و نوێ، د. هاوکاری بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی، چ. وەزارەتی ڕاگەیاندن، ١٩٧٥، ل٥٢-٥٣

*له شانەم پرسی باسی طورەی میشکینی ئەگریجەت*

*ئەمەندەی وت ئەمە طوولی هەیە نامەرد (ولا تشرح)* (حەمدی: ل٢٣٥)

بێجگەلە گێڕانەوەی ڕووداو و وەسف و باسکردنی کەسەکان و چۆنێتی ئەنجامدانی گێڕانەوە لەڕێگەی دیالۆگ و مۆنۆلۆگەوە، تەکنیکی نامە گۆڕینەوە، بەتایبەتی نامەی شیعری و ڕۆڵ و ئەرکی گرنگی هەیە لە دروستکردنی دیالۆگی شیعریی لە شیعری کلاسیکیدا، وەک نامەی شیعری نالی بۆ سالم و نامەی شیعری سالم بۆ نالی، هەروەها نامەی شیعری لای زۆربەی شاعیران بەدیدەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکە لە نالی و سالم، کە دیالۆگ لەگەڵ هاوەڵ و کەسی بەرامبەردایە، لە ڕێگەی بە کەسکردنی (با)وەو وەک پەیامبەرێک کارەکە جێبەجێدەکات، کە نالی دەڵێت:

*قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور!*

*ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری (شارەزوور)!* (نالی: ل١٨٤)

سالم دەڵێت:

*جانەم فیدایی سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر*

*وەی پەیکی شارەزا لە هەموو ڕاهی پڕ خەتەر* (سالم: ل٦٦)

(حاجی قادری کۆیی) شاعیر لە دەقی شیعری (دەڵێن یار دێتەوە)دا، کە شاعیر لە گێڕانەوەی ڕووداو و وەسف و دەرخستنی کەسەکاندا بە شێوازی دیالۆگی ڕاستەوخۆ (دەڵێن) ناراستەوخۆ (گوتی، گوتم)و مۆنۆلۆگ، ڕاگەیاندنی هاتنەوەی یار لەلایەن خۆشەویستان و دوشمنانەوە، وەک دەرخستنی کەسی سێیەم، کە دەبێتە هۆی ڕاچڵەکاندن و ترس و سەرسامبوونی باغەوان و بە دیتنی جوانی قامەتی بەرزی و پاشان لەگەڵیدا دەکەوێتە وتووێژکردن، هەروەها بەشداریکردنی دولبەر لە گفتوگۆکەدا وەک دەرخستنی کەسی قسە بۆکراو، پاشان کەسی قسەکەر کە شاعیرە بۆ خۆی دەدوێ بە تێهەڵکێشکردنی دێرە شیعرێکی نالی، بەم شێوەیە دەڵێت:

*دەڵێن یاردێتەوە بابی مەحەببەت یاخودا وابێ*

*ئەگەر دوشمن دەڵێ نابێ موغەننی تۆ بڵا نابێ*

*دەلەرزێ باغەبان سەروت لە ترسی قامەتی بەرزی*

*گوتی ئەم نیکتە بارێکی گرانە تێ دەگەی نابێ*

*لە هیجرت هەردەمە سەیلی سروشکم ماجەرای چاوم*

*بە ڕەنگێک ڕەنگی کرد ڕەنگی جیهان باوەڕ مەکە وا بێ*

*لە ناکاو دولبەرم فەرمووی هەستە ئێستەکی واعیز*

*لە بۆمان دادەدا وەعزێ گوتم باکت باکت چیە با بێ*

*بە تەزمین فەردەکە نالی دەهێنم تا ڕەفیقانم*

*بزانن فەرقمان زۆرە خەزەف قەت وەک گوهەر نابێ*

*کەمەندی زوڵفی دووڵانە لە بۆ گەبر و موسوڵمانە*

*دەکێشێ بێ موحابانە چ لەملا بێ چ لەولا بێ* (حاجی: ل١٢٦)

**٣-دیالۆگ و ڕووداو:**

ڕووداو بە یەکێک لە توخمە گرنگ و بنەڕەتییەکانی بینای هونەری بابەتە گێڕانەوەییەکان، بە هونەریکردنی بەرهەمی ژانرە ئەدەبییەکان دادەنرێت، بەجۆرێک لە ژانری چیرۆک و ڕۆماندا ڕووداو توخمێکی پێکهێنەر و بنیاتنەرە، جگەلەوە کە پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم توخمەکانی وەک ( کەس، کات، شوێن...)دا هەیە. لە بارەی پێناسەی ڕووداوەوە (ئەرستۆ) دەڵێت:(( کردارێکە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە))١، هەروەها (جیرالد برنس) دەڵێت:(( زنجیرە ڕووداوێکی پێکەوە بەستراون و تایبەتمەندە لە واتادا، کە کارەکان سەرەتا و ناوەراست و کۆتایی بە

١ئەرستۆ، هونەری شیعر، و. عەزیز گەردی، چ.٢، خا. چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠١١، ل٣٣

ڕێکخستنێکی بەدوایەکداهاتوودا دێن))١، جگەلەوەش ڕووداو هۆکارێکی گرنگە بۆ خستنەڕووی بابەت، ((بەو مانایەی ڕووداو شێوە ئەندازەیەکە بۆ پێشکەشکردنی بابەت))٢، هەربۆیە ڕووداو و بابەت ناکرێت لەیەکتر جیابکرێنەوە، بەجۆرێک ((زۆرجار بابەتەکە لە مێشکی نووسەرەکەدا هاتووچۆ دەکات، هەتا ڕووداوێک دەخوڵقێنێ، ئەم ڕووداوەش دەبێتە سەرە داوێک بۆ دۆزینەوەی چەندین ڕووداوی تر، کە لە چەکەرەکردنی ڕووداوە سەرەکییەکە لەدایک دەبن))٣.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕووداو بەبێ بوون و ڕۆڵی کەسەکان لە نواندن و گێڕانەوەیاندا نایەتە بەرهەم، هەربۆیە ڕووداو ((بریتییە لەو زنجیرە گۆڕانەی بەسەر ڕەوشتی کەسەکاندا دێت لە پێوەندی و کارلێک کردنیان لەگەڵ ئەو شوێنەی تێیدا دێن و دەچن))٤، بەم شێوەیە و هەرچەندە (( لە ژیاندا و ڕۆژانە چەندەها ڕووداو دێنەئاراوە و ڕوودەدەن، ئەوەی وادەکات یەکێک لەو ڕووداوانە ببێتە هەوێنی چیرۆکێکی هونەری، گێڕانەوەیەکی هونەریانەیە. دەبێت ڕووداوێک هەبێت و چیرۆکنوس بیگێڕێتەوە، بەو پێەش ڕووداو هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بوونی گێڕانەوە، ئەگەر گێڕانەوەش نەبێت، ژانرێک بوونی نابێت بە ناوی چیرۆکەوە.))٥

بەم پێیە بۆ جیاکردنەوەی گێڕانەوەی ڕووداوێکی ئاسایی واقیعی لە گێڕانەوەی ڕووداوێکی هونەری ئەدەبی، کە نووسەر بە خەیاڵ و ئەندێشەی خۆی دایدەرێژێتەوە، پێویستە چەندین بنەماو بینای سەرەکی هونەری وەک (زمان، کەس، کات، شوێن، دیالۆگ...) هەبن بۆ بنیاتنانی دەقێکی هونەری گێڕانەوەیی ئەدەبی (چیرۆک و ڕۆمان و دراما و شیعریش).

---

١چیرالد برنس، قاموس السردیات، ت: السید امام، میریت للنشر و المعلومات، قاهرة، ط١، ٢٠٠٣، ص ١١.

٢ عەبدوڵڵا ڕەحمان عەولا، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا (باشووری کوردستان ١٩٢٥-١٩٦١)، نا. ماستەر، کو.پەروەردە- بەشە مرۆڤایەتییەکان، ز.سەلاحەددین، ٢٠١٠، ل١٠٣

٣پەروین عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ل٢٨

٤شوکریە رسوڵ، ١٩٨٩، ل١٥١

٥محەمەد سەرابی، بینای هونەریی چیرۆک(بینای ڕووداو)، http://dengekan.info/archive

هەربۆیە ڕووداو وەک بنچینەیەکی بزوێنەری سەرجەمی دراما پێویستە، ((چونکە ڕوداو دەبێتە کرۆکی ئەو بابەتەی کە نووسەر دەیەوێ لەمیانەی دراماکەیەوە بیری لێ بکاتەوە و بیخاتەڕوو بیگەیەنێتە وەرگر، بەمەش ڕوداو دەبێتە بزوێنەرو هەڵسوڕێنەری هەموو دراماکە بە گشتی))١ لەگەڵ ئەوەشدا ((بەبێ بوونی ڕوداو دراما لە جەستەیەکی بێ گیان دەچێت کە ناتوانێتبەردەوام بێ و لە یەکەم ساتی دەرکەوتنیەوە بە مردویی دێتە گۆڕێ،..., لەبەرئەوە نەبوونی ڕوداو لە دەقدا واتە ئامادەنەبوونی دراما، چونکە دراما بەبێ ڕوداو نایەتە بەرهەم؛ ناتوانێت پردی پەیوەندی لە نێوان خۆی و وەرگرەکەیدا دروست بکات.))٢ هەربۆیە ((ئەرستۆ، ئەوەی خستۆتەڕوو، کار، یان ڕووداو، بنەما سەرەکییەکەی کاری دراميين))٣، هەروەها ئەوەشی خستۆتەڕوو کە توخمەکانی تری دراما پێکەوە دەتوانن درامایەکی بێ خەوش دروست بکەن، چونکە ((نووسەر کە بیرۆکەی داڕشتنی درامایەکی هەبوو ئەگەر کەسی نەبوو، بە واتای کاراکتەری نەبوو بۆ گەشەکردنی ئەم بیرۆکەیە، بیرۆکە چ رۆڵێک دەبینێ.))٤

هەرچەندە ڕووداو وەک توخمێکی هونەری گێڕانەوەیی بابەتی لە ڕۆمان و چیرۆک و درامادا گرنگی تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە لەشیعردا بە گشتی و شیعری کوردیشدا بە تایبەتی ڕۆڵ و بایەخی هەیە، بەوەی شیعر چەندە خودی بێت، بابەتی بوونی لەدەست نەداوە، کە ناوەڕۆکی دەقی شیعری لیریکیش دەگرێتەوە، بۆ نموونە ((کە سەرجەم مەبەستەکانی شیعری کلاسیکی کوردی دەچنە خانەی شیعری لیریکەوە، ئەو مەبەستە شیعرییانە (شعری وەسف-ستایش-پیاهەڵدان-غەزەل-شیوەن-داشۆرین....هتد) هەموو ئەم مەبەستە شیعرییانە لە هەست و ناخ و خودی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێن، کە هەست و سۆزێکی زۆرو بە کوڵ لەسەر بنچینەی ئاواز دامەزراوە))٥، لەگەڵ ئەوەشدا توخمەکانی گێڕانەوە وەک تەکنیکێکی هونەری لەشیعردا ئەرک و ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن، بەهۆی

---

١ یاسین ڕەشید حەسەن، ناوەڕۆک و تەکنیکی درامای کوردی (١٩٩١-٢٠٠٢) ، نا.ماستەر،کو.زمان، ز. سلێمانی،٢٠٠٤، ل٦١

٢ یاسین ڕەشید حەسەن، ٢٠٠٤.ل٦١

٣پەروین عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ل٣٩

٤ سەرچاوە و لاپەرەی پێشوو.

٥هیمدادی حوسێن،٢٠٠٧، ل٣٢

ئەو پەیوەندییەی کە بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە، بۆیە پەیوەندی دیالۆگ بە ڕووداوەوە، پەیوەستە بە گەشەکردنی ڕووداو و بەردەوامییەتی، چونکە ((دیالۆگ زیندوویەتی بە ڕووداوەکان دەبەخشێت. لەهەمانکاتیشدا بە پێی پێویستی و شیانەوە کەسایەتییەکان لەنێو ڕووداودا جیادەکاتەوە و ناسنامەیان پێدەبەخشێ و ڕۆڵ و هەڵوێستی هەریەکێکیشیان ڕوون دەکاتەوە))١، ئەمە جگەلەوەی ((شاعیران لە ڕێگای دیالۆگەوە بابەتی ڕووداوەکانیان داڕشتووە و مەبەست و ئامانجەکانی خۆیانیان خستۆتەڕوو. لەهەمانکاتیشدا بیروباوەڕی خۆیان ئاشکراکردووە))٢. شاعیرانی کلاسیکی کوردی لەڕێگەی دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و خۆدواندنیشەوە، بەشێوازی شیعر ڕووداوی ژیانی ڕۆژانە و ڕووداوی مێژوویی و فەلسەفی و خۆشەویستی...،یان هۆنیوەتەوە، کە دیالۆگکردن بەهۆی ناوهێنانی کەس یان پرسیارو وەڵام یان وتم و وتی دەخرێتەڕوو.

وەک (مەحوی) شاعیر لە دەقێکدا لەگەڵ یار دەکەوێتە دیالۆگکردن، بەبێ ئەوەی ناوی یار بێنێت، ڕووداوی دیار نەمانی شەونم لە ڕۆژدا وەک دیاردەیەکی سروشتی، دیالۆگێکی ڕاستەوخۆی شیکاریی (دەپرسی) لێ دروستدەکات، بەوەی کاتێک یار لێی دەپرسێت بۆچی کە ئەو دەرکەوت مەحوی دڵی لای خۆی نامێنێت، بەهۆی هونەری لێکچواندن و جوانی بایزەوە وەڵامی یار دەداتەوە، بەوەی یار وەک ڕۆژ وایە کە دەرکەوت، دڵی شاعیریش وەک شەونم وایە لەناودەچێت، کە بە دەرکەوتنی ڕۆژ شەونم لە جێگەی خۆی نامێنێ و دەفەوتێت، دەڵێت:

*دەپرسی: بۆچی من دەرکەوتم و دڵ بوو لە تۆ غایب؟*

*کە وەختێ ڕۆژهەڵات، ئەڵبەت دەبێ شەونم لەخۆ غایب؟* (مەحوی: ل٨٥)

بۆنموونە (حاجی قادری کۆیی)شاعیر لە دەقی (لە ڕۆما کەوتە بەرچاوم)دا، لە ڕێگەی دیالۆگەوە(گوتم ،گوتی)، بە شێوەی پرسیار (پرسیم ، کام لا، کام جێگا...) و وەڵام، پاش ئەوەی حاجی لە ڕۆما چاوی بە کوردێک دەکەوێت و هەواڵی کوردستان دەپرسێت، ئەویش لە وەڵامدا بە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی کەوتن و

---

١عەبدوڵڵا ڕەحمان عەولا، ٢٠١٠، ل١٠٣

٢سەرچاوە و لاپەرەی پێشوو.

نەمانی دەسەڵاتی میرنشنی بابانەکان و حاڵی شار و وڵاتی پێڕادەگەیەنێت، کە دەڵێت:

*لە ڕۆما کەوتە بەر چاوم کەسێکی هائیم و حەیران*

*بە هیئەت تێی گەییم کوردە بەشێوەی ئەهلی کوردستان*

*کە چوومە خدمەتی پرسیم برادەر خەڵکی کام جێگای؟*

*لە کام لا هاتووی؟ گریا گوتی بابان، گوتم بابان؟*

*دڵم داوە گوتم باوکە هەموومان  بێکەسین لێرە*

*چ قەوماوە گەلێ حەیفە مەگریێ هەروەکوو باران*

*گوتی بۆ غوربەت و ڕووتی نیە ئەفغان و هاوارم*

*لە داغی حاکمی خۆمە، لە شان و شەوکەتی تورکان*

تا دەگاتە :

*لە پاشی ئەو هەموو گریان و ناڵە و زاریە پێم گوت*

*عەزیزم غەم مەخۆ هێندە، لە سایەی ڕەحمەتی ڕەحمان*

*ئەمیرێک ماوە پاشایە، گوتی کێیە؟ گوتم ((شێرە))*

*گوتی: لێرە؟ گوتم: لێرە هەتا تاران و هیندستان*

*لە کۆتاییدا دەڵێت:*

*هەرکەسێکی کەسە، ناکەس نیە حەرفێکی بەسە*

*وەرە سەرباسی خەت و خاڵی هەتیوی خۆمان*

*ئەی فیدای خاکی دەرت تاجی کەی و مەسنەدی جەم*

*وەی بە قوربانی سەر و فێسی کەچت تاجی کەیان*

*خۆم بە دارا و بە ئەسکەندەر و خوسرەو نادەم*

*گەر بزانم لەبەر ئەم دەرگەیە دەبمە سەگەوان*  (حاجی: ل٨٣-٨٤)

هەروەها (حەمدی) شاعیر لە دەقێکی (١٠)دە بەیتدا، کە شاعیر لە ڕێگەی دیالۆگکردن  بە شێوەی (وتم، وتی) لەگەڵ یاردا، کە ڕووداوێکە و لە خەویدا ڕوویداوە، پاشان دەیگێڕێتەوە واتا بە شێوازی گەڕاندنەوەی هونەری دیالۆگەکەیان ئەنجام دەدەن، بە جۆرێک ((ئەم شیعرە هەر نیوە بەیتێکی یەکەمی خەوەو نیوەی دووەمی تەعبیر و لێکدانەوەیەتی))١، کە دەڵێت:

*خەوم دیوە موعەبیر دڵ حوزینە*  *نیشانەی شادی یە ، عیززەت قرینە*

*لەگەڵ یارم موقیمی گوڵشەنێ بووین*  *وتی باغی جینان و حووری عێنە*

*وتم غونچەی نەپشکوتووی ئەدامێ*  *وتی دەم تەنگە ڕۆژەی عارفینە*

*وتم دوو ماری نایە گەردنی من*  *وتی زوڵفی سیاهی عەنبەرینە*

*وتم سێوێکی خونکاری لە دەم نام*  *وتی کوڵمی ظەریف و نازەنینە*

*وتم دوو نەجمی هەڵهێنا لە قەوسا*  *وتی چاوی خوماری نێرگسینە*

*وتم ڕۆژێ لە شەودا شەعلەوەر*  *وتی پەرچەم لەسەر تەختی جەبینە*

*وتم جامێ شەرابی دایە دەستم*  *وتی شەهدی ویصالی ئەنگەبینە*

*ئەگەر خەو مردنە بەم نەوعە خۆشە*  *جەهەننەم دارە فەرش و، بەرد سەرینە*

*ئیتر ناچێتە خەو مەعلوومە چاوم*  *لەبەر بێ طالیعی (حەمدی)ئەمینە*

(حەمدی: ل٣٥٥-٣٥٦)

هەروەها گێڕانەوەی ڕووداو لە ڕێگەی مۆنۆلۆگ و خۆدواندنەوە هۆکارێکی تری شێوازی هونەری گێڕانەوە و جۆری دیالۆگ، بۆ نموونە (نالی) لەم دەقەدا لە ڕێگەی مۆنۆلۆگ و بینینی چەند پاشماوەیەکەوە، کە ئاماژەن بۆ ڕوودانی ڕووداوی ڕێگریکردن و تاڵانکردن و کوشتن و لەناوبردنی کەس و ماڵ و سامانی حاجیان لە

---

١ دیوانی حەمدی، ساغکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لەسەر نووسینی: جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، چ.یەکەم، چا.ئۆفسێتی سەرکەوتن، سلێمانی، ١٩٨٤، ل٣٥٥

لایەن چەتە و ڕێگرەوە، ئەوەش لەکاتی چوونی بۆ فەریزەی حەج و بینینی پاشماوەی حاجیانەوە، کە دەکەوێتە بیرکردنەوە (مۆنۆلۆگ) لەگەڵ خۆیدا(خۆدواندن) دەدوێت، کە دەڵێت:

*وتم داخۆ چییە سوور و سپی تێکەڵە؟! کە تێفکریم*

*سەراسەر کەللەیی ئوشتر، لەباڵەب خوێنی ئینسانە* (نالی: ل٤٩٤)

هەروەها (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)ی شاعیر لە دەقێکدا بۆ لەناوچوونی دەسەڵاتی بابانەکان لە ڕێگەی دەربڕینی هەست وسۆز و ناخی دەروونی، ((بەرامبەر بە کارەساتێک و ڕووداوێکی کاتی دەربڕدراوە، بەهۆی لەدەستدانی ئەو دەسەڵات و مولک و سامانە مێژووییەی هەیان بووە و هیوای گەڕانەوە و بە دەستهێنانەوەی بۆ دەخوازن))١ بەهۆی مۆنۆلۆگەوە و بە شێوەی بیرهێنانەوە و گەڕاندنەوەی هونەریی لە باسکردنی سەردەمی دەسەڵاتی بابانەکان، پاشان ڕووی دەمی دەکاتە قەومی عەرەب و بە دیالۆگکردن پێیان دەڵێت، کە (سەلاحەددین) وەک کەس کوردی بابانی بووە و توانیویێتی هەموو دنیا بگرێت، بەم جۆرە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، کە دەڵێت:

*لە بیرم دێ سولەیمانی کە دارالمولکی بابان بوو*

*نەمەحکوومی عەجەم نە سووخرە کێشی ئالی عوسمان بوو*

تادەگاتە:

*عەرەب! ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم، ئەفزەڵن ؛ ئەمما*

*سەلاحەددین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو* (شێخ ڕەزا: ل٥٠-٥١)

### ٤-دیالۆگ و زمان:

زمان وەک سوسێر پێناسەی دەکات، سیستمێکی هێماییە، کە لە پرۆسەی پەیوەندی و لەیەکگەیشتندا بەکاردەهێنرێت، ئەم پرۆسەیەش هەر یەک لە کردەی نووسین و ئاخاوتن دەگرێتەوە، بە جۆرێک هێما وەک فۆرم و واتا لە پرۆسەکەدا

---

١بەکر شاکر عەبدوڵڵا، نامەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا لەسەرەتاوە تاکو ساڵی (١٩٧٠)،نا. دکتۆرا، کو. زمان، ز. سەلاحەددین، ٢٠٠٧، ل١٩٣

کۆدئاسا رۆڵدەبینێت و بەهۆیەوە پەیام یان مەبەستەکە دەگەیەنرێت، بەپێی قوتابخانەی شێوازگەری ((زمان کۆگایەکی گەورەی وشە و رستە و دەربڕینی جیاجیایە، قسەپێکەرانی زمان لە یەک کاتدا ناتوانن سوود لە هەمووی وەربگرن، بەڵکو وشەیەک لە نێوان سەدان وشە و رستەیەک لە نێوان سەدان رستەدا هەڵدەبژێرن بۆ دەربڕینی مەبەستەکەیان، ئەم کردارە لە زمانی ئۆتۆماتیکیدا کردارێکی خێرا و تیژ تێپەڕە، بەڵام لە زمانی شیعریدا شاعیر ووردەکارترە لە هەڵبژاردنی وشە و رستە و دەربڕینەکاندا.))١

زمان وەک کەرەستەی ئەدەب٢ و بەرهەمهێنانی دەقە ئەدەبییەکان، وەک پێکهاتەی دیالۆگیش لە ژانری چیرۆک و ڕۆماندا بە جۆرێکە، کە مەودایەکی فراوان و بڵاوی هەیە، نووسەر بۆ پێکهێنان و ئاراستەکردنی مەبەستەکەی، دەتوانێت وشەکان بە (کرۆکە واتا و فەرهەنگی و نافەرهەنگی)یەکانیانەوە بەکاربهێنێت، واتە نووسەر لە چۆنێتی بەکارهێنانی فەرهەنگی زماندا دەستکراوەیە، بەڵام لە دراmadا زمان سنووردارە، بەوەی هیچ وشە و ڕستەیەک ڕێگە پێدراو نییە خۆی بخاتە ناو دەقەکەوە، ئەگەر لە پێناوی خزمەتکردن و پێشخستنی دەقدا نەبێت، بەهەمان شێوە لە شیعریشدا شاعیر لەپێناو کورتبڕی و چڕکردنەوەی دەربڕیندا، تا دەتوانێت وشەکانی دەگوشێت، بەواتای ئەوەی بتوانێت بە کەمترین وشە مانایەکی زۆر بە دیالۆگ ببەخشێت٣.

واتا ئەگەرلە شیعردا خەسڵەتی چڕکردنەوەو کورتبڕی و ئاماژەیی و خوازەی هەبێت، ئەوا لە ژانری چیرۆک و ڕۆماندا تایبەتمەندە بە ڕوونی و ئاسانی، لەبەرئەوەی ئارەزووی مرۆڤ بۆ قسەکردن و گێڕانەوە حەز و ئارەزوویەکی

---

١محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبیی نوێوە، چا. حاجی هاشم، لە بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٢، ل٦٢

٢ويليك رينيه و وارين أوستن، نظرية الأدب، ت. محي الدين صبحي، المجلس الأعلى للآداب و الفنون، ط١، م.ط: خالد الطرابيشي، دمشق، ١٩٧٢، ص٢٢٣. نقلا عن: جودت فخرالدين، في لغة الشعر و البحث عن ((الشعرية))، م. نزوى، ع. الثاني العشر، اكتوبر ١٩٩٧،ص٤٩ http://www.nizwa.com/pdf/Nizwa-١٢.pdf

٣پەروین عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ل٧٤

مرۆڤایەتییە تێڕوانینی بۆ شتەکان و دیاریکردن یا سنووردارکردنی پەیوەندی بە جیهانەوە دەدۆزێتەوە.١

ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە بە ((هۆی ئەوەی شیعرێک جێگای مانایەکی زۆر زۆری تێدا دەبێتەوە، ئەگەر بێت و هەمان مانا بە پەخشان دەربڕدرێ چەند دێڕێکی دەوێ تا هەمووی دەکەوێتە سەر کاغەز))٢، هەربۆیە ئەم کورتبڕییە وەک سروشتی شیعریی خۆی دادەنرێت، ئەگەر لەم ڕێگایەش لایدا و نەمێنێت، ئەوا نە شیعرە و نە بە شیعریش دادەنرێت.٣

کەواتە شاعیر لە بەکارهێنانی زماندا، پێویستی بە توانای دەربڕین و ئاستی ڕۆشنبیری هەیە، ئەمە بێجگە لە بوونی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی وشە، کە شێوازی زمانی شیعرییەکەی پێدیاری دەکرێت، هەروەها چۆنێتی بەکارهێنانی فەرهەنگەکە کە بەکارهێنانێکی توێکڵە واتایی و پراگماتکییە، توانای شاعیر لە بەرهەمهێنانی دەقەکەدا دەردەخات، بەجۆرێک ((هەر شاعیرێک زمانێکی شیعری تایبەتی خۆی هەیە، لەوانەشە بە درێژایی تەمەنی چەند زمانێکی شیعری لە لای هەمان شاعیر دەربکەون))٤، ئەوەش بەهۆی گۆرانکارییەکان لە ژیان و قوتابخانە شیعرییەکاندا دروست دەبن، وەک قوتابخانەی کلاسیک و رۆمانتیک و ریالیزم ...، کە هەریەکێک لەم قوتابخانە شیعرییانە سیما و تایبەتمەندی خۆی هەیە لە یەکیان جیادەکاتەوە.

تەنانەت لەناو هەموو جۆرەکانی ئەدەبیشدا زمان جیاوازە، ((گوزارشتی هەر ژانرێکی ئەدەبیی جیاوازە. زمانی شیعر لەگەڵ زمانی ژانرەکانی تری ئەدەبیی، چونکە زمانی شیعر پڕە لە ئەندێشە و سۆز و وێنەی جۆراوجۆر و ڕەوانبێژی... ))٥، کە دەبنە سیماو خەسڵەتی تایبەتی شیعر، هەربۆیە بە ئاسانی دەکرێت زمانی ئەدەبی لە زمانی ئاسایی رۆژانە جیابکەینەوە، بەوەی کە ((زمانی ئەدەبیی ئەو

١ www.nizwa.com/الشعري-والسردي-في-الشعر-العربي-المعاصر

٢عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، ب. سێ یەم- واتاناسی، چا. کاکەی فەللاح، سلێمانی، ١٩٧٩، ل٦٨

٣علاءالدین سجادی، خۆشخوانی(گوزارەکاریی، ڕەوانکاری، جوانکاری)، چا. مەعارف، بەغدا، ١٩٧٨، ل٤١

٤محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، ٢٠١٢، ل٦٢

٥پەروین عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ل١٦٧

زمانە بەنرخ و بەهایەیە، کە بەهایەکی ئەدەبی  هونەریی بە دەقەکە دەبەخشێ، لەلایەک لایەنی جوانکاری و لەلایەکی تر لایەنی سینتاکس و مۆرفۆلۆجی، هۆکارێکی گرنگی زمانی شعرییە))١، لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی هونەری دیالۆگ لە شیعردا، وەک یەکێک لە هۆیەکانی تەکنیکی گێڕانەوە، بە تێکهەڵکێشکردنی تەکنیک و شێوازی ژانرەکانەوە، دیالۆگ ئەرک و خەسڵەتی تایبەتی هەیە، لە دەرخستنی توخمەکانی گێڕانەوە (ڕووداو و کەس و زمان ...)دا، کە لێرەدا بەهۆی پەیوەندی دیالۆگ بەزمانەوە دەردەخەین و ڕوونی دەکەینەوە، کە بە چەند شێوازێک و شێوەیەک لە شیعری کلاسیکدا دەردەکەون.

سیمای بنەرەتی دیالۆگ، دەرخستنی کەسێتی کاراکتەرەکانە٢، چونکە دیالۆگ دەربڕینی ئەو کۆدانەیە کە ئەرک و ڕۆڵ و بیرکردنەوە و ڕەفتاری قسەکەری لەخۆ گرتووە، لە بە کۆدکردنی دەقێکی شیعریدا شاعیر بەهۆی کۆدەکانەوە وێنەو دیمەنە مەبەستدارەکان و زانیاریی نێو گفتوگۆکان بە خوێنەر دەگەیەنێت، واتا ئەو زمانە بەکاردەهێنێت کە((ئاماژەیە بە پێناسی کەسێتی و رۆشنبیرییەکەی))٣ەوە، چ لە ڕێ خودی شاعیرەوە بێت یا چ لەڕووی کەسەکانەوە زانیارییەکانمان پێدەگات، بەشێوەیەک کە زمانی گێڕانەوە گێڕەو/ حیکایەتخوان و زمانی کەسەکان جیادەکرێتەوە، لەبەرئەوەی ((زمانی گێڕانەوە خودی نووسەرە، کەچی زمانی دیالۆگ، زمانی کارەکتەرەکانە. لەبواری گێڕانەوەدا دەکرێت ڕازانەوەو سەنعەتکاری پەسەند بکرێت، هەروەها ئەم شتە جوان و بەکەڵکە، بەڵام لە بواری دیالۆگدا دەخوازێت زمانی کارەکتەر لەگەڵ ئەو دەورەی پێی سپێردراوە گونجاو بێت))٤ ، بەجۆرێک زمانی کەسەکان لەگەڵ تەمەن و ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و خوێندەواری و ئایدۆلۆژی ...شیاو و گونجاوبێت، بۆئەوەی نەبێتە هۆی لاوازی دەق و کەم توانای نووسەر لە ئاستە هونەرییەکەدا، ((بۆیە پێویستە شاعیر دیالۆگ بەشێوەیەکی سروشتی بخاتەڕوو و لەهەمانکاتیشدا هەوڵبدات لە قاڵبێکی تۆکمەی

---

١سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٥

٢عەبدوڵلا ڕەحمان عەولا، ٢٠١٠، ل١٢٩

٣مهاباد کامیل عبدالله(د.)، خوێندنەوەیەک بۆ زمان و دیالێکت، گ. هەورامان، ژ.٢٩، مەڵبەندی رۆشنبیریی هەورامان، ٢٠١٣، ل١٢٨

٤ نەجم خالید نەجمەدین، تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نمونەی هاوچەرخی کورتەچیرۆکی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی هەولێر ، ژ(٢٤) ، ٢٠٠٥، ل٢٨٥

هونەریدا دایبڕێژێت. هەروەها لە زمانی ئاسایی ڕۆژانە دووری بخاتەوە.))١ هەربەهۆی ئەو تایبەتمەندییە گرنگەی زمانی دیالۆگەوە لە شێواز و تەکنیکی داڕشتنیدا، وەک تەکنیکی نوێی ئەدەبی بە کەمترین وشە و ڕستە و دێڕ زۆرترین و فراوانترین مانا بگەیەنێت، کە ئەمەش بە ((شێوەی بروسکە لە داڕشتندا))٢ ناودەبرێت، لە شیعریشدا زمان زیاتر خەستتر و چڕتردەبێتەوە لە پێناو دروستکردنی وێنەی شیعریی و هونەریدا.

شێوازی زمانی دیالۆگ و شێوەی داڕشتنی لە شیعری کلاسیکدا چەند ڕێگایەکی هەیە، کە بۆ گەیاندنی مەبەست و بەدەستهێنانی ئامانجی دیاریکراو شاعیر بەکاریدەهێنێت، هەروەک (پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر) چەند بنەڕەتییەکیان دەستنیشانکردووە، کە دەبنەهۆی دروستکردنی ڤیگەر(وێنە)ی سینتاکسی و بە ڤیگەری ستایلی شیعریش ناودەبرێت، کە ئەوانیش (پرسیاری ڕەوانبێژی، سەرسورمانی ڕەوانبێژی، بێدەنگی، ئیلیپسیس، ئاراستەکردن) دەگرێتەوە، لە خوارەوە بە کورتی لە هەریەکەیان ئەدوێین:

- مەبەست لە پرسیاری ڕەوانبێژی : ئەو جۆرە دەربڕینانەیە، کە لە شێوەی فۆرمی پرسیاردایە و پرسیار بە هەڵبژاردن و یاریکردن بە کەرەستە فەرهەنگی و یاسا و ڕێساکان فۆرمە پرسیارییەکە بە جۆرێک بەرهەمدەهێنێت کە وەڵامی ناوێت، واتا(( کلیلی بیرە جەخت لەسەرکراوەکە دەدا بە دەستەوە:... هەروەها بەو پرسیارەش دەڵێن، کە وەڵامی ناوێ، بەڵام تەوژمی هەست و نەستی دەربڕینەکە بەهێز دەکات.))٣

-بە کۆدکردنی فۆرمی سەرسورمان بە شێوەی ڕەوانبێژی، جگەلە هەڵبژاردنی یەکە فەرهەنگییەکان، هەروەها لایەنی فۆنەتیک و هێزو ئاوەزەو چۆنێتی پەستان خستنەسەر یەکە فەرهەنگییەکان دەگرێتەوە، سەرسوڕمانی پێوەیە، بەمپێیە

---

١عەبدوڵلا ڕەحمان عەولا، ٢٠١٠، ل١٢٩

٢حسین عارف، لێکۆڵینەوەیەک (شێوەکانی تەکنیک لە چیرۆکی سالانی دوای ١٩٧٠دا)، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. ٦٣، ١٩٨٧،ل٢٠

٣پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، تیوری ئەدەبی و شێوازناسی، ئا. و.:ئەنوەر قادر محمد، چ. دووەم، کتێبخانەی یادگار، ٢٠١٠، ل٩٥

((سەرسوڕمانی ڕەوانبێژی بیرو بایەخی ئینفیعالیی ئەو وشانە زیاددەکا، کە شێوەی وتنەکەیان بە سەرسوڕمانەوە بەردەکەوێ.)) ١

- مەبەست لە بێدەنگی: دەربڕینی رستەیەکی تەواو نەکراوە، ئەمەش پەیوەستە بە باری سایکۆلۆجی کاراکتەرەکەوە، بەجۆرێک قسەکەر بە ئەندازەیەک شڵەژاوو ترساو و باری دەرونی تێکچووە کە ناتوانێت تەواوی قسەکانی بە وەرگر بگەیەنێت. تەنانەت ناتوانێت خودی خۆشی تێر و ڕازیبکات بە قسەکانی بە ناتەواوی دەمێننەوە.

Elleipsi : ئیلیپسیس: هونەرێکی نزیک لە هونەری (بێدەنگییە)، جیاوازییەکەی لەوەدایە کە لە هونەری ئیلیپیسیسدا فۆرمی ڕستەکە دەردەبڕێت، بەڵام چەند دەنگ و وشەیەکی لێ فڕێدەدرێت، ((یان باز بەسەر هەندێ بەشیدا دەدرێ و ناوترێ، بەڵام نەک کارناکاتە سەرماناکەی، بەڵکو زۆر چڕی دەکاتەوە.)) ٢

-ئاراستەکردن، واتە ڕووی دەمتێکردن و بانگکردنی ڕەوانبێژی، دواندنی شتگەلێک کە دەرخەری بیر و هزری ئەفرێنەرانەی شاعیرە، بەمپێیە ئاراستەکردن ((ئامێرێکی تری هونەرییە کە ڕوو لە شت و بوونەوەرانێک دەکات، کە لە واقیعدا توانای وەڵامدانەوەیان نییە))٣

زمان بەپێی چەشنی بەرهەمهێنانەکەی چەند ئەرکێک لەخۆ دەگرێت*، لێرەوە چەند شێوە و داڕشتنێکیش لە شیعری کلاسیدا دیاریدەکەین، کە ئەمانەن:

١-شێوازی هەواڵگەیاندن/ زانیاری پێدان:

رستەی هەواڵی چەشنێکی بنەڕەتی رستەی زمانی کوردییە، کە بەهۆیەوە هەواڵ و زانیاری بە وەرگر دەگەیەنرێت، بۆیە ئەم شێوازە ((بە ئەرکێکی سەرەکی زمان دادەنرێت، کە بە هۆیەوە قسەکەر زانیاری دەربارەی دەوروبەری خۆی بڵاو دەکاتەوە. هەواڵگەیاندنیش پەیوەندی بە لایەنی زانین و هۆشەوە هەیە و قسەکەر

---

١سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦

٢سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧

٣پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٠، ل٩٦

*بڕوانە:محمد معروف فتاح (پ.د.)، زمانەوانی، چ. سێیەم، چا. حاجی هاشم، بڵا. ئەکادیمیای کوردی-ژ.١٢٤، هەولێر،٢٠١١، ٣١-٣٨

سەرچاوەی زانینە، چونکە قسەکەر زانیاری بە گوێگر دەگەیەنێت.))١لە شیعردا ئەگەرچی شاعیر تەواو گەمە بە یاسا و ڕێسا سینتاکسییەکە دەکات، بەڵام لەو ئەرکە دوورناکەوێتەوە، کە هەواڵ و زانیارییەکی دیاریکراو بە خوێنەر دەگەیەنێت، وەک (نالی)ی شاعیر لە دیالۆگکردنی لەگەڵ کەسی بەرامبەر (خەڵک)دا، بە شێوەی زانیاریی و هەواڵگەیاندنی ئەوەی (مەحبوبە) ئارەزووی شەڕکردنی هەیە، بەڵام نالی ئەو هەواڵەیان بۆ ڕاست دەکاتەوە، بەوەی لە ئەنجامی نازکردنی یارە، کەوا دەڕوانێت، کە دەڵێت:

*پێم دەڵێن: مەحبوبە خێڵ و قیچە، مەیلی شەڕ دەکا*

*خێڵ و قیچە، یا تەرازووی نازی نەختی سەردەکا؟!* (نالی: ل١٠٥)

هەروەها (مەحوی)ی شاعیر لە دەقێکدا گێڕانەوەی ڕووداوی خوێن ڕشتنی عاشقان و هۆکارەکەی و بە مەبەستی دەرخستنی ڕاستی ئەو هەواڵە، دیالۆگ لەگەڵ یارەکەیدا دەکات، دەڵێت:

*وتم: بێ باکە بۆ خوون ڕێزی، ئەبرۆت*

*وتی: تێغ ئەز بڕش ناکا حەیا قەت* (مەحوی: ل١٢٤)

یان (حاجی قادری کۆیی)ی شاعیر لە دەقی شیعری (دەڵێن یار دێتەوە)دا، دیسان پێدانی هەواڵ و زانیارییە بە دیالۆگێکی ناراستەوخۆ، کە دەڵێت:

*دەڵێن یاردێتەوە بابی مەحەببەت یاخودا وابێ*

*ئەگەر دوشمن دەڵێ نابێ موغەننی تۆ بڵا نابێ* (حاجی: ل١٢٦)

هەروەها (موفتی پێنجوێنی) شاعیریش لە دەقی (ئەی وەتەن)د دیالۆگێکی ناراستەوخۆ لەگەڵ وەتەندا بەشێوەی هەواڵپێدان و گەیاندنی زانیاری لەبارەی گرنگیدان بەزانست و خوێندەواری و هوشیاربوونی میللەت و پێشکەوتنی، کە هیوا بەخشە بەوەی لەژێر باری نەزانی و دواکەوتووی دەرچووە، کە دەڵێت:

*ئەی وەتەن مژدەت بەمێ ڕۆژت تلوعی کردوە*

---

١نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، زار و زمان، چ. سێیەم، چا. ڕۆژهەڵات، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر، هەولێر، ٢٠١٦، ل١٨

*مامریشت دێتە گوێم دەنگی خەریکی قوو قووە*

*میللەتت پاکی خەریکی فکری باش و خوێندنە*

*وا نەزانی هەر وەکو ساڵانی پێشو نوستوە*

*ئەو کەسەی تۆ دیوتە مردبو تەماشا ئێستەکە*

*دێتە بەر چاوم شوکور هوشیار و باش و زیندوە* (موفتی پێنجوێنی: ل٦٠)

٢-شێوازی پرسیارکردن:

شێوازی پرسیاری کە هەم بە هاوەڵزمانی، واتە لە ڕێی هێز و ئاوازەو پەستانخستنەسەر و هەمیش بەهۆی زمانەوە کە ئامرازەکانی تایبەت بە پرسیارکردن دەگرێتەوە، دەردەبڕێت. مەبەست لە فۆرم و شێوازی پرسیاریش ((دەرخستنی زانیارییە، بە واتای ئەوەی بەهۆی پرسیارکردنەوە قسەکەر دەتوانێ کەلێنێ یان چەند کەلێنێک لە زانیاری خۆی بەرانبەر دیاردەیەک یان دیاردەکان پڕبکاتەوە.))١ وەک (حاجی قادری کۆیی)ی شاعیر بە دیالۆگکردن لەگەڵ سەبا وەک کەسی بەرامبەر (سروشت) بە شێوازی بانگکردن (ئەی)و پرسیارکردنی یار لە سەبا، کە هەواڵی شاعیری پێ بگەیەنێت، کە دەڵێت:

*ئەی سەبا یارم ئەگەر پرسی لە حاڵم پێی بڵێ*

*مابوو تا ئەو وەقتە هاتم وا دەزانم مردووە* (حاجی: ل١١٤)

هەروەها (بێخود)ی شاعیر لە چەند دەقێکدا لە پێناو مەبەستە شیعرییەکە و وەرگرتنی زانیاریدا بە شێوازی پرسیارکردن دیالۆگی شیعریی ڕێکخستووە، بۆ نموونە لەبارەی ساڵی کۆچی دوایی هەریەکە لە (عارف ئەفەندی، حاجی صاڵح، شکری نائب)*ەوە، کە دەڵێت:

---

١نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، ٢٠١٦، ل١٩

* کۆچی دوایی (عارف ئەفەندی) لە ساڵی (١٣٧٣کۆچی)، (حاجی صاڵح) لە ساڵی (١٣٥١ کۆچی)، (شکری نائب) لە بابەتی دیالۆگ و گێڕانەوەی لێکۆڵینەوەکەماندا ئاماژەمان پێداوە. . دیوانی بێخود، ٢٠١١، ل١٤٣

*لە ساڵی مەغفیرەتی عارف ئەفەندی ئالی حەسەن*

*ئەگەر سوئال ئەکەن ئەی بولبولانی باخی لەقا*

*بەدەم صەباوە برا مردووانە (بێخود) ئەڵێ:*

*((لە خاکی نزمی فنا گەییە سەطحي بەرزی بقا))* (بێخود: ل١٤٢)

یان دەڵێت:

*کە ساڵی مەغفیرەتی حاجی صاڵحم پرسی*

*لە شاعیرێکی وەکوو (بێخود)ی بەدیعە نیکات*

*ئەویش موناسیبی ئەو جانفیدایی ساداتە*

*وتی ((شهید صحیح محبت سادات))* (بێخود: ل١٤٣)

٣-شێوازی فەرمانکردن:

بەپێی ڕێزمان و کەلتووری کورد هەردوو چەشنی شێوازی فەرمانکردن و داواکردن بە هەمان داڕشتەی ڕێزمانییەوە دەبینرێت، تەنها جیاوازییان بریتییە لە بەکارهێنانی هەندێک فۆرمی وەک ( تکایە، بە ئەرک نەبێت، دەتوانی،...) بۆ داواکردن و کرداری دەبێت بۆ فەرمانکردن. مەبەست ((لە فەرماندان ئەوەیە، کە کەسی یەکەم واتە قسەکەر، داوا لە کەسی دووەم واتە گوێگر دەکات کارێک ئەنجامبدات یان ئەنجامنەدات، بەو واتایەی قسەکەر داوایەک ئاراستەی گوێگر دەکات،))١ کە لە بەرانبەردا بە تایبەتی لە شیعردا مەرج نییە جێبەجێ بکرێت. بە نموونە (نالی)ی شاعیر بە دیالۆگکردنی لەگەڵ یارەکەی بە شێوازی فەرمانکردن بە کردنی کارێک (بکڕە)،کە دەڵێت:

*گوتم: ئەی ماە، دڵی من بە دڵی خۆت بکڕە!*

*گوتی: من بەردی بە قیمەت بە کەبابی نادەم* (نالی: ل٣١٦)

---

١نەریمان عەبدوللا خۆشناو، ٢٠١٦، ل٢١

هەروەها بە نموونەی ئەو دەقە شیعرییە فێرکارییانەی شاعیرانی کلاسیکی کوردی وەک داوایەک و فەرمانکردن و جۆرێک لە هەست وروژاندنیش، ئاراستەی میللەتەکەیان کردووە، بۆئەوەی بەئاگا بێنەوەو پێشبکەون وەک میللەتانی تر. وەک (ئەحمەد موختار بەگی جاف) وەک شاعیرێکی ڕۆشنبیرو نەتەوەیی و بە هەڵوێست، خوێندن بە رزگاری میللەتەکەی دادەنێت بە شێوازی فەرمانکردن (لە خەو هەستن، تێکۆشن، بیبڕن، بخوێنن)و دەڵێت:

*لەخەو هەڵسن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە*

*هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە*

*دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیبی بێکەس و مەزڵووم*

*بە گورجی بیبڕن ئەو ڕێگەی دووره وا لەبەرتانە*

*بخوێنن، چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان*

*هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە* (ئەحمەد موختار جاف: ل١٤٦)

هەروەها (بێکەس)ی شاعیرش بە شێوازی فەرمانکردن(هەستن ، با-هەڵکەین، دەربچین) دیالۆگ لەگەڵ کۆمەڵ دەکات، دەڵێت:

*مەرهەم و دەرمانی دەردی ئێمە تەنها مەکتەبە*

*فرسەتە هەستن لەخەو ئیتر چ وەختی نوستنە*

*با چرای زانستی هەڵکەین و لە زوڵمەت دەربچین*

*زۆر بەجێ ماوین لە خەڵکی عەیبە عارە، مردنە* (بێکەس: ل١٣٥)

هەروەها (حاجی قادری کۆیی)ی شاعیر بە دیالۆگکردن لەگەڵ یارەکەی بە شێوازی فەرمانکردن بە نەکردنی کارێک ( غەم مەخۆ) دەردەبڕێت، دەڵێت:

*غەم مەخۆ قوربان لە بۆ قوربانی عەیدی وەسڵی تۆ*

*مووده یێکە بەو ئومێدە حاجی خۆی دابەستووە* (حاجی: ل١١٤)

له دەقێکدا (ئەحمەد موختار بەگی جاف)ی شاعیر لە ڕووی دەرخستنی ڕەوشت و هەڵسوکەوتی کەسی بەدکار ، وەک کەسی ڕەقیب* لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، کە بە کەسی ناحەز و دوژمنی دادەنێن، بەوەی ((ڕەقیب هەمیشە دوژمنی سەرسەخت و یەکە ناحەزی شاعیران بووە کە دولبەرەکەیان تۆرابێت یا کەم مەیلی نواندبێت ئەوا ڕقی دڵیان هەر بەسەر ڕەقیبدا ڕشتووە و خەریکی داشۆرینی بوون و بە ووتەی ناشرین باسیان کردووە و وەسفی فرە بەد و نزمیان کردووە و بە زۆری ڕەوشت و ڕەفتاری (سەگ)یان داوەتەپاڵ))١، کە لێرەدا شاعیر بە شێوازی فەرمانکردن (سەیر بکە، مەکەن) بە کردن و نەکردنی کارێک هەستی خۆی دەردەبڕێت و ئامۆژگاری ڕەفیقانی دەکات، دەڵێت:

*سەیری ڕەقیب کە، وەک سەگی وایە بۆ مانگە شەو*

*هەر لوورە لووری یە لە فیراقی جەماڵەکەت* (ئەحمەد موختار جاف: ل٦٨)

یان دەڵێت:

*مەکەن باوەڕ ڕەفیقان گەر ڕەقیب لوتفی لە حەقتان بێ*

*چلۆن چاکەی لە دەست دێ، شەخسی پیس و سوفلەوو عادی*

(ئەحمەد موختار جاف: ل١٧٣)

٤-شێوازی هەست دەربڕین و داواکاری:

---

*ئەگەرچی بە شێوەیەکی گشتی وشەی ڕەقیب لای شاعیرانی کلاسیکی کورد دوو واتای سەرەکی دەگەیەنێت: یەکەمیان لە کاتێکدا بە شێوەی کۆ (ڕەقیبان) دێت، بە واتای کەسێکی بەدکار و خراپ بەکاردێت چ پیاو بێت یاخود ژن، کە لەم حاڵەتەدا ڕەقیب هیچ پەیوەندی بە یارەوە نییە، تەنها مەبەست کەسێکی خراپە بە گشتی، دووەمیان چەمکی ڕەقیب واتای ئەو کەسە دەگەیەنێت، کە لە نێوان دوو عاشقدایە و مەعشووق لە عاشق دەکات و بۆ خۆی دەبات، کە شاعیران ئەم چەمکەیان بەکارهێناوە. بڕوانە: محمد أمین عبدالله، ڕەقیب لە شیعری کلاسیکی کوردیدا (شیعرەکانی نالی، سالم، کوردی، مەحوی بە نموونە)، گ. زانکۆی سلێمانی، بەشی B زانستەمرۆڤایەتییەکان، ژ. ٥٩، کانوونی دووەمی ٢٠١٩، ل٦٨-٦٩

١عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم، ئەحمەد موختار بەگی جاف -شاعیر و مرۆڤ-، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (٨٩)، چا. دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٢٧

مەبەست لە هەست دەربڕین ئەو فۆرمانەیە کە بە شێوازی سەرسوڕمان دەردەبڕێن، مرۆڤ بەهۆی ئاوازەوە هەستی دڵڕفێن و خۆشی یان بە پێچەوانەوە بۆ دونیای شتە سەرسامەکە، بەمپێیە قسەکەر بەهۆی فۆرمی سەرسوڕمانەوە هەست و ئارەزووی خۆی دەردەبڕێت، لە ئاست حاڵەتە خۆش و ناخۆشەکاندا و لە بەرامبەردا داواکاری گۆڕینی دەکات، ((سادەترین جۆری هەست دەربڕینیش لەو گوتنانەدا دەردەکەوێت کە سەرسوڕمانی تێدایە و لە ڕستەی سەرسوڕمانیدا نیشانەی سەرسوڕمانی(!) لە ڕستەدا دەبینرێت.))١ لەگەڵ ئەوەشدا وشەی سەرسوڕمانیش وەک (ئای، ئاخ، ئۆف، ...) بەکاردێت. دیالۆگکردن بە شێوازی بانگکردن(ئەلا ئەی) ئاگادارکردنەوە (هەتا کەی) و داواکاری و بەڵگە هێنانەوە و هەڵوێستە لەسەرکردن:هەروەک (نالی)شاعیر دەڵێت:

*ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا ، هەتاکەی حیرسی وێرانە!*

*لەگەڵ ئەم عەشقبازانە بڕۆ بازانە، ئازانە!* (نالی: ل٤٩٠)

یان لە دەقێکی تردا (نالی)شاعیر بەشێوازی داواکاری لە یار دەکات، کە بەس ئەوەندە ئازاری بدات، کە دەڵێت:

*پێم گوت: مەکە چاک چاکم ، پێش خزمەتی زۆر چاکم...*

*فەرمووی: بە سەری کاکم، داغت لە دڵمدایە!...* (نالی: ل٥٦٧)

هەروەها (سالم)شاعیر دیالۆگکردن بە شێوازی داواکردن بۆئەوەی یار ببینێ و بە تەنها وشەیەکی وەڵامدانەوەکەشی ڕازییە ئەگەریش هەر نەتوانێت بگات بە دیداری، ئەم داواکاریەی شاعیریش وەک وێنەیەکی شیعریی وەرگرتنە لە ڕووداوی داواکاری حەزرەتی موسی (س)، کاتێک داوا لە پەروەردگار دەکات بۆ تەنها جارێکیش بێت خۆی نیشانبدات، بەڵام لە ئەنجامدا ناتوانێ بیبینێت، کە دەڵێت:

*لەقا خواهیش دەکەم دایم کە بنوێنێ وەلێ ناچار*

*ڕەزام حەرفێ لە جوابت بشنەوم باڵەن تەرانی بێ* (سالم: ل١٤١)

---

١نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، ٢٠١٦، ل١٩

هەروەها (مەحوی)شاعیریش لە دیالۆگێکدا داواکارە (با-سکوونەت کەم) لە خۆشەویستەکەی بۆ ساتێک ئارام بگرێت و پشووبات، بەڵام خۆشەویستەکەی ڕێگەی پێنادات (دەبێ دەر بە دەر بێ)، دەڵێت:

*وتم: با لەم دەرو لەم کۆیەدا ئانێ سکوونەت کەم*

*وتی: عاشق دەبێ هەر دەربەدەر بێ، کۆ بە کۆ بڕوا*

*ڕەقیبت دەرکە، ئەم بەر دەرکە پاکە پیس ئەکا، فەرمووی:*

*کە بەم بەرقاپییە لازم سەگێکی وایە بۆ بڕوا !* (مەحوی: ل٦٨)

٥-شێوازی دانانی (ئینشائی)١:

فۆرمی دانانی یەکێکە لە تافەکانی کردار لە زمانی کوردیدا، کە یان لە فۆرمی رستەیەکی ئەگەریدا، پەیامی ئەگەر و گومان یاخود حەزو خولیا و ئارەزووی قسەکەر دەردەبڕێت، بنەمای کردارەکەش لە ئەسپێکی (ب+ قەدی کردار+ با)پێکهاتووە.

دیالۆگ بەهۆی شێوازی دانانییەوە داواکاری قسەکەرە بۆ گوێگر لە تێگەیشتن و ڕاستکردنەوەی زانیاری و هەواڵێکدا کە هەستی پێدەکات یان پێیدراوە، وەک (مەحوی)ی شاعیر دیالۆگی ڕاستەوخۆی بە شێوازی دانانی (ئەگەر ، گەر) داڕشتووە، دەڵێت:

*وتم: ئەگەر حاڵی مەحوی تێ بگەی ڕەم بەم حەدە ناگەی*

*وتی: ئەو تێنەگەیوە، من پەریم و ئەو بەنی ئادەم* (مەحوی: ل٢٢٨)

یان دەڵێت:

*بە ئاهم گەر ڕەقیبانت بسوتێن ئەی گوڵی ڕەعنا*

*مەڕەنجە، توخودا شوعلە لە ئاقاری چڤڵ چ بکا؟!* (مەحوی: ل٤٦)

---

١هەژار فەقێ سلێمان،٢٠١٣، ل٩٧-٩٨

٦-شێوازی هێما و نیشانە:

دی سوسێر زمان لە چێوەی سیستمێکی هێمایدا پێناسە دەکات، بەو مانایەی زمان تەنها لەنێو سیستمە هێمایەکەیدا هەڵگری واتا و مەبەستەو لە دەرەوەی سیستمەکە هیچ مانایەکی نییە، ئەمەش هەردوو چەشنی زمانی زارەکی و زمانی نازارەکی دەگرێتەوە. بۆیە لەم شێوازەدا دیالۆگی قسەکەرو گوێگر یان لە نێوان شاعیر و کەسی بەرامبەردا، نیشانە و هێما وەک کەرەستەی زمانی و نازمانی، دەبنە هۆکاری پەیوەندیکردن، بەجۆرێک لە ڕووی زانستی سیمیۆلۆژیا*وە ((پەیوەندی زمانی لە ڕێگەی کاری قسەکردنەوە دەبێت، ..... بەڵام پەیوەندی ناگۆیی یان نازمانی کە پشت بە سیستەمی داڕێژراوی ناکۆنتێکستی زمانی دەبەستێت))١، کە لە ڕێگەی زمانی ئاماژە و زمانی جەستەوە پەیوەندییەکە دروستدەبێت، کە بە کەمترین ووزە زووتر و زۆرترین مەبەست بگەیەنێت٢، کە ((ئاماژە ناگوتەییەکان دەگرێتەوە))٣، واتا لێرەدا (مرۆڤ بۆئەوە گوزارشت لە شتەکان و هەستەکانی بکات پەنا بۆ چەند ئامرازێک دەبات، ئەوانیش (جووڵە) و (دەنگ)ە، بە شێوەیەک لە بەکارهێنانی زمانی جووڵە و زمانی دەنگدا جیاوازی هەیە، هەرچەندە هەردووکیان زمانی سروشتین و لەیەک ئاستدان، بەڵام زمانی جووڵە ئاسان و سادەترە و لە ماوەیەکی کەمتر لە چرکەیەک پەیوەست دەبێت بە زاراوەکان و سەرنج بۆ شتەکان ڕادەکێشێت، واتا بە جۆرێک وێنەکان زیاتر و هەمەجۆرترن لە دەنگەکان بۆ گوزارشتکردن لە شت گەلێک لە ماوەیەکی کەمتردا)٤، بۆیە لە دەقی ئەدەبیدا

---

* ((سیمۆلۆژیا(SEMIOLOGIE) یان سیمیۆتیکا(SEMIOTIQUE) بریتییە لە زانستی نیشانەکان، ئەمەش واتە کار لەسەر نیشانە (SIGN) و واتا (MEANING) دەکات.)) بڕوانە:لوقمان ڕەئوف، ٢٠١٦، ل١٦

١ سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤

٢ لێرەدا مەبەست لە ئیکۆنۆمی (ئابووریکردن یان کورتبڕی)یە، بڕوانە: دەروون عبدالرحمن ساڵح، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، چا. حاجی هاشم، بلا. ئەکادیمیای کوردی، ژ.(١٤٨)، هەولێر، ٢٠١٢، ل٢٢

٣ئازاد ڕەمەزان (د.)، بنەما زمانییەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٠، چ. یەکەم، بلا. ئاراس- ژ. ٨٩٧، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٧٣.

٤جان جاک ڕۆسۆ، ئامرازەکانی گوزارشتکردن لە بیروبۆچوونە جۆراوجۆرەکانماندا، و. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، گ. ڕامان، خوولی سێیەم، ساڵی چواردە، ژ. ١٥٦، مایسی ٢٠١٠، ل١١٥-١١٦

((نیشانە و زانیارییەکان لەگەڵ پەیامەکە لە ڕێگەی ئاماژەوە دەگوازرێتەوە بۆ خوێنەر))١، کە پێویستە هەموو ئەندامانی کۆمەڵ لەسەری ڕێکەوتبن، چونکە نیشانەو هێماکان بەپێ زمانەکان و کۆمەڵگاکانی جیهان لێکەوتەی جیاوازی لێدەکەوێتەوە، تەنانەت لە زمانی جەستەشدا، هەربۆیە ((هەموو جارێک بەریەککەوتنێکی ڕووبەڕوو هەبێت لەگەڵ بوونەوەرێکی مرۆیی تردا، لە ڕێگەی زمانی جەستەوە قسەدەکەین، کە جەستە زۆر شێوازی هەیە بۆ پەیوەندیکردن: وەک ئاماژە لەڕادەبەدەرەکانی وەک جوڵاندنی دەست و جوڵە جۆربەجۆرەکانی چۆنێتی دانیشتن و وەستان و چۆنێتی دانان و ڕووی سەر و سەیرکردنی چاوەکان، هەروەها دەربڕینەکانی ڕووخسار))٢یش ئامرازی گەیاندنی زانیاریی و دیالۆگکردنن. ئەم شێوازە لە شیعردا و لای شاعیرانی کلاسیک بەدیدەکرێت، بۆ نموونە:وەک (نالی)ی شاعیر دیالۆگکردن لەگەڵ یارەکەیدا، کە بەشێوازی پرسیارکردن و بە کارهێنانی زمانی جەستە (برۆ هێنانەوە، ئیشارەم کردە ئەبرۆی) هەروەها (ڕەنگ و لەفزی بێدەنگی) لە وەڵامدا، دەڵێت:

*گوتم: ئایا بە زاری خۆت دەپرسی حاڵی زاری من؟*

*برۆی هێنایە یەک، وەک شکڵی (لا) یەعنی کە بێ زارم* (نالی: ل٢٨٢)

یان دەڵێت:

*ئیشارەم کردە ئەبرۆی، یەعنی: میحرابت کەچە، فەرمووی:*

*ئەمە قیبلەی تەمامی عالەمە، جێی جیلوەی ئیمامە* (نالی: ل٤٧٩)

هەروەها دەڵێت:

*کە دیتم شەکڵی سەد ڕەنگی، گوتم: بابایی عەییارە*

*کە بیستم لەفزی بێ دەنگی، گوتم: شەیپووری شاپوورە* (نالی: ل٤١٩)

---

١ لوقمان رەئوف، ٢٠١٦، ل١١٠

٢ كارولين بوييز، لغة الجسد، ت. اعداد: مها فخري قنبر، ط. الأولى، شعاع للنشر و العلوم، سورية-حلب، ٢٠١٠، ص٦

وەک (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) لە ڕێگەی دیالۆگکردن لەگەڵ خودی خۆیدا، کە بە هێما و ئاماژەی چاوی خۆشەویستەکەی(چاوی- غەمزە و ناز ) لە دەقێکی پێنجیندا، کە تەخمیسی غەزەلێکی (کوردی) شاعیرە، عەقڵ و هۆشی لە دەست داوە و هەرچەندە کەس نەیوتووە بۆ ئاوا شێت بووی، بەڵام پێی دەڵێن بۆچ خۆت ڕیسواو سەرگەردان کردووە، کە دەڵێت:

*کە چاوی ساحیری دەستی بە غەمزە و ناز و ئیماکرد*

*مەتاعی عەقڵ و هۆش و دەرکمی تاراج و یەغماکرد*

*کەسێ نەیگوت دریغا کێ ئەتۆی وا شێت و شەیدا کرد*

*(ئەلای هەر کەس دەچم مەنعم دەکا، خۆت بۆچ ڕسوا کرد*

*دریغ کوا حاڵ زانێ؟ ڕەببی تووشم بێنێ بیمارێ)* (شێخ ڕەزا: ل٧٩)

بەم پێیە دیالۆگ وەک تەکنیکی هونەری گێڕانەوە، شێوازەکانی دارشتنی و چۆنێتی ئەنجامدانی، ئەرک و تایبەتمەندی دیالۆگ زیاتر چڕدەکەنەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانی شیعرییەوە، کە لە پێناو دەرخستنی ڕاستی و تێگەیشتن و گەیاندنی زانیاریدا، گرنگی و بایەخی خۆی دەردەخات. ئەگەرچی لەو شێوازانەی خراونەتەڕوو لە دیالۆگەکاندا ((هەمیشە دەستپێکەری دیالۆگ گێڕەرەوە نەبووە، بەڵکو ئەو کاراکتەرەی کە بەرانبەر گێڕەرەوە وەستاوە، سەرەتا دیالۆگی دەستپێکردووە، هەرچەندە گێڕانەوەکە هەر خودییە))١ ، بەڵام لە چەند دەقێکدا کەسی بەرامبەر دەست بە دیالۆگ دەکات، وەک (نالی)شاعیر دەڵێت:

*موسڵمانان دەپرسن حاڵی ((نالی))*

*لە کونجی بێ کەسی مەهجوورە ئەمشەو* (نالی: ل٤٠٠)

لێرەدا کەسی بەرامبەر (موسوڵمانان) بە شێوازی پرسیارکردن دیالۆگ لە شاعیر دەست پێدەکات، ئەویش وەڵام دەداتەی.

(مەحوی)شاعیر دەڵێت:

---

١هەژار فەقێ سلێمان،٢٠١٣، ل٩٨

*وتی: ((مەحوی)) هەناسەی ئاگرینە*

*بە دەم من نازکم، ناوم نەبا قەت* (مەحوی: ل١٢٤)

لێرەشدا کەسی بەرامبەر (دڵدارە) بە شێوازی داواکردن (ناوم نەبا قەد) (دەبێ – بڕوا)لە مەحوی شاعیر دیالۆگ دەکات.

یان دەڵێت:

*وتی: ((مەحوی)) من و تۆ ئافتاب و سایە تیمسالین*

*جەنابی من کە دەرکەوتم، دەبێ تەشریفی تۆ بڕوا* *(مەحوی: ل٦٨)*

هەروەها (سەید ئەحمەدی نەقیب)ی شاعیریش لەگەڵ نەفسی ئەمارە دەکەوێتە دیالۆگەوە و (نەفسی ئەممارە) دەپرسێت( بۆ ) و پاشان داوای (تەرکی مەلای کە) لێدەکات، دەڵێت:

*نەفسی ئەممارە کە وەک مارە ووتی بۆ غافڵی*

*زو بەزو تەرکی مەلایی کە وەرە سەر جاهیلی* (سەید ئەحمەد نەقیب: ل ٨٤)

## بەشی سێیەم: هونەری دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا

- دەروازەیەک لەبارەی شیعری نوێی کوردییەوە

### پاری یەکەم: جۆر و چەشنەکانی دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا

(بە نموونەی شیعری نوێی کوردی ١٩٢٠-١٩٥٨)

یەکەم: أ-دیالۆگی ڕاستەوخۆ

ب-چەشنەکانی دیالۆگی ڕاستەوخۆ

دووەم: دیالۆگی ناڕاستەخۆ

### پاری دووەم: مۆنۆلۆگ – خۆ دواندن و شەپۆلی هۆش لە شیعری نوێی کوردیدا

(بە نموونەی شیعری نوێی کوردی ١٩٢٠-١٩٥٨)

یەکەم: مۆنۆلۆگ

دووەم: شەپۆلی هۆش

## - دەروازەیەک لەبارەی شیعری نوێی کوردییەوە:

بەپێی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان، بە پێویستی دەزانین سەرەتا بزانین شیعری نوێی کوردی چۆن و کەی سەریهەڵدا و بە کاریگەری چی وسیما و تایبەتییەکانی چیین، تا بتوانین بە ئاسانی شیعری نوێی کوردی لە شیعری کۆن جیابکەینەوە و کاری لەسەر بکەین.

بە گەڕانەوەمان بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی، دەبینین میللەتی کوردیش وەک هەموو میللەتانی جیهان (گێتی) ((خاوەنی یەک ئەدەب بوون، بە هەردوو بەشیەوە، ئەدەبی سەرزاری و ئەدەبی نووسراو،))١ ئەدەبی سەرزاری یا فۆلکلۆر (بە هەموو بەشەکانیەوە) سەرچاوەیەکی بە بایەخی ئەدەبی نووسراوە، پاش ئەو ئەدەبی میللی دێت بە نموونەی (فەقێ تەیران، عەلی بەردەشانی...)، دواتر ئەدەبیاتی نووسراو بە چەند قۆناغ و سەردەمێک و قوتابخانەی (کلاسیکی ،کلاسیکی نوێ، ڕۆمانتیکی و پاشان ریالیزمی) جیادەکرێتەوە. بۆیە باسکردن و دوان لەبارەی شیعری نوێ و سەرهەڵدانی ڕێبازی نوێ شیعریی، واتە باسکردن لە کۆنی و نوێی (تازە)یی لە ئەدەبی کوردیدا. ئەمەش بۆ ئەو سەردەم و ڕووداوانە دەگەڕێتەوە، کە هۆکاربوون بۆ گۆرانکاری لە ژیانی کۆمەڵگە و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فیکری و ڕۆشنبیری...، وەک کۆمەڵێک هۆکاری بابەتی، پاشان هاتنەکایەی تێڕوانین و بیروبۆچوون و ڕێچکەی ئەدەبی جیاواز، کە بۆ ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە بێت. ئەم هۆکار و گۆڕانکاریانەش ((دەکەوێتە ئەو ماوەیەی نێوان کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهان واتا ساڵی ١٩١٨ بە دواوە تا کۆتایی ١٩٢٥ز،..... بە کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی گۆڕانکارییەکی بنچینەیی هەموو لایەکی گرتەوە لە ڕووی سیاسیەوە نەخشەی ناوچەکە گۆڕاو وولات کەوتە ژێر چنگی ئیمپریالیزمی رۆژئاوا، کە دیارە کوردستانی عێراق بەر

---

١مارف خەزنەدار (د.)، مێژووی ئەدەبی کوردی (لە سەرەتاوە تا سەدەی چواردەم)، ب. یەکەم، چ. یەکەم، د. چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چا. وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ١٥٧.

داگیرکردنی ئینگلیز کەوت،...، کۆمەڵێ درمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت دەروونی بەرپا بوو.))١

هەرچەندە ئەم گۆرانکارییانەش لە جیهاندا و بە تایبەتی لە ئەوروپادا سەریهەڵدا، بەم هۆیەشەوە لەلایەن نووسەر و شاعیرانەوە ڕێچکە و ڕێبازی نوێی ئەدەبی پەیڕەوی کراوە، لە سەرەتای سەدەی بیستەم ئەدەبی عەرەبی و تورکی، پاشان لە ئەدەبی عێراقیشدا ئەم ڕێچکە و ڕێبازانە گیراونەتەبەر، لەو ماوەیەشدا چەندین بزوتنەوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی سەریانهەڵداوە و بیروبۆچوون و کارەکانیان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە پێشخستن و نوێکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی و شیعردا بە نموونەی جووڵانەوەی دیوان و شاعیرانی تاراوگە و کۆمەڵی ئەپۆلۆ، ئەویش بە ((گرنگی دانیان بە ئەدەبی ڕەمزی، لە تازەکردنەوەی دەستەواژەکان و بانگەوازکردن بۆ دەربڕینی خۆرسکانە کە گەرەنتی داهێنانەکانیان بێت))٢، ئەم نوێکردنەوەیەش (( کۆمەڵێ لە شاعیران پەیڕەویان کرد کە زیاتر ڕێڕەوێکی هاندانی و چارەسەری بوو و کەوتبووە نێوان ماوەی قوتابخانەی لاسایکردنەوە (تقلیدی) لە سەدەی نۆزدەهەمدا و قوتابخانەی تازەگەری (التجدید) دوای شەڕی دووەمی جیهان لەو شاعیرانەشی (زەهاوی، رەصافی، کاظمی و...گەلێکی تر))٣، لەگەڵ ئەوەشدا ((بەشێکیشیان بەشدارییان لەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانەدا کرد.))٤

هەروەها ئەدەبی تورکیش لە سەدەی بیستەمەدا گۆرانکاری و نوێکردنەوەی بەخۆوە بینیوە، بەهۆی ئەوەی تورکەکان ((پایتەختی ئیمپراتۆریەتەکەیان لە ئەورووپا نزیک بوو و پەیوەندییەکی بازرگانی و سیاسی و ڕۆشنبیریی پتەویان لەگەڵ ئەورووپادا هەبوو، لە زۆر زووەوە (پێش گەلانی کورد و عەرەب و فارس)

١عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم، ئەحمەد موختار بەگی جاف –شاعیر و مرۆڤ–، د. چاپ و پەخشی سەردەم، چ. دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ١٤٧

٢یوسف الصائغ، الشعر الحر في العراق –منذ نشأته حتى عام ١٩٥٨–، م.ط: اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٦، ص٢٢

٣عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم، ٢٠٠٠، ل ١٥٠

٤هەڤاڵ ئەبوبەکر حوسێن، پێگەی رێبازی رۆمانتیکیی لە شیعری کوردیدا، چا. لەریا، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٩٩

توانیویانه پەیوەندی لەگەڵ ژیانی کولتووری و هونەری ئەوروپا دروست بکەن))١، بەهۆی ئەو بزوتنەوە ئەدەبییە نوێخوازییانەوە، ((کە بنەماو بنەڕەتی هەرە دیاری ئەو بزوتنەوەیە خۆداماڵین و خۆدورخستنەوە بووە لە ئەدەبێکی بێگانە کە ئەدەبی فارسی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەنگاوەیاندا ڕوویانکردە ئەدەبێکی تری بێگانە کە ئەدەبی فەرەنسی بوو))٢، لە ئاکامدا گۆڕانێکی بنەڕەتی لە لایەنی چەمک و ناوەڕۆکەوە ڕوویاندا٣، بەم هۆیەشەوە چەند قوتابخانە و کۆمەڵەی ئەدەبی و شیعریی نوێی، وەک (ڕێبازی ئەدەبیاتی جەدیدە)، کە لە ڕێگەی دوو قۆناغەوە، ئەوانیش (کۆمەڵەی سەروەتی فونوون، ئودەبای فەجری ئاتی)یە بوون، بە بەشداری کۆمەڵێک شاعیر و نووسەری دەرکەوتووی، وەک(تۆفیق فیکرەت و جەناب شیهابەددین و عەبدولحەق حامید...)٤، ڕۆڵی گرنگ و کاریگەریان لە نوێکردنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی تورکیدا بینیوە.

بەجۆرێک کاتێک باس لە بزاڤی شیعری نوێی کوردی دەکرێت لە سەدەی بیستەمدا، یەکسەر دەچینەوە بۆ ئەو قۆناغەی کە شاعیران و نووسەران کاریگەربوون بە ئەدەبی تورکییەوە، بە شێوەیەک ((لە ژێر کاریگەری ئەدەبی تورکیدا ئەو بزوتنەوە نوێییەیان بەرپاکردووە و سیما و شەقڵە تازەکانی ئەو بزوتنەوەیە ئاکامی کاریگەربوونی ڕابەرانی بزوتنەوەکە بووە بە ئەدەبی تورکییەوە))٥.

لەلایەکی ترەوە ئەو گۆڕانکارییانەی لە بوارەکانی تری ژیانی میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا، بە کاریگەری ڕۆژئاوا ڕوویاندا، بە تایبەتی ڕاپەڕینی نەتەوایەتی و بزووتنەوە ئەدەبیەکانی تورکەکان، هەروەها باری سیاسی نەتەوەی کوردیش، بە هۆی ڕاپەڕینەکانی (شێخ مەحمود)، بۆ بە دەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆی بۆ گەلی کورد، هۆکاربوون بۆ گۆڕانکاری لە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و

---

١فەرهاد پیربال، ڕەگوڕیشەکانی تازەبوونەوەی شیعری کوردی، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای کوردستان، هەولێر، سێپتەمبەری ٢٠٠٥، ل٥٨:

٢دلشاد علی محمد، دیاردەی کاریگەری مەولەوی لەسەر شاعیرانی کرمانجی خواروو (پیرەمێرد،گۆران،دیلان)، گ. زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژ. ٥، ساڵی ٢٠٠١، ل ٦٠

٣ئەحمەد تاقانە، تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، چ. یەکەم، چا. وەزارەتی پەروەردە، بڵا. دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١،ل٨

٤ بڕوانە: ١- ئەحمەد تاقانە،٢٠٠١،ل١٨ ، ٢- فەرهاد پیربال، ٢٠٠٥، ل٥٨

٥دلشاد علی محمد، ٢٠٠١، ل٦٠

ڕۆشنبیرییەوە١، کە بوارە ئەدەبیەکەش ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەمە بوو، تەنانەت ئەمانەش ڕێگە خۆشکەر و گرنگبوون بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەدەبی و سیاسی و بایەخدان بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبی و شیعریە کوردییەکان. بۆ نموونە (عەبدولرەحیمی هەکاری) شاعیر و ڕۆژنامەنووس لە گۆڤاری (ژین)ی ئەستەمبوڵی ساڵی (١٩١٩)ە، بە یەکەم کەس دادەنرێت، لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا و بە پێویستی زانیوە گۆرانکاری لە ناوەڕۆکی شیعریدا بکرێت، بۆ ئەوەی خەڵکی تێبگەیەنێت، کە بە ئەدەبیاتی تورکی و فەرەنسی کاریگەر بووە.

لە ئەدەبی کوردیدا عەبدولرەحیمی هەکاری و پیرەمێرد لە پێش هەموو نووسەرێکی کوردییەوە بایەخیان بە نووسینی شانۆنامە (پیەس، تەمسیل یان درام)یان داوە، عەبدولرەحیمی هەکاری یەکەم کەس بووە دەقی شانۆی (مەمێ ئالانی)ی نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە٢، هەربۆیە بڵاوکراوەکان ((لەو ساڵانەدا کاریگەریان هەبووە لەبەرەو پێشچوونی ڕەوتی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵکی کوردستان و ئاگاداربونیان لە ڕۆشنبیری و بارودۆخی سیاسی وولاتانی دراوسێ))٣، کە لەلایەن چەند ((توێژێکی رۆشنبیری بورژوازی کورد لە بزوتنەوەی نیشتمانی گەلی کورد برەویان پێدا))٤، ئەمەش وایکرد کە شاعیرانی کوردستانی عێراق بەهرە و سەلیقەی هونەری خۆیان لە شێوەو ناوەڕۆکێکی سەردەمیانە بۆ شیعرەکانیان پەیڕەوی بکەن، هەرچەندە ((سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نیشتمانی ... بۆ سەدەکانی هەڤدەهەم و هەژدەهەم ئەگەڕێتەوە بە تایبەتی لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانیدا کە سیما و مۆرکی ئەو

١حەمە حەمە ئەمین قادر "کاکەی فەللاح"، کاروانی شیعری نوێی کوردی، چا. کۆری زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل ٢٨- هەروەها- محەمەد ئەمین محەمەد نوری ئەمین، شەقڵی نوێخوازی لە شیعری کوردی و فارسی سەدەی بیستەمدا، نا. ماستەر، ک. زمان، ز. سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٦٩

٢بڕوانە :١- ئازاد عەبدالواحید کریم، ٢٠٠٦، ل٤٦ ٢- فەرهاد پیرباڵ، ٢٠٠٥، ل٦٨

٣سارا صدقی حمەأمین، جەمال شارباژێری و ڕۆڵی لە نوێگەریی شیعری کوردیدا، نا. ماستەر، ک. زمان، ز. سلێمانی، ٢٠١٠، ل٥٥

٤عزالدین مصطفی رسول، الواقعیة في الأدب الکردي، صیدا –بیروت، ١٩٦٦، ص٨٩ ، بڕوانە: عەبدولقادر محەمەد ئەمین، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیی کوردیدا، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٤٤

بیرەی پێوەدیارە))١، بەڵام لە شیعرەکانی (نالی)دا ئەو بیرە بە جۆرێکە، باس لە زادگا دەکات، کە لە مەولانای وەرگرتووە، هەروەها (حاجی قادری کۆیی)ش لە سەدەی نۆزدەهەمدا، درێژەی بەم بیرە داوە، بەڵام بە شێوەیەک گەشەی بەم بیرە داوە، کە ئاماژە بە گەڕانەوە بۆ نیشتمانێک (یۆتۆپیا)* دەکات، کە ئاواتی بۆ دەخوازێت.

بۆیە سەرەتای ئەو قۆناغە لە نوێکردنەوە** لە ڕووی ناوەڕۆک و ڕووخسارەوە ئەزموونکراوە، بەوەی ((...یەکەم گۆڕینی کێش و قافیەی شیعری کوردی؛ بەرەو شتێکی تازەی سەربە جیهانی شیعری جیهانی لە سروودی کوردیدا بوو))٢، ئەم گۆڕینەش پەیوەست بوو بە بابەتی ئاوازەوە، لە دواتردا تێکەڵبوونی لەگەڵ چەشنی گۆرانی و مەقامی کوردیدا، کە لە لایەنی بیروباوەڕ و تەکنیکی نوێی دەربڕینەوە سروودەکان هاوتای هونەرە جیهانییەکە کراوەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ((بایەخدان بە زمانی شیعری و ڕووکردنە بە کارهێنانی وشەی کوردی پەتی، وەک تەکنیکی نوێ و لەپاڵ ئەو تەکنیکەدا ناوەڕۆکی نوێ...))٣بە چەندین بابەتی نوێ ڕەنگی داوەتەوە، کە (پیرەمێرد)ی شاعیر لەم کارەدا دەستپێشخەر بووە، دواتر هەروەک لەو گفتوگۆ ڕۆژنامەییەدا، گۆرانی شاعیر ئاماژەی بۆ کردووە، نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا لە ئەنجامی کاریگەربوونیان

---

١محەمەد ئەحمەد سەعید، کەرکوک و بزاڤی شیعری کوردی-لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن-، چ. یەکەم، د. چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢٨٠

* یۆتۆپیا: ئەو شوێنەیە کە هەموو خەڵکی بە شێوازێکی بەرزی شارستانی و یەکسانی تەواوی خزمەتگوزارییەکانی بەردەستە. -أدب المدینة الفاضلة. /https://ar.wikipedia.org

**((چەمکی نوێکردنەوە- هەرچەندە کە چەمکێکی زاراوەییە زیاتر لەوەی کە شیعری بێت- لەگەڵ ڕەوتی پەرەسەندنی مێژووی شیعردا لە برەوێکی هەمیشەیی دایە، واتا پێویستی بەوە هەیە، کە هەنگاوی دوای ئەوە لە هی پێشووتر باشتر بێت، بەو مانایەی کە حەتمییەتی مێژووی گۆڕان دەبێت هەردەم بە ئاراستەی پۆزەتیڤی بڕوات.)) بڕوانە: ئازاد عەبدولواحید کریم، نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا (دوای جەنگی جیهانی یەکەم تا ساڵی ١٩٧٠)، چ. یەکەم، چا. ئارابخا، کەرکووک، ٢٠٠٦، ل١٤

٢عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، مطبعة التعلیم العالی، اربیل، ١٩٨٩، ل٣٨-٣٩

٣سارا صدقی حمەامین، ٢٠١٠، ل٥٦

به ئەدەب و قوتابخانەی شیعریی و شاعیرانی نوێی تورک، لەو ڕوانگەوە لە نوێکردنەوەیان ڕوانیوە، کە نووسەر و شاعیران (شێخ نووری شێخ ساڵح و ڕەشید نەجیب و گۆران) بوون، نوێکردنەوەکەیان بە گەڕاندنەوەیان بۆ فۆلکلۆر و کێشی خۆماڵی دەستپێکردووە و بەکاریان هێناوە١، کە لەم لایەنەدا گۆران بە لە پێشتر دادەنرێت، بەهۆی بەردەوامی و زۆری بەرهەمییەوە. هەربۆیە لە دوای ئەم قۆناغەشدا ((دوابەدوای ((گۆران))یش بوو بە سیمایەکی دیار و گشتیی شێوازیی شیعری نوێی کوردی لە لای کۆمەڵێ شاعیری ناوداری کورد وەکو هاوتەمەنەکانی (گۆران)، لەوانە (ع.ح.ب، کامەران، دیلان، ئەحمەد هەردی، حەسیب قەرەداغی،جەمال شارباژێری، شێرکۆ بێکەس و ....هتد))٢، هەروەها لە ڕووی گۆڕینی ناوەڕۆکەوە لە باسی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی کوردەوە چەندین لایەنی ئەو بزوتنەوەیەی گرتەوەو، بەوەی لە باسی مەسەلە گشتییەکان و دەربڕینی هەست و ئەزموونە نەتەوەیەکانەوە، گەڕانەوە بۆ باسی تاکە کەسی و مەسەلە گشتییەکان لە کێشە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانیەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی بابەتی جیاوازەوە.٣

ئەمەش وەک پەیوەستبوون و ئەرکی شاعیر لە پێناو خزمەتکردنی کۆمەڵدایە، بەوەی پێویستە لەلایەکەوە ئەو ئەرکەی((بەرامبەر بە کۆمەڵ هەیەتی ئەبێ بە زمانی ئەوان بدوێ تا بتوانێ واتە و مەبەستی ناو شیعرەکانی بەوان حاڵی بکا))٤، بۆیە لە ڕووی بەکارهێنانی زمانەوە وەک خاسیەت و تایبەتمەندییەکی تری شیعری نوێی کوردی ئەو سەردەمە ((زمانێکی دەربڕینی تازە هاتە ئارا کە لە سەرەتادا لەژێر کاریگەری ڕۆمانتیکە تورکەکاندا دروست ببوو؛ گۆران ناوی ((لەم زمانە)) نابوو ((کوردیی عوسمانلی)) کە زیاتر شێخ نووری و ڕەشید نەجیب و خۆی لە ساڵانی ١٩٢٠دا بەکاریان دەهێنا؛ پاشان وردە وردە لە ساڵانی ١٩٣٠-١٩٤٠

---

١عەبدولرەزاق بیمار، دانشتنێک لەگەڵ گۆراندا، گ. بەیان، ژ. ٢، شوباتی ١٩٧٠، ل٣٠

٢حەمەنووری عومەر کاکی، شێوازی شیعری نوێی کوردی کرمانجی ناوەڕاست (١٩٢٠-١٩٧٠)، چا. روون، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٩٣

٣عیزە دین مستەفا ڕەسووڵ، ١٩٨٩، ل٤٠

٤سوارەی ئیلیخانیزادە (١٩٣٧-١٩٧٦)، تاپۆ و بوومەلێڵ (شێرکۆ بێکەس و گروگاڵ دوای گۆران www.vejinbooks.com/view

بەملاوە بەکارهێنانی زمانێکی کوردیی پەتی هاتە ئارا))١، هۆکاربوو بۆ پاکردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە و پاراوکردنی زمانەکە.

ئەگەرچی دەوترێت پێشتر لە شیعری کلاسیکدا یەکێتی بەیت پەیڕەوی کراوە٢، بەڵام لەگەڵ نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا یەکێتی بابەت هاتۆتەناوەوە، ئەمەش بە جۆرێک کە هەر بەیتێک سنورێکی سەربەخۆی واتایی هەبووە، بەڵام لەگەڵ نوێکردنەوەدا و لە شیعری ڕۆمانتیک و ریالیزمدا یەکێتی بابەت و واتای تێکڕای دێرە شیعرەکان لە پێناو یەک بابەتدا هاتەکایەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی گۆران وەک پێشەنگێک لە شیعردا، توانیویەتی گۆرانکاری و داهێنان بکات، بە بەکارهێنانی کەرەستەو تەکنیکی نوێ و دوورکەوتنەوە لە کەرەستەو تەکنیکی کۆن، وەک یەکێتی بابەت و ئاواز و ریتمی نوێ و وێنەی هونەری، داهێنا٣، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی تەکنیک و شێوازی نووسینەوە دانانی ناونیشانە بۆ دەقە شیعرییەکان. بەوپێیەی ((ڕەگەزی ناونیشان یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی دەق))٤ و کلیلی چوونە ژوورەوەیە بۆ ناو ناوەڕۆکی دەقە شیعریەکە، بێجگەلە داهێنانی چەند شێوە وقاڵب و شێوازی شیعری و تێکەڵکردنی تەکنیکی ژانری شیعر و پەخشان، وەک لە (شیعری شانۆیی یان درامی، ئۆپەرێت ، چیرۆکە شیعر، سروود...) دەردەکەوێت.

هەروەها ((بۆ نموونە پیرەمێرد هات پەندی پێشینانیشی کردە فۆرمێکی دەربڕینی شیعر، قانیع هات بە جورئەتەوە دیالۆگی خستە ناو شیعرەوە، واتە شیعری لە شێوەی گفتوگۆی نێوان دوو کەس گێڕایەوە. ئەمەش کارێکی تازە بوو، چونکە لەلایەک خاسیەتێکی گێڕانەوەیی بەخشییە شیعر،...، لە لایەکی دیکەشەوە توخمی درامایی لە شیعردا بەهێزتر کردو ڕێگەی خۆشکرد شیعری درامایی بێتەکایەوە.))٥

---

١فەرهاد پیربال، ٢٠٠٥، ل٨٠

٢حەمە حەمە ئەمین قادر "کاکەی فەللاح"، ١٩٧٨، ل٣٧

٣ علی طاهر حسین و شنۆ محمد محمود، زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانیی و خوێندنەوەی دەقی شیعریی، گ. زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژ. ٣٣، کانوونی دووەمی ٢٠١٢،ل٦٤

٤ئارام سدیق، ڕەگەزی "ناونیشان" لە چیرۆکی نوێی کوردیدا، گ. ڕامان، خولی سێیەم، ساڵی پازدە، ژ. ١٥٧، حوزەیرانی ٢٠١٠، ل٦٣

٥سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦

هەروەها جیاواز لە سەردەم و شیعری کلاسیکی* وەک تەکنیکێکی نوێی نووسینی و دەربڕین، ((ڕەچاوکردنی نیشانەکانی خاڵبەندی و بەکارهێنانی، وەک تەکنیکێکی دەربڕین خاسیەتێکی دیکەی شیعری نوێیە. شیعر نووسین لە دەفری زمانی کوردیدا، لە سەردەمی کلاسیکدا ، واتە تا سەرەتای ئەم سەدەیەش حاڵی وەکو حاڵی پەخشان، هیچ حسێبێکی ئەوتۆی لە رووی خاڵبەندی (دانانی ((خاڵ)) ((ڤێرگۆل)) ((ڤێرگۆلی خاڵدار)) ((دووخاڵ))هتد بۆ نەکراوە))١، چونکە لە شیعری کلاسیکدا ((واتای شیعر لە ناو یەک تاقە بەیتدا دەتوایەوە و کۆتایی دەهات. ...بەڵام لە شیعری نوێدا واتا درێژ دەبێتەوە،...،ئەمەش پێویستی بە بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی هەیە ...گۆران یەکەم شاعیری نوێیە کە ئەمەی بەکارهێنابێ.))٢لێرەشدا بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی یارمەتیدەرە لە داڕشتن و پیشاندانی هونەری دیالۆگ لە شیعردا.

بەم شێوەیە ئەم گۆرانکارییانە لە ناوەڕۆک و شێوازی داڕشتنی نوێی شیعریی وەک نوێکردنەوە، ئەویش وەک نوێکردنەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی دیالۆگەوە، کە شاعیر دەنگی خۆی و کەس ئاراستەی بەرامبەر و کۆمەڵ دەکات و پاشانیش چەند دیمەنێکی کورت و سنوردار لە شێوەی وێنەی شیعریدا پیشان دەدات، هەروەها وەک ئامرازێک و هۆکاری گێڕانەوە بۆ گەیاندنی مەبەست و ئامانجی شاعیر بەکاردێت، لەگەڵ ئەوەشدا خاسیەت و تایبەتمەندی جۆری بەرهەمە شیعرییەکە دیاری دەکات، جێی ئاماژە بۆکردنە کە هونەری دیالۆگ تەنها تایبەت نییە بە قۆناغی شیعری نوێی کوردی، بەڵکو لە هەموو قۆناغە جیاوازەکاندا دیالۆگ وەک تەکنیک بە ئاست و شێوازی جیا و جۆراوجۆر لە شیعری کوردیدا بەکارهاتووە و هەروەک لە قۆناغ و سەردەمی ئێستاشدا ئەم هونەرە بوونی هەیەو پەیڕەوی دەکرێت.

---

* بڕوانە: مارف خەزنەدار، خاڵبەندی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، گ. ڕامان، ژ. ١١٥، ٥-١٢-٢٠٠٦، ل٥٧-٦٥

١فەرهاد پیربال، ٢٠٠٥، ل١٣٢

٢سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

## پاری یەکەم: جۆر و چەشنەکانی دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا

## (بە نموونەی شیعری نوێی کوردی ١٩٢٠-١٩٥٨)

### یەکەم: أ-دیالۆگی ڕاستەوخۆ:

ئەم جۆرە لە دیالۆگ کە گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نێوان دوو کەسە، لە نێوان دوو کەسی نێو دەقی شیعری لیریکی یان شیعری شانۆیی یان ئۆپەرێت یان چیرۆکە شیعر یان پەخشانە شیعر بێت، واتا ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان لە نێوان ئەو دوو کەس/کاراکتەرەدا بە شێوەی پرسیار و وەڵام، کە زۆرجار نێرەر دەستپێشخەری دیالۆگە و هەندێجاریش وەرگر دەبێتە دەستپێشخەر، لەگەڵ ئەوەشدا زانیارییەکان لە نێوانیاندا ئاڵوگۆر دەکرێت لە پێناو گەیاندنی مەبەست و زانیارییەکدا، کە ئامانجی شاعیرە، بە جۆرێک کە ((قسەکەر و گوێگر لە یەک کاتدا هەم قسەکەرن هەم گوێگر، ئەگەر ئەمە لە چیرۆک و ڕۆماندا بە شێوەیەک بێت کە جیاواز بێت، ئەوا لە شیعریشدا شاعیر بە جۆرێک دیالۆگەکان ڕێکدەخات، کە بگونجێت لە هێرمۆنتیکای دەقەکەی و ئیستاتیکای دەقەکە لە دەست نەدات، چونکە مەودای شیعر بەرتەسک ترە و شاعیر ناتوانێ بە شێوەی دەقی پەخشانی مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی وشە و زاراوەکان بکات.))١ لێرەدا بەبێ بوونی هیچ ناوەند و فەزایەک زانیاری و دیالۆگ ئەنجام دەدرێت، کە ڕاستەوخۆ دیمەنەکان ئاشکرا بە خوێنەر یان وەرگر دەگات.

بەپێی ئەو تایبەتمەندیانەی ئەم جۆرە دیالۆگەی پێدەناسرێتەوە، ئەنجامدانێتی لە نێوان دوو کەس بە شێوەی ناوهێنانی ڕاستەخۆی کەسەکان یان بەکارهێنانی دەستەواژەکانی (وتی ،وتم ، پرسیاریکرد ،وەڵآممدایەوە...) یان بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەمی تاک (م ، من) و لەکاتی ئێستایی کاتی ڕانەبردوودا. جگە لەوەی لە هەندێ دەقی شیعری شانۆیی یان چیرۆکە شیعر و ئۆپەرێتەکاندا، بە دانانی پیت یان ژمارە یان دانانی نیشانەی هێڵ(-) دیالۆگەکە دیاریدەکرێت.

---

١ناز ئەحمەد سەعید و ئەڤین ئاسۆس حمە، دیالۆگ و فرەدەنگی لە شیعرە فارسییەکانی مەحوی دا، گ. زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی پێنجەم، ژ.(١٥)، کانوونی یەکەمی ٢٠١٨، ل٦

**ب-چەشنەکانی دیالۆگی ڕاستەوخۆ:**

ئەمجۆرە لە تەکنیکی دیالۆگ بە پێی تایبەتمەندییەکانی بۆ چوار چەشن دابەش دەبێت، ئەوانیش:

**١- دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕووت:**

نموونەی دەقی شیعری لەم چەشنە لە دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا بریتییە لە هەندێک شیعری منداڵان و شیعری فێرکاری و پرسیارو وەڵام، یان دەمەتەقێی ئاسایی، یاخود شیعری گێڕانەوە و سرودی نیشتیمانیدا، بۆ نموونە لە هەندێک لە شیعرەکانی(بێکەس ،گۆران، قانع،هەژار،...هتد)دا، ئەم چەشنە لە دیالۆگ بەدیدەکرێت.

(فایەق بێکەس) لە دەقی شیعری منداڵانی وەک (تۆچیت؟ من کوردم) و (شوان و مەڕەکانی)دا، دیالۆگی بە شێوەی ڕاستەخۆی ڕووت لە نێوان دوو کاراکتەردا ڕێکخستوە، کە بە شێوازێکی سادە و ساکار دەربڕدراون، لە دەقی (تۆ چیت؟... )دا بە شێوەی پرسیارکردن و وەڵامدانەوەدایە هەر خۆشی وەڵام دەرەوەیە، واتا خودی قسەکەرە، بەڵام مەبەستی شاعیر زۆر لەوە زیاترە تەنها گەیاندنی چەند زانیاریەک بێت بۆ نەوەی داهاتوو، بەڵکو ئامانجی نەتەوەیی و ئامۆژگاریکردن و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و تێکۆشان و خۆبەختکردنە لە پێناو خاک و نیشتمان و نەتەوەدایە، کە دەڵێت:

*تۆ چیت؟ من کوردم*　　*نەتەوەی گوردم*

*خۆ ترسنۆک نیت؟*　　*حاشا نەبەردم*

*چی تۆی لەناو برد؟*　　*دوو دڵی و نیفاق*

*چۆن ڕزگار دەبی؟*　　*هەر بە ئیتتیفاق*

*بڵێ چیت ئەوێ؟*　　*بەرزی وەتەنم*

*بە خۆڕایی نا،*　　*بە گیان و تەنم*　　( بێکەس: ل٢١٤)

هەروەها لە دەقی (شوان و مەڕەکانی)دا شاعیر تیایدا بەجۆرێک ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی کاری شوان و مەڕەکانی دەگێڕێتەوە، لە ڕێگەی ناوهێنانی کەسەکان

(شوان، مەڕ) وەک دوو کەس دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕووت و بە شێوەی داواکردن (بڕۆن) دروستدەکات و چەند زانیارییەک دەبەخشێت بە وەرگر، لەگەڵ ئەوەشدا پیشاندانی ئەمەک دۆستی و چاکەکردن لە بەرامبەر یەکتردا نیشانەی دڵسۆزی و وەفاداریە، کە دەڵێت:

شوان:

*مەڕەکانم چەندە جوانن     چەند بە کەڵک و بەسەزمانن*

*بڕۆن ... بڕۆن بۆ ئەولایە     زۆر لەوەڕی چاکی تیایە*

*مەڕەکان:*

*لوورەی گورگێ دێتە گوێمان     نزیک کەوتۆتەوە لێمان*

*ئەگەر تۆ زوو نەگەی پێمان     ئەو بەدخووە دێتە ڕێمان* ( بێکەس: ل٢١٥)

(گۆران)ی شاعیر لە دارشتنی کۆمەڵەی حەوتەمدا، کە چەند دەقێکە بە شێوازی پیەس و لە یەک پەردەدایە، بە ناونیشانی (ماستاو...، جۆقی یۆنسکۆ، موحاکەمەی مام چەوەندەر، نق و جق)دا هونەری گێڕانەوەی بەهۆی دیالۆگی نێوان کەسەکانەوە بە شێوازی ڕاستەوخۆ ئەنجام داوە، چەند مەبەستێکی شیعری نەتەوەیی و مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە لە چەند دیمەنێکدا پیشان دەدات، کە بە شێوەی ناوهێنانی کەس یان دانانی پیت یان دانانی هێڵ بۆ دیاریکردنی دیالۆگەکان داڕێژراوە، بۆ نموونە لە دەقی (ماستاو...)دا کەسی (ئاغا، کاربەدەست)دەڵێت:

*- پەردە هەڵکشا-*

*ئا: تەلەفۆنی ئەم سەر: ئاغا لە هاوینە هەواری کوێستان*

*ب: تەلەفۆنی ئەوسەر: کاربەدەستێک لە باڵێوزخانەیەک*

*ئا:*

*هەلاو... هەلاو... گەورەم! سێرم!*

*هۆی گیرفان و سکی تێرم*

*هەلاو... هەلاو...*

*ڕووناکیی چاو!*

*ب:*

*ئەلۆ... ئەلۆ... ((شێک))م! ((ئاگا))م!*

*لەناو گەلتا پشتم ، پەنام!*

*ئەلۆ... ئەلۆ...*

*((کۆت)) براڤۆ!*　　　( گۆران: ل٢٧٣)

لە دەقی (جۆقی یۆنسکۆ)دا کە شانۆیەکە لە یەک پەردەدا ، دیالۆگکردن لە نێوان چەند کەسێکدا ( پرۆفیسۆر، کچان، گۆرانیبێژ، هەموو)، وەک دەقێکی فرەدەنگی دیاریدەکرێت، کە دەڵێت:

*-پەردە هەڵکشا-*

*پرۆفیسۆر:*

*هاتووینە دێی بەرد و کوچک*

*خرِ بیژەنە وەستای دومبک!*

*خرِ بیژەنە کەمانەژەن!*

*کچان، ئێوەش سەما بکەن!*

*{ساز و سەما دەست پێ ئەکا}*

*کچە مامۆستای گۆرانیبێژ:*

*من زانای دەرسی ئەلفبام!*

*دوو جار بڵێن: تەرلای لای لام!*

*هەموو:*

*تەرلای لای لام...*

*تەرلای لای لام...* ( گۆران: ل٢٧٦)

(قانع)ی شاعیر لە دەقی شیعری (یەک دواندن)دا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بە پرسیارو وەڵام دیالۆگێکی شیعری دروست دەکات، کە هەر خۆی پرسیار دەکات و وەڵامدەداتەوە، بە گیانێکی نەتەوەیی مەبەستی گەیاندنی زانیاری و پێدانی ئامۆژگاریە بۆ نەوەی داهاتووی کۆمەڵگەی کوردی، کە دەڵێت:

*ئەی کوڕ نەوەی کێی؟* *نەوەی شێرانم*

*تۆ لەکام هۆزی؟* *هۆزی کوردانم*

*بۆ ڕەنگت زەردە؟* *دەردم گرانە*

*دەردەکەت چیە؟* *کزی کوردانە*

*جا، بۆچی کزن؟* چونکە *جێماوین*

*جێمانێکی چۆن؟* *تەواو فەوتاوین* ( قانع: ل٣٦٠)

هەروەها لە چەند دەقێکی وەک (قانع و باز) و (جوتیار و گاجووتەکەی) و (قانع و لێفەکەی)دا بە شێوەی ناوهێنان و بانگکردن (ئەی باز) ڕاستەوخۆ دیالۆگ لەگەڵ کەسی بەرامبەر و ئامادەدا دەکات، کە وەک کەسی قسە بۆکراو و گوێگر دیالۆگ ئەنجام دەدەن، کە لە دەقی (قانع و باز)دا دەڵێت:

*ئەی باز! ئەی مەلی باڵداری خوێنخوار*

*لەناو مەلەکان مەشور بە زۆردار*

*ئازاری گیانی گیانداران ئەدەی*

*بەلای دەردتۆ، خۆت بەخێو ئەکەی*

تا دەگاتە:

*مردنت باشە تا ژیانی وات*

*شۆرەت، خوێنخۆریت بخەیتە ووڵات*

*من بە تۆ ئەڵێم هەی ستەم پیشە!*

*ئەمە کردار و کردوە و ئیشە!* (قانع: ل٤٧٦)

پاشان لە دوای سێیەم دەق باز وەک کەسی دووەم و وەرگر، وەڵامی شاعیر دەداتەوە و بە شێوەی دیالۆگی ڕاستەوخۆ و ڕووت (من)، کە دەڵێت:

*وەڵامی باز:*

*(قانع)خوێنخۆریم خەتای خۆم نییە*

*سروشتم وایە، دەسەڵات چییە؟*

*ئەگەر تەبیعەت دەنوک نەدا پێم*

*سەربەندی شاخان، دانەنێ بۆ جێم*

*چنگی قولاپدار وەک نێرەی خوێنڕێژ*

*نەخاتە پەنجەم مەحکەم و درێژ*

*نینۆک وەک ئەڵماس، نەخاتە پەنجە*

*هیچ مەڵێ لەمن نابێ دڵ ڕەنجە*

*منیش وەک کۆتر دانە خۆر ئەبووم*

*بۆ خۆم ئەژیام، بەهەر جۆر ئەبووم* ( قانع: ل٤٧٧)

هەربەو شێوەیە لە دەقی (جوتیارو گاجووتەکەی)دا شاعیر بەهۆی دیالۆگی ڕاستەوخۆوە، لە شێوەی پرسیارو وەڵامدا، چۆنێتی ژیانکردن و هۆکاری برسێتی و ڕووتی کەسێتی جوتیار و زەحمەت و ناڕەحەتی ژیان وکارو پیشەی گاجووتمان بۆ باس دەکات، کە دەڵێت:

*گاڕەش، نووری بینابیم*

*ئەی کۆمەکی تەنیایم*

تا دەگاتە:

*لە تۆ سەرم سوڕماوە*

*چییە والێت قەوماوە*

*نەتۆ ئەوەستیت نە من*

*لەبەرچاو ، دۆست و دوژمن*

*کەچی هیچ دیار نییە*

*چییە؟ ئەم سیحرە چییە؟*

*وەڵامی گاجووت:*

*مام سمایل، جوتیارم!*

*ڕەفیقی کۆهسارم*

*تۆ، شت زۆر پەیدا ئەکەی*

*بە هیچ، لە ناوی ئەبەی*

*باوەجوود خەتات نییە*

*دەستەڵاتی تۆ چییە؟*

*تا لە کۆتایدا دەڵێت:*

*ئەو ڕەنجە، کەمن ئەیدەم*

*ئەوەی پەیدای ئەکەم*

*ئەگەر گشتی بۆ خۆت بێ!*

*ئیشت ئەکا جێبەجێ*              ( قانع: ل٤٧٨-٤٨٠)

باس لە ژیانی جوتیاری کوردە و پیشاندانی لە زۆر لایەن و ڕوویەکەوە، هەروەک (دکتۆر عیزەدین مستەفا) دەڵێت: ((قانع لە نەخشەکێشانی وێنەی فەللاحدا شتێکی

تره، تەواو ئازاری فەلاحانەی چەشتووە، بەهەست و بە هونەریش ئەو مەبەستەی پیشانداوە))١ لە دەقی (لەگەڵ گەنم)دا، دیالۆگی شاعیر لەگەڵ گەنم، پرسیارکردنە لەپێناو دەرخستنی چەند ڕاستییەکدا، کە سەرەتا بە پرسیاری فەلسەفی دەستپێدەکات، بەهۆی ناوهێنان و وشەی پرسی (کام، چەن، بۆچی..)و نیشانەی(؟!) پرس و سەرسورمانەوە، تا مەبەستەکەی بۆ ئاشکرا دەبێت، بەوەی هەموو کەس بەبێ جیاوازی، عەودالی بە دەستهێنانی گەنمە، کە خۆراکی ژیانە، کە دەڵێت:

*قانع:*

*گەنم تۆ دینت، تۆ لەکام گیایت*

*ئەمە چەن قرنە، خەڵکی سەر دنیایت*

*ڕاستم پێ بێژە تۆ بۆچی چاکی؟*

*لەناو دەغڵانا، تۆ بۆچی تاکی؟!*

*کێ تۆ سەوز ئەکا؟ کێ تۆ ئەچێنێ؟*

*کێ لەگەڵ تۆدا ئارەق ئەڕژێنێ؟*

*تا دەگاتە :*

*ڕاستم پێ بێژە کۆنەی کۆنە ساڵ!!*

*هەتاکو ئیستە، کێت کردووە بە ماڵ؟* ( قانع: ل٣٦١)

ئەمەش وەک نموونەی دەمەتەقێ لەگەڵ کەسی بەرامبەر(بێگیان/ سروشت)دا، کە ((هەر بە زمانی گەنمەوە وەڵامی خۆی دەداتەوە، قانع ئەم جۆرە دیالۆگەی لە هەندێ لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە و لەو دیالۆگاندا خۆی وەڵامی دەداتەوە))٢، کە دەڵێت:

---

١دەستنووس دەربارەی شیعری (گەنم)ی قانع د. عزەدین مستەفا ڕەسول ، وەرگیراوە لە : طاهر محمد علی، قانع ژیان و بەرهەمی (لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە)، چا. رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣،ل٢٤٤

٢ سەرچاوەی پێشوو،ل٢٤٥

*گەنم:*

*قانع! من گەنم و پاشای نیعمەتم*

*بە واتای خەڵقی، خەڵکی جەننەتم*

*هەر منم کە هۆی ژینی ئینسانم*

*هەر من ڕەونەقی گەل و نیشتمانم*

*تا دەگاتە:*

*ڕوو سووری مەجلیس، یاران هەر منم*

*دەبدەبەی ئاغا و خانان هەر منم*

*بۆمن هەژاران ڕوو ئەکەنە چۆڵ*

*ئەسوڕێنەوە هەمانە بە کۆڵ* ( قانع: ل٣٦١)

هەربەم شێوەیە دیالۆگی شیعریی ڕاستەوخۆ لەلایەن (موفتی پێنجوێنی) شاعیرەوە، بە شێوەیەکی فراوان بنیاتی چەند دەقێکی شیعری پێکدێنێت، کە هەندێکیان بەهۆی پرسیارو وەڵامدانەوەوە و هەندێکی تریان بەشێوەی ئامۆژگاری کردنی کوڕو کچەکانیەوە هۆنراوەتەوە، وەک لەم دەقەیدا بە ناونیشانی (پرسیاری مەلایەکی بانەیی لە موفتی) کە لە ساڵی (١٩٤٥)دا نووسراوە، سەرەتا بە دەقی پرسیاری مەلا دەستپێدەکات، دەڵێت:

*مەلا عبداللەی توتنچی پێنجوێن*

*بە ئێمەی ناسیت گەلاوێژ و ژین*

*پرسێکم هەیە لە ڕێی شەرع و دین*

*ساتۆیش بنووسە جوابێکی شیرین*

تا لە کۆتایدا دەڵێت:

*کاغەز نووسینیش کوردی زمانە*

*دیاره نیشانەی ئاخر زەمانە*

*-مەلا قادر-م لە دێی (ئارمردە)*

*پێویستە جوابم بەم دەست و بردە* ( موفتی پێنجوێنی: ل١٦٤)

پاشان لە دەقی دووەمدا، کە وەڵامی موفتی یە بۆ مەلا (وەڵامی موفتی بۆ مەلا قادری دێی ئارمردە) دێت و دەڵێت:

*مامۆستای گەورەم شاعیری ڕەنگین*

*کۆگای زانستی ڕێگاری* شەرع و دین*

*ئەو پرسیارانەی کە تۆ لێت کردووم*

*جوابیت عەرز ئەکەم تاکو نەمردووم*

*جێگەی تۆ لە دێی چۆڵ و لاپەڕە*

*کۆمەڵی دوورن وەک بزن و مەڕە*

*هیچتان نازانن ئەم دنیا ڕوونە*

*چۆنە و چ ڕەنگە و عالەم چلۆنە*

تا دەگاتە ئەوەی دەڵێت:

*نووسین بە کوردی تاکەی کوفرە لات*

*بۆچ لات ناخۆشە زبانی وڵات*

*لێم زویر نەبی هاوڕێی ژینتم*

*کوردم وێنەی تۆ هەم هاودینتم*

*تا لە کۆتایدا دەڵێت:*

*-مەلا عبداللە-ی توتنجی پێنجوێن*

---

*لە دیوانەکەدا (ڕێگاری) نووسراوە.

*جوابی دایتەوە بە زووبانی دین*     ( موفتی پێنجوێنی: ل١٦٥-١٦٦)

(هەژار)ی شاعیر لە چەند دەمەتەقێیەکدا بە ناونیشانی (دەمەتەقەی بایز و پیرۆت)و (دەمەتەقەی بایزو باپیر) و (دەمەتەقەی باپیرو پیرۆت) و (دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر) بە شێوەی دانانی پیتی (پ،ب- ب،پ)دا لەنێوان دیالۆگی دوو کەسدا ، کە بە شێوەی هەواڵپرسینی ڕۆژانە و بە زمانی سادەو ساکار لە نێوان نێرەر و وەرگردا شیعرێک بەرهەمدەهێنێت و دەنووسێت، کە لە دەقی (دەمەتەقەی بایزو پیرۆت)دا دەڵێت:

*پ: مام بایز ڕۆژباش*

*ب:علیک السلام*

*پ: ئەمە یانی چی؟*

*ب: جیرانی مەلام*

*پ: ئەی دوێن و پێرا!*

*ب: بەخوا چوومە شار*     ( هەژار:ل ١٤٨-١٤٩)

لە دەقی (دەمەتەقەی بایز و باپیر)دا دەڵێت:

*ب: مام پیرۆت سڵاو*

*پ: ئای وەحەلێکم*

*ب:چۆنی؟ لە چیدای؟*

*پ: بە خوا نارێکم*

*ب:نارێکیت لە چی؟*

*پ:ئەپرسی لە من؟*     (هەژار: ل١٦٢)

هەروەها لە دەقی (دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر)دا دەڵێت:

*پ: باپیر مەرحەبا*

*ب: مەرحەبا سەرچاو*

*پ: بۆ کوێ وا گورجێ؟*

*ب: بەخوا ، ئەچمە ڕاو*

*پ: ڕاوی چی ئەکەی؟*

*ب: هەرچیم دەسکەوێ* (هەژار: ل٢٥٦)

هەروەها (محەمەد ساڵح دیلان)یش لە چەند دەقێکیدا دیالۆگی شیعریی ئەنجامداوە، کە لە دەقی شیعری (دەمەتەقێ)دا، دیالۆگێکی ڕاستەوخۆی بە شێوەی ڕووت و ناوهێنانی کەسەکان (لاس و گوڵ)، وەک دوو کەسی سەرەکی دیالۆگ ئەنجام دەدەن، بە شێوەی پرسیار ( چیە ئەم حاڵە؟) وەڵامدانەوەی (وازم لێبێنە)ئاماژەی بۆ کراوە، کە دەڵێت:

*لاس:*

*گوڵەباخ ئیمساڵ شکاوە چڵی*

*وەنەوشە سیس و ژاکاوە گوڵی*

*گوڵاڵە بە حاڵ هێزی تیا ماوە*

*ئەوەندە خوێنی لە لەش تکاوە*

*پەپوولە حۆل و گێژ و وڕبووە*

*هێندە قەبرغەی بە دڕکا چووە...!*

*بەهاری ئیمساڵ تۆراو و تاڵە*

*با لە گوڵ پرسین چیە ئەم حاڵە؟*

*گوڵ :*

*وازم لێ بێنە دەستم دامانت*

*نازانم چی یە ناو و نیشانت*

*پەڕ و بۆم وەری و لەش داڕزاوە*

*چقڵی دونیا لەڕووم چەقاوە*

*تۆ .. بەرگی زەرقیت کردۆتە بەرت*

*بەڵام ڕەش پۆشە ئاسمانی سەرت*

*تۆ .. وابێ خەبەر هێندە بێ باکی*

*بە ڕاستی ئەڵێم بۆ کردن چاکی.!* ( دیلان: ل٦٠-٦٣)

**٢. دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفی:**

نموونەی ئەم جۆرە دیالۆگە شیعرییە لە شیعری کۆن و نوێدا تەکنیکێکە زیاتر پشت بە لێهاتووی و سەرنج و توانای دیقەت و وردی ڕوانینی شاعیر دەبەستێت، لە وێناکردن و وەسفکردنی شت و ڕووداوەکاندا، بەجۆرێک شێوە و شێوازێکی فەلسەفی و خەیاڵێکی داهێنراو تیادا ڕەنگدەداتەوە، هەروەک (حەمدی) شاعیر بە شێوازی وەسفی دیالۆگ لەگەڵ (کوردستان) دا دەکات و دەڵێت:

*ئەی وەطەن ڕۆم و عەجەم موشتاقی کوردستانتە*

*ئیفتیخاری میللەتی کورد شەوکەتی عینوانتە*

*بەستە سەربەرزی ئێواران و سبەینان مانگ و ڕۆژ*

*وەک نیشانی ئیفتیخاری سنگ و نەجمەی شانتە*

لە کۆتاییدا:

*پیرەمەگروون تاجی شاهانەی بەسەر بەرزی فڕاند*

*تەم دەماوەند داگرێ مەحجووبی هەورامانتە*

*خەتتی دیوانی شکستەی گرد و لووتی بەرزی شاخ*

*واضیحە بۆ سەربەخۆیی طورڕەیی فەرمانتە*

*جار بەجار (حەمدی)گلەت گەر لێ بکا ناحەق نی یە*

*جەردە ڕامەگرە نەڵێن خەڵقی کە جانی جانتە* (حەمدی: ل٨١-٨٢)

هەروەک لە شیعری نوێدا، بۆ نموونە لە دەقی شیعری (دڵ و دڵزار)دا، دڵزاری شاعیر دیالۆگێکی ڕاستەوخۆی وەسفی لەگەڵ دڵدا، وەک کەسی بەرامبەر ئەنجامدەدات، بەشێوەی پرسیارکردن و وەڵامدانەوە، لێرەدا کەسی بەرامبەر (دڵ)، کە هەر خودی شاعیرە و بە کەس کراوە پرسیار دەکات و شاعیر وەڵامدەداتەوە، کە دەڵێت:

*دڵ:*

*دڵ دەڵێ دڵزار لە بۆچی سینە کورەی ئاگری؟*

*بۆچی فرمێسکت بە سروەی بەحری ئەبیەز ناسڕی؟*

*بۆچی داری غەم بە تەوری کەیفو شادی نابڕی؟*

*بۆچی بەرگی زیللەتت سەرتا بەخوار دانادڕی؟*

*بۆچی ڕێگەی ڕەوشەنی ژینی بەرز داناگری؟*

*دڵزار:*

*ئەی دڵا بای بەحرو بەڕ ئەشکم وشک ناکاتەوە*

*باخی ڕەنگینی فەلەستین دڵگەشیم ناداتەوە*

*کێوەکەی قودسی موقەددەس مەینەتم ناباتەوە*

*حەسرەتی دووری وەتەن خوێنی جگەر دەخواتەوە*

*ناعیلاجم غەم دەخۆم و کەس غەم لە بۆ خۆی ناکڕێ* (دڵزار: ل٧٣)

لەم دەقە شیعریەدا شاعیر دیالۆگ بە شێوەی پرسیار و وەڵام لەگەڵ (دڵ)دا سازدەکات، کە سەرەتا کەسی بەرامبەر پرسیار دەکات، دڵ بە واتا میتافۆرییەکەی خراوەتە دووتوێی گفتوگۆ شیعرییەکەوە.

هەروەها (قانع)ی شاعیر لە دەقی (لەگەڵ شاخی هەوراماندا) دیالۆگێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شاخی هەوراماندا وەک کەسی بەرامبەر ئەنجام دەدات، سەرەتا

به وەسفکردن و پیاهەڵدان دەستپێدەکات و دواتر هۆکاری بێ ڕەنگی و دڵتەنگی دەبێتە جێگەی پرسیار و شاخی هەورامان وەڵامی دەداتەوە، کە دەڵێت:

*قەڵای هۆزو گەل، شاخی هەورامان*

*پرسیارم هەیە دەستم بە دامان*

*لەلام ڕووناکە، شاخێکی سەختی*

*پشت و کۆمەکی، وەخت و بێ وەختی*

*سەرکڵاوانت کوێستانی پڕگوڵ*

*تەماشای گوڵت، زاخاو ئەدا دڵ*

تا دەگاتە:

*ئیستە نازانم، بۆچی بێ ڕەنگی؟!*

*دووربێ لە گیانت، بۆچی دڵتەنگی؟*

*شاخی هەورامان:*

*وتی: ئەی (قانع)، لەمن بێ کەستر*

*لە من داماوتر، لەمن بێ دەستر*

*بۆچی لێت پرسیم؟ دەردم گرانە؟؟*

*وامن پێت ئەڵێم؟ زۆر چاک بزانە*

*تەماشا ئەکەم، بەرزە دەماخم*

*لەناوشاخانا ، سەرگەورەی شاخم*

تا دەگاتە:

*قەڵبەزەی تاقم، قرمەی بەفراووم*

*چەپکەی لانزار، وەک بووک نەخشاووم*

*شنەی نەسیمم لەبەری بەیان*

*ئەدا لە گۆنای نازک نەوهەڵان*

*ئەمجا ئەزانی، کەمن بەهەشتم*

*سەرەتا بەخوارم، ڕاستە گوڵ گەشم* ( قانع: ل٣٩٦-٣٩٧)

**٣. دیالۆگی ڕاستەوخۆی شیکاریی:**

هەرچەندە بەپێی ئەو شێوە بە یەکداچوون و تێکەڵبوونەی لەم جۆرەی دیالۆگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفیدا، بەڵام دەتوانیین وەک جۆرێکی تری دیالۆگی ڕاستەوخۆ بە سیما وزانیاری زیاتر ئەم چەشنە بە جۆرێکی سەربەخۆو جیا دابنرێت، هەروەک لە نموونە شیعرییەکاندا دەکرێت ئاماژەی بۆبکرێت و بەدیاربخرێت.

بەوپێیەی لە ڕووی بەکاهێنانی زمانەکەیەوە زۆر قوڵتر و چڕترە و لە ڕووی ناوەڕۆکەیشەوە ڕۆچوونە بۆ ناو زانیارییە مێژوویی و ئایینی و کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکان، بەجۆرێک بیرکردنەوە و لێکدانەوەی فرەتر هەڵدەگرێت. بۆنموونە وەک (پیرەمێرد) لە دەقی شیعری (ڕاستی)١دا، ڕووداو و بەسەرهاتی کەسێکی خزمی خۆیان دەکاتە نموونە و ئەنجامی کاری چاک و خراپ و دەرکەوتنی ڕاستی و درۆ، هەر لێرەوە پەیامی ڕاستی دەدات بەگوێی هەموو کەسێکدا، کە لە ژیانی خۆیدا بیکاتە بیروباوەر و ئامانجی و کاری پێبکات، لە گێرانەوەی ڕووداوەکاندا وەک گێڕانەوەیەکی بابەتی و خودی، تەکنیکی دیالۆگی ڕاستەوخۆی شیکاریی، شێوەی پرسیارو وەڵام بەکارهاتووە، کە دەڵێت:

*پیاوێکی تر دیسان وەکوو ئەو باری پێ دەبێ*

*تەگبیری بۆ دەکا دەڵێ دەربازی کەین بە شەو*

*دەیزانی (هەمزە) باجگری پیر، چاوی وا لە خەو*

---

١دیوانی پیرەمێرد أ، کۆکردنەوەو ساغکردنەوە: (فائق هوشیار، محمود احمد محمد، مصطفی صالح کریم، محمد نوری توفیق، احمد زرنگ مصطفی)، ب. یەکەم، مطبعة الزمان، بغداد، ١٩٩٠، ل٤٠٢-٤٠٤

*ئەمیان ئەڵێ: دزینە و ڕەسمی دووقات ئەبێ*

*بەم ئاین و ئۆین و شاردنەوە ، چۆنمان نەجات ئەبێ؟*

*لام وایە هەر لە ڕاستییەوە ڕێی خۆم بگرمە بەر*

*ڕسگار ئەبم بە ڕاستی ، هەموو ئیش ئەچێتە سەر*

تا دەگاتە:

*س: بارت چیە؟ بوەستە کەرت ڕاگرە لە وێ*

*ج: باسووق و سجووق و مێوژو دۆشاوە، چیت دەوێ؟*

*س: ڕووت ڕەش بێ، بۆچی گاڵتە بە ڕیشی سپیم ئەکەی؟*

*من بێم هیچ نەبێ برۆ دەردی سەریم ئەدەی*

*ج: خەرەفاوی پیرە ! گاڵتە بە ڕۆژ ناکرێ وەرە*

*هەرچی کە پێم وتی : هەیە بارمتەکەت بەرە*

*س: ((دفع البلا)) بە ، تێ پەڕە ئاڵتوون بێ بارەکەت*

*من نامەوێ سەر و سەمەنە و سەکوت و چارەکەت*

*لێم لادە گورگی ((گورگەدەر))یی گەڕ ، کە ڕاپەڕم*

*سەد گورگی وەک تۆ هەڵ دەدڕم ، ئێستەکەیش کوڕم!*

*هەرچەند وتی : کە ڕاست ئەکەم ، ئەو توورەبوو نەهات*

*ڕاست و ڕەوان لە باجگر و جەردە نەجاتی هات*

*سەیرکە ڕاست و چەوتی نەتیجەی بەچی ئەگا؟*

*وا چاکە پیاو هەموو دەمێ ڕاست بێ ، درۆ نەکا*          (پیرەمێرد أ: ل٤٠٢-٤٠٤)

لە دەقی (گوڵەوەچنی)دا شاعیر بە شێوەی دیالۆگی ڕاستەوخۆی شیکاریی پرسیارێکی فەلسەفی شیدەکاتەوە، کە لە ئەنجامی کولاندنی گوڵ و هۆکاری کولاندنی باس دەکات، لە ڕێگەی بە کارهێنانی دەستەواژەکانی (وتم، وتی)، دەڵێت:

*گوڵم دی لەناو کوڵی مەنجەڵا*

*ئەیانکولاند و گڕی لە دڵا*

*وتم : چیتککردووە ، وا ئەتسووتێنن؟*

*وتی: پێکەنیم ، لە عەرشی چڵا* (پیرەمێرد ب: ل٢١٧)

لە دەقی (بیست و حەوت ساڵە)دا (بێکەس)ی شاعیر دیالۆگی ڕاستەوخۆ، لە شێوەی بابەتی وتارێکی سیاسی ڕەخنە لە دەسەڵاتی ئەو کاتە دەگرێت، کە میللەتی چەوساندۆتەوە و لە خێر و بێری وڵات بێبەشی کردوون و حاڵی خۆی و میللەتەکەی ڕووندەکاتەوە، بە شێوەی پرسیار و سەرسوڕمان (چی؟!، بۆچی؟!)، تەنها کەسی یەکەم (من) پرسیار لە کەسی بەرامبەر (تۆ)دەکات و وەڵام نادرێتەوە، کە دەڵێت:

*بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم*

*بە نان و ئاو و جل و بەرگی خۆم*

*خزمەتم کردی لە ئێران و ڕۆم*

*لە پێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم*

*کەچی هێشتا هەر دیل و ڕەنجەڕۆم*

*گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!*

*بۆچی بە ناهەق وا سوکت کردم؟!* (بێکەس: ل٨٠-٨٤)

هەروەها (شێخ سەلام)ی شاعیر لە دەقی (گفتوگۆی ملەکەوە)دا، هەروەک لە ناونیشانی دەقەکەوە ئاماژە بە دیالۆگی ڕاستەوخۆی شاعیر لەگەڵ شاخی ملەکەوە

(بەکەس کردن) ناوچەی پێنجوێنە، وەک سروشتی کوردستان لەگەڵ دیمەنەکەیدا، کۆمەڵێک تایبەتمەندی و ڕووداوی مێژووی و کۆمەڵایەتی و دۆزی نەتەوەی تیادا ڕەنگرێژکراوە، هەموو ئەمانە بەهۆی پرسیارکردن (بۆچی، کوا، کوانێ) و وەڵامدانەوەی کەسی بەرامبەر، پاشان ئاڵوگۆرکردنی قسەکەر و گوێگر، لە ڕێگەی گێڕانەوەوە ئەنجامدراوە، بە دانانی سێ ئەستێرە لە نێوانی دەقەکاندا جیاکراوەتەوە، دەڵێت:

*هەی ملەکەوە بۆچی داماوی ؟*

*بۆچی وا کەوە و شین هەڵگەڕاوی؟*

*بۆ ڕەنگی خاکی لە ڕووت بڕاوە؟*

*بۆچی سەوزە گیات لێ نەڕواوە؟* ...........

***

*زۆر بە کەساسی شاخی کۆنەساڵ*

*جوابی دامەوە بە زمانی حاڵ*

*شاخێکی بەرزو سەوزو سەخت بووم*

*پڕ گوڵ و نەسرین پڕ لە درەخت بووم* ........ (سەلام: ل٧٢)

پاشان کەسی بەرامبەر (ملەکەوە) دەبێتە قسەکەر و دەڵێت:

*کوانێ نەعرەتەی شێری ژیانم؟*

*کوا زیڕەی پڵنگی بەری بەیانم؟*

*کوا چریکەی باز لەسەر کڵاوان؟*

*کوانێ قاسپەی کەو لە گۆی شەتاوان؟*

*پێت بڵێم بۆچی شین هەڵگەڕاوم*

*بۆ بووم بە قەقنەس بۆچی سوتاوم* (سەلام: ل٧٣-٧٤)

هەروەها بۆ نموونە (قانع)ی شاعیر لە دوو دەقی شیعریدا، کە بۆ کۆچی دوایی (موفتی پێنجوێنی) وتووە، بە ناونیشانی (قانع و گۆڕی موفتی) لە دیوانی (موفتی پێنجوێنی) نووسراوە، شاعیر هەر خۆی پرسیار دەکات و وەڵامدەداتەوە، واتا بە شێوازی دیالۆگی نێوان دوو کەسی ئامادە و ڕاستەوخۆ سەرەتا بە شێوەی وەسف و پیاهەڵدان و دواتر شیکاری ژیانی کۆمەڵگە و نەتەوەکەی و حاڵی خۆی لەدوای بە جێهێشتنی برادەرو هاوڕێی (موفتی)، کە وەک کەسی بەرامبەر و وەڵامدەرەوە، دەڵێت:

*ئەی برای شیرین یاری هاوفەردم*

*کڵێشەی وێنەی ڕەنگەکەی زەردم*

*هاوڕێی مناڵیی قوتابخانەکەم*

*هاوڕێ چۆڵ گەردی بیابانەکەم*

تا دەگاتە:

*بۆ بەجێت هێشتم ڕووناکی دڵم؟*

*دیلی گیراوی زیندانی گڵم؟*

*وەڵامی موفتی لە گۆڕەوە...*

*بە دەنگی نەرم کە هاتە زمان*

*وتی ئەی هاو فەرد وێڵی بیابان*

*ئاخر چۆن نەمرم بەم ئاخ و دەردە*

*بەم لێوە وشکە و بەم ڕەنگە زەردە*

*بەم نا هەقیانەی بە چاو ئەیبینم*

*گورگ سەر ئەکاتە لاشەی بێ تینم*

*ئەبینم هۆزم تەواو جێماوە*

*لەبەر نەزانین تەواو فەوتاوە*

تا دەڵێت:

*هەڵسە بێرە ناو گۆڕی تارو تەنگ*

*بە جووت دانیشین بێ سەدا و بێ دەنگ*

*ئیتر برا گیان ئەم کوردستانە*

*زیندانی دەستەی ئێمە و مانانە* (موفتی پێنجوێنی:ل ٢٥٢-٢٥٥)

هەروەها (مەدهۆش)ی شاعیر لە دەقێکدا بە ناونیشانی (قانیع)*، تیایدا سەرەتا بەشێوەی وەسف باس لە بلیمەتی و دانای و ڕەنگینی شیعرەکانی قانع دەکات، دواتر بە هۆی دیالۆگکردن و پێدانی زانیاری لەلایەن کەسانی بەرامبەر، دیالۆگێکی راستەوخۆ ئەنجام دەدات، کە پاش بڵاوکردنەوەی دەقە شیعرییەکە (قانع)ی شاعیر بە دەقێکی شیعری وەڵامی (مەدهۆش)ی شاعیر دەداتەوە، ئەمەش وەک جۆرێک لە دیالۆگی شیعریی نێوان دوو دەق دادەنرێت، واتا وەک دەقێکی پرسیار ئامێز و دەقێکی وەڵامدەرەوە پێکدەهێنێت، هەرچەندە بەئەو شێوەیە لە شیعری کلاسیکدا، وەک جۆرێک لە دیالۆگی شیعریی نێوان دوو شاعیر، کە لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕی نامەی شیعریی لە نێوان شاعیراندا دروست دەبێت، بەڵام ئەمەش لێرەدا وەک جۆرێک لە دیالۆگی شیعریی نێوان دوو دەق دادەنرێت، کە تیایدا هەندێکجار شاعیر خودی خۆی هەردوو دەقەکە دادەڕێژێت، بە نموونەی دەقی شیعری کلاسیک لای(حەمدی) دەقی (تەرجیع بەندی نیشتمانی)، (وەڵامی نیشتمان)، (وەڵام بۆ مەلا عەبدول خالیقی ئەثیری)١، هەندێجاریش دوو شاعیر بێئەوەی ئاگاداری یەک بن دەقە شیعرییەکانیان دەچنە قاڵبی دیالۆگکردنەوە، وەک ئەم نموونەیە کاتێک (مەدهۆش)ی شاعیر دەڵێت:

*بیستبووم قانیع هەیە شاعیرە*

*هونەرمەندێکی دانا و ماهیرە*

---

*ناوی (قانع)ی شاعیر لە هەردوو چاپی دیوانەکەیدا (قانیع) نووسراوە.

١دەقی (تەرجیع بەندی نیشتمانی) ل. (١٢١)، (وەڵامی نیشتمان) ل.(١٢٢)، (وەڵام بۆ مەلا عەبدول خالیقی ئەثیری) ل.(١٥٥). ئەحمەد بەگی ساحێبقران، دیوانی حەمدی، ١٩٨٤.

*هەر کەشکۆڵێکم ئەکەوتە بەرچاو*

*یا گۆڤارێکم ئەدی ناوبەناو*

*بە شیعری قانیع ڕەنگین کرابوو*

*لە لای هەموو کەس پەسەندی تیابوو*

*گەلێ شیعریشم لای خۆم نووسیبوو*

*زۆرم لا جوان بوو، خۆیشیم نەدیبوو*

*ڕۆژێکیان پرسیم ئەم شەمامەیە*

*بۆنی وا خۆشە ، ڕەنگی کامەیە*

تا دەگاتە ئەوە دیالۆگی خۆی لەگەڵ هاوڕێکەی بە شێوەی (وتم) (وتی)، وەڵامی پرسیارەکەی دەدرێتەوە، کە دەڵێت:

*تێر تێر پێکەنیم بەم سینەمایە*

*وتم: چۆن شاعیر ئاوا ئاوایە؟!*

*ئەم هۆنراوەیە هی ئەم پیاوەیە*

*ڕاستە کە خەزنەش لە کەلاوەیە*

*هاوڕێ یەکی خۆم لێم هاتە پێشێ*

*وەختەبوو گوێچکەم لەبن دەرکێشێ*

*وتی: هەی نەفام دەمی خۆت بگرە*

*ڕەخنە لە سیمای زانایان مەگرە*

*شاعیر کەی لەمە چاکتر ژیاوە*

*نابینی پاکی بە خەم فەوتاوە* ( مەدهۆش : ل٢٣-٢٤)

له پاش بڵاوكردنەوەی ئەم دەقە شیعرییە، (قانع)ی شاعیر بە دوو دەق وەڵامی دەداتەوە، كە یەكێكیان لە هەمان ژمارەی ڕۆژنامەی (ژین)١، ئەویتریان لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)٢ دا، كە لە دەقی دووەمیدایە، لە ڕێگەی بانگكردن و پرسیارەوە وەڵامی دەداتەوە، دەڵێت:

*برای خۆشەویست! یاری نادیدەم!*

*شاعیری بەرزی زۆر پەسەندیدەم!*

*لە برادەران منت پرسیبوو*

*لەناو گۆڤارا شیعرت نووسیبوو*

*منت نەدیبوو كە ئایا چۆنم*

*پێت نەزانیبوو كە كەوڵەكۆنم*

تا دەگاتە:

*بۆچی برا گیان هەر فاسۆن پیاوە*

---

١((ڕۆژنامەی (ژین)، درێژەپێدەر و تەواوكەری ڕۆژنامەی ژیان بووە، یەكەم ژمارەی دەكاتە ژمارە (٥٥٤) لە ساڵی ١٩٣٩ تا ٧/شوباتی ١٩٦٣، بە بەردەوامی لە سلێمانی دەرچووە ...))، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیكیی لە شیعری كوردیدا، هەڤاڵ ئەبوبەكر حوسێن(د.)، چ. لەریا، چاپ و بڵوكردنەوەی سلێمانی ، ٢٠١٠، ل٢٠٣

٢كۆواری دەنگی گێتی تازە، هەفتانەیەكی ڕێك و پێكی ئەدەبی و خوێندەواری و زمانی و ئیجتماعی و پەیامی و هەفتەیی كوردی (كرمانجی باشوور)ە، خاوەنی ئیمتیاز: محامی فایەق تۆفیق، مودیر مسئوول: محەمەد بابان، مودیری ئیدارەو رەئیسی تەحریر: حوزنی موكریانی، لە چاپخانەی معاریف لە بەغداد دەرچووە، لە ساڵی١٩٤٤-١٩٤٦، تا ساڵی چوارەمی بڵأوكردنەوەی ، پاشان سەرلەنوێ بە پڕۆژەی هاوبەش لە لایەن (دەزگای ئاراس و بنكەی ژین)ەوە ،لە ئا. سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵا زەنگەنە، خوولی یەكەمی كۆوارەكەیان لە پێنج بەرگدا كۆكردۆتەوە و خوولی دووەم لە دوو بەرگدا لە هەولێر- كوردستان، لە چاپخانەی ئاراس بە چاپیان گەیاندووە و بڵأوكراوەتەوە.

-ئا. سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵا زەنگەنە، كۆواری دەنگی گێتی تازە، پرۆژەی هاوبەشی دەزگای ئاراس و بنكەی ژین ، خوولی دووەم، ب. دووەم، چا. ئاراس، هەولێر- كوردستان، ٢٠١٠

*قۆندەرەی تازە خاوەنی ناوە* (مەدهۆش: ل٢٦)

**٤. دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕەمزی:**

لەم چەشنەی دیالۆگی ڕاستەوخۆدا دیالۆگ بەهۆی بەکارهێنانی کۆمەڵێک هێما و ڕەمزەوە دەردەبڕێت و دەردەخرێت ، واتا وەک خەسڵەت و تایبەتمەندی جیهانە شیعرییەکە لە دەربڕینی واقیعدا بە خەون و خەیاڵ، ((کە پەنا بۆ درکە (کۆدکردن)و ئیشارەت پێدان دوور لە ڕاپۆرتدان و ئاشکراکردنی ڕاستەوخۆ و پێشنیاری زیادە دەبات))١، لە ڕێگەی خودی زمانەوە، ئەگەر شیعر (( لە زمانی ئاماژەو سەمبول و توخمی برووسکە ئاسا پێکهاتبێت))٢، بە جۆرێک لە پێناو دەرخستنی ڕووداو و کەسەکاندا بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ ئاماژەیان بۆ دەکرێت، کە هەر هێماو ڕەمزێک هەڵگری کۆمەڵێک زانینی دیاریکراوە، تیایدا وەرگر یا خوێنەر لە دوو توێی دەقەکە و دەوروبەری دەقەکە، واتای هێما و ڕەمزەکانی بۆ ئاشکرا دەبێت و لێیان تێدەگات، کە هەندێک جار شاعیر یا نووسەر بە سانای بەکاریاندەهێنێت، هەندێک جاریش ئاستی تێگەیشتنی خوێنەری ئاسایی تێدەپەڕێنێت و بیرکردنەوەی قووڵ و زانیاری پێویستی سەبارەت بە هێماو ڕەمزەکان دەوێت، دیارە ئەمەش بەپێی قۆناغەکانی نوێکردنەوە و سەردەمی نووسینی شیعرەکانیش لەلایەن شاعیران و نووسەرانەوە بەکارهێنانەکانیان دەگۆڕێت و تەنانەت پەیڕەوە شیعرییەکەش دیاریدەکرێت. بۆیە ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی نموونە شیعرییەکانەوە ئەو ڕاستییانەمان بۆ دەربکەوێت، بۆ نموونە ڕەمزەکانی (بەرد، شاخ، شێر، پشیلە، جوتیار، کرێکار،....هتد)، لە دەقی شیعری چەند شاعیرێکی وەک (قانع، گۆران، دیلان، کامەران، ...) کراونەتە کەرەستە و ڕەمز بۆ مەبەستی سەرەکی دیالۆگکردن و گەیاندنی بیروڕا و پیشاندانی واقیع لەهەموو لایەنەکانی ژیانەوە، هەروەها بە کۆدکردنی دەقە شیعرییەکاندا، هەروەک(هەژار)ی شاعیر لە دەقی شیعری (گزی هێزە)دا بە هێماکاری دەقەکە بەرهەمدەهێنێت، دەڵێت:

*شێر پشیلەی دی واقی وڕمابوو*

---

١م.م. بسام خلف سليمان، الحوار في رواية الإعصار و المئذنة لعماد الدين خليل –دراسة تحليلية–، م. كلية العلوم الإسلامية، ع. الثالث عشر، مج. السابع، ٢٠١٣ ،ص٧

٢ئەحمەدی مەلا، ئاژەڵاندنی ئینسان و عەقڵی ئاینی لە شیعری شێرکۆ بێکەس-دا، گ. هەنار، ژ. ٧٥، ساڵی حەوتەم، ٢٠١٢، ل١٦

*لە بیچم و تەرزا وەکو خۆی وابوو*

*پرسی وەک منی بەڵام زۆر وردی*

*لێم ڕوونە زل بووی کێ وای لێ کردی*

*وتی: بنیادەم بە کزی و گەڕە*

*جانەوەرێکی دووپێی بەدفەڕە*

*وتەی زۆر خۆشی ختەو سندانە*

*بەشم ڕۆژو شەو بەدار لێدانە*

*گوتی مەترسە بە گۆڕی بابم*

*تۆڵەت نەسێنم ئاسوودە نابم* ( هەژار: ل٤١٨)

لێرەدا شاعیر ڕەمزی (شێر) و ڕەمزی (پشیلە)ی ، وەک دوو کەسی بەشدار دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕەمزی، بەوەی شێر پرسیار دەکات و پشیلە وەڵام دەداتەوە، بەهۆی وشەی (پرسی).

هەروەها (دیلان)ی شاعیر لە دەقی شیعریی (لاوک)*دا دیالۆگێکی شیعریی ڕاستەوخۆی لە نێوان دوو کارەکتەری (کیژ و شوان)دا ئەنجامداوە، وەک دیمەنی شانۆییەک و گێڕانەوەی ڕووداوی نێوان دوو دڵدار پیشاندەدات، کە سەرەتا بە شێوەی دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕووت بە ناوهێنانیان و بانگکردن و داواکاری کیژ بۆ شوان و وەڵامدانەوەی دەست پێدەکات، پاشان لە ڕێگەی وەسف و پیاهەڵدان و باسکردنی ژیانی پڕ ڕەنج و تێکۆشانی چینی زەحمەتکێش و ماندووی ڕۆژگار و کۆڵنەدەر، تا لەکۆتایی دەقەکەدا شاعیر لە ڕێگەی بەکارهێنانی ((ڕەنگ وەکو سەمبول ))١، کە ڕەنگی سوور لەبەرامبەر یەکێتی سۆڤێتی جاران، هەردوو کارەکتەر بەشێوەی داواکردن و بانگکردنەوە دروشمی ئازادی و کامەرانی، بە دەنگ هەڵبڕین و هەڵپەڕکێوە دەڵێنەوە، کە سەرەتا دەڵێت:

*ئا. ئومێد ئاشنا، بارانی سلێمانی (بەرهەمی بڵاونەکراوە و لە یادکراوی محەمەد ساڵح دیلان)، چ. یەکەم ، بلا. ئاراس- ژ.١٠٣، چا. وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠١ ،ل ٥٥-٥٨

١ئەحمەدی مەلا، ٢٠١٢، ل١٣

*کیژ: هۆ کاکەی شوان، کاکەی ناو شاخ*

*چاوەڕێی سۆزە، گوڵی باخ*

*ڕاوەستاوی سیحری فووتن*

*ئاوارە و سەرسامی خووتن*

...........

*شوان: هۆ کیژی شەنگ، هۆ کیژی شەنگ*

*مەیفڕێنە خەیاڵی مەنگ*

*مەستی بۆنی ناو شاخانم*

*گێژی بریقەی داخانم*

............................

تا لە کۆتایدا هەردووکیان دەست ئەکەنە ملی یەکتری و بە هەڵپەڕکێوە هاوار دەکەن (هۆ) وەک بانگکردن ئەڵێن:

*هۆ ئاسۆی سوور، هۆ ئاسۆی سوور*

*خۆت دەرخە لە دەمکەلی دوور*

*لەگەڵ ئاسۆی ئەرخەوانی*

*دیاری تۆبێ کامەرانی* ( دیلان: ل١٠٣-١٠٧)

لە دەقی (مژدەی مەلێک)دا، دیلانی شاعیر لە ڕێگەی ناوهێنانی کەس، دیالۆگی ڕاستەخۆی نێوان منداڵێک و کۆترێک دەخاتەڕوو، کە کۆتر ڕەمزی (ئاشتی)*یە، ئەمەش وەک ((ڕەمزی وێنەیی... کە فۆرم و واتا لەیکدەچن، بنەمای ئەم لێکچواندنە

* بڕوانە: پەخشان سابیر، ڕەمز لە نێو سروشتدا (باڵندە)، گ. ڕامان، ژ. ١٥٨ خولی سێیەم، ساڵی پازدە ، ٢٠١٠، ل٥٧-٦٣

یان واقعییە یان پەیپێبراوە، یان ئێمە وا بیری لێدەکەینەوە کە لەیەکدەچن))١، واتا کۆتر مژدەهێنی نەمانی شەڕو بەدەستهێنانی مافی ئازادی و سەربەخۆیە بۆ هەموو میللەتان، تەنانەت منداڵی نەتەوەی کوردیش دژی شەڕو جەنگە و داواکارە لە کۆتر، وەک میللەتانی تر، بێت و مژدە و دیاری ئاشتی بۆ بێنێت، دەڵێت:

*منداڵ: .................*

*وەرە من شەڕم ناوێ*

*بملاوێنە تاو تاوێ*

*من بە ئاشتی و ژینی شەنگ*

*دوور لە بۆمبا و گڕی جەنگ*

*وەک گوڵ ئەگەشێمەوە*

*وەک بوک ئەڕازێمەوە*

*کۆتر: کۆرپەی شیرین گڕوگاڵ*

*ئەوا لەگەڵ بای شەماڵ*

*بۆم هێنای مژدە و دیاری*

*دەسکە بە خنە و یاری*

*ئەوا هەموو میللەتان*

*کەوتوونە ڕێی تێکۆشان* (دیلان: ل٧٦-٧٧)

**دووەم: دیالۆگی ناڕاستەوخۆ :**

وەک پێشتر و لە بەشی یەکەمی تێزەکەماندا ئاماژەمان بەم جۆرەی دیالۆگ کردووە، وەک دووەم جۆری دیالۆگ، بەڵام لێرەدا و لەم بەشەی بابەتەکەماندا لە

---

١ محەمەدی مەحویی، زانستی هێما- هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانیی، ٢٠٠٩، ل ٣٩-٤٠

ڕێگەی هێنانەوەی نموونەی شیعری شاعیرانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی توێژینەوەکەمان ئەنجامدەدەین و شیکاری دەکەین.

هەرچەندە ئەمجۆرەی دیالۆگ لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان دووکەسە یان دوو کارەکتەرەوە سازدەبێت، بەڵام بەو مەرجەی کەسی بەرامبەر یان کارەکتەری دووەم ئامادەگی نەبێت، واتا دیالۆگەکە بەهۆی تەنها کەسی یەکەمەوە کە وەک گێڕەرەوە یان شاعیرەوە.

لێرەدا دەکرێت بەپێی تایبەتمەندییەکانی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بەکارهێنانی جێناوی کەسی سێیەمی تاک و کۆ و دەستەواژەی (وتی ، وتیان، پرسی ، پرسیان) یان ڕاستەخۆ بە ناوهێنانی کەسی نائامادە دیاریبکرێت، ئەمەش بە بکەری گێڕانەوەکەوە ئەنجام دەدرێت، هەندێکجار وەک گێڕەرەوەیەکی شارەزای هەمووشتزان، هەندێجاریش دەبێتە کارەکتەرێک و گێرەرەوەی بابەتێک، وەک گێڕەرەوەی کەمشتزان، لە گێڕانەوەی ڕووداو و پێشهات و بەسەرهاتی کەسەکان دەدوێت، ((کە بیرۆکەیەکی شاراوە لەخۆ دەگرێت...خوێنەر هەستی پێدەکات))١ بۆنموونە (هەژار)ی شاعیر لە دەقی(بەیتی سەرەمەڕ)٢دا کەلە چەند ناونیشانێک پێکهاتووە، بە گێڕانەوەی چەندین ڕووداو و بەسەرهات و مێژووی ژیانی شار و لادێ و کەسەکان، لە ڕێگەی حیکایەتخوانەوەو دیالۆگی ناڕاستەخۆی کەسەکان و کارەکتەراکانەوە دەگێڕێتەوە، زمانی دیالۆگی کەسەکان ئاستی کەسایەتی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیان پیشاندەدات، لە ناونیشانی(شوانی ناخوازن؟)دا دەڵێت:

*((بە گورگیان گوت ببە شوان*

*دای دایە قوڵپی گریان))*

*((وتیان: گورگە دەگری، بۆ؟*

*وتی: دەترسم لە درۆ))*

*تەنبەڵیش گوتیان: حەی حەی*

---

١عەلی عوسمان یاقووب (سوێد)، گ. ڕامان، ژ. ١٩١، ٢٠١٣/٤/٥، ل١٢٣

٢دیوانی هەژار، بۆ کوردستان، چ. چوارەم، بلا. ئاراس-ژ.٤٦، چا. وەزارەتی پەروەردە،هەولێر،٢٠٠١، ل٤٦٤

*جا ئەوە چۆن دەکرێ و کەی؟* (هەژار: ل٤٧٨)

هەروەها (م. نەریمان) لە دەقی (بەرخی بەستەزمان و گورگی ستەمکار)١، چیرۆکە شیعرێکی ڕەمزییە، لە ڕێگەی گێڕانەوەوە دیالۆگی ناڕاستەخۆی دووکەسی (بەرخ و گورگ)، بابەتییانە دەسەڵاتی زۆردار و ستەمکار و بێبەشبوونی زوڵملێکراو و لەناوبردنیان پیشاندەدات، دەڵێت:

| | |
|---|---|
| *گورگ ووتی: بەرخە بابی تۆ دوێنێ:* | *بەبێ هیچ باسی دایمی جوینی* |
| *بەرخ ووتی: میرم پار لەم وەختەدا:* | *بابم مردوە هەر لەم شوێنەدا* |
| *گورگ ووتی: داکت مانگێ لەمەوبەر:* | *گەلی قسەی ووت لە دەشتو لە دەر* |
| *دەنگم قەت نەکرد پیاوەتی من بوو:* | *ئارەزوم وایە ئەم کرد بە وون بوو* |
| *بەرخ ووتی: ئەمە دوو مانگە داکم:* | *گۆشتی خوراوە بی بابو داکم* |

هەروەها (پیرەمێرد)ی شاعیر لە داڕشتنی پەندەکانیدا بە شێوەی پرس دیالۆگی ناڕاستەوخۆی بۆ گێڕانەوەی ڕووداو و دەرخستنی ئاستی زانیاری کەسەکان و گەیاندنی مەبەست و ئامۆژگاری بەکارهێناوە، کە دەڵێت:

*بە خواجەیان وت: قیامەت کەیە*

*وتی: کە مردم مەحشەر ئەوەیە*

*ئەڵێن فەلەستین لە دەست حەوت دەوڵەت*

*چۆن وا بە ئاسان دەست جوولەکە کەوت؟*

*وتیان لە پێشدا قووەتی ئیمان*

*ئەو فەلەستینەی دا بە موسڵمان* (پەندەکانی پیرەمێرد: ل١٨٤)

لە دەقی شیعری (گوڵەوەچنی)دا، (پیرەمێرد)ی شاعیر، سەرەتا وەک گێڕەرەوەی هەمووشتزان دیالۆگی نێوان (بولبول و گوڵ) دەگێڕێتەوە، سروشتی کولاندنی گوڵ

---

١م. نەریمان، کۆواری دەنگی گێتی تازە(٦)، ئا.سدیق سالح-ڕەفیق سالح-عەبدولا زەنگەنە، خو. دووەم، ب.دووەم، ژ.٢١-٣٦، دەزگای چاپ و بلا. ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل٦٠٥

و پەیوەندی نێوان گوڵ و بولبول وەک دوو مەعشوق بە شێوەی پێدانی هەواڵ و زانیاری بە وەرگر و خوێنەر بەسەرهاتەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە دەڵێت:

*بولبول بە گوڵی وت : بە لووتو پووت*

*نازم کەمکە، گەلێ گوڵی وەک تۆ پشکووت*

*گوڵ وتی : ڕاستە ئەم تەعنەت، بەڵام*

*کەی عاشق ئەمەی بەمەعشووقەی گوت؟* (پیرەمێرد ب: ل٢١٧)

هەروەها (سەلام)ی شاعیر لە دەقی (هەژاری کلۆڵ)دا، بە تەکنیکی فرەدەنگی و بەهۆی وەسف و دیالۆگەوە، کە گێڕانەوەیەکی خودییە و شاعیر وەک کەسێکی بەشدار لە ناوەوەی ڕووداوەکاندا ئەرک و ڕۆڵ دەبینێ، بەهۆی دیالۆگی ناڕاستەوخۆوە چیرۆکی کلۆڵی پیاوێکی پیری جوتیار و هەژارمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە بارودۆخێکی سەختدا ژیان دەگوزەرێنێ، ئەویش بەهۆی زۆرداری دەسەڵاتی ئاغا و حوکمی نایاسایی سەردەم، توخمی کات و شوێنیش یارمەتیدەرن لە گێڕانەوەی ڕووداو و دەرخستنی کەسەکان لە هەموو ڕوویەکەوە، کە دەڵێت:

*پیاوێکی پیری بێ پێڵاو و جل*

*لای لێ بڕیبو سەردڵ و سپڵ*

*جامانە شڕ و سەر بەبێ کڵاو*

*دەرپێ پیناوی لە خام و لە جاو*

*تا دەڵێ:*

*پێم وت ها مامە بۆچی داماوی؟*

*لەچی ئەگەڕێی بۆ تێک قوپاوی؟*

*سەری هەڵبڕی ڕوانی بە بەرما*

*تۆزێ حەپەسا زۆر چوو بە شەرما*

*وتی لێم گەڕێ دەردی من زۆرە*

بەیان ناکرێ مەگەر بە نۆرە

پاشان دەڵێ:

پۆلیس بردمی بە پاڵە پەستۆ

خۆم و دوو بزن دام نابوون بۆ دۆ

چوینە لای مودیر خۆم و بزنم

ڕەبی نەیبینێ دۆست و دوژمنم

بە بێ پرس و ڕا زۆر لێم تورەبوو

جنێوی دامێ تا تاقەتی چوو

ئەوسا پێی وتم سەگبابی تەرەس

موڵکانەی ئاغا نادەی بە هەوەس؟ (سەلام: ل١٥١-١٥٢)

پاشانیش گێڕانەوەی ڕووداوی لێپرسینەوەی پیرەپیاوە هەژارەکە لە بنکەی پۆلیس لە ڕێگەی دیالۆگی ئاغا و مودیر و پیاوەهەژارەکەوە بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

پێم وت فیدات بم جەنابی مودیر

تۆزێ گوێ بگرە لێم مەبە دڵگیر

من جووتم نییە زەوی ناکێڵم

موڵکانە لەچی ڕەشایی خێڵم

ئاغا پێی وتم سەگباب بێ عاری

ڕەشاییت کوانێ؟ بێگار و دیاری

ڕەشایی وەک تۆ لە دێی ئەم و ئەو

دیاری ، بارەدار، مریشکی قەڵەو

کوانێ؟ فرۆو ماست، کوانێ کەرەو ڕۆن

*سەگباب ڕەشایی لە کویٚ وەکو توٚن؟* (سەلام: ل١٥٢-١٥٣)

(بێکەس)ی شاعیر لە دەقی (ئەی مانگ)دا، دیالۆگکردن لەگەڵ سروشتدا وەک کەسی نائامادە و قسەکردن لەگەڵیدا بەبێ وەڵام وەرگرتنەوە، وەک جۆرێک لە دیالۆگ بەشێوازی دیالۆگی ناڕاستەخۆ و شاعیر لەپێناو گەیاندنی مەبەست و هەڵرشتنی خەم و خەفەتی ژیانی خۆی و نەتەوەکەی ڕوودەکاتە مانگ بە شێوەی بانگکردن (ئەی مانگ) وسەرسوڕمان و فەرمانکردن دیالۆگدەکات، پاشان لێیدەپرسێت، کە دەڵێت:

*ئەی مانگ ! من و توٚ هەردوو هاودەردین*

*هەردوو گرفتار یەک ئاهی سەردین*

*توٚ ویٚڵ و رەنگ زەرد بە ئاسمانەوە*

*منیش دەربەدەر بە شارانەوە*

*دەخیلتم! ئەی مانگ قیبلەی دڵداران*

*دەرمانی دەردی دڵەی بیماران*

*شەوێکە و ئەمشەو بگەرە فریام*

*بیٚ یار و هاودەم ، عاجزو تەنیام*

*پاشان دەڵیٚ:*

*دوچاری چی بوی وا پەشێواوی*

*لەبەرچی پەست و مات و داماوی؟*

*پێم بڵیٚ توخوا چەند جوانت دی؟*

*چەند جووتە یاری دەس لەملانت دی؟*

*تا دەڵیٚ:*

*ئەی مانگ! ئەوەندە سەیری دنیات کرد؟*

*سەیری نفاق و زوڵم و ریات کرد؟*

*بۆیە بەم ڕەنگە کاری لێ کردی*

*ڕەنگ و شعووری بە جارێ بردی!* (بێکەس:ل ١٧٠-١٧١)

هەروەها لە دەقی (باسی ڕەمەزان)دا بێکەسی شاعیر لە ڕێگەی دیالۆگی ناڕاستەوخۆوە، خۆی وەک بکەر (قسەکەر/گێڕەرەوە)و کۆمەڵی خەڵکی وەک وەرگر و وەڵامدەرەوە، باسی بەسەرهات و حاڵی ژیانی میللەتی کورد دەکات لە کاتێکی دیاریکراودا، ئەویش مانگی ڕەمەزانە وەک ریورەسمی خۆئامادەکردن و بەجێهێنانی ئەرکێکی ئایینی موسڵمانان و چۆنێتی بەڕێکردنی رۆژەکانی ژیانیان لە شێوەی دیمەنێکی درامی و ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە دەڵێت:

*خەڵقە پێم بڵێن کە چی قەوماوە*

*ئەم خەڵقە بۆچی ئەڕۆنە ڕۆژاوە؟*

*هەر غەڵبە غەڵبی خەلکە و تێ ناگەم*

*هەر ئەڵێن هەورەو فەرقی پێ ناکەم*

*یەکێ هات وتی چۆن تۆ نازانی!*

*لە سایەی خواوە خۆ موسوڵمانی*

*ئەمرۆ سی و یەکە وا ڕەمەزانە*

*مانگێکی گەورەی موسوڵمانانە* (بێکەس:ل ١٣١)

(بێکەس)ی شاعیر لە گێڕانەوەی دەقی چیرۆکە شیعرییە منداڵانەکانیدا، وەک( تەماعکار، یەکیەتی، جوتێک کۆترو بۆقێک)، دیالۆگی ناڕاستەخۆی نێوان کاراکتەرەکان، وەک هۆکارێکی گرنگ و پڕ بایەخ بە مەبەستی پێدانی پەند و ئامۆژگاری بەکارهێناوە، لەگەڵئەوەشدا ((هەر چیرۆکەشیعرێکیش مەبەستێک یا زیاتر دەگەیەنێت. مەبەست و ئامانجی شاعیرانی نووسەری چیرۆکەشیعر بۆ منداڵانی کورد، لە پاڵ چێژ و خۆشی بەخشین پێیان، ئامانجیشیان هۆشیاری کردن

و رۆشنبیری کردن و ڕێنمایی کردن و ئاراستەکردن و پەند فێرکردن و سوود بەخشینە بە منداڵانی کوردمان.))١

(گۆران)ی شاعیریش لە دەقی (بۆ گوڵی لاولاو) و (ئەی نەی)دا دیالۆگێکی ناڕاستەوخۆ بە شێوازی پرسیارکردن(لەبەرچی؟، چییە؟، بۆچی؟، بۆچ؟) و سەرسوڕمان(!) و بانگکردن (ئەی) و داواکاری (ئەدا کردن) لە کەسی بەرامبەر، کە بابەتێکی سروشتی و بێگیانە، ئەگەرچی سەرەتا بە هەواڵپرسین و دواتر بە وەسف و پیاهەڵدان، شاعیر وەک کەس، گێڕەرەوەیەکی شارەزا دیالۆگەکە پێشکەشدەکات، سەرەتا لە (گوڵی لاولاو)دا دەڵێت:

*بە کوڵ گریان لە چاوم دێ، گوڵی لاولاوی ڕەنگاوڕەنگ!*

*لەبەرچی سیس ئەبی وا زوو؟ چییە ئەسبابی ژاکانت؟*

*هەموو تاوێکە ڕۆژ هەڵهاتووە، بۆچی وەها بێدەنگ*

*ئەژاکێی؟ تۆخوا، ئەی گوڵ، سەبر، دەستم بە دامانت!* (گۆران:ل ١٧٤)

یان لە دەقی (ئەی نەی)دا دەڵێت:

*ئەی نەی چییە وا بە سۆز و سازی؟*

*بۆچ تۆش وەکوو ئێمە عیشقبازی؟*

*یا مەحرەمی ڕازی عاشقانی؟*

*بۆ ئاهی دەروونی تەرجومانی؟*

تا دەگاتە:

*ئەی نەی دە بە نەغمەیی خرۆشان*

*ئەم ناوە بە جارێ پڕ سەداکە؛*

---

١ڕەزا شوان، چیرۆکە شیعرەکانی فائق بێکەس بۆ منداڵان، ٩-٦-٢٠٢٠، https://pmnews.se

*بۆ ڕۆحی شکستەباڵی ناڵان*

*لاوانەوەیەک بە کوڵ ئەدا کە!*    (گۆران:ل ١٧٥)

هەروەها (دیلان)ی شاعیر لە دەقی (کونەپەپووی شەڕ)دا بە شێوازی فەرمانکردن (تۆ بخوێنە) و لە ڕێگەی وەسف (هێلانەواز، هاوڕێی دووکەڵ، فێڵباز،شیرین، لوتکەی سپی،...)و دیالۆگەوە، دەرخستنی کەس و ئاشکراکردنی بیرو هەڵوێستی شاعیر، وەک گێڕەرەوەی بابەتێک، بە شێوەی هێماو ڕەمز، باڵندەی کونەپەپووش وەک کاراکتەر لە چەند لایەنێکەوە ڕەمزی مێژوویی و فیکری و فەلسەفی و ئەفسانەی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ((نیشانەی ئاژاوە و سیخوڕی و شوومییە))١، کە ((شاعیر رەمزێک لە شوێنی ناوی کەسەکە دادەنێت، کە مەبەستێی بۆ شاردنەوەی ناوی ڕاستی کەسەکە))٢، هەروەها ((بەکارهێنانی ڕەنگ لە شیعردا جگە لە واتا سادەکەی خۆی هەندێ جار واتا و مەبەستی تریش دەگەیەنێ ئەمەش شێوەی بەکارهێنانەکەی لە شاعیرێک بۆ شاعیرێک دەگۆڕرێت))٣، بەم هۆیەوە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارو سەردەمەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە تیایدا ژیاوە، دەڵێت:

*تۆ بخوێنە هێلانەواز*

*ئەی دوژمنی جریوە و باز*

*هاوڕێی دووکەلی ناساز*

*مشک و مار بێنەرە پەرواز*

*تۆ بە قریشکەی ساماویت*

*چاوی بەفرو فێڵاویت*

*باڵی ژاکاوی خوێناویت*

---

١سەڵاح حەسەن پاڵوان، شیعری کراوە (لە ئەزموونی شیعری نوێی کوردیدا)، چ.یەکەم، د. چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چا. ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل١١٢

٢شنۆ محەمەد مەحمود، ڕۆڵی سوارەی ئیلیخانی زادە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، چ. یەکەم، چا. چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٠٧

٣فازیل مەجید مەحمود (د.)، سروشت لە شیعری گۆراندا، چ. یەکەم، د. چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٦٢-١٦٣

*چنگی تیژی خوێناویت*

پاشان دەڵێ:

*چیای شیرین... چیای شیرین*

*لوتکە سپی دامەن ڕەنگین*

*پڕ لە لالە و وەنەوشەی شین*

*مەنزڵگای قوربانی و برین*

*هۆی شانازی نەتەوەی کورد*

*بڵێ ... بە قەندیل و هەڵگورد*

*کوننەپەپووی بە هەڵپەو برد*

*ئەوباوکەی مرد، ئەو باوکەی مرد* (دیلان: ل١١٠-١١٧)

لێرەدا دووبارەکردنەوەی دەستەواژە یان دووبارەکردنەوەی حاڵەتێک لە دەقێکدا بۆ گەیاندنی مەبەستێکی درامییە لە ڕێگەی دیالۆگەوە، بە شێوەیەک ((کاریگەریەتی درامیانەی ئەم جووڵە زیرەکانەی ئەو دیالۆگە کورت و ڕێک و پێکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاراستە پێچەوانەیەی نێوان ئەوەی ، کە دەگوترێت لەگەڵ ئەو کردارە سایکۆلۆژی و دەروونییەی، کە دەبێت بە بنچینە بۆ دیالۆگەکە.))١

بابەتێکی تری هونەری دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا، هەروەک لە شیعری شاعیرانی کلاسیکدا بەدیکراوە، ئەوەیە کە ((هەمیشە دەستپێکەری دیالۆگ گێڕەرەوە نەبووە، بەڵکو ئەو کاراکتەرەی کە بەرانبەر گێڕەرەوە وەستاوە، سەرەتای دیالۆگی دەستپێکردووە، هەرچەندە گێڕانەوەکە هەر خودیە))٢، ڕۆڵی شاعیر لە گێرانەوەکەدا بابەتیانە دەبێت بۆ گەیاندنی مەبەستە شیعرییەکە، وەک (کامەران موکری)شاعیر لە دەقی (شەپۆلی زێر)دا، بۆ باسکردن لە بابەتێکی

---

١عەلی عوسمان یاقووب(سوێد)، ئاماژە شاراوەکانی زمان لە بنیاتی شانۆیی، گ. ڕامان، ژ. ١٩١، ٢٠١٣/٤/٥، ل ١٢٤

٢هەژار فەقێ سلێمان، هونەری دیالۆگ لە شیعری مەحوی-دا، گ. رامان، ژ. ١٨٥، ٢٠١٢/١٠/٥، ل٩٨

کۆمەڵایەتی و هۆشیاری و ئابووری ئەو سەردەمە، کە ((ئەوانەی خۆیان ئەفرۆشن بە زێڕ، دڵیان لە زێڕ ساردو سڕترە جوانییان وەک جوانیی پەیکەری مەڕمەڕی بێگیانە))١ ئاماژەیان بۆ دەکات، دیالۆگێکی ڕاستەوخۆ ئەنجام دەدات، دەڵێت:

............

*پەنجەی هێنا،*

*کچێکی جوان*

*نەرم و نیان*

*پێڵوومی جولان بە نەرمی*

*سەرنجی دامێ بە گەرمی*

*وتی گیانە..*

*وتم: ئەی فریشتەی جوانی*

*(مژدەی خۆشی و کامەرانی)*

*باڵی ئاڵان لە گەردنم*

تا دەڵێ:

*وتی: کوا بەرگی ڕەنگاوڕەنگ*

*وتم: (منی هەژار بەرگم شیتاڵ)*

*وتی: ئەی گۆرانی و ئاهەنگ*

*وتم: کسپەی دڵ و دەروون*

*وتی: کوانێ ئاڵتوون؟*

*وتم: نیمە..!*

---

١کامەران موکری، دیوانی کامەران موکری شاعیر، ئا. لێکۆڵینەوە و پێشەکی و پەراوێز نووسینی: عەبدوڵڵا ئاگرین (د)، چ. دووەم، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٢٠

*وتی: کوا کۆشکی بەرز و کوا تەلار؟*

*وتم: کۆشکم وا لە وێوە منی هەژار* (کامەران موکری: ل١٢١-١٢٢)

(بەختیار زێوەر)ی شاعیر لە دەقی (خەوبینینی کوردەواری)دا، بابەتێکی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕ و عەقیدەیەکی باوی ناو میللەتی کورد، لە ڕێگەی دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفی و شیکارییەوە ڕووداوەکانی ناوچەیەکی کوردستان (هەڵەبجە)مان بۆ دەگێڕێتەوە، بە شێوەیەکی خودی و لە ڕێی بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەمەوە دیالۆگی کەسی بەرامبەر و خۆیمان لە شێوەی روونکردنەوەی خەوبینینەوە بۆ ئاشکرا دەکات، دەڵێت:

*لە هەڵەبجە بووم ڕێم کەوتە مزگەوت*

*دووانم دی یەکەم زوبانی نەسرەوت*

*وتی لە خەوما لەوحەیەکم دی*

*ڕەنگی ڕەش بەڵام بە خەتی سپی*

*لە ناوەڕاستی وەها نووسرابوو*

*(فڵان کەس هاکا تووشی قەزابوو)*

*وتم ئەم خەوە نابێ بە ئەساس*

*هیچ دڵی خۆیشت مەخەرە وەسواس*

*وتی واچاکە خەبەر بنێرم*

*ئاگای لەخۆی بێ من خاوەن خێرم*

*ڕۆژی قەزاکە بیست و سێ مانگ بوو*

*شوکور ئەو پیاوەش لە قەزا دەرچوو*

*عەوامی ئێمە چونکە جاهیلن*

*دائیم تالیبی فیکری باتیلن* ( بەختیار زێوەر: ل٣٩-٤٠)

هەروەها (هێمن)ی شاعیر لە دەقی (فرمێسکی رونوو)دا دیالۆگی ناڕاستەخۆیە سەرەتای شیعرییەکەی بە وتەی دڵدارەکەی دەستپێدەکات (گوتت) و پاشان تەواوی دەقە شیعرییکە وەڵامی شاعیر دەبێت، لە بابەتی مەسەلەی نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و خوێندەواری ...هتد، بە شێوەی داواکردن و پرسیارکردن، کە دەڵێت:

تۆ گوتت: *(( من ئاشقی سەوداسەر و دینم دەوێ؟))*

من گوتم: *تاکوو بە ئاواتت بگەی دینم دەوێ*

*هەڵکەوێ تاوێکی چاوێکی لە دیدارت بکەم*

*تا بزانی کوانێ بۆ جوانێ دڵ و دینم دەوێ؟* (هێمن:ل٣٥٨)

هەروەها (دڵدار)ی شاعیر لە دەقی (دڵزار شیعرەکەت)دا، کە نامەیەکی شیعرییەو تیایدا وەڵام دەنێرێتەوە بۆدڵزار، تیایدا داواکاری دڵزار بە شێوەی دیالۆگی ناراستەوخۆ و ئاڕاستەی شاعیر کراوە، کە دەڵێت:

*دڵزار شیعرەکەت ، دڵزار شیعرەکەت*

*دڵزار نامەکەی پڕ شعوورەکەت*

*گەیشتە دەستم لە وەختێکی وا*

*!کافر بە حاڵم نەبیتن، خوا*

*ئەڵێی شەش سەدو کسوور قەرزاری*

*ئایا بۆ پارە زۆر گیانە هاری؟*

*زرنگ و هۆری درهەم و پارە*

*!بۆ من خەیاڵی خەونی بەهارە* (دڵدار: ل٧٤-٧٥)

لە دەقی (لالە باس)دا، (دڵدار)ی شاعیر لە چیرۆکێکی شیعرییدا بەسەرهاتی ژیانی جوتیارێکی پیری هەژاری شارۆچکەی کۆیە، کە تەکنیکی فرە دەنگییە و بە هۆی وەسف و دیالۆگی ناراستەخۆوە دەگێڕێتەوە، کە قسەکەر (شاعیر) گێڕەرەوەی

ڕووداوەکانە، لە کاتی کارکردنیدا دەکەوێتە ئاخاوتن و پرسیاری دەکات و وەڵامەدرێتەوە، پاشان وەڵامدەر (لاله باس) و دیالۆگی لەگەڵ کەسەکانی (کوێخا، عەزەی ساڵح ئاغا، زابت ...)دەخاتەڕوو، بۆ زیاتر پیشاندانی حاڵ و بارودۆخی ژیانی کەسی جوتیاری سەردەمی ئاغا و دەرەبەگی زۆردار، کە دەڵێت:

*ڕۆژێکی پایز لە پێش نیوەڕۆ لالە باسم دی زەوی ئەداتۆ*

*ڕووت و زگ والا، پیر و تێکشکاو پشتی چەماوە، لووت لەسەر ئەژنۆ*

*گۆچانی دەستی دەستەندووی جووت بوو دەنگی نووسابوو بە هێ هێ و هۆ هۆ*
*هەی ماندو نەبی لالۆی جووتیارە وتی: هەر بژی ڕۆڵەی لەسەرخۆ*

*وتم: کاری جووت، ڕەنجی لاوێتی زۆر دوورن لەگەڵ پیرێکی وەک تۆ*

*ڕەسووڵەیی کوڕت ڕەنجبەری چاکە زەلامی ملهۆڕ، لاوی چوست و جۆ*

*کوا بۆ چی جووتت لەباتی ناکا بۆ چی تۆ نادا، بۆ چی نابڕێ شۆ*

*هەندێ پێکەنی، سەیرێکی کردم دەستی خستە سەر ڕیشی وەک پەمۆ*

*ئاگری دڵی لە هەر دوو چاوی بڵێسەی ئەدا وەک جووتێ پشکۆ*

*وتی: لە هاوین کوێخا کاکە سوور هاتە ماڵەوە پێی وتم: لالۆ*

*شایەدی بدە زەوی «زێڕین دۆڵ» کە وا هین منە قورئانیش بخۆ*

*وتم: کاکە سوور، بەم سەر و ڕیشە ئۆباڵی خەلقی ناخەمە ئەستۆ*

*وتی: هەروەها بە سەری ئاغا ئەتکەمە پۆڕی بەر چەنگی هەڵۆ*

*بۆ شەو زەلامی هەناردە سەرم ماڵیان دامە بەر شیلینگی برنۆ*

*سێ مانگام هەبوو بە تالانی برد منالی هێشتم، بەبێ ماست و دۆ*

پاشان دەڵێت:

*هەندەی پێ نەچوو، عەزەی ساڵح ئاغا لە سەری کردم بۆ حیسسەی تاپۆ*

*چوومە خرابە: وتم ئاغە گیان ملکم هین خۆمە قەیدن لە تاپۆ*

*پێی وتم: پیرەی سمێڵ کلکەسە یا تاپۆ بدە، یا بار کە و برۆ*

*دوو سێ ڕەش و ڕووت وڵاغیان هێنا دەغڵیان بار کرد بە لێ لێ و لۆ لۆ*

*کوێخای چەمبەڕیش ڕەسووڵەی پەت کرد کردی بە عەسکەر، بردی لە بۆ کۆ*

*لە کۆیە چوومە لای زابت وتم: ئەفەندی عومرم گەییە حەفتا و نۆ*

*بێجگە لەم کوڕە وەجاغم کوێرە بە منی ببەخشە مەمکە ڕەنجەڕۆ*

*زابت تووڕە بوو هەڵسایە سەر پێ فڕێی دامە دەر، بە پاڵەپەستۆ*

*پێم وت: لالە باس پارەت بدایە ڕەسووڵ معیل بوو بەبێ گفتوگۆ*

*وتی: پارە و من؟ هەی خاکم وە سەر بریا ئەمزانی، ئەی خودایە بۆ؟*

*ئەوا چل ساڵە زەوی ئەکێڵم فەللاحی ئەکەم هەتاکوو ئەمڕۆ*

*نرخی ئارەقەی ڕوونی ماندوویيم تیکە نانێکە، چە نان؟ نانە جۆ ، ئەویش بەبێ دۆ*
(دلدار: ل٥٦-٥٨)

(سەلام)ی شاعیریش لە دەقی (قوتابخانەی کوردستان)دا، بە تەکنیکی فرەدەنگی و دیالۆگی ڕاستەوخۆ و دیالۆگی ناراستەخۆ و گێڕانەوەی خودی بابەتەکە خراوەتەڕوو، دیالۆگ و وەسف، کە بە شێوەی دەقێکی شیعریی درامی بەرهەمهێنراوە، دەرخستنی کەس (پیاوێک، مودیر، شاگردەکان، کەسی تر)، کەسایەتییەکانیان وەک هێما ئاماژەدانە دەردە کۆمەلایەتی و سیاسیەکانی ئەو سەردەمە. واتا بارودۆخی هەموو لایەنەکانی ژیانی نەتەوەی کورد لە کوردستاندا پیشاندەدات، لەڕێگەی کەس و ئاماژەکردنی کات وشوێنی ڕووداوەکان، سەرەتا کوردستان وەک ناوەندێکی زانستی گەورە و شوێن و پێکەوە ژیانی ئایینە جیاوازەکان وەسفدەکات، پاشان لە ڕووی خوێندنەوە داواکارە کۆمەڵ بەگشتی هەوڵی پەیداکردنی کەسی زانا و خوێندەوار بدات، تا لەو ڕێگایەوە هەموو دەردە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و سیاسییەکان لەناو میللەتدا نەمێنێت، ، کە دەڵێت:

*دانشگای گەورە وا لە کوردستان*

*یەکەم مەکتەبە هەر بۆ موسڵمان*

تاک و توک شاگرد لە گاوورو جوون

ژمارە ئەکرێن لە ڕیزی نەبوون

تا دەڵێ:

پیاوێکی گەورە بەڕێزو حورمەت

وتی گوێ بگرن کۆمەڵی میللەت

مامۆستای گەورە خاوەن هۆش و بیر

زۆر کەمە لامان بۆی بکەین تەدبیر

پاشان دەڵێت:

(نیفاق) ئەفەندی ، حازر ئەفەندم

(ئیتفاق) کوانێ؟ چۆ بۆ جەهەنەم

(درۆ)و (دەڵەسە) قوربان حازرین

هەردووکمان لێرەین ئێمە داخڵێن

(ڕاستی)و (سەداقەت) میرم دووبران

یەکێ بە دوو ساڵ پار مەحکوم کرا

دواتر دەڵێت:

کەوتە پرسیار مودیر سەرلەنوێ

بانگی کرد وتی: گشت گوێتان لێ بێ

ناوی کامتانم دەخوێندەوە ئەمجار

دەنگێ هات وتی: مودیر ئیستعمار

لە جێی خۆی وشک بو وەکو نەقشی سەنگ

تۆ کێی؟ وا دایم حازر جەوابی

*نزیک لە بەدی دوور لە صەوابی*

*چەند زوو جەواب ئەدەی تۆ لە پرسیار*

*وتی: نازانم منم ئیستعمار*

تا دەگاتە:

*مودیر پێی وتن: مەکتەب دائەخەم*

*بۆ چارەسەری منیش ڕائەکەم*

*پێیان وت: هەژار بۆ کوێ ڕائەکەی*

*جێگە نەماوە پەنای بۆ ببەی* (سەلام: ل١٢٨-١٣٤)

هەروەک لەم نموونانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کە لە شیعری نوێی کوردیدا بەهەمان شێوەی شیعری کۆن(کلاسیک)، شاعیران لە دەربڕینی شیعرەکانیان و لە پێناو گەیاندنی مەبەستە شیعرییەکەو ئامانجی خۆیدا، بە هەردوو شێوەی دەربڕینی کەسی قسەکەر، کە جارێک خۆی دەستپێکەری دیالۆگە و جارێکیش بەرامبەر دەستپێکەری دیالۆگەکە دەبێت، کە بەپێی بنەمای بەکارهێنان و جیاکردنەوەی کەسەکان، کەسی یەکەم (شاعیر یان قسەکەر) دەستپێکەری دیالۆگەکەیە و مەبەستێتی بە شێوەیەک لە شێوەکانی زمان یان دەربڕین بدوێت، کەسی دووەم ( کەس یان گوێگر)، ئەمەش بە هەر دوو جۆری دیالۆگی ڕاستەوخۆ و دیالۆگی ناڕاستەخۆ، بەڵام بە شێوەی جیاواز لە دارِشتنی دەقەکەدا، کە لە شیعری کلاسیکدا دیالۆگ تەنها لە بەیتە شیعرییەکدا ڕێکدەخرێت، بەڵام لە شیعری نوێدا لە دەقێکدا ڕێکدەخرێت و چەند کەسێکیش بەشداردەبن، وەک تەکنیکی فرە دەنگی بەکارهاتووە.

## پاری دووەم: مۆنۆلۆگ و شەپۆلی هۆش لە شیعری نوێی کوردیدا

## (بە نموونەی شیعری نوێی کوردی ١٩٢٠-١٩٥٨)

### یەکەم:مۆنۆلۆگ:

وەک لە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەماندا بە شێوەی تیوری باسمان لێوەکرد، لێرەدا باسەکەمان بە دەقی شیعری شاعیرانی نوێی کوردی بەپێی تایبەتمەندی هونەری مۆنۆلۆگ پراکتیک دەکەین. بەوپێیەی مۆنۆلۆگ دەربڕی ناخ و دەروونی قسەکەر/ کەسە، لەگەڵ خودی خۆیدا دەدوێت، بە شێوەیەک (( ڕاستگۆیانەیە و هەردەم کەسی خاوەن مۆنۆلۆگەکە بەبێ هیچ بەربەست و پەردەیەک پێ لە خواستەکانی خۆی دەنێ و گوزارشت لە رابردوو و ئێستا و داهاتوو دەکات، کە لەوەو پێش کردوویەتی یان دەخوازێت بیکات))١، لەگەڵ ئەوەشدا مۆنۆلۆگ خودی کەسە ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەری دەبینێت لە گێڕانەوەی ڕووداو و ئاشکراکردنی بارووددۆخی کەس و کات و شوێن، بەهۆی پەیوەندیان بە مۆنۆلۆگەوە، بەبێ ئەوەی لە بەرامبەردا پێویستی بە وەڵامدانەوە هەبێت، بە دوو جۆری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، هەروەها بەهۆی دوو شێوەی خۆدواندن و گەڕاندنەوەی هونەریش، بە جۆرێک گێڕانەوە ڕۆڵی سەرەکی دەبێت لە دەرخستن و ئاشکراکردنی ناخ و دەروون و هەڵوێستی کەس لە ئاست ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەزموونی خۆی و کەسی بەرامبەر و ژیان بەگشتی، لەکاتی ئێستا و ڕابردوو و داهاتوودا.

هەروەک (بێکەس)ی شاعیر لە دەقی (دەردی دەروون)دا، لە سەرەتای دەقەکەدا لە ڕێگەی هونەری مۆنۆلۆگەوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەم (م) لە ڕێگەی دەستەواژەی (خامۆشم، بێ هۆشم...)، گوزارشت لە ناخی دەروونی پڕ لە ئێش و ئازاری بەرامبەر ژیان دەکات، کە هۆکاری دوور کەوتنەوەی لە خەڵک و بەتەنیا مانەوەی، ئەوەش لەپای هەوڵو کۆشش و لەسەر ڕاستی وتن بۆ میللەتەکەی سەرەنجام بێنان و دەربەدەر دەبێت، کە دەڵێت:

*دەمێکە یاران مات و خامۆشم*

---

١سنوور قادر فەرەج، تەکنیک لە کۆمەڵە چیرۆکی ((گوڵی ڕەش))ی شێرزاد حەسەن دا، نا. ماستەر، سکوڵی زمان، ز. سلێمانی ، ٢٠١٢، ل١٦٠

*وێنەی تلیاک کێش مەست و بێ هۆشم*

*خۆم لە تەنقیدات دوور خستۆتەوە*

*هەواڵی دنیام لەبیر چۆتە* (بێکەس: ل١٦٤)

هەروەها لە دەقی (جەژنی من)دا، شاعیر مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆو خۆدواندن، لە کاتی ئێستای ژیانیدا، بە دەربڕینی شیوەن و نائومێدی و ڕەشبینییە بەرامبەربە خەڵکی کە جەژن دەکەن و خۆشی دەردەبڕین، ئەمەش بەهۆی ئەوەی خۆی بێزارو دەردەدارە، کە دەڵێت:

*جەژنی من گریانە ئەمڕۆ، میحنەتە جەژنانەکەم*

*بەرگی من جەورو جەفایە ، شیوەنە سەیرانەکەم*

*دڵ کە ناخۆش بوو برادەر جەژنی ئەو تەعزێیە هەر*

*عالەمێ شایی بکا، من بەستەیە گریانەکەم*

*خەڵک هەموو مەسروور و شادن دەستە دەستە دێنە خوار*

*من خەریکی دەردی خۆمم، تەرکی ناو یاران ئەکەم* (بێکەس: ل١٩١)

(هەردی)شاعیر لە دەقی (بێ ئارامی)دا، لە ئاکامی تەنیایی بوونی، نائارامی دەروونی و پەشێووی حاڵی و بێزاربوونی لە هەموو شوێن و جێگەیەک، ناخی دەهەژێ و لە ڕێگەی خۆدواندنەوە و بە دەنگ هەڵبڕین و دەربڕینی (ئاخ و داخ)ئاشکرای دەکات و بەشێوەی سەرسوڕمان و پاشان بە شێوەی پرسیارکردن (کەی، بۆچ، بۆ، کوێ)لە خودی خۆی دەیخاتە ڕوو، کە دەڵێت:

*ئاخ و داخ و دەرد، لەدەست تەنیایی،*

*پەشێوی بێ حەد، دەردی بێ دوایی،*

*ئەم سەرسامی یە،*

*بێ ئارامی یە،*

*کەی دێ کۆتایی؟*

*تا دەگاتە:*

*کە بە تێکەڵبوون، وەها بێزارم،*

*بۆچ بە تەنیایی : پەشێوە کارم؟!*

*بۆ وەک ڕەنجەڕۆم؟*

*وەرس بووم لە خۆم؟*

*بۆ هەر کوێ ئەڕۆم،*

*دڵ بێ قەرارم؟!* (ئەحمەد هەردی: ل٤٧-٤٨)

هەروەها لە دەقی (ڕازی تەنیایی)و (شانزە ساڵ چاوەڕوانی)دا، شاعیر لە دەقی یەکەمدا (ڕازی تەنیایی)دا سەرەتا بە مۆنۆلۆگ لە ناخی خۆی دەدوێ، کە لە کاتی گەنجی دا، بە هۆی ئەرکی ناخۆشی ژیان و نائومێدی لە خۆشەویستی و دڵداری دووچاری بووە، سە، پاشان بەهۆی خۆدواندنەوە بە شێوەی هانا بردن بۆ کەسێک، کە (دەستێک نییە، دەنگێک نییە) بێت بە هاواریەوەو لەو ناخۆشییە دەریبێنێت، پیشانیدەدات، کە دەڵێت:

*ژیان و ئەرکی ناخۆشیی: پەپولەی ئارەزوی کوشتم*

*شەرابی جامی دڵداری ، لە تافی لاوییا، ڕشتم!*

*تەمی ڕۆژانی پڕ مەینەت، وەها تاریک و چڵکن بوو*

*نیگاری خۆشەویستی دڵ ، پەری ئاسایی ، تیاون بوو!*

پاشان دەڵێت:

*لە تەنیایی شەوی ژینا، ئەنێم هەنگاوی کوێرانە!*

*نییە دەستێ ، دەرمبێنێ لەناو ئەم گۆڕە وێرانە*

تا دەڵێت:

*بەڵێ گوێ هەڵئەخەم بێجگە لە خورپەی سست لێدانی!*

*دڵی پەستم ، کە نووزەی دێ بە عاستەم ڕازی پەنهانی*

*نییە هەر دەنگی هیچ نایێ،*

*لە هیچ شوێنێ لە هیچ لادیی*

*شەقەی باڵی شنەی بایێ* (ئەحمەد هەردی: ل٧٩-٨٠)

لە دەقی دووەم (شانزە ساڵ چاوەڕوانی)دا، بە شێوەی گەڕاندنەوەی هونەری، بە گەڕاندنەوە بۆ کاتی (دوێنێ)، تیایدا تۆماری شانزە ساڵ چاوەڕوانی ژیانی خۆشەویستی و ئاواتەکانی گەنجی خۆی(م)، لە کاتی ئاوابوونی خۆر و هاتنی شەودا، لەناودەبات، کە دەڵێت:

*دوێنێ لەتەک نەمانی سوراییی خۆرنشینا..*

*کە شەو هێواشی باڵی ، کێشا بەسەر زەمینا*

*تۆماری شانزە ساڵی ژیانی خۆشەویستیم*

*ئاواتی پڕ لە تاسەی دەروون و گیانی برسیم*

*بە جارێ نایە چاڵی ژیانی پڕسزاوە..*

*کە شەوقی چەندە گەنجی هەژاری تیا ڕزاوە!* (ئەحمەد هەردی: ل٦٤)

هەروەها (گۆران)ی شاعیر لە دەقی (بۆ هیوای کوڕم)دا، شاعیر گریانی هیوای کوڕی دەبێتە جێگەی پرسیارو تێرامانی لە ژیان و ناخی دەروونی دەهەژێنێت و لێکدانەوەی قووڵی بۆ دەکات، ئەویش فەلسەفەی هاتنەدنیای مرۆڤایەتی و دەرکردنی لە دنیای بەهەشت ئەنجامی تاوانی بێ ئاگای باوکی، نەوەکانی باجەکەی وەردەگرن، ئەمەش مۆنۆلۆگە، بەهۆی ئەوەی هیچ وەڵامێک لە بەرامبەر پرسیاردا بوونی نییە، تەنها خودی شاعیر (من)دەدوێت، کە دەڵێت:

*کوڕی خۆم، کۆرپەلەم! میوانی دنیای تازە خولقاوم!*

*ئەدا گریەت بە زەربەی چز لە ڕۆحی پڕگلاراوم!*

*چییە ئەم گریە بێ غایە، کڕووزەی نیوەشەو خورپێن؟*

*چییە ئەم قەترە وردانەی لە چاوت بێ مەنال ئەڕژێن؟*

تا دەڵێت:

*حەقت بوو ئەم هەموو گریانی نامەفهووم و بێ مەعنا:*

*زمانی بەست و تەقریری شکاتت بێ لە دەست دنیا!*

*حەقت بوو بێ وچان بگری بەسەر تاوانی باوکیما،*

*بەحر پڕکەی لە تف، بیدەی بە ناوچەوانی باوکیما!* (گۆران:ل١٥٩)

لە دەقی (دەنگی مردوو)دا، (گۆران)ی شاعیر بە شێوەی وتار و دەرخستنی بارودۆخی سەردەم لە دەسەڵاتی میری و هەڵوێستی کەسانی سیاسی وەک پەرلەمانتارو هەڵبژاردەی میللەت، وەک کەسێک کە چەند سەدە لە ژیاندا نەماوە، بەڵام لە ئاست ناحەقی زەمانە و خراپی دەسەڵات دێتە گۆ و دەنگی نارەزایی هەڵدەبڕێت و ئامۆژگارییان دەکات و دەڵێت:

*نوێنەری هەڵبژاردەم !* *هەرچەن مردووی یەک دوو سەدەم،*

*بەپێی لیستەی میری و موختار* *وەک تووتی هاتوومە گوفتار،*

*خۆت و هاوڕێت هەڵئەبژێرم* *بۆ پارلەمانتان ئەنێرم...*

*مادام منم هەڵبژێرتان،* *هۆی مانگانە و خێر و بێرتان،*

تا دەڵێت:

*هەرچەن کۆن و کۆنپەرستم،* *لە ناپاکی کردن پەستم.*

*پێم شەرمە وڵات بفرۆشن،* *یان بۆ دەرگای شەڕ تێکۆشن!*

*چونکە نوێنەری منن،* *لایەنگری ڕێی مردنن،*

*وا ئەزانن هەڵبژاردەن* *بۆ ئەوەی میللەت بە قڕدەن!*

دڵنیابن کە دەستخەڕۆن، لە ئەنجاما هەر ڕەنجەڕۆن! (گۆران: ل٢٨٨-٢٨٩)

(جەمال شارباژێری)ی شاعیرلە دەقی (کام جەژن؟)دا، مۆنۆلۆگێکە بە شێوەی خۆدواندن، لە ڕێگەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە، بە شێوەیەک کە کات لێرەدا وەستاوە، بەڵام ژیانی میللەتی کورد پیشاندەدات لەو سەردەمەدا، بۆتە هۆی ئەوەی هەست و ناخی شاعیر بجولێنێ و ئەم مۆنۆلۆگە بە شێوەی پرسیار لەگەڵ خودی خۆیدا بکات و دەڵێت:

*من میللەتم پەرێشان بێ*

*هەژارو بێ دەرەتان بێ*

*مل کەچی پاروویەک نان بێ*

*ناکامی شادی ژیان بێ*

*لە چوار لاوە خوێنی بمژن*

*ئایا بەمە بڵێم جەژن؟* (جەمال شارباژێری: ل٣٣)

(جەمال شارباژێری)ی شاعیر لە دەقی (یەک گرتن؟!)دا، مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆی بە شێوەی وەسف و پرسیارکردن داڕشتووە، وەک وتارێکی سیاسی و نەتەوەیی ئاڕاستەی گەلی کورد دەکات، لەبارەی یەکگرتن و پێکەوەبوونی میللەتی کورد و پیشاندانی ئازایەتی لە بەرامبەر داگیرکەراندا، کە لەڕێگەی ((بەرجەستەکردنی (سەربەستی)بەو وێنەیە، چەمکێکی مرۆڤانەی))١ پێبەخشیوە، دەڵێت:

*گەرچی کورد ئەمڕۆ لە سێ چوار لاوە*

*ڕێگەی بە تۆپ و شەستیر تەنراوە*

*نیشتمانەکەی .. داگیرکراوە*

*-ڕاست- بڵێ دەرگای لێ داخراوە*

*بڵێ (سەربەستی) هەڵواسراوە*

١دلشاد عەلی محەمەد، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چ. یەکەم، د. چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٧، ل٦٣

*بەڵام ئەگەر گشت پشتی یەک ئەگرێ*

*هێزی بێگانە ئایا خۆی ئەگرێ؟* (جەمال شارباژێری ٢: ل٢٨)

هەروەها لە دەقی (ئەی مەرگ)دا، شاعیر مۆنۆلۆگی لە شێوەی دەنگهەڵبڕین و بانگکردنی بەرامبەر، کە (مەرگ) خوازەیە١، بۆ هێزی لەناوبەر و دەسەڵاتێکی خوێنڕێژ، کە لە ڕێگەی دەرخستنی سیفەت و کردەوەکانی، وەک( هەڵمەتبردن، برسیبوون، نینۆکی تیژ، نە چاک و نە خراپ زانین...)، بە کەس کراوە، هۆکاربووە بۆ ناوبردن و کوشتنی خەڵک لە ئەو سەردەمەدا، سەرەتا بە سەرسوڕمانەوە لەڕێگەی نیشانەی (!)، باسی دەکات و پاشان بەشێوەی پرسیار بە (بۆچی؟، لەبەرچی؟، کەی؟، ...)لە هۆکارەکان دەپرسێت، لێرەدا مۆنۆلۆگەکە (بۆ پیشاندانی سروشتی ململانێی نێوان کەسە، کە لە شێوەی دیالۆگێکی درامی ڕێکخراوە و هۆکارە بۆ درێژەپێدانی زیاتری قسەکانی)٢، کە دەڵێت:

*کە هەڵمەت ئەبەی ..*

*وەک جانەوەرێکی زۆر برسی!*

*نە چاک نە خراپ ئەپرسی!*

*گەر هەژار بێ!*

*پارە دار بێ!*

*گەورە بێ یان بچوک بێ!*

*نەشمیلە و ئێسک سووک بێ!*

تا دەڵێت:

*نینۆکی تیژی بۆ درێژ ئەکەی!*

---

١ خوازە بە هەبوونی نیشانەیەک لە نێوان واتای ڕەسەن وشەکە و واتا گوازراوەکەوە دروست دەبێت، لێرەدا خوازەی ژێرییە، ((ژێرییەکە ئەوەیە کە کردەوەیەک بدرێتە لای شتێک، وە یا یەکێک کە لە ڕاستییدا ڕەوا نەبێ بدرێتە لای ئەو.))علاءالدین سجادی، ١٩٧٨، ل٥٦

٢حازم فاضل محمد البارز، أسلوب الحوار في النص الشعري الحديث، م. جامعة بابل، العلوم الانسانية، مج. ٢٣، ع. ٤، ٢٠١٥، ص١٨١٠

*ژینی لێژ ئەکەی!*

*لە پڕدا ئەیبەی*

*کە هەڵمەت ئەبەی*

تا لە کۆتایی دەقەکەدا دەڵێت:

*چی لێ ئەکرێم؟*

*بۆچی نەیڵێم ..!* (جەمال شارباژێری ٢: ل١١٠-١١٤)

لەگەڵ ئەوەشدا مۆنۆلۆگ لە شێوەی خۆدواندا، شاعیر لە دەقەکەدا سەرەتا بە چەند دەستەواژەیەک، وەک (لەبەرخۆیەوە، بەخۆم/ی دەوت، خۆزگە...)ئاماژە بۆ خۆدواندنەکە دەکات. بۆ نموونە (گۆران)ی شاعیر لە دەقی ( گوڵی خوێناوی!، ئەنجامی یاران، ئەنجامی ئەژدەهاک، نق و جق)دا، کە بە شێوەی شیعر و ئۆپەرێت* و پیەس لە یەک پەردەی کورتا نوسراون، لە خۆدواندنی کەسەکانیدا دەستەواژەی (لەبەرخۆیەوە)ی بەکارهێناوە، کە دەڵێت:

*کوڕ {ئەڕوا و لەبەرخۆیەوە بە گۆرانی ئەڵێ}:*

*باغچەی پاشا لەوبەر ئاوە*

*خێڵی دوشمن دەورەی داوە*

*ئەڕۆم : ڕێگام لێ گیراوە*

*ناڕۆم: چاوکاڵ لێم تۆراوە!*

---

* ئۆپەرێت، وەک یەکێک لە فۆرمە سەرەکییەکانی شیعری شانۆیی، لە چوارچێوەی شانۆی گۆرانی ئامێزدا دیاریکراوە، بەگشتی بەوە دەناسرێت، کە (( سێ لایەنی شیعر و مۆسیقا و گۆرانی پەیکەر بەندی ئۆپەرێت پێکدەهێنن و توخمی هەرە بنچینەیی ئۆپەرێتن، چونکە کاتێک گۆرانی و مۆسیقا و جوڵانەوەی شانۆیی تێکەڵ یەکتر دەبن و لە بۆتەی یەک شتدا دەتوێنەوە، ئەو کات چەشنە هاوکێشەیەکی وردی باری هزری و شارستانی دەنوێنن.)-عەبدوڵڵا ڕەحمان عەولا، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا(باشوری کوردستان ١٩٢٥-١٩٦١)، نا. ماستەر، ک. پەروەردە- بەشە مرۆڤایەتییەکان، ز. سەلاحەددین، ٢٠١٠، ل٣١.

*{بەرە بەرە لە دێ دوورکەوتەوە}* (گوڵی خوێناوی، گۆران: ل٤٧-٤٨)

وەنەوش *{لەبەرخۆیەوە}:*

*ڕووخۆشی و شەرم و ناز تێکەڵ پێشاندان*

*هەر شیاوی خۆتە ئەی مەنیجی جوان!* (ئەنجامی یاران، گۆران: ل٢٥٨)

کاوە *{ بەدەم ئاسنکوتانەوە، لەبەرخۆیەوە}:*

*دەربەستی دە و یانزە نین،*

*وەستای پۆلا و ئاسنین،*

*ڕۆژێک ئەبێ تۆڵەی گەلمان بسێنین!* (ئەنجامی ئەژدەهاک، گۆران: ل٢٦٤)

هەژار *{لەبەرخۆیەوە}:*

*-تەقیم ...ورگم پڕبوو لە ڕق*

سەرەک: *{لەبەرخۆیەوە بە تەوس و تووڕەیی}:*

*پێری عەرز و حاڵی داوە،*

